# ئیسلامی سیاسی

## فریودان و تیرۆریزم

نووسینی:

**شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**

کوردستان، هەولێر

٢٠١٨

به هاوکاری دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چاپکراوە وەك بەشێك لە پرۆژەی هاوکاری چاپکردنی بەرهەمی نووسەرانی گەنج.

**کتێبی ژمارە ـ ٤ ـ**

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | **ئیسلامی سیاسی فریودان و تیرۆریزم** |
| نووسین: | **شاخەوان برایم عەبدوڵلا** |
| گرافیك و دیزاین: | **لوقمان ڕەشیدی** |
| شوێن و ساڵی چاپ: | **ڕۆکسانا ـ ٢٠١٨** |
| نۆرەی چاپ: | **یەکەم** |
| تیراژ: | **١٠٠٠ دانە** |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٧٨) ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


دەروازە ..... ٥

**بەشی یەکەم: باشووری کوردستان و توندڕۆیی ئیسلامی سیاسی** ..... ٢٧
کێـن ئەوانەی فیکری توندڕۆیی ئایینی بڵاودەکەنەوە؟ ..... ٢٨
بەرهەمهێنەری تیرۆریزم ..... ٣٤
مەترسی ئیسلامی سیاسیی کوردی ..... ٤١
ئیسـلامی سیاسی و توندڕۆیی ئایینی ..... ٤٧
جیاکردنەوەی ئیسـلام لە ئیسلامی سیاسی ..... ٥٣
حیزبی ئیسـلامی و راکردن بەرەو پەرلەمان ..... ٥٨
کاندید و پێشـبڕکێی قورئانخوێندن ..... ٦٣
مەترسـییە گەورەکەی ئایندەی کوردستان ..... ٦٩
خۆ حەشـاردان لەژێر پاڵتۆی دیموکراسیدا ..... ٧٨
ئۆرشـەلیم و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ..... ٨٤

**بەشی دووەم: پڕۆژەی شێواندنی سێکۆلاریزم و دیموکراسی** ..... ٩١
ئیسـلامی سیاسی و پڕۆژەی شێواندنی سێکۆلاریزم ..... ٩٢
دەوڵەتی سـێکۆلاریزمی و گرووپگەلی توندڕۆی ئیسلامی ..... ١٠٩
پابەندبوونی ئیسـلامی سیاسی بە شوورا یان دیموکراسی ..... ١١٨

**بەشی سێیەم: ئایین و توندوتیژی** ..... ١٣١
ئیخوان لە یەکەم ئەزموونی دەسـەڵاتییەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تیرۆریستی ..... ١٣٢
ئیسلامی سیاسی و داعشی فیکری ..... ١٤٩
ئیسـلام و توندوتیژی ..... ١٦٣
کوردستان و هەڕەشەی بەردەوامی تیرۆریستی ..... ١٨٥

# دەروازە

دونیابینـــی ئیســـلامی سیاســـی پانتاییەکـــی فراوانـــی داگیرکـــردووە، بەجۆرێـک ئاڵـۆزە، دەکـرێ لـە چەنـدان رەهەنـد و گۆشـەنیگای فیکـری، سیاسـی، ئایینـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییشـەوە خوێندنـەوەی بـۆ بکرێت، ئینجـا بـە وتـار، یاخـود توێژینـەوە و کتێـب بێـت، یـان هـەر شـێوازێکی دیکـە، بەوپێیـەی بووەتـە تەنگەژەیەکـی جیهانـی و جیهانـی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵکردووە، هەمـوو ئەوانـەش دەبنـە تەنێـك لـە نـاو دونیابینـی ئـەو لەشـکرە لـە گـرووپ و بانگخـواز و حیـزب و کەسـایەتی و تێڕوانینـە ئیسـلامی سیاسـییەی، کـە هەموویـان دواتـر لـە خاڵێکـدا دەچنـەوە نـاو ئـەو فـەزا فـراوان و ئاڵـۆزەی، ئێمـە نـاوی دەنێیـن ئیسـلامی سیاسـی، یـان بزاوتـی ئیسـلامی.

کاتێـك قسـە لەسـەر دونیـای ئاڵـۆزی ئیسـلامی سیاسـی دەکەیـن، بێشـك ئـەو دونیـا فراوانـە لـە خۆیـەوە دروسـت نەبـووە، یـان بـەدەر

نییە لە کەوتنە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای ئایینی ئیسلام وەك خۆی، لەبەر ئەوەی ئیسلامی سیاسی، بە تەواوی رەوت و حیزب و گرووپ و بانگخواز و کەسایەتییەکانییەوە، یەك خەونیان هەیە، هەڵگری یەك ئایدۆلۆژین، بەڵام میکانیزمی گەیشتن بەو خەونەیان رەنگە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە، یان لە ناو وڵاتێکیشدا، رەنگە گرووپەکان لە بەکارهێنانی میکانیزمەکاندا جیاوازییان لە نێواندا هەبێت، بەڵام هەرگیز لەسەر خاڵی کۆتایی، واتە ئامانجە سەرەکییەکەیان ناتەبا نین، ئەویش دروستکردنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییە لە جیهانی مۆدێرنی ئێستا، ئینجا کێشەیان نییە ئەو دەوڵەتە کەمێك لە دەوڵەتەکەی زوو جیاواز بێت، بە هۆی گۆڕانکاری لە دۆخی کۆمەڵایەتی خەڵك و شێوازی ژیانی کۆمەڵگە بە گشتی، بەڵام ئەوەی ئیسلامی سیاسی ئیشی بۆ دەکات و باوەڕی پێی پتەوە، دەبێ کۆمەڵگە بە تەواوی لەژێر بنەماکانی ئیسلام و ترادیسیۆنی ئیسلامیدا بێت و هیچ یاسا و رێنماییەکیش کاری پێ نەکرێت، کاتێك لەگەڵ خودی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام و مێژووەکەی نایەتەوە.

هەر لە ساتەوەختی دروستبوون و مێژووی ئیسلامیشدا، ناکۆکیی سوننەگەرایی و شیعەگەرایی دروستبووە و کۆمەڵگەی موسڵمانانی بە ئاراستەی کوشتار و یەکتر سڕینەوە بردووە و بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش، هیچ کاتێك موسڵمانان لە ناو خۆیاندا تەبا نەبوونە و هەمیشە سەنگەریان لە یەکتری گرتووە، ئینجا شەڕی گەرم بووبێت، یان شەڕی فیکری و جیاوازی بۆچوون، بەجۆرێك هەر لایەنەی ئەوی دیکەی پێ راست نەبووە، ئێستاش ئەو عەقڵییەتە دواى زیاتر لە هەزارساڵیش، وەك میراتێك بۆ ئیسلامی سیاسی ماوەتەوە.

ئیخوان موسلمین و رێکخراوی بزووتنەوەی تاڵیبان و دەوڵەتی

ئیسلامی لە عێراق و شام، واتە داعش، لە هەناوی سوونەگەرایی هاتوون و پێیانوایە خاوەنی راستەقینەی ئیسلامن، بە هەمان شێوەش حیزبوڵڵای لوبنانی و حوسییەکان و زۆر گرووپی دیکەی فیکری و چەکداری شیعەگەرا لە نموونەی حەشدی شەعبی، کە لە ئەنجامی فەتوایەکی مەرجەعی شیعەکانی عێراق و بە پاڵپشتیی ئێران دروستبوون و خۆیان بە خاوەنی راستەقینەی ئیسلام دەزانن و دەیانەوێت لەو رێیەوە دەستبگرن بەسەر کۆی جومگەکانی دەسەڵات لە عێراقدا تاوەکو حوکمڕانییەتی شیعەگەرا بەسەر سوونەکان بسەپێنن، بەوپێیەی لە رابردوودا لەسەر دەستی هێزێکی سوونەی وەك رژێمەکەی سەددام حوسێن ئازار دراون، بەڵام کاتێکیش سەددام نامێنێت و شیعەکان لە عێراقدا دەسەڵات دەگرنە دەست، بە هەمان شێوەی سەددام ئەوانیش شەڕی مەزهەبی هەڵدەگیرسێنن و تۆڵەی شیعە لە سوونەکان دەکەنەوە.

هەموو ئەو جیاوازییە مەزهەبی و تێگەیشتنە فیکری و ناکۆکییانەی لە مێژووی ئیسلامیشدا هەبوونە و ئێستاش بەرەو زیادبوون دەچن، زۆرینەی رەهای بە هۆی هەستی توندڕۆیانەی سوونەگەرایی و شیعەگەرایی سەریانهەڵداوە و ئەنجام شکستی کۆمەڵگەی موسڵمانانی بە گشتی لێکەوتووەتەوە، بەوەی لە رەوتی پێشکەوتنی جیهان و پرەنسیپەکانی مەدەنی و مافی مرۆیی و دیموکراسی و ئازادییەکاندا دابڕاوە، واتە کۆمەڵگەی موسڵمانان دابڕاون لە دونیای پێشکەوتنی وڵاتان و سەرباری ئەوەش وەك مەترسی ناسراون بەوەی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دەیان و سەدان گرووپ و دەستەی تیرۆریستین و بە ئاشکرا گرووپە ئیسلامییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی لە ناو جەرگەی ئەو وڵاتانەدا کردەی توندوتیژی و تەقینەوە ئەنجامبدەن، ئەمە جگە

لـەوەی لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکانیش هـەزاران شـانەی نووسـتوو و زیندووییـان هـەن و بـە ئـارەزووی خۆیانیـش کـردەی نامرۆیـی ئەنجامـدەدەن، هیـچ وڵاتێـك و رژێمێکـی ئیسـلامیش بـە کـردەوە ئیـش بـۆ لاوازکردنیـان نـاکات بـە پـڕۆژەی کولتـووری و ئەمنـی و ئابـووری، بۆیـە تـا دێـت بەهێزتـر دەبـن و خەریکـە ژینگـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ببێتـە ژینگـەی تیرۆریـزم و گەشـەکردنی توندڕۆیـی.

هەمـوو ئەوانـەش لـە زاکیـری تاکـی کۆمەڵگـەی رۆژئـاوای سـێکۆلاردا، دۆخێکـی دەروونـی وای دروسـتکردووە، تاکـی موسـڵمان وەك تیرۆریسـت بناسـن، یانـی وەك تیرۆریسـت نـاسراون، ئاخـر ئـەوان بـە هـۆی نەبوونـی کاتـی پێویسـت و سـەرقاڵی بـە ژیـان و کارەوە، ناتوانـن بـە وردی چاودێری کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکان بکـەن، بـەڵام ئـەوە دەبینـن هـەر رۆژەی تەقینەوەیـەك و دەیـان رووداوی تیرۆریسـتی ئەنجامدەدرێـن، ئینجـا یـان لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامی بـن، یـان لـە ئەورووپـا و ئەمەریـکا، لـە زاکیـرەی ئەوانـدا ئـەوە موسـڵمانانن ئـەو کردانـە ئەنجامـدەدەن، ئەوانیـش ئیشـیان بـەوە نییـە داعـش، قاعیـدە، یـان ئیخوانـە ئەنجامـدەری، لای ئـەوان کـردەی تیرۆرییـە و موسـڵمانانن ئەنجامـی دەدەن!

بەتایبەتـی رووداوە تیرۆریسـتییەی ١١ی سـێپتەمبەری ئەمەریـکا بـووە هـۆی ئـەوەی جیهـان بـە گومانـەوە سـەیری موسـڵمانان بـکات، بـە جۆرێك مـۆری تیرۆریسـتی لـە جەسـتە و ناوچەوانـی هـەر موسـڵمانێك درا و دواتریـش داعـش و بـەرەی نـووسرە هاتـن و ئـەو مۆرەیـان هێنـدەی دیکـە تۆخترکـردەوە، ئەمـەش وەك سـەلمێنەری ئـەو راسـتییەی لـە کۆمەڵگـەی موسـڵماناندا هەمیشـە زەمینـەی دروسـتبوونی گـرووپ و رێکخـراوی تیرۆریسـتی لەبـارە و بـە کـردەوەش ئەزمـوون کـراوە.

ئایینـی ئیسـلام بـە خـۆی هەندێـك سـوورەت و بنەمـای تێدایـە تاوەکـو

موسـڵمانێك بـە هۆیانـەوە خـۆی پـێ لـە موسـڵمانێکی دیکـەی پابەندنەبوو بـە ئایینـی ئیسـلام، یـان بەپێچەوانـەوە پابەندبـوو بـە ئایینێکـی دیکـەی غەیـرە ئیسـلام، بـە پیرۆزتر و شایسـتەتر بزانێـت، هەر تەنیـا چەمکی جیهاد رەنگـە بـەس بێـت، تـا دەیـان و سـەدان رێکخـراوی تیرۆریسـتی دروسـت بـن، بـۆ ئـەوەی لـە پەنـای ئـەو چەمکـەوە مەرامـی سیاسـی و ئابـووری و تیرۆریسـتی خۆیـان بـە دەسـتبهێنن، بەکارهێنانـی وێنـای بەهەشـتیش بـۆ دروسـتکردنی کەسـێتیی تیرۆریسـت، دیارتریـن ئـەو هۆکارانەیـە بـە هۆیـەوە مێشـکی تاکـی موسـڵمانی پـێ پـڕ دەکرێـت تـا کـردەی خۆکـوژی ئەنجامبـدات، هەمـوو ئـەو تیرۆیستانەشـی دەسـتگیرکراون، بەشـی زۆریـان یـان پەشـیمان نیـن، یـان بـە ئاشـکرا دەڵێـن ئێمـە بـۆ ئـەوە جیهادمـان کـردووە تـا زووتـر بچینـە بەهەشـت! ئاخـر لـە دنیـای ئیسـلامدا هیـچ کەسـێکی تیرۆریسـت، بـێ پاڵنـەری ئایینـی، بەتایبەتـی خەونـی گەیشـتن بـە بەهەشـت و حۆرییـەکان، خـۆی نەتەقاندووەتـەوە و ناتەقێنێتـەوە!

کەوایــە ئــەو چەمکــی جیهــادە هۆکارێکــی ســەرەکییە لــە تــەك هۆکارەکانـی دی، بـۆ ئـەوەی تاکـی موسـڵمان لـە لایـەن ئیسـلامی سیاسـی و گرووپــە توندڕۆکانــەوە فریوبدرێــت و دواتریــش بخزێندرێتــە نــاو ژینگـەی تیـرۆر و کوشـتنی خەڵکـی ئاسـایی و دامەزراوەکانـی دەوڵەتیـش بکاتـە ئامانجـی بیـر و کـردەی تیرۆریسـتی.

کاتێـك بانگخوازێـك، مەلایـەك، حیزبێکـی ئیسـلامی، بـۆ ئامانجێکـی دیاریکـراوی سیاسـی و کەسـی، قسـە بـۆ تاکێکـی پەراوێزخـراوی کۆمەڵگـە دەکات، کـە بەدەسـت هـەزاران دەردەوە دەناڵێنێـت، بەتایبەتـی ئەوانـەی کەپتـی سێکسـییان هەیـە، یەکڕاسـت پەنـا بـۆ بەهەشـت و لەوێشـەوە بــۆ حــۆری و ئــەو خۆشــگوزەرانییانە دەبردرێــت، کــە لــە دنیــادا ئــەو کەسـە دەسـتی پێیـان نـاگات، یـان نەیدیـون و بێئومێدیشـە لـە گەیشـتن

بـە خۆشـگوزەرانی لـە ژیانـدا، ئەمـەش پرۆسـەی حەزکـردن بـە مـردن لـە دەروونـی ئـەو تاکـە هەڵخەڵەتێنـدراوە، یـان هەڵخەڵەتێندراوانـە خێراتـر دەکات و دواجـار لەژێـر کاریگەرییـەوە بڕیـار دەدات بچێـت بۆ بەهەشـت و ئـەو خەونـی گەیشـتن بـە بەهەشـتەش لـە ڕێـی کـردەی خۆکوژییـەوە ئەنجامـدەدات!

لێـرەدا دەتوانیـن بڵێیـن زۆربەی جـارەکان تاکـی خۆکوژیش فریـودراوە، یانـی بانگخـوازی ئیسـلامی و حیزبـی ئیسـلامی خەڵکـی سـادە بـۆ مەرامـی خۆیـان بەکاردێنــن، ئــەوەی ســەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٨\٧\٢٣ کــە ســێ چەکـداری سـەر بـە گرووپـە ئیسـلامییەکان هێرشـیانکردە سـەر باڵەخانـەی پارێـزگای هەولێـر و دوای چەنـد کاتژمێرێـك ڕووبەڕووبوونەوەیـان لەگـەڵ هێــزە ئاساییشــییەکانی هەولێــر، ســەرئەنجام چەکــدارەکان کــوژران، ئـەوەی جێگـەی نیگەرانـی یەکجـار زۆر بـوو، ئـەو سـێ گەنجـە تەمەنیـان لـە نێـوان ١٦ بـۆ ١٨ سـاڵان بـوون، هەڵبـەت ئـەو تەمەنانـەش هێشـتا بـە بچـووك هەژمـار دەکرێـن و بـە وردبوونـەوە لـە تەمەنیـان، دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی ئـەو سـێ گەنجـە زۆر زووتریـش هەڵخەڵەتێنـدراون، یانـی فریـودراون، بەتایبەتـی کـە هاتووچـۆی مزگەوتیـان کـردووە و لەوێـوە بیـری جیهـادی لـە مێشـکیاندا چێنـدراوە.

هــەر چەنــد ڕۆژێــك پــاش ئــەو ڕووداوە تیرۆریســتییەی هێرشــکردنە ســەر باڵەخانــەی پارێزگــەی هەولێــر، ئەنجوومەنــی ئاسایشــی هەرێمــی کوردســتان دانپێدانانــی گرووپێکــی دیکــەی تیرۆریســتی ڕاگەیانــد، کــە مەلایەك بە ناوی ئیسـماعیل سووسـەیی سەرپەرشـتی کردبوون و پێشـتریش بەیعەتـی بـە داعـش داوە و کاری بـۆ کـردوون، ئـەو مەلایـە نێوانیشـی لەگـەڵ ئـەو سـێ گەنجـە هێرشـکارەی سـەر باڵەخانـەی پارێزگـەی هەولێـر زۆر بـاش بـووە و هەندێـك سـەرچاوەش دەڵێـن ئـەو هێرشـە لـە تۆڵـەی

دەستگیرکردنی مەلا سووسەیی بووە، لەبەر ئەوەی پێش رووداوەکە، مەلاکە لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی ئاسایشی هەولێر، بە تۆمەتی تێوەگلانی لە تیرۆر و پەیوەندی بە داعشەوە دەستگیرکرا بوو.

لە دوای ئەو رووداوەی پارێزگەی هەولێرەوە ئیدی پێویست بوو بە جۆرێکی دیکە شەڕی ئەو گرووپانە بکرێت، ئەویش شەڕی رووبەڕووبوونەوەی فیکرییە، واتە بە تەنیا شەڕی ئۆپەراسیۆنی و دەستگیرکردن و کوشتنی تیرۆریستان ناتوانێت سەرچاوەکانی تیرۆر وشك یان لاواز بکات، بەڵکو دەبێ هاوشان لەگەڵ دەستگیرکردن و ئۆپەراسیۆنەکان، لە رووی فیکریشەوە هاوکاری هێزە ئاساییشییەکان بکرێت، بە مەبەستی وشککردن، یان لاوازکردنی فیکری توندڕۆیی لەو ژینگە تیرۆریزمییەدا.

راستە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش لە سەنگەر و لە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، لە کاتی هەر رووداوێکدا، رووبەڕووی گرووپە تیرۆریستییەکان دەبنەوە، بەڵام ئەو شەڕە، واتە شەڕی فیکری توندڕۆی و تیرۆریستی، پێش ئەوەی شەڕی ئۆپەراسیۆنیی و چەکداریی بێت، شەڕی فیکرە، شەڕی جەهلە دژ بە کرانەوە و پێشکەوتن، شەڕێکە دەبێت بە پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە دژی هەڵگرانی فیکری جەهل ئەنجامبدرێت، دەی تۆ شار پڕ بکە لە پێشمەرگە و ئاسایش، بەڵام کاتێك هەر سەرە کۆڵان و ناو هەر گەڕەکێك، چەندان مزگەوتییان لێ قیتکرایەوە، ئیدی سوودی نییە! لەبەر ئەوەی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە مزگەوت وەك باشترین مۆڵگەی پەروەردەیی خۆیان دەبینن و حیزبە ئیسلامی و بانگخوازەکانیش لەوێوە خەڵکی سادەی لە نموونەی ئەو سێ گەنجە هێرشکارەی سەر پارێزگای هەولێر، بە ئاراستەی هەڵخەڵەتاندن دەبەن و دواتریش هانیان دەدەن

بـۆ کـردەی خۆکـوژی و چالاکـی تیرۆریزمـی.

ئەمـەش هاوکاتـە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو گرووپـە ئیسـلامییانە بە تـەواوی کاریـان لەسـەر بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی کـردووە، بەجۆرێـك هێنـدەی مرۆڤـی سـادەی ئـەم وڵاتـە، ئەوانـەی کەوتوونەتـە داوی گـرووپ و بانگخـوازە ئیسـلامییەکان، بـە هاتووهـاواری مەلایـەك و کتێبێکـی سـەید قوتبـی گـەورە بیرمەنـدی فیکـری تونـدڕۆی ئیسـلامی هەڵدەچـن و خەڵکـی بـە کافـر لـە قەڵـەم دەدەن، نیـو هێنـدە سـۆزیان بـۆ نیشـتمان و نەتەوەکەیـان نییـە!

دەی کەوایـە ئـەو شـەڕە بـە تەنیـا شـەڕی ئاسـایش و پێشـمەرگە نییـە، لـە راسـتیدا شـەڕی فیکـرە و دەبـێ حکوومـەت و هەتـا هێـزە ئاساییشـییەکانیش لـە کۆمەڵێـك رەهەنـدی ئابـووری و سیاسـی و کولتووری و ئایینیـەوە، بـۆ بەرگرتـن لـە بڵاوبوونـەوەی زیاتـری فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی، پـرۆژەی رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو فیکـرە توندڕۆییەیـان هەبێـت، بـەوەی چیـتر رێگـە نەدرێـت، مـەلا و پیـاوی ئایینـی، یـان کارەکتـەری ئیسـلامی سیاسـی، بـە ئـارەزووی خۆیـان خەڵـك بـە کافـر لـە قەڵـەم بـدەن و مزگەوتەکانیـش شـەو و رۆژ دەرگەیـان کـراوە بێـت، بـۆ کۆبوونـەوەی گرووپـە تونـدڕۆکان.

کوردسـتان لـە دۆخێکدایـە هەمـوو هێـزە چـەپ و بەنـاو عەلمانـی و نەتەوەییـەکان، بـە هـۆی حەزکـردن بـە کورسـیی زیاتـر و پـارە و ناردنـی خەڵـك بـۆ پەرلەمـان، ئاگایـان لـەوە نەمـاوە کۆمەڵگـە لەبـەردەم هێرشـی فیکـری توندڕۆیـی دایـە، هێزێکـی فیکـری تونـدڕۆی ئایینـی باڵـی بەسـەر شـار و گونـد و کۆڵانەکانـدا گرتـووە، جگـە لـە خۆیـان و کولتـووری شـەڕەنگێزی ئایینـی و تیرۆریسـتی، هیـچ شـتێکی دیکەیـان قبـووڵ نییـە و نەتـەوە و نیشـتمانیش لـە لایـان بەهـای یـەك وشـەی سـەید قوتـب و

محەممەد مورسییان نییە و لە غیابی شەڕی فیکریشدا، ئەو هێزە توندڕۆیانە گەیشتوونەتە ناو هەستیارترین شوێنی کۆمەڵگەش، واتە دڵی خەڵك!

ئاخر لە سەرەی سەموونخانە و لەسەر شەقام و لە ناو بازاڕ و لە مۆڵ و قاوەخانە و تاکسی و تەنانەت لە پارك و قوتابخانە و هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەدا، بەڵێ لە بست بە بستی باشووری کوردستان، داعشی فیکری تێدا بڵاوبووەتەوە و ئیسلامی سیاسیش تێیاندا جوڵەی هەیە و کۆمەڵگەش وەك مەترسی سەیریان ناکات، چونکە پرۆژەی رووبەڕووبوونەوەی ئەو فیکرە توندڕۆییە لە ئارادا نییە و حیزبە عەلمانی و نەتەوەییەکانیش هێندەی سەرقاڵی شەڕە کورسی و دژایەتی یەکترین، ناپرژێنە سەر ئەوەی بیر لە مەترسیی گەشەی ئیسلامی سیاسی و گرووپە توندڕۆکان بکەنەوە.

هەموو ئەوانەش لە دەمێکدان سەیرکردنی یەك رۆژی هەینی لە شاردا بەسە بۆ ئەوەی بلێین دەسەڵات بە هۆی موجامەلەکردن بۆ جەماوەری ئاییندار چ کارەساتێکی خوڵقاندووە، نیوەی شار بە هۆی گریانی ساختەی چەند مەلایەکەوە دەگرین و کەسیش لێپرسینەوە ناکات، کەچی هەر رۆژەی لە کۆڵانێکدا مزگەوتێکی نوێ دروست دەکرێت و لە گەڕەك و گۆڕەپانەکاندا بناغەی دەیانی دیکە دادەندرێن، کەچی گەڕەکەکان، بێ قوتابخانە و نەخۆشخانە و پارکن، منداڵەکان لە بری ئەوەی بچنە یاری، دەچنە مزگەوت و تێکەڵ بە ریش درێژەکان دەبن و نوێژ دەخوێنن!

تۆ هەر بڵێ من حیزبی دیموکراسی و سێکۆلار و نەتەوەییم، بەڵام کاتێك هیچ بەرنامەیەکت بۆ رووبەڕووبوونەوە لە دژی بڵاوبوونەوەی فیکری توندڕۆیی ئایینی نییە و تەنیا سەرقاڵی کورسی و شەڕی پۆستیت،

ئەمە هیچ سوودی نییە، بەڵکو لە سوودی گرووپە توندڕۆکاندایە، لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانەوێت حیزبەکان سەرقاڵی سیاسەت و شەڕی کورسی بن، بۆ ئەوەی لەو بۆشاییەدا خۆیان بەهێز بکەن.

دابەشبوونی هەڵگرانی فیکری توندڕۆیی ئیسلامی سیاسی بەسەر چەندان گرووپ و دەستە و حیزب و بانگخواز و دامەزراوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی، نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەو بزاوتە ئیسلامییە ئامانجەکانیان پەرت بن، بەپێچەوانەوە سەرباری جیاوازی بۆچوون و شێوازی کارکردنیان، بەڵام هەموویان خاوەنی یەك گوتاری ئیسلامییانەن و بەگشتی دژایەتی هەر پرۆژەیەکی دیموکراسی و عەلمانی و کرانەوەی کۆمەڵگە دەکەن و لە بری ئەوەش سەرقاڵی دروستکردنی فەزایەکی تەواو ئایینین، فەزایەك کە دەبێ خۆیان بە دڵیان بێت، واتە فەزایەك خۆیان دروستکەری بن، نەك کەسی دیکە بۆیان دروستبکات، یان شێوازی ئاینداری خەڵکی سادە، مەبەست لە ئاینداری کوردەوارییانەیە، کە وەك میراتێکی رۆحی پشتاوپشت هاتووە و ئێستا لەبەردەم هەڕەشەی نەماندایە، بە هۆی چالاکی و فریودانی گرووپە ئیسلامییەکان، چونکە ئیسلامی سیاسی ئەو ئاینداریی ەی قبووڵ نییە و دەخوازن بەو جۆرە کۆمەڵگە بچنە پاڵ حیزبە ئیسلامییەکانەوە بۆ ئەوەی کاریگەری توند لەسەر دەسەڵات دروستبکەن، ئینجا باکیان بەوە نییە کۆمەڵکە دووچاری چ کارەساتێك دەبێت.

کاتێکیش باس لە گوتاری ئیسلامییەکان دەکرێ، پێویست بە زانینی ئەو راستییە دەکات کە سەرباری ئەوەی ئیسلامییەکان لە ناو خۆیاندا نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی یەك حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ئیسلامی، یاخود بەرەیەکی ئیسلامی سیاسیدا کۆببنەوە، راستە ئەمە تارادەیەك

کاریگـەری هەبـووە بەسـەر جیـاوازی گوتاریـان سـەبارەت بـە هەنـدێ پرسـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئایینـی، بـەڵام هیچ یەکێك لـەو جیاوازییانە ناکاتـە ئـەوەی ئـەو گرووپانـە لەسـەر گوتارێکـی تارادەیـەك یەکگرتـوودا یـەك نەگرنـەوە، ئەویـش بانگەشـەکردن و کارکـردن بـۆ دروسـتکردنی فەزایـەك لەژێـر هەیمەنـەی فیکـری کۆنەپەرسـتی ئیسـلامی سیاسـی دابێـت، واتـە ئـەو گرووپانـە بـە دەسـتە لـە ڕێـی هـۆکارە جیاوازەکانـەوە خەریکـی بـە ئیسـلامی سیاسـییکردنی کۆمەڵگـەی باشـووری کوردسـتانن تـا لـەو فـەزا ئاڵـۆزەدا دەرگـەی گەیشـتن بـە دەسـەڵات لەبـەردەم خۆیانـدا بکەنـەوە، یـان ئاسـانتری بکـەن، بەوپێیـەی تاوەکـو زیاتـر کۆمەڵگـە بـە ئیسـلامی بکرێـت، ڕێگـە و میکانیزمەکانـی گەیشـتن بـە دەسـەڵاتیش بـۆ ئیسـلامییەکان ئاسـانتر دەبێـت، وەك بەپێچەوانـەوە لـە کۆمەڵگەیەکـی کـراوەدا ناتوانـن بـە ئاسـانی خەڵـك فریوبـدەن بـە جوڵاندنـی هەسـت و سـۆزی ئایینـی خەڵکانـی سـادە تێگەیشـتوو لـە ئاییـن.

بـە هـۆی ئـەوەی کۆمەڵگـەی باشـووری کوردسـتان، زۆرینـەی بـاوەڕداری ئایینـی ئیسـلامن و پابەنـدن بـە بنەمـا شـەرعیەکانی ئیسـلام، کەواتـە جوڵاندنـی سـۆزی خەڵـك لـە ڕووی ئایینییـەوە، ئاسـانترە وەك لـەوەی کۆمەڵگـە هەڵگـری کۆمەڵێـك پێکهاتـەی جیـاوازی ئایینـی بێـت، هـەر لەبـەر ئەوەشـە ئیسـلامییەکان بـە سـوود وەرگرتـن لـەو پێکهاتـە ئایینییـە زۆرینـە ئیسـلامە، ئیـش لەسـەر جوڵاندنی سـۆزی خەڵکـی دەکەن، جوانـتر وایـە بگوترێـت خەڵکـی فریـو دەدەن، بـەوەی گوایـە تەنیـا ئەوانـن داکۆکیـکاری ئیسـلام و لـە بەرانبەریشـدا ئیسـلام بـە جۆرێـك وێنـا دەکـەن گوایـە لەژێـر مەترسـی کاڵبوونـەوە یاخـود نەماندایـە بـە هـۆی دەرکەوتـە تازەکانـی جیهانگیـری و هەژموونـی عەلمانییـەت و دیموکراسـی، بـەوەی ئـەو چەمکانـە لەگـەڵ خۆیانـدا هۆکارەکانـی تەکنەلۆژیـا و کولتـووری

کـراوەی وڵاتانــی پێشــکەوتووی ئەورووپایــان هێنــاوە، بەمــەش جۆرێــك لــە هۆشــیاری لەبــارەی ئاییــن و خــودی مرۆڤەکانــەوە هاتووەتــە ئــاراوە و مرۆڤــەکان بــە جۆرێکــی تــر بــۆ شــتەکانی دەوروبەریــان دەڕوانــن و بــە جۆرێکــی تــر بیــر دەکەنــەوە، ئاخــر ئەوانیــش نایانەوێ کــەس بیــر بکاتەوە، بەوپێیــەی بیرکردنــەوەی خەڵــك بــە مەترســی بــۆ ســەر خۆیــان دەزانــن و ترسیان لــەوە هەیــە، هۆشــیاری خەڵــك ببێتــە هــۆی دوورکەوتنەوەیــان لــە گرووپــە ئیســلامییەکان، کاتێکیــش تەکنەلۆژیــا وای کــردووە بــە ئاســانی مرۆڤــەکان ئاشــنایەتییان لەگــەڵ کولتــوور و شارســتانێتەکانی تــردا بــۆ دروســت ببێــت، ئەمــەش بــە یەکێــك لــە کرانــەوە کاریگەرەکانــی دونیــای ئــای تــی هەژمــار دەکرێــت و کاریگــەری گــەورەش بــە دوای خۆیــدا دەهێنێــت، لەســەر ئاســتی سیاســی و کولتــووری و هــاوکات تێڕوانیــن بــۆ شــتەکانی دەوروبــەر، تانەنــەت ئاییــن و بیروڕاکانیــش.

گەڕانــەوە بــۆ رابردووێکــی دوور، پانتاییەکــی یەکجار فراوانــی لە گوتاری کۆنەپەرســتی ئیســلامی سیاســی داگیرکــردووە، میدیــا و مــەلا و بانگخــواز و ســەرکردە ئیســلامییەکانیش، بــە مەبەســتی چەواشــەکردن و فریودانــی خەڵکــە ســادە ئاییندارەکــە، بەشــێکی یەکجــار گــەورە لــە زوومــی کامێــرا و قســە و گوتارەکانیــان تەرخــان کــردووە بــۆ جوانکردنــی مێــژووی دەوڵەتــی خەلافــەت و زیندووکردنــەوەی کولتــوور و داب و نەریتــی کۆنەپەرســتی ئیســلامی، تــا کۆمەڵگــە رابهێنــن لەســەر ئــەوەی بــە ئاســانی بگەڕێتــەوە پــاش، بــۆ نــاو فــەزای دەوڵەتــی ئیســلامی، ئــەو گوتارەشــی بــۆ خەلافــەت دەگەڕێتــەوە، گوتارێکــە لــە کۆیلایەتــی و ناهۆشــیاری زیاتــر، هیچــی تــر بەرهــەم ناهێنێــت، ئــەوەی بــە مێــژووی قۆناغــە جیاوازەکانــی دەوڵەتــی خەلافەتیشــدا بچێتــەوە، درك بــەوە دەکات، یاخــود راســتییەکانی بــۆ روون دەبێتــەوە، خەلافــەت لــە کۆیلەترکردنــی مرۆڤــەکان و دروســتکردنی چینــی

گـەورە گـەورەی مشـەخۆر و چەوسـێنەر و فـەزای سـتەمکاری بـەو لاوە، هیچـی تـری بەرهـەم نەهێنـاوە و لەژێـر سـایەی خەلافەتیشـدا، مرۆڤـەکان کۆیلـە دەکـران و وەك کاڵاش لـە بازاڕەکانـدا دەفـرۆشران و دەبـردران بـۆ کێڵانـی ئـەو زەویوزارانـەی پیاوەکانـی دەربـاری خەلافـەت داگیریـان کردبـوون، یـان بـە گشـتی وەك دەسـتیکار دەخرانـە خزمەتـی پیاوانـی دەوڵـەت و ئـەوەی بۆیـان دەمایـەوە جگـە لـە ئـازاری رۆحی و جەسـتەیی، هیچـی دیکـە نەبـوو، چونکـە مرۆبوونیـان وەك کاڵایـەك سـەیری دەکـرا.

خەلافـەت دەوڵەتێکـی سـتەمکاری قۆناغـە جیـاوازەکان بـوو، بەتایبەتی لـە قۆناغـی عوسـمانییەکان کـە ئیشـوکاری ئـەو دەوڵەتـە تۆڵەکردنـەوە و حـەزی داگیـرکاری وڵاتـان و خسـتنە ژێـر رکێفـی ئایینـی مەسـیحی بـوو، بـۆ ژێردەسـتی عوسـمانییەکان، هـاوکات دەسـتدرێژیکەریش بـووە بـۆ سـەر خەڵکـی غەیـرە عـەرەب و تـورك و موسـڵمانان، واتـە ئـەوەی خەلافـەت ئیشـی لەسـەر دەکـرد، بـە ئیسـلامکردن و بـە عەرەبکردنـی خەڵکـی وڵاتانـی تـر بـووە، دوایـی لـەو رێیـەوە فاشـیزمی تورکـی و عەرەبـی پەرەیانسـەند و ئەمەیـش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی خەلافـەت یاخـود سـەرکردە ئیسـلامییەکان کەسـیان لـە سـەرووی خۆیـان بـە مرۆڤـی تـەواو نەزانیـوە، ئـەوەی لـە سـایەی خەلافەتـدا نەبووبایەتـە موسـڵمان، بـە مرۆڤـی ناتـەواو هەژمـار دەکـرا و دەبـوو سـەرانەش بـدات، لـە بـری ئـەوەی گوایـە لـە لایـەن لەشـکری ئیسـلامەوە پارێـزگاری لـێ دەکرێـت، کەچـی هـەر خـودی ئـەو لەشـکرە، ببـووە هـۆی مەترسـی بـۆ سـەر گیـان و ژیانیـان.

دابەشـبوونی رۆڵـی گوتاربێـژە ئیسـلامییەکانیش بەسـەر چەنـد کەناڵێکـی جۆراوجـۆرەوە، مـەلا لـە مزگـەوت و میدیـا و بانگخـواز و خێرکـردن بـە نـاوی حیزبـی ئیسـلامییەوە، مـەلا لـە مزگـەوت بـە سـوود

وەرگرتـن لـە سـادەیی و گوێڕایەڵـی گوێگرەکانـی، جۆرێـك خوتبە پێشـكەش دەكات لـە بەرژەوەنـدی ئیسـلامییەكان بكەوێتـەوە، مـەلا هێـرش دەكاتـە سـەر رۆشـنبیران و هونەرمەنـدان و دەسـەڵات و حیزبـە عەلمانییـەكان و دەركەوتـە تازەكانـی دنیـای سـەردەم و ئیـدی بـۆ ئیوارەكـەی كەناڵەكانیـان ئـەو قسـانە وەك خـۆی و بگـرە بـە فەزایەكـی فراوانتریـش بـە نـاوی كاری میدیاییـەوە دەگوازرێنـەوە بـۆ نـاو كۆمەڵگـە بەگشـتی، كۆمەڵگەیـەك هەتا ئێسـتا نەیتوانیـوە لـە فرتوفێڵـی ئیسـلامی سیاسـی تێبـگات، بـە تایبەتـی گوتـار و قسـەی ئـەو بانگخـواز و كەسـایەتییە توندڕۆیانـەی لـە رادیـۆ و نێـت و ئێسـتاكەش فەیسـبووك و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانـی تـر و رۆژنامـە و گۆڤـارەكان پەخشـدەكرێن و گوێـی كۆمەڵگەیـان لەسـەر رادەهێنـن، تـا بـە ئاسـانی رام بكرێـن.

ئاخـر كـەی رەوایـە مـەلای ئیسـلامی سیاسـی مـاف بـە خـۆی بـدات هێـرش بكاتـە سـەر خەڵكـی رۆشـنبیر و هونەرمەنـدان و بـە جۆرێـك لـە جۆرەكانیـش پێگـەی خـۆی بـە كاربهێنێـت تـا كاریگـەری هەبێـت بەسـەر هەڵچوونـی سـۆزی خەڵكـی؟!

بـە هـۆی گوتـاری سـەركردە و مەلا ئیسـلامییەكان بوو هێرشـكرایە سـەر پەرلەمـان و ئـاڵای سـعوودییە لەبـەردەم باڵەخانەكەیـدا شـەكێندرایەوە و كاتـی خۆشـی جۆرێـك فەزایـان دروسـتكرد، هەرچـی مەسـاجخانە و ئارایشـگەكانی جوانكاریـی ژنـان و ئـازادی مەسـیحییەكان هەبـوو، كەوتنـە بـەر مەترسـی خەڵكانێكـی گۆشـكراو بـە هـزری كۆنەپەرسـتی ئیسـلامی، بەتایبەتـی لـە سـنووری پارێزگـەی دهـۆك، هێزێكـی وەك یەكگرتـووی ئیسـلامی كوردسـتان دنـەی خەڵكـی دەدا، بـۆ ئـەوەی دژی مەسـیحییەكان بجووڵێنـەوە و مەسـاجخانە و شـوێنی فرۆشـتنی مـەی كەوتنـە بـەر هەڵمەتـی سـووتاندن و تاڵانكـردن و تێكدانـی دەسـتەجەمعی گرووپـە

توندڕۆ ئیسلامییەکان، ئەم هەوڵەی یەکگرتوو ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەمەش لە کاتێکدایە بە درێژایی مێژوو مەسیحییەکان لە کوردستان بوونە و هیچ کێشەیەکیشیان لەگەڵ ئایینداره کوردەوارییەکە نەبووە، بەڵام کاتێك ئەو گرووپە ئیسلامییانە سەرهەڵدەدەن و دەبنە خاوەنی حیزب و کورسی پەرلەمانی و دەیان دامەزراوەی میدیایی و هۆڵ و شوێنگەی کۆبوونەوە و چالاکی ئیسلامییانە، ئیدی ژیانی مەسیحییەکانیش چیتر ئاسایی نابێت و ئازادییەکانیان پێشێل دەکرێت، بە هۆی ئەوەی بزاوتی توندڕۆی ئیسلامی بە بەرنامە هەوڵ دەدەن دۆخێکی ئەوتۆ دروست بکەن، تا مەسیحییەکان کوردستان بەجێبهێڵن.

لە کاتێکدا کوردستان بەوە ناسراوە کە جێگەی پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینییەکانە، بەتایبەتی لە دوای شەڕی داعشەوە، ئەمە بە روونی و زیاتر دەرکەوت، کاتێك مەسیحییەکان هانایان بۆ کوردستان هێنا و لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە پارێزگاریان لێکرا و ئەمەش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەنگی دایەوە، کەچی ئەمە بووە هۆی نیگەرانی گرووپە ئیسلامییەکان و لە رێی میدیاوە بەبیانووی ئەوەی ئاوارەیەکی زۆرroوویان لە کوردستان کردووە و بوونەتە هۆی جەنجاڵی، هەوڵی بێ بەهاکردنی ئەو ئاماژە جوانەی پێکەوەژیانیان دەدا و لەو لاوەش دنەدانی خەڵکی سادەیان کردە بەرنامە تا بە چاوێکی دیکەوە سەیری هاتنی ئەو هەموو مەسیحییە بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان لە هەندێ رووەوە بەرەو پێشچووە، بەڵام هەمیشە لەبەردەم گەورەترین مەترسیی گوتاری کۆنەپەرستی ئیسلامییەکاندا بووە، بەشێوەیەك دەخوازن کۆمەڵگە تەواو کۆنتڕۆڵ بکەن، واتە بیخەنە ژێر رکێفی خۆیان، تەنانەت شیعر و پەیکەر و ئازادی جلپۆشین و تێکەڵاوی رەگەزەکان

و ستایله تازەکانی کۆمەڵگەش حەرام دەکەن و لە بەرانبەریشدا ئیش بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دەستی دوو و سێ دەکەن و دەیانەوێت خەڵکی لەم قۆناغەدا سیواك بەکاربهێنن و رووخساریان داپۆشن و لە بری چوون بۆ زانکۆ و پەیمانگەکان، هاموشۆی مزگەوت و لە بری خوێندنەوەی کتێبی فیکری و فەلسەفی و سیاسی، زانستی و کولتووری، تەنیا قورئان و فەرموودە و تەفسیرەکانی تەبەری و بەرهەمەکانی سەید قوتب بخوێننەوە. کەرەستەکانی گوتاریشیان، کەرەستەگەلێکن کۆمەڵگە پەك دەخەن و هەنگاوەکانی کرانەوە و رێزگرتن لە مرۆڤیش ئەستەم دەکەن و بەرەو ئاقارێکی ستەمکاری ئاراستە دەکەن، بە جۆرێك خۆی لە خەلافەتدا ببینێتەوە، ئاخر کەی لۆژیك ئەوەی قبووڵە لە ئێستاکەدا خەلافەت باشتر بێت لە عەلمانییەت و دیموکراسی؟! لە کاتێکدا عەلمانییەت و دیموکراسی لە رێگەی کۆمەڵێك ئۆرگانی جیاوازەوە ئیش لەسەر سارێژکردنی برینە مرۆییەکانی سەردەمی خەلافەت دەکەن.

هاوکات قسەکردنیشیان لەسەر پێویستبوونی دیموکراسی و هانابردنیان بۆ پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە قەناعەتیانەوە نییە، بەو کولتوورە، کە مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناوە، بۆ خزمەتی خودی مرۆڤایەتی، بەڵکو لە شێوەی پردێك بۆی دەڕوانن، ئامانجیان پێیدا پەڕینەوەیە بۆ سەر کورسیی ستەمکاری بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی گۆشکراو بە داب و نەریت و کولتووری دەستی دوو و سێ، دروست بکەن و کۆیلەکردنەوەی مرۆڤەکان بە ستایلێکی تر و لە قاڵبدانەوەی دنیابینییەکانی مرۆڤ و پووچەڵکردنەوەی خەونی سەنتەربوونی مرۆڤەکان و بەرتەسکردنەوەی ئازادی و دیتنەکانی مرۆڤ، تێیدا بایەخی هەبێت، نەك کرانەوە و دیموکراسی بوونی کۆمەڵگە، چونکە ئازادی و

بەیانکردنـی تەسـەوراتەکان کرۆکـی ئیـرادەی مرۆڤەکانـە، لەوێـوە مـرۆڤ بـە دوای بـوون و هەیبـەت و لۆژیکـدا دەگەڕێـت، مرۆڤیـش کاتێـك ئیـرادە و ئازادییەکانـی بەدەسـتهێنایەوە، ئـەوکات کۆیلەکردنـەوەی هـەروا ئاسـان نابێـت، ئیـدی ئەمەش ڕێك پێچەوانەی فیکری کۆنەپەرسـتی ئیسـلامییەکانە، بـەوەی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ ئیـش لەسـەر کۆیلەکردنـی مرۆڤـەکان دەکـەن و نایانـەوێ کۆمەڵگـە بیـر بکاتـەوە! نایانەوێت مرۆڤ مومارەسـەی ئازادییـە گشـتییەکانی بـکات، بەڵکـو ترسـیان لـە هۆشـیاربوونەوەی کۆمەڵگـە هەیـە بـە جۆرێـك پرسـیاری لۆژیکـی ئاڕاسـتەی گرووپەکانیـان بـکات، کـە گومـان لەسـەر ئـەو هەوڵـە فریودەرییانەیـان دروسـت بـکات! ئاخـر کـەی لۆژیـك قبـووڵ دەکات لـە کۆمەڵگەیەکـی زۆرینـە موسـڵماندا، حیزبـی سیاسـی و بانگخـوازی مشـەخۆری سیاسـی پەیـدا بـبن و بـە نـاوی داکۆکیـی کـردن لـە ئیسـلام هەوڵـی فریودانـی کۆمەڵگـە بـدەن!

مەگـەر ناڵێـن ئاییـن هـی خودایـە و خـۆی پارێـزگاری لـێ دەکات؟! کەواتـە دەتوانیـن بپرسـین، کەوایـە حیزبـی ئیسـلامی لەسـەر چ بنەمایەکـی شـەرعی ڕێگەیـان بـە خۆیـان داوە، خۆیـان وەك نوێنـەری ئاییـن و خـودا لەسـەر زەوی بناسـێنن؟ ئەمـە تەنیـا فریودانـی خەڵکـە و هیچـی تـر نییـە، ناشـیرینکردنی زیاتـری ئایینیشـە، نـەك گونجاندنـی لەگـەڵ گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەکان و لـە بـری ئەوەشـی هەوڵبـدەن جۆرێـك ریفـۆرم لـە ئاییـندا بکـەن، بـە مەبەسـتی گونجاندنـی لەگـەڵ دنیـای ئێسـتاکە، بەپێچەوانـەوە زیاتـر ئیسـلامیان بـەرەو داخـراوی بـردووە و نەوەیەکیشـیان دروسـتکردووە ئـەوەی وەك ئـەوان بیـر نەکاتـەوە و ریـش نەهێڵێتـەوە و سـەرپۆش نەپۆشـێت و نەچێتـە ریـزی حیزبـی ئیسـلامی، بـە لـە ئاییـن دەرچـوو سـەیری دەکرێـت و لـە ئیسلامیشـدا ئـەوە بـە یەکێـك لـە شـتە هـەرە بقـەکان هەژمـار دەکـرێ و بـۆی هەیـە بکوژرێـت!

لـه رابــردوودا بیرۆکــەی ئــەم کتێبــە لــە شــێوەی بابــەت و وتــاری ســەربەخۆ لــە قۆنــاغ و کاتــی جیــاوازدا، لەســەر گــرووپ و مەترســی ئیسـلامی سیاسـی نـووسراون و لە ماڵپـەڕ و رۆژنامەکانیشـدا بڵاوبوونەتەوە، ســەرجەمی ئــەو بۆچوونانــەش لــە چوارچێوەیەکــی دیاریکــراودا دەخولێنـەوە بـۆ نیشـاندانی بەڵگـەی مەترسـیداربوونی ئیسـلامی سیاسـی بەســەر کۆمەڵگــەی کوردســتانەوە، لــە کاتێکــدا هــەر خــۆی دونیــای ئیسـلامی سیاسـی، دونیایەکـی ئاڵـۆز و پـڕ لـە کێشـە و کێشمەکێشـمی قووڵـە، لـەو دونیـا فراوانەشـدا دەکـرێ ئـەم ئـەم کتێبـە ئاوڕدانەوەیەکـی خێـرا بێـت لـە دەستنیشـانکردنی بەشـێك لـە هـۆکار و سـەرچاوەکانی هەڕەشـەی فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی سیاسـی کـوردی، وەك لقێـك لـە ئیســلامی سیاســی جیهانــی.

هەروەهـا پێویستیشـە بگوتـرێ، ئـەم کتێبـە توێژینـەوە نییـە، بەڵکـو دیـتن و خوێندنـەوە و دونیابینـی نووسـەرە سـەبارەت بـە گەشـەی بزاوتـی ئیسـلامی و هەوڵـی فریودانـی کۆمەڵگـە لـە لایـەن ئـەو گرووپانـەوە بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر کۆمەڵگـە. خاڵێکـی دیکـەی ئـەم کتێبـە ئیشـکردنە لەسـەر ئـەوەی ئایـا بەڕاسـتی ئیسـلام لەژێـر هەڕەشـەدایە؟ دیـارە ئـەم پرسـیارەش لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، ئیسـلامی سیاسـی کـوردی بـەردەوام بانگەشـەی ئەوەیـان کـردووە، گوایـە ئیسـلام کەوتووەتـە ژێـر هەڕەشـەی تەوژمـی عەلمانـی و حکوومەتیـش لایەنـداری عەلمانییـەکان دەکات، بەڵـێ لـە چەندیـن رووەوە قسـە لەسـەر ئـەو گوتـارە فریـودەرە ئیسـلامییە کـراوە بـۆ ئـەوەی خوێنـەر ئاشـنایەتی لەگـەڵ ئـەو گوتـارە چەواشـەکارییە پەیـدا بـکات. ئەمـەش هاوکاتـە کـە نـەك لـە کوردسـتان، تەنانـەت لـە هیـچ وڵاتێکـدا ئیسـلام نەکەوتووەتـە ژێـر هەڕەشـە، بەڵکـو ئـەوە خـودی سـەرکردە ئیسـلامییەکانن جۆرێـك لـە فۆبیـای ساختەیان بـۆ

خۆیـان دروسـتکردووە، گوایـە ئیسـلام لەژێـر هەڕەشـەی دەرەکـی، واتـە وڵاتانـی سـێکۆلار و مەسـیحی دایـە، راسـتە ئیسـلام لەژێـر هەڕەشـەدایە، بـەڵام ئـەو هەڕەشـەیە لـە لایـەن خـودی موسـڵمانەکان خۆیانەوەیـە، نـەك مەسـیحی و جولەکـە و ئایینەکانـی دیکـە، لـە ئەنجامـی خوێندنـەوەی کتێبەکـەدا ئـەم راسـتییە روون دەبێتـەوە کـە ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی و ئەوانـی دیکـەش بـۆ مەرامـی تایبەتـی خۆیـان و تاکـو رەواج بـە بوونیـان بـدەن، وێنایەکـی سـاختەی ئەوتۆیـان نیشـانی کۆمەڵگـە داوە بـۆ ئـەوەی لـە رێـی جوڵاندنـی سـۆزی خەڵکـی ئاییـندارەوە رەواج بـە خۆیـان بـدەن، گوایـە بەرگـری لـە ئیسـلام دەکـەن و بـۆ سەرخسـتنی ئیسـلامیش کـردە تیرۆرییەکانیـان بـە جیهـاد وێنـا دەکـەن!

لـە کاتێکـدا ئـەوە فۆبیایەکـە موسـڵمانان خۆیـان دایانتاشـیوە بـۆ ئـەوەی شکسـتی خۆیانـی پـێ بشـارنەوە، مەگـەر ئـەوە موسـڵمانەکان نیـن، بـە هـەزاران کیلۆمەتـر دەبـڕن، تەنیـا بـۆ ئـەوەی بگەنـە ئەورووپـا و ئەمەریـکای مەسـیحی، لـە پێنـاو ژیانێکـی پـڕ لـە عەدالـەت و یەکسـانی و بەختـەوەری، لـە سـایەی بلۆکـی مەسـیحییەت، مەگـەر ئـەوە پارادۆکسـی موسـڵمانەکان نییـە، لـە لایـەك جنێـو بـە وڵاتـان و خەڵکـی سـێکۆلار دەدەن و بەبـێ ئەخـلاق و بێڕەوشـت ناویـان دەهێنـن، کەچـی لـە لایەکـی ترەوە، خۆیـان هەرچـی هەوڵێـك هەیـە، دەیگرنەبـەر بـۆ ئـەوەی بگەنـە ئـەو بەهەشـتەی ئەورووپـا؟ کـێ هەیـە ئـەو راسـتییەی نەزانـی بێـت، کـە ئیسـلامییەکان پێـش خەڵکـە سـێکۆلارەکە هەڵپـەی گەیشـتن بـە بەهەشـتی پاریـس و رایـن لـە مێشـکیانی نەدابێـت! ئەمەشـیان لـەوەدا دەردەکـەوێ کاتێـك وێنەکانـی خۆیـان لـە کەنـار رووبـار و نـاو قەرەباڵغـی کچـان و کوڕانـی مەسـیحی و جولەکـە بڵاودەکەنـەوە، بەڵـێ ئیسـلام لەژێـر هەڕەشـەدایە، بـەڵام لەژێـر هەڕەشـەی گرووپـە ئیسـلامییەکاندایە، نـەك

هیـچ لایەنێکـی دیکـە!

پـاش سـەرنجدان لـە کـۆی بۆچوونەکانـی ئـەم وتـارە، بـە باشـمزانی نـاوی ئـەم کتێبـە بنێـم «ئیسـلامی سیاسـی فریـودان و تیرۆریـزم» بـە هـۆی ئـەوەی لـە کتێبەکـەدا جەخـت کراوەتـە سـەر ئـەوەی گرووپـە ئیسـلامییەکان بـە حیـزب و ڕێکخـراو و کەسـایەتی و مـەلا و نووسـەر و بیرمەندەکانیـان، هەموویـان سـەرەتا کار لەسـەر فریودانـی خەڵکـی سـادە دەکـەن و سـەرئەنجام بیـری توندڕۆیـی و دواییـش کـردەی تیرۆریسـتی لـێ دەکەوێتـەوە، بەگشـتی ئـەو فەزایـەی لـە ئەنجامـی فریـودان، یاخـود هەڵخەڵەتانـدن دێتـەدی، ژینگەیەکـی تـەواو تیرۆریزمییـە و هیـچ بوارێکیـش بـۆ قبووڵکـردن و بۆچوونـی ئـەوی دی ناهێڵێتـەوە و دواجاریـش کۆمەڵگەیـەك یـان ژینگەیەکـی بـە فیکـر تیرۆریـزم دروسـت دەکات، بەوپێیـەی ئیسـلامی سیاسـی گەشـە و بوونـی خـۆی لـە ژینگـەی ئاڵـۆز و تەنگـەژەدا دەبینێتـەوە و لـەو ڕێیـەوە خەونـی گەیشـتن بـە دەسـەڵات پراکتیـزە دەکات، وەك ئـەوەی لـە ئەفغانسـتان و مووسـڵ و سـووریا ڕوویـدا، کاتێـك ئـەو وڵاتانـە دووچـاری تەنگـەژە و هـەژاری و شـەڕ و ماڵوێرانـی دەبنـەوە، گرووپـە توندڕۆ ئیسـلامییەکان تێیانـدا گەشـە دەکـەن و چالاکییـان زیـاد دەبێـت.

کەوایـە ئیسـلامی سیاسـیی کوردیـش بـە کـۆی لـق و بـاڵ و گرووپەکانییـەوە، بەشـدارن لـە هەڵخەڵەتاندنـی خەڵـك بـە نـاوی ئاینـداری و دواتریـش ئـەو ئاینداریـە توندڕۆییـە پەلدەکێشـێت بـۆ بیـری تیرۆریزمـی و کـردەی تیرۆریسـتی، وەك ئـەوەی کـۆی ئـەو تیرۆریسـت و توندڕۆ ئیسـلامییانەی گیـراون و دانیـان بـەوە دانـاوە، کـە کـردەی تیـرۆری بـە جیهـاد تێدەگـەن، بـۆ گەیشـتن بـە بەهەشـت و ڕازیکردنـی خـودا لـە خۆیـان و سەرخسـتنی ئیسـلام بەسـەر ئاینەکانـی دیکەدا، هـاوکات خەونی

گەیشتن بە حۆری هۆیەکی دیکەی ئەو پراکتیزەکردنەی جیهادەیە کە لە ئیسلامدا بەهایەکی بەرزی هەیە.

بەڵێ هەر لەبەر ئەوەشە بەردەوام گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی و کۆی گرووپە جیهانییەکانی دیکە، وێنایەکی ئەوتۆ نیشان دەدەن، گوایە ئاینی ئیسلام لە مەترسیدایە و پێویستیشە جیهادی لە پێناودا بکرێت و لەو رێیەوەش خەڵکی سادە فریو دەدەن و سەرئەنجام بیری تیرۆریزمی بڵاودەکەنەوە.

# بەشی یەکەم

## باشووری کوردستان و
## توندڕۆیی ئیسلامی سیاسی

# کێن ئەوانەی
# فیکری توندڕۆیی ئایینی بڵاودەکەنەوە؟

لــە پشــتی هــەر گوتارێکــی توندڕۆیــی ئایینــی، یــان بانگخوازێکــی ئیســلامی، ئامانجێکــی سیاســی دیاریکراویــش هەیــە، دەخوازێــت لــە ڕێــی بەکارهێنانــی ئاییــن و ترادیســیۆنەکانی، چنــگ لــە کورســیی دەســەڵات گیــر بــکات، هــاوکات بــۆ ئەمــەش یەکــەم هەنــگاوی کارکردنــی لەســەر دەروونی خەڵکــی ســادە دەبێــت، ئەوانــەی بــە سادەیی لــە ئاییــن تێگەیشــتوون و هــەر گوتارێکــی توندڕۆیــش لــە لایــەن مەلایەکــەوە، یــان بانگخوازێکــی ئیســلامی سیاســی، دەتوانێــت بــە ئاســانی دەســتەمۆیان بــکات و بــۆ مەرامــی تایبەتــی، ئینجــا حیزبــی یــان کەســی بێــت، بەکاریــان بهێنێــت، بەوپێیــەی ئاییــن لــە کۆمەڵگــە موســڵمانییەکاندا پێگــەی دیاریکــراوی پێــدراوە و ئــەو کارەکتەرانەشــی هەڵگــری فیکــری توندڕۆییــن، واتــە توندڕۆیــی ئایینــی لــە کۆمەڵگــە موســڵمانییەکان بڵاودەکەنــەوە، باکیــان بــەوە نییــە، بــە هــۆی گوتــار و بڵاوکردنــەوەی بیــری توندڕۆیــی ئایینــی،

کۆمەڵگـە دووچـاری چ کارەسـاتێکی وێرانکـەر دەبێـت، ئەسـڵەن ئـەوان دەخـوازن کۆمەڵگـە بخەنـە نـاو تەنگـەژەی جۆراوجـۆرەوە، بـۆ ئـەوەی خەونـی خۆیـان لـە رێـی ئـەو تەنگەژانـەوە بـەدی بهێنـن، کـە دیارترینیـان گەیشـتنە بـە دەسـەڵات.

بـە دیقەتدانیـش لـە پـڕۆژەی بەکارهێنانـی ئاییـن لـە لایـەن گـرووپ و حیـزب و کەسـایەتیی ئیسـلامی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتاندا، دەبینیـن ئامانجێکـی روونیـان هەیـە، ئەویـش خەونـی گەیشـتنە بـە کورسـی دەسـەڵات و ئـەو گرووپانـەش بـە هەمـوو شـێوەیەك و لـە چەنـدان کەناڵـی جیاوازیشـەوە، هـەر لـە رێـی رادیـۆ و رۆژنامـە و سۆشـیاڵ میدیـا و شاشـە و مزگـەوت و تەنانـەت نـاو تاکسـی و شـوێنە گشـتییەکانەوە، خەریکـی بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینیـن، بـۆ ئـەوەی فەزایەکـی تەنگـەژاوی دروسـت بکـەن بـە ئامانجـی گەیشـتن بـە کورسـی دەسـەڵات، چونکـە ئـەوان خەونـی گەیشـتن بـە دەسـەڵات لـە تەنگـەژەدا دەبیننـەوە، نـەك ئارامـی و خۆشـگوزەرانی کۆمەڵگـە، هـەر بۆیـەش دەچنـە ئـەو شـوێنانەی تەنگەژەیـان تێـدان، یـان تەنگـەژەی لـێ دروسـت دەکـەن، ئـەو ئامانجـەش سیاسـییە و حیزبـی ئیسـلامی بـە پلـەی سـەرەکی کاری لەسـەر دەکات، بـە بەکارهێنانـی مزگـەوت بـە پلـەی یەکـەم و دواتریـش کەناڵەکانـی دیکـە، ئاخـر تـا ئـەم چرکەسـاتەش مزگـەوت لـە کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکان و کوردسـتان بەتایبەتـی، پێگـەی خـۆی مـاوە و بگـرە زیاتریـش دەبێـت. واتـە دۆخەکـە بـە جۆرێکـە تەنانـەت دەسـەڵاتیش موجامەلـەی ئیسـلامییەکان دەکات و لـەو ترسـەدا لـە گـەڕەك و نـاو بـازاڕ و تەنانـەت سـەیرانگە و شـوێنە گەشـتیارییەکانیش، پێـش هـەر خزمەتگوزارییەکـی تـر، بیـر لـە دروسـتکردنی مزگـەوت و شـوێنی نوێژخوێنـی دەکاتـەوە، نەبـادا قسـەی ئیسـلامییەکانی بێتـە سـەر،

بەوەی بەردەوام گوتویانە دەسەڵات دژی ئایینە و لایەنداری پڕۆژەی بە عەلمانیکردنی کۆمەڵگەیە.

لە رابردوودا هەرێمی کوردستان چەندین جار دووچاری هەڕەشە و کردەی توندوتیژی و تیرۆریستی و توندڕۆیی ئایینی بووەتەوە، بەوەی هەر لایەنەی ئیسلامی سیاسی و بانگخوازی سەر بە گرووپە ئیسلامییەکان هەن، سەنگەریان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان گرتووە، تا لە رێی فاکتەرگەلی جیاوازەوە دەسەڵات لاواز بکەن، بە هاندانی خەڵکی سادە لە رێی سۆزی ئایینی و فریودان و بەڵێنی ساختە، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵکی باشووری کوردستان بەشێوە کوردەوارییەکە، پابەندی ئایینی ئیسلامن و پێویستیان بەوە نییە حیزبی ئیسلامی ئامۆژگارییان بکات بۆ ئاییندارى، ئەم شێوە ئاییندارییە کوردەوارییە، راستە قووڵ لە ئایین ناڕوانێت و کەمترین مەترسی هەیە، بەڵام کاتێك گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، دەست لە کاروباری ئایینی وەردەدەن و بۆ مەرامی سیاسی وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، ئەوکات ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، ئاییندارى وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر حکوومەت و دامەزراوەکانی بەکاردەهێندرێت، زۆرجاریش ئەو گرووپانە کافراندنی حکوومەتی هەرێمیش بە گوێی خەڵکیدا دەدەن، گوایە دژی ئایینە، لە کاتێکدا دەبینین هەر ئەو حکوومەتەیە زۆرترین رێژەی مزگەوت و شوێنگەی ئایینی دروستکردووە، کە بۆ ئێمەمانانێکی سێکۆلار، هەمیشە جێگەی رەخنە بووە، کەچی دەبیندرێ ئەو هەوڵەی حکوومەت لە لایەن گرووپگەلی ئیسلامی سیاسی، بە جۆرێکی دیکە مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت و وێنایەکی ئەوتۆش دەدرێتە پاڵ حکوومەت و حیزبە نەتەوەیی و بەگشتی غەیرە ئیسلامییەکان، گوایە سەرقاڵی

بڵاوکردنــەوەی فیکــری بێدینیــن لەســەر ئاســتی کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتاندا، ئەمــەش وەك ئامــاژەی بــۆ کــرا، تەنیــا بــۆ چەواشــەکردنی ســۆزی خەڵکــە ئاییــندارە کوردەوارییەکەیــە، چونکــە ئاییــن لایــان هێڵــی ســوورە.

ئــەو گرووپــە ئیســلامییانە، لــە رێــی کەناڵــی مزگــەوت و جۆرەکانــی دیکــەوە، لــە بــری ئــەوەی کولتــووری ئاشــتیخوازی و پێکەوەژیانــی پێکهاتــە ئایینــی و نەتەوەییــەکان بڵاوبکەنــەوە، بەپێچەوانــەوە ئاییــن بــۆ فیکــری توندوتیــژی بەکاردەهێنــن، لــە وتارەکــەی ســەرۆکوەزیرانی کوردســتان، نێچیرڤــان بارزانــی لــە کۆنگــرەی شەشــەمی یەکێتیــی زانایانــی ئیســلامی لــە کوردســتان، کــە لــە رێککەوتــی ٢٦ی مانگــی ٧ی ٢٠١٨ بەڕێوەچــوو، ئــەو نیگەرانییــە بــە روونــی دیــار بــوو، بــەوەی ئاییــن بــۆ فیکــری توندڕۆیــی لــە لایــەن ئــەو گرووپانــەوە بەکاردەهێندرێــت، وتارەکەشــی لــە ســەروبەندی هێرشــکردنە ســەر باڵەخانــەی پارێزگــەی هەولێــر بــوو، کــە ســێ گەنجــی لە خشــتەبراو هێرشــیانکردە ســەر باڵەخانەکــە و دواتریــش لە ئۆپەراســیۆنێکدا هــەر ســێکیان کــوژران.

لــە دوای راپەڕینــی ١٩٩١ی باشــووری کوردســتان، بــە هــۆی ئــەو فــەزای فرەحیزبــی و هــاوکات ململانێــی حیزبــە ســێکۆلار و نەتەوەییــەکان، باشــووری کوردســتان بــە هێواشــی بــووە مۆڵگــەی ســەرهەڵدان و دەرکەوتنــی حیــزب و تەیــار و بیــری توندڕۆیــی ئایینــی، ئەمــەش پێویســتی بــە هەڵوەســتە لەســەرکردن و لێکۆڵینــەوە لــە هۆکارەکانــی دەکات، رەنگــە هێشــتا زۆر درەنــگ نەبێــت، بــۆ رووبەڕووبوونــەوەی ئــەو فیکــرە، بــەڵام زووش نییــە، چونکــە ئــەو گرووپانــە گەشــەیان کــردووە و ژمارەیەکــی زۆری کورســی پەرلەمانیشــیان مســۆگەر کــردووە، لــە کاتێکــدا دەیــان حیزبــی عەلمانــی و نەتەوەیــی هــەن، لێــرەدا ئــەوەی جێــی هەڵوەســتەیە، ئــەو

گرووپـه ئیسـلامییانه توانیویانـه بـه ئاسـانی لەژێـر تایتلـی بەرگریکـردن لـه ئیسـلامەوه بچنـه نـاو دڵـی حەڵـك و خەڵکیـش بـەرەو توندڕۆیـی و کردەی تیرۆریسـتی هانبـدەن، لـه بەرانبەریشـدا کـەس ململانێـی فیکرییـان نـاکات و تەنیـا لەسـەر ئاسـتی تاکـه کەسـدا رەخنەیـان دەکرێـت، ئەویـش بـێ پـڕۆژەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و حیـزب و دەسـەڵات، کاریگـەری قووڵـی نابـێ و ناتوانێـت رۆڵـی گـەوره ببینێـت، لـه لاوازکردنـی فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی سیاسـی لـه کوردسـتاندا.

لێـرەدا دەبینیـن ئـەو سـێ گەنجـەی هێرشـیانکرده سـەر پارێزگـەی هەولێـر، تەمەنیـان لـه نێـوان ١٦ بـۆ ١٨ سـاڵان بـوون، ئـەوەی دیقـەت لــەم تەمەنانــەش بــدات، دەزانــێ ئــەو گەنجانــه بەکارهێنــدراون و مێشـکیان شـۆردراوەتەوه، بـه گوێـرەی دەزگـه هەواڵییـەکان، لـه کاتـی هێرشـەکەدا بانگـی ئەلاهوئەکبەریـان بەرزکردووەتـەوه، وەك ئاماژەیـەك بـۆ تێـوەگلان لـه گرووپـی ئیسـلامی توندڕۆ، لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت، لەبـەر ئـەوەی لـه رابردووشـدا ئـەو چالاکییانـەی گرووپـه ئیسـلامییه توندڕۆکان پێـی هەڵسـاون، لـه زۆربەیانـدا دەسـتەواژەی ئەلاهوئەکبەریـان تێـدا گوتراوەتـەوه، هاوشـێوەی چالاکییەکانـی داعـش و بـەرەی نـووسره و هاوشـێوەکانی دیکەشـیان، هەمـان دەسـتەواژه گوتراونەتـەوه، لـه کاتـی ئەنجامدانـی هـەر کردەیەکـی توندوتیـژی، وەك خۆکـوژی و تەقینـەوه و سـەربڕینی خەڵکـی، بەتایبەتـی گرووپەکانـی و داعـش و قاعیـده و بـەرەی نــووسره.

ئێسـتا هەرێمـی کوردسـتان لەبـەردەم مەترسـیی فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی سیاسـیدایه، ئـەو فیکـرەی دواجـار تـەڕ و وشـکی کۆمەڵگـه بــه یەکــەوه دەســووتێنێت، وەك ئــەوەی ســەرۆکی حکوومەتیــش لــه کۆنگرەکـەدا ئامـاژەی بـەو مەترسـییه کـرد، هـاوکات پێویسـته حکوومەتـی

هەرێمـی کوردسـتانیش لـە رێـی بەرنامـەی جۆراوجـۆرەوە و بـە پـڕۆژەی سـتراتیژییەوە، هەتـا بـە قەدەغەکردنـی چالاکـی ئیسـلامی سیاسـیش بێـت، یـان لادانـی ئـەو وتارخوێنانـەی بـە ئاشـکرا مزگـەوت بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیـری توندڕۆیـی بەکاردێنـن و دواجاریـش کـردەی تیـرۆری بەرهـەم دەهێنێـت و بـە هۆیـەوە کۆمەڵگـە دووچـاری ژینگەیەکـی تـژی بـە فیکـری تیرۆریزمـی دەکات.

بەڵـێ پێویسـتە رێگـە لـەو فیکـرە توندڕۆییـە بگرێـت لـە پێنـاو ئارامـی و ئاینـدەی کوردسـتان، ئەگینـا لـە مـاوەی ئایندەیەکـی زوودا کوردسـتان دەبێتـە مۆڵگـەی ئـەو گرووپـە توندڕۆیانـە، بەوپێیـەی هەرێمـی کوردسـتان دەوڵـەت نییـە و شـەڕی ئـەو گرووپانـەش پارەیەکـی زۆری دەوێـت، رەنگـە ئەمـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان قـورس بێـت، کەوایـە هەتـا مەترسـییەکە گەورەتـر نەبـووە، پێویسـتە کاری جـدی بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی بکرێـت.

لێـرەدا دەکـرێ خـودی کارەکتـەری مـەلا لـە بەرانبـەر ئـەو جـۆرە مەلایانـەش بەکاربهێندرێتـەوە کـە ئایین بـۆ مەرامی سیاسـی بەکاردەهێنن، یـان رۆڵیـان هەیـە لـە بڵاوکردنـەوەی کولتـووری توندڕۆیـی ئایینـی، هـەر وەك ئامـاژەی پێـدرا، بەڕاسـتی کۆمەڵگـەی باشـووری کوردسـتان لەبـەردەم مەترسـیی بڵاوبوونـەوەی فیکـری توندڕۆیـی دایـە و پێویستیشـە بـە هەنـد وەربگیرێـت، ئەگینـا سـەرئەنجام مەترسـییەکانی بەشـێوەیەکی گـەورە لەسـەر جەسـتەی کۆمەڵگـە دەبیندرێـت، وەك ئـەوەی لـەو وڵات و جڤاتانـەی رەوتـی ئیسـلامی سیاسـی تێیانـدا زاڵـە، یـان توانیویانـە خەڵکـی لـە خشـتە ببـەن، ئاڵـۆزی زۆریـان تێدایـە و کـردەی تیرۆریسـتی و توندوتیژیـش، رۆژ دوای رۆژ لـە بـرەودان.

# بەرهەمهێنەری تیرۆریزم

تیرۆریـزم خـۆی چەمکێکـی ئاڵـۆزە و پەیوەنـدی بـە کۆمەڵێـك هـۆکاری ئایینـی و ئابـووری و سیاسـی و کێشـەی دەروونـی و چەنـدان هـۆکاری دی هەیـە و پشـت بـە کوشـتن و تۆقانـدن، رفانـدن و بڵاوکردنـەوەی تـرس، کـردەی خۆکـوژی بـە ئامانجـی کوشـتنی خەڵکـی دیکـە، یـان بڵاوکردنـەوەی تـرس، دەبەسـتێت و ئەمانـە و دەیـان چەمـك و ئامانجـی دیکـە، کـە دواتـر هەموویـان بـە یەکـەوە ژینگـەی تیرۆریزمـی بەرهەمدێنـن.

تیرۆریـزم تەنیـا پەیوەنـدی بـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان نییـە، نەخێـر ئـەوە عەقڵییەتـە و لـە کـۆی کۆمەڵگەکانـی دیکەشـدا بـە جـۆری جیـاواز و بـە هـۆکاری جیـاواز و بـە رێـژەی زۆر و بـە رێـژەی کـەم هەیـە، بـەڵام لـە قۆناغـی ئێسـتادا تـەواوی فۆکەسـەکان لەسـەر تیرۆریزمـی ئیسـلامین و وەك گەورەتریـن مەترسـیش بـۆ سـەر جیهـان هەژمـار دەکرێـت، سـەرباری هەمـوو هـۆکار و دەرهاویشـتەکانی، فیکـری تیرۆریزمـی یـەك ئامانجـی

هەیـە کـە تـاك یـان گرووپـی بکـەر ناتوانـن لەگـەڵ سـەردەم و گۆڕانـکاری و جیاوازییـەکان خۆیـان بگونجێنــن، یـان سـوور دەزانـن لـە پرۆسـەکانی دیموکراسـی شکسـت دەخـۆن و ناتوانـن بـە هـۆی دەنگـی خەڵکـەوە بگەن بـە دەسـەڵات، بۆیـە پەنـا بـۆ بیـری توندڕۆیـی دەبـەن و دواتریـش وەك مەترسـی بـە کۆمەڵگـەدا بڵاودەبنـەوە.

ئێسـتا کاتێـك نـاوی ناوچـەی تیرۆریـزم دەهێندرێـت، یەکڕاسـت زوومـی هەمـوو دونیـا دەکەوێتـە سـەر کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان، بـە دیاریکراویـش وڵاتانـی عەرەبـی و چەنـد وڵاتێکـی دیکـەی نزیـك لـە ناوچـەی وڵاتانـی عەرەبـی، هەڵبـەت هەرێمـی کوردسـتانیش بـەدەر نییـە لـەو ناوچەیـە، بـەڵام بـە ڕێـژەی کەمـتر.

زۆرترینــی ئــەو کــردە تیرۆرییانــەی لــە دونیــادا ئەنجــام دەدرێــن، راســتەوخۆ کارەکتــەری ئیســلامی سیاســی یاخــود دروســتتر موســڵمانی لــە پشــتەوەیە و هیــچ پاســاوێکیش لــە ئــارادا نییــە، بــۆ ئــەوەی بــرەو بــەو هەڵمەتــی تیرۆریزمییــە بــدەن، جگــە لــە هەندێــك بیانــووی ئایینــی و حــەزی سێکســبازیی نەبێــت، گوایــە لــە بەهەشــتدا بــۆ جیهادییــەکان دەســتەبەرکراوە، واتــە ئــەو حۆریانــەی باســیان لێــوە دەکرێــت گوایــە بــۆ خەڵکانــی بەهەشــتی دابینکــراون!

لێـرەدا ئـەو گرووپانـەی خەڵکـی بـەرەو بیـری تیرۆریزمـی فریـو دەدەن، بـە ئاشـکرا ئاییـن و نائومێـدی خەڵـك دەقۆزنـەوە، بـەوەی کەسـێك لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـەدا نائومێـدە و چەقـۆی ناعەدالەتـی بەرکەوتـووە، یـان بـە هـۆی هــەژاری و بێــکاری دڵــی شــکاوە و نیشــتمانی خــۆی لــێ بووەتــە گۆڕسـتان، واتـە بـە گشـتی هیـچ ئومێدێکـی بـەوە نەمـاوە کـەوا ژیانـی لـە سـایەی نیشـتماندا خـۆش بێـت و توانـای دەربازبوونیشـی نییـە، بۆیـە بـە ئاسـانی دەکەوێتـە داوی ئـەو گوتـارە تیرۆریزمییـەی سـەرچاوەکەی لـە

ئایینـەوە هەڵچنـدراوە، واتـە کارەکتەرانـی ئـەو گوتـارە دێـن و بەهەشـت و حـۆری و رۆژی دوایـی نیشـانی ئـەو کەسـە نائومێـدە لە ژیـان دەدەن و پێی دەڵێـن، مـادام تـۆ لـە ژیانـدا هیچـت چنگ نەکـەوت، یـان خۆشـگوزەرانیت نەدیـت، ئەوەتـا خـودا لـەو دونیـادا خۆشـگوزەرانی بـۆ بەهەشـتییەکان دابینکـردووە، ئەوەتـا بەهەشـت هەمـوو خۆشـییەکی تێدایـە، حـۆری و هـەزاران خۆشـگوزەرانی دیکـەی تێدایـە و کۆتاییـان نایـەت، مرۆڤـی موسـڵمانیش لـە رێـی جیهـادەوە بـەو بەهەشـتی خوداییـە دەگات!

ئـەو کەسـە نائومێـد و هـەژارەی بـە دوای خۆشـبەختیدا دەگەڕێـت و چنگیشـی ناکەوێـت، رێـك هەڵوەسـتەیەك دەکات و دەکەوێتـە داوی ئـەو گرووپـە جیهادییـە تیرۆریسـتییانە و سـەرئەنجامیش بـە جۆرێـك پـەروەردەی دەروونـی دەکـەن، مانـەوەی لـە ژیانـدا بـە زیـادە دەزانێـت و پێیوایـە یـەك رۆژ زووتـر کۆتایـی بـە ژیانـی خـۆی بهێنێـت، بـۆ خـۆی باشـترە، بۆیـە بڕیـاری کـردەی تیـرۆری و خۆکـوژی دەدات، لـە دیـدی ئـەودا هـەم کردەکـە جیهـادە، هەمیـش خۆکوژییەکـە گەیشـتنە بـە بەهەشـت و رزگاربوونـە لەدەسـت نائومێـدی و بێزارییەکانـی ژیـان.

کەوایـە روونـە ئـەوەی بڕیـاری چوونـە پـاڵ گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و کاری خۆکـوژی تیـرۆری دەدات، کاریگـەری ئـەو گوتـارە جیهادییـە سـەلەفییە توندڕۆییـە فریـودەرەی بەسـەرەوەیە، ئەمـەش بـە بەکارهێنانـی چەمکـی جیهـاد بـە پلـەی سـەرەکی کـە لـە قورئانـدا بەهایەکـی زۆری بـۆ دانـدراوە، واتـە چەمکـی جیهـاد خـۆی سـەرچاوەی تیـرۆرە، بـەوەی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان خەڵکـی پـێ لـە خشـتە دەبـەن، ئاخـر هەمـوو ئـەو گـرووپ و کەسـە تیرۆریسـتانەی دەسـتگیرکراون، شـانازی بـە جیهـادەوە دەکـەن!

هـەر لەبـەر ئەوەشـە ئێسـتا وڵاتانـی ئیسـلامی لـە ناوخۆیانـدا خاوەنـی

سـەدان ڕێکخـراوی فیکـر تیرۆریزمـی و تونـدڕۆی مەزهەبیـن و هەندێکیـان ڕاسـتەوخۆ کـردەی تیرۆریـی ئەنجامـدەدەن و هەندێکیشـیان لەژێـرەوە پاڵپشـتیی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان دەکـەن، دۆخەکـەش بـەو ئاسـتە مەترسـیدارەی گەیشـتووە، وڵاتانـی ئیسـلامی خۆیـان یەکـتری تۆمەتبـار دەکـەن بـە پاڵپشـتیکاریی تیرۆریـزم، لـەو سـۆنگەیەوە دەکـرێ هەموویـان ڕاسـت بکـەن، چونکـە بـە کـردەوە گرووپـە تیرۆریزمییـەکان زۆرتریـن چالاکییـان لـە ناوخـۆی وڵاتانـی ئیسـلامیدا ئەنجامـدەدەن و بەشـێك لـە چالاکییەکانیانیـش وەك ئەرکێکـی بانگخوازیـی ئیسـلامی لـە وڵاتانـی ئەوروپـی و جیهانیـدا ئەنجامـدەدەن.

لـە وڵاتانـی ئیسـلامی و عەرەبییـەکان بەتایبەتـی، سـەدان حیـزب و ڕێکخـراوی ئیسـلامی سیاسـی دروسـتبوونە، لەژێـر پاسـاوی بەرگریکـردن لـە ئیسـلام و ئەرکـی بانگخـوازی و جیهـادی، هانـی تیرۆریزمـی ئیسـلامی دەدەن، ڕاسـتە ئـەو حیـزب و گرووپانـە، دەیانەوێـت بڵێـن ئێمـە باوەڕمـان بـە پێکەوەژیـان و دیموکراسـی و یاسـاکان هەیـە، بـەڵام لـە ناخـەوە و لـە ڕێـی بەرنامـەی بـە ئیسـلامی سیاسـیکردنی کۆمەڵگـە، خەریکـی هاندانـی لایەنـی سـۆزداری خەڵکـن، بـۆ جوڵەپێکردنـی بـازاڕی تیرۆریزمـی ئیسـلامی تـا گوشـار لەسـەر دەسـەڵات و خەڵـك دروسـت بکـەن، گوایـە ئیسـلام لـە مەترسـیدایە و خەڵکـی دیکـەی دڵسـۆز بـە ئیسـلام بەرگـری لـە ئاییـن دەکات، لـە چوارچێـوەی چەمکـی جیهـادی ئیسـلامی.

بـە گشـتی ئیسـلامی سیاسـی ڕۆڵـی کارای هەیە لـە دروسـتکردنی فەزای ئاڵـۆز و مەترسـیداری تیرۆریـزم لـە جیهانـدا، دەتوانیـن بڵێیـن ئیسـلامی سیاسـی کـە مـن وەك کـۆی حیـزب و گـرووپ و ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکان بـەکاری دێنـم، وەك ڕەوتێکـی هۆشـیارتر لـە گرووپـە تونـدڕۆکان، ئـەوان ئـەو گرووپانـە ئامادەی ئەنجامدانـی کـردەی تیرۆریزمـی دەکـەن، لـە ڕێـی

بانگەشـەی ئایینـی، بەتایبەتـی ئـەو گوتـارەی پێیوایـە جگـە لـە ئیسـلام هیـچ ئایینێکـی دیکـە لەسـەر حـەق نییـە و دەبـێ ئیسـلام ئایینـی تـەواوی مرۆڤایەتـی بێـت!

هـەر ئەوەشـە وای کـردووە ئیسـلامی سیاسـی مافـی ئـەوە بـە خـۆی بـدات لـە نـاو جەرگـەی وڵاتانـی ئەوروپایـی و ئەمەریـکا چالاکـی تیـرۆری ئەنجامبـدەن، بـەوەی لـە دیـدی ئەوانـدا دەبـێ ئیسـلام لـە هەمـوو شـوێنێکی جیهـان ئایینـی دەوڵـەت بێـت!

ئـەوەی لە پشـت ئـەو گوتـارە توندڕۆیەیـە، چەکدارێکـی نەخوێندەواری داعـش، یـان بـەرەی نـووسرە نییـە، نەخێـر، بەڵکـو کەسـانی وەك ئوسـامە بنلادنـی زوو و ئەبوبەکـری بەغـدادی و هەروەهـا سـەرکردەگەلێکی دیکـەی نـاو حیزبـە ئیسـلامییەکانی لـە پشـتەوەیە و ئـەوان سـتراتیژی دروسـتکردنی ناوچـەی تیرۆریـزم دادەڕێـژن و خەڵکانـی فریـودراو و فێڵلێکراویـش کارەکتـەری جێبـەکاری ئـەو سـتراتیژییەن، کـە عەقڵـی گـەورەی تیرۆریسـتیی دایڕێشـتووە، ئەگینـا منداڵێکـی ١٥ سـاڵان، چـی داوە لـە جیهـاد و بەهەشـت و حـۆری، ئەگـەر فریـودان نەبێـت! لـە بـری چـوون بـۆ مزگـەوت و خۆکـوژی، رەنگـە ئـەو منداڵانـە لـەو تەمەنـەدا لـە یاریگەکانـدا یـاری بکـەن، یـان بـە دوای ماچێکـی فەیسـبووکیدا بگەڕێـن!

بـە کـردەوە سـەلماوە، ئـەو چەکدارانـەی چوونەتـە نـاو داعـش و گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی دیکـە، لـە هەنـاوی حیزبـی ئیسـلامی سیاسـی دروسـتبوونە، کەواتـە حیزبـی ئیسـلامی، مـادام بـاوەڕی بـە جیهـاد و کۆمەڵێـك بنەمـای نەگـۆڕی ئایینـی هەیـە، بێشـك رۆڵـی کاراشـی لـە بڵاوکردنـەوەی فیکـری تیرۆریزمیـدا هەیـە، بـە تایبەتـی بـەردەوام چەمکـی جیهـاد وەك بنەمایەکـی گرنگـی ئیسـلام بـە گوێـی موسـڵمانانـدا دەدەن، بـە جۆرێـك ئـەوەی بـاوەڕی بـە جیهـاد نەبێـت، وەك ئـەوە وایـە بـاوەڕی بـە

نوێـژ و حـەج و پێغەمبـەر و ڕۆژیـی دوایـی نەبێـت!

بـە کـردەوەش سـەلماوە ئـەو وڵاتانـەی حیـزب و گرووپـی ئیسـلامییان تێدا چالاکـن، ڕێـژەی کـردە و کارەکتەرانـی تیرۆریزمـی تێیانـدا زیاتـرن، بـە بـەراورد بـەو وڵاتانـەی گرووپـی ئیسـلامییان کەمـترە، لـە نموونـەی عێـراق و میـسر و سـووریا و لیبیـا و یەمـەن، بـە هـۆی ئـەوەی بەدەسـت مەزهـەب و حیزبـی ئیسـلامی و گرووپـە ئیسـلامییەکان دەناڵێنـن، ڕێـژەی کـردەی تیرۆریسـتی تێیانـدا زیاتـرە، بـە بـەراورد بـەو وڵاتانـەی بزاوتـی ئیسـلامییان تێدا نییـە، یـان کەمـتر چالاکـن.

کاتێـك لـە سـاڵی ٢٠٠٣ سـوپای ئەمەریکا دەستبەسـەر عێراقـدا دەگرێت و بۆشـاییەکی گـەورەی ئاساییشـی لـە بەغـدا و شـارەکانی باشـووری عێـراق پەیـدا دەبێـت و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی دەیـان شـانەی تیرۆریسـتی لـە عێراقدا، واتە شـانە نووسـتووەکانی قاعیـدە و داعش زینـدوو دەبنـەوە، تـا دواجـار لـە ٢٠١٤ دەسـت دەگـرن بەسـەر مووسـڵ و بەشـێکی زۆری خاکـی عێـراق، هـاوکات بـە هـۆی تەنگەژەکانـی سـووریا، داعـش و چەنـدان گرووپـی دیکـەی ئیسـلامی، لـەوێ سـەرهەڵدەدەن و چەنـدان شـار و چارۆچکـەی گـەورەی سووریاش دەگـرن و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گەشـەی زیاتـری گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و بـە گشـتی ناوچەکـە ناسـناوی ناوچەیەکـی تیرۆریزمـی وەردەگرێـت.

هەڵبـەت دەکـرێ بڵێیـن ئیسـلامی سیاسـی بەرهەمهێنـەری تیرۆریزمـە لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا، چونکـە ئـەو گرووپـە ئیسـلامییانە دەخـوازن ئیسـلام لـە شـوێنی خۆیـدا بهێڵنـەوە و بەسـەر ئەوانـی دیکـەدا زاڵـی بکـەن، بەمـەش تیرۆریزمـی ئیسـلامی گەشـە دەکات لەژێـر کاریگـەری ئـەو گوتـارە سیاسـییە ئایینییـە تیرۆریزمییـەی گوایـە بەرگـری لـە ئیسـلام دەکات!

هـەر لەبـەر ئەوەشـە دەتوانیـن بڵێیـن هەمیشـە گرووپـی تیرۆریزمـی

لــە گەشــەکردندا دەبــن، لــەو وڵاتانــەی دووچــاری تەنگــەژەی سیاســی و ئابــووری و مەزهەبــی بوونەتــەوە و ئاســتی نەخوێنــدەواری و ناعەدالەتــی تێیانــدا لــە پلەیەکــی بــەرز دایــە، بــە هــۆی ئــەوەی ئــەو گرووپــە تیرۆریزمییانــە، یــان ئیســلامی سیاســی بــە گشــتی لــەو جــۆرە ناوچانە گەشــە دەکات، یانــی ئــەوان گــەرای خۆیــان لــە ژینگــەی تەنگەژاویــی دادەنێــن، چونکــە بــۆ ئــەوان ئاســانترە و خەرجیشــی کەمــترە.

بۆیــە ئــەو هەلومەرجــەی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، بــە تایبەتــی لــە ســووریا و عێــراق و لیبیــا و یەمــەن هەیــە، ڕێگەخۆشــکەرە بــۆ مانــەوەی گرووپــە تیرۆریزمییــەکان و گەشــەکردنیان بــە جۆرێکــی دیکــە، ڕەنگــە لــە ڕووی بــەرەی ســەنگەرییەوە شکســت بهێنــن، بــەڵام لــە ڕووی فیکرییــەوە دەمێننــەوە و هیــچ گرەنییــەك لــە ئــارادا نییــە بــۆ نەمانیــان، چونکــە تێکــەڵ بــە عەقڵییەتــی کۆمەڵگــە بوونــە، واتــە ئــەوان بــە دوو جــۆر کاریان کــردووە، یــان کار دەکــەن، یەکــەم قۆســتنەوەی دۆخــی بۆشــایی ئەمنــی، دووەم بەشــێوەی بانگخــوازی، لــە بۆشــایی ئەمنیــدا ڕەنگــە دەســتبگرن بەســەر ناوچەکانــدا، وەك ئــەوەی لــە مووســڵ و ڕەققــە و ناوچەکانی دیکــەی عێراق و ســووریا بــە چــاوی خۆمــان بینیــمان، یــان وەك ئــەوەی لــە ئەفغانســتان ڕوویــدا بــە دەســتگرتن بەســەر کــۆی دەوڵەتەکــەدا، چونکــە ژینگەکــە بــۆ ئــەوە لەبــار بــوو، کەوایــە تەنیــا شــەڕی چەکــداری و ئەمنیــی کافــی نییــە، بــۆ لاوازکردنــی ئــەو گرووپانــە، دەبــێ شــەڕی فیکــری و ئابووریــش لــە دژیــان بەرپــا بکرێــت، ئەگەرچــی ئەمــەش دیســان گرەنتــی نییــە، وەك گوتــرا ســەرچاوەی گەشــەکردنی تیرۆریــزم لــە چەمکــی جیهــاد و هەنــدێ بەهــای دیکــەی ئایینــی و مێژوویــی وەردەگــرن.

# مەترسی ئیسلامی سیاسیی کوردی

گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردیش پشت بە کۆمەڵێك بەهای دۆگمای ترادیسیۆنی ئیسلامییانە دەبەستێت و خاڵییە لە هەرچی بەها تازەکانی دونیای مۆدێرنەتە و دیموکراسی کە لەسەر ئاستی جیهاندا برەوی هەیە.

ئەو گوتارە لە بری ئەوەی، هەوڵی گونجاندنی ئایین، لەگەڵ رەوتی تازەی جیهانی بدات، بەپێچەوانەوە دەخوازێ ئیسلام وەك ئایین لە دونیای مۆدێرنەتە دابڕێت و سەرئەنجام جۆرێك پێکدادان لە نێوان ئەو بەها تازانەی مۆدێرنەتە و ترادیسیۆنی ئایینیدا دروست دەکات.

ئەو پێکدادانەش دوو لایەنی هەیە، هەردوو لایەکەشی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا نین، لایەنێکی خراپ کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە دووچاری ئاریشەگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فیکری

دەکات، دواجاریش ئەو کێشانە شۆڕ دەبنەوە بۆ ناخی کۆمەڵگە و دەرئەنجامی کارەساتباری گەورەیشی بە دوادادێت.

لە نموونەی لە ئەفغانستان و عێراق و سووریا و کۆمەڵگەی عەرەبی بە گشتی، بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆر، لایەکەی دیکەشی ئەوەیە، بە سوودی حیزبی ئیسلامی دەکەوێتەوە، کەوایە دەکرێ تەنیا بە ئاوڕدانەوەیەك لە حوکمی پێنج ساڵەی بزووتنەوەی لە ئەفغانستان و خەلافەتەکەی داعش لە مووسڵ، بەس بن، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە کرۆك و ئامانجی ئیسلامی سیاسی حاڵی بین، دەکرێ ئەو دوو ڕێکخراوە وەك نموونەی زیندوو وەربگرین، یان هەژمار بکەین، بۆ ئەوەی حوکمڕانێتی ئیسلامی سیاسی پێ بناسینەوە.

لە جەوهەردا ئەوەی داعش دەیکات و لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان هەوڵی بۆ دەدات، هیچ جیاوازییان نییە، بەڵکو تاکە جیاوازی ئەوەیە داعش هەلومەرجی بۆ ڕەخسا و کۆمەڵی ئیسلامی هێشتا نەیتوانیوە، هەڵبەت کۆی حیزبە ئیسلامییەکانی دیکەش هەمان بۆچوون و دونیابینی داعشیان هەیە، بەڵام هەیانە میانڕەوتر قسە دەکات و ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی دەکات، تا ئەوکاتەی دەرفەتی گەیشتن بە کورسی بۆ دەڕەخسێت، بەڵام کۆمەڵ زێتر لەوان ڕووی ڕاستی خۆی نیشان دەدات، ئەگەرچی هیچ ئیسلامییەکی سیاسی نییە لە ڕۆحیدا میانڕەو بێت!

بەوپێیەی حیزبی ئیسلامی بوون و گەشەسەندنی خۆی لە ئاڵۆزی و نالەباری کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە و هەمیشە گەرای خۆی لەو کۆمەڵگە و وڵاتانە دادەنێت کەوا خەڵکەکەی بە دەست هەژاری و نەخۆشی و قەیرانی قووڵی سیاسی و مرۆیی و ئابوورییەوە دەناڵێنن.

تاڵیبان لە ئەفغانستان و داعش لە سووریا و عێراق گەشە دەکەن،

بـە هـۆی ئـەوەی زەمینـەی گەشـەکردنیان لـەو وڵاتانـەدا لەباربـوو، خەڵکی هـەم بـە هـۆی برسـێتی و هەمیـش بـە هـۆی هەلومەرجـی ئاڵـۆزی سیاسـی، دووچـاری قەیـران و نائومێـدی رۆحـی ببوونـەوە، هـەر بۆیـەش هێزێکـی وەك داعـش، لـە ماوەیەکـی کەمـدا، دەتوانـێ دەستبەسـەر رووبەرێکی فراوانـی خاکـی سـووریا و عێراقـدا بگرێـت، لـە کاتێکـدا ئـەو دوو وڵاتـە، دوو وڵاتـی خـاوەن چەکـی قـورس و سـوپای بەهێزیـش بـوون، بـەڵام چونکـە زەمینـەی گەشـەکردنی ئـەو گرووپـە تیرۆریسـتییە لەباربـوو، ئیـدی داعـش بەخێرایـی رەگـی خـۆی داکوتـی و دواتـر بـە زیاتـر لـە شەشـت وڵاتـی هاوپەیـمان هێشـتا ناتوانـن داعـش لەنـاو ببـەن، چونکـە بووەتـە عەقڵییـەت و زەمینـەی سەرهەڵدانیشـی هێشـتا مـاوە، هـاوکات لێرەولەوێیـش چالاکـی تیـرۆری ئەنجامـدەدات و وەك عەقڵیـش لـە ناخـی خەڵکانێکـدا ماوەتـەوە، بـۆی هەیـە لـە شـوێنی تـر و لـە بەرگـی دیکـە دەرکەوێتـەوە، چونکـە کێشـەکانی ناوچەکـە وەك خۆیـان ماونەتـەوە و کـەس بیریـش لـە چارەسـەرکردنیان ناکاتـەوە، واتـە هیـچ گرەنتییـەك بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بـە تایبەتـی عێـراق و سـووریا نییـە، بـە هـۆی ئـەوەی گرووپـە مەزهەبییـەکان سـەرقاڵی تۆخکردنـەوەی شـەڕەکە بـەو جـۆرەی خۆیـان دەیانەوێـت، ئەمـەش بـە سـوودی گرووپگەلـی تیرۆریسـتی دەکەوێتـەوە.

ئیسـلامی سیاسـیی کوردیـش بـەدەر نییـە لـە ئیسـلامی سیاسـیی عەرەبـی، ئەوانـەی کوردسـتانیش ئیشـوکاریان بووەتـە رەخسـاندنی دەرفەتـی گەشەسـەندنیان بەتایبەتـی هێزێکـی دۆگـمای وەك کۆمەڵـی ئیسـلامیی کوردسـتان، بـە هـەر شـێوەیەك، ئیـش لەسـەر خوڵقاندنـی دۆخێکـی ئاڵۆزیـی سیاسـی دەکات، تـا لـەو گۆشـەیەوە ئەسـپی ئومێـدی خۆیـان تـاو بـدەن.

گوتاری ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی، گوتارێکه بـه دوای زیندووکردنەوەی کولتــووری دواکەوتــووی کۆمەڵگــەی ئیســلامیدا دەگەڕێــت و ناخــوازێ کۆمەڵگــەی کوردســتان ئارامــی بەخۆیــەوە ببینێــت، بەداخــەوە حیزبــە بەنــاو ســێکۆلار و دیموکراســیخوازەکانیش، بــە هــۆی ململانێــی سیاســی نێوانیــان، خەریکــە ئاگایــان لــە گەمــە سیاســییەکانی حیزبــی ئیســلامی نامێنێـت، واتـە دۆخێـك خوڵقـاوە بـە هەمـوو شـێوەیەك لـە بەرژەوەنـدی پەرەسـەندنی رەوتـی ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی دایـە، چونکـە گۆڕەپانەکـە چـۆڵ بـووە و بـە ئاسـانی دەتوانـن لـە رێـی کاری بانگخـوازی و سیاسـی فریـوی کۆمەڵگـە بـدەن.

لــە بەرانبەریشــدا لەبــەر پــڕۆژە و بەیاننامــەی حیزبــی، بەداخــەوە حیزبـە سـێکۆلارەکان ناپڕژێنـە سـەر ئـەوەی پـڕۆژەی بەرەنگاربوونـەوەی گەشــەکردنی ئیســلامی سیاســی دروســت بکــەن، لــە مــاوەی بیســت ساڵیشــدا، واتــە لــە دوای یەکــەم ئەزموونــی پەرلەمــان و حکوومەتــی کوردستانیشـەوە، بزاوتـی ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی، توانیویەتـی لـە سـەد کورسـیی پەرلەمانـی، نزیکـەی بیسـت کورسـیی مسـۆگەر بکـەن، ئەمـە رێژەیەکـی زۆرە، لـە بەرانبـەردا رێـژەی کورسـییەکانی حیزبـە نەتەوەیـی و سـێکۆلارەکان، کەمـی کـردووە.

هێزێکـی وەك بزووتـەوەی گۆڕانیـش، تژییـە لـە هەڵسـوڕاوی شـووناس ئیخوانـی و ناتوانـدرێ لـە کادیرێکـی کۆمـەڵ، جیـا بکرێنـەوە، چونکـە وەلائیـان بـۆ یـەك فیکـری دیاریکـراو هەیـە، بـەڵام لەژێـر تایتڵـی جیــاوازدا، بەتایبەتــی دوای مردنــی نەوشــیروان مســتەفا، عەلــی باپیــر دەیەوێـت دەسـتبەسـەر ئیخوانەکانـی نـاو گۆڕانـدا بگرێـت، هیـچ نەبێـت وەك باڵێکـی خـۆی بەکاریـان بێنێـت، تەنانـەت لـە کاتـی مەراسـیمی بـە خاکسـپاردنی نەوشـیروان مسـتەفا، عەلـی باپیـر لـە رێـی گوتارێکـەوە ئـەو

کـۆدەی ئاشـکرا کـرد!

بـە هەمـان شـێوە لـە نـاو پارتـی و یەکێتیشـدا، کەسانی فیکـر ئیخوانی هـەن، کەوایـە ئەمـە ئاماژەیـە لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ئاییندەدا، ئەگـەری ئـەوە هەیـە، بزاوتـی ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی، هەنگاوێکـی تـر بـە ئاڕاسـتەی بردنـی دەنگـی خەڵـك بچێتـە پێشـەوە، بـە هـۆی ئـەوەی گۆڕەپـان لەبەردەمیانـدا چـۆڵ کـراوە و سـێکۆلار و ناسـیۆنالیزمەکانیش سـەرقاڵی یەکترین و لەژێـرەوەش گرووپەکانـی ئیسـلامی سیاسـی خەریکی دانانـی گـەرای تـازەن، لـە کۆمەڵگـەی باشـووری کوردسـتاندا.

یەکێـك لـەو ترسـە جدیانـەش ئەوەیـە گۆڕەپانـی گەشـەکردنی بزاوتـی ئیسـلامی سیاسـی تـەواو لەبـارە و رامکـردن و ئاڕاسـتەکردنی کۆمەڵگـە ئاسـانترین هەنگاوێکـە لەبـەردەم ئیسـلامی سیاسـیدایە، لەبـەر ئـەوەی هیـچ هەوڵێـك بـۆ سـڕکردن و وشـککردنی فیکـری ئـەو گرووپانـە نییـە و ئەمـەش زێـتر تینـی پێـداون بـۆ هەوڵـی دەسـتگرتن بەسـەر کۆمەڵگـە، سـەرەتا لـە رووی فیکـری و دواتریـش گەیشـتن بـە کورسـی پەرلەمـان و دەسـەڵات بەگشـتی.

لەگـەڵ گەیشـتنی ئـەو گرووپانـەش بـە دەسـەڵات، بێشـك ئـەوکات شـتێك بەنـاوی کۆمەڵگەی باشـووری کوردسـتان نامێنێت کە رووخسـارێکی کوردییانـەی هەبێـت، لەبـەر ئـەوەی یەکـەم هەنـگاوی ئـەو گرووپانـە داماڵینـی کوردسـتانە لـە سرووشـت و شوناسـی کوردییانـە و پۆشـینی ترادیسـیۆنی عەرەبـی و ئایینـی جێگـەی هـەر رووخسـارێکی کوردییانـە دەگرێتـەوە.

لـە نموونـەی دژایەتیکردنـی مارشـی نەتەوەیـی کـورد «ئـەی رەقیـب» لـە لایـەن کۆمەڵـی ئیسـلامی و خـودی عەلـی باپیـرەوە، مارشـێك کـە هـەزاران پێشـمەرگە و خەڵکـی کوردسـتانی بـە هۆیـەوە لـە سـێدارە دراون

و وەك سـیمبۆلێکی نەتەوەییـش جێگـەی خـۆی لـە نـاو کولتـووری سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کوردسـتاندا کردووەتـەوە، بـەڵام ئیسـلامی سیاسـی بـۆ ئـەوەی ئـەو رەمـزە نەتەوەییـە نەهێڵـن، بیانـوو بـە چەنـد وشـەیەکی نـاو شـیعرەکە دەگـرن و هەوڵـی گۆڕینـی شـیعرەکە دەدەن، واتـە مارشـەکە بووەتـە ئامانجـی ئیسـلامی سیاسـی و دەیانەوێـت لـە جێـی ئـەو مارشـەدا رەمـزی ئایینـی ئیسـلامی دابنێـن، بـە بیانـووی ئـەوەی زۆرینـەی خەڵکـی کوردسـتان موسـڵمانن و ئـەو شـیعرەش کوفـری تێدایـە!

لێـرەدا روونـە ئـەو گرووپـە ئیسـلامییانە بـە ئاشـکرا دژایەتـی سـیمبۆلەکانی نەتـەوەی کـورد دەکـەن، لای ئـەوان جگـە لـە ترادیسـیۆنی ئایینـی، هیچـی دیکـە جێـی بایـەخ نییـە و تەنیـا دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە زاکیـرەی سیاسـی و فیکریانـدا قبـووڵ کـراوە. بـە دیقەتـدان لـەو گرووپـە سیاسـی و بانگخوازییـە ئیسـلامییانە، دەبینیـن لـە پـاڵ بڵاوکردنـەوەی چەمکـی جیهـادی و کافراندنـی خەڵـك، هـاوکات دژایەتـی هـەر رەمزێکـی نەتەوەییـش دەکـەن، بـۆ ئـەوەی گۆڕەپانـی گەشـەکردنی خۆیـان چـۆڵ بکـەن، بەوپێیـەی ئـەوان رەمـزە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان وەك بەربەسـت لەبـەردەم گەشـەی خۆیانـدا دەبینـن، ئاخـر گەشـەی ئـەوان لـە چوارچێـوەی ژینگەیەکدایـە کـە گۆشـکراو بێـت بـە فیکـری جیهـادی و تیرۆریزمـی ئیسـلامی.

# ئیسلامی سیاسی و توندڕۆیی ئایینی

بەدیقەتـدان لـە دۆخـی ئـەو وڵاتانـەی ڕەوتـی ئیسـلامی سیاسـییان تێـدا زاڵـە، ئینجـا حیـزب بـن، یـان هــەر جـۆرە رەوت و رێکخـراو و چالاکییەکـی بانگخـوازی ئیسـلامی، ئـەو شـوێنگانە ناسـەقامگیری روویـان تێـدەکات، بەشـێوەیەك رۆژانـە مـرۆ تێیانـدا دەبێتـە قوربانـی چالاکیـی گرووپـە ئیسـلامییەکان، لـە شـێوەی کـردەی تیـرۆری و کافراندنـی خەڵـك و هـاوکات بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی، لـە دژی ئـەو فیکرانـەی لەگـەڵ ترادیسـیۆنە ئیسـلامییەکەی خۆیـان نایەتـەوە و هەمـوو بۆچـوون و فیکرێکـی دیکـەی لـە شـێوەی عەلمانـی و نەتەوەیـی و دیموکراسـی رەت دەکرێنـەوە و هـاوکات وەك بەدیلـی ئیسـلامیش لە خەڵکـی دەگەیەندرێن، بـۆ ئـەوەی خەڵـك لـە دژیـان هـان بـدەن.

بەگشـتی ئـەو شـوێنگانەی ئیسـلامی سیاسـی تێیانـدا گەشـەی کـردووە، یـان سـەرقاڵی گەشـەکردنن، مـرۆ لـەو دۆخـە ئیسـلامییە هیـچ بەهایەکـی

نامێنێـت و وەك کاڵایەکیـش بـۆ مەرامـی سیاسـی و چالاکییـە توندڕۆییەکان بەکاردەهێندرێـن، جـا هانـدان بێـت، یـان کوشـتنیان، کەمتریـن جاریش ئەو گرووپانــە دەگەنــە بارەگــە زەبەلاحەکانــی دەســەڵات، زۆربــەی جــارەکان ئــەو شــوێنانە دەکەنــە ئامانــج کــە خەڵکــی هــەژار و ســادەیان تێــدان، یــان لــە نــاو شــەقامەکاندا کــردەی تیــرۆری ئەنجامــدەدەن بــۆ ئــەوەی دۆخــی ناســەقامگیری بڵاوبکەنــەوە و خەڵکــی بــە گشــتیی بتۆقێنــن.

هــەر وەك دەزانــدرێ یەکێـك لـە ئامانجەکانـی هەر کردەیەکـی تیرۆری، بڵاوکردنــەوەی تۆقاندنــە، لەبــەر ئەوەشــە کاتێـك گرووپــە تیرۆریســتییەکان بــە شــوێنە هەســتیارەکانی دامودەزگــەی حکومــی و ئەمنــی ناگــەن، نــاو بــازاڕ و شــوێنگە گشــتییەکانی هاووڵاتییــان دەکەنــە ئامانــج، بــۆ ئــەوەی ترســی زیاتــر لــە نــاو خەڵکــدا بــڵاو بکەنــەوە، یــان خەڵــك نائومێــد بــن لــەوەی دەســەڵات و دامودەزگــە ئاساییشــییەکان ناتوانــن ژیانیــان بپارێــزن، هــاوکات ئامانجێکــی دیکــەی ئــەو کــردەی تیــرۆری لــەو شــوێنە گشــتییانە ئەنجامدانــی ئاســانترە، بــە هــۆی جەنجاڵــی و بێســەروبەری.

وەك ئامــاژەی بــۆ کــرا کــە بڵاوکردنــەوەی تــرس و تۆقانــدن یەکێکــە لــەو تایبەتمەندییانــەی ئیســلامی سیاســی پــێ دەناسرێتــەوە، بــەوەی ئــەو گرووپانــە بــەردەوام کار لەســەر بڵاوکردنــەوەی تــرس، تۆقانــدن دەکــەن، تــرس لــە دۆزەخ و ڕۆژی دوایــی، واتــە هەمیشــە وێنــای دۆزەخ نیشــانی خەڵــك دەدەن، بــۆ ئــەوەی خەڵــك بــەرەو مزگــەوت و ئایینگەرایــی ببــەن، ئەمــەش بــۆ ئــەوان وەك فەزایەکــی لەبــار دەبێــت، تــا لــە نــاو ئــەو فەزایــەدا چالاکــی خۆیــان ئەنجامبــدەن و ئــەو جــۆرە کەســانەش بدۆزنــەوە کــە لەگــەڵ خۆیانــدا دەگونجێــن، یــان فریودانیــان بــە نــاوی جیهــاد و بەهەشــتەوە ئاســانترە، واتــە بەبــێ بڵاوکردنــەوەی تــرس ناتوانــن درێــژە بــە مانــەوەی خۆیــان بــدەن و کاتێکیــش یەکێــك دەچێتــە نــاو گرووپەکانیانەوە،

دەرچوونی زەحمەتە، هەتا ئەگەر پەشیمانیش ببێتەوە، لەو حاڵەتدا زۆرترین گوشاری لەسەر دروست دەکەن بۆ ئەوەی کەسی پەشیمان بووەوە، نەوێرێت جێیان بهێڵێت، یان کە دووریش کەوتەوە، هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن لە ئەگەری پێدانی هەر زانیارییەك بە دامەزراوە ئاساییشییەکان، ژیانی دەکەوێتە مەترسی.

هیچ کات ئیسلامی سیاسی نێوانی لەگەڵ سەقامگیریدا خۆش نییە و هەر هەوڵێکی دامەزراوەکانی ئاسایش و هەتا رۆشنبیرانیش بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە پێناوی سەقامگیری، بە مەترسی بۆ سەر گەشەی خۆیانی دەبینن، بەوپێیەی گەشەی خۆیان لە ناسەقامگیریدا دەبیننەوە. هەر بۆیەش هەمیشە دەیانەوێ ژینگەی ناسەقامگیر دروست بکەن، ئینجا باکیان بەوە نییە ئەو ناسەقامگیرییە چارەنووسی کۆمەڵگە بەرەو کوێ دەبات!

ئێوە دیقەت بدەن، کاتێك نێوانی پارتی و یەکێتی خۆش نییە و لە هەندێك قۆناغیشدا شەڕی ناوخۆیان لە نێواندایە، دەیان گرووپ و چەندین حیزبی ئیسلامی سیاسی، لە نموونەی ئەنسار و جوندولئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی لەژێر تایتلی جیاواز و بۆ یەك ئامانجی دیاریکراو دروست دەبن، سەرجەمیانیش پشکیان لە بڵاوکردنەوەی توندڕۆیی ئاییندا هەیە، ئەگەرچی بانگەشەی جیاوازی دەکەن لە تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام و چۆنیەتی پەیڕەوکردن و هاوکات کاری سیاسی، بەڵام لە کرۆکدا یەك شتن و بۆ یەك ئامانج کار دەکەن، سەرئەنجام لە یەك ژینگەی باوەڕبوون بە تیرۆریزم یەکیش دەگرنەوە.

واتە لەبەر ئەمەیە ناسەقامگیری باشترین کێڵگەیەکە بۆ گەشەی ئەو گرووپە ئیسلامییانە، کۆمەڵی ئیسلامی لە رێی کافرکردنی خەڵك و یەکگرتووش لە رێی برسێتی و دەستی بە ناو هاوکاری و کاری

خێرخوازیــی هاتنــە نــاو کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتانەوە، ئــەوەی یەکگرتــوو دوور و نزیــك پەیوەنــدی بــەکاری خێرخوازییــەوە نەبــووە، هــەر لــە بنەڕەتــدا ئامانجیــان کورســیی بــووە و دواییــش لــە خولــی چوارەمــی پەرلەمــان دە کورســییان بــرد و بــۆ خولــی پێنجەمیــش لەگــەڵ بزووتنــەوەی ئیســلامی بــە لیســتی هاوبــەش بەشــداری هەڵبــژاردن دەکــەن، وەك ئاماژەیــەك کــە لــە جەوهــەردا یــەك چوارچێــوەی فیکریــان هەیــە، بــەڵام میکانیزمــی لــە خشــتەبردنی خەڵکیــان جیــاوازە، هــاوکات ئەنســار و هەروەهــا جوندولئیســلام و ئەوانــی دیکــەش، ویســتیان لــە ڕێــی توندڕۆییــەوە کۆتایــی بــە دەســەڵاتی پارتــی و یەکێتــی بێنــن، بــەڵام ئەوەیــان بــۆ نەچووەســەر و هــەم ڕووبــەڕووی بەرپەرچدانــەوەی حکوومــەت و هەمیــش کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــی بوونــەوە بــۆ ڕێگــری لــە هەوڵــی داگیرکردنــی کوردســتان، لــە لایــەن ئیســلامی سیاســی، کــە ئێســتاش ئــەو خەونەیــان مــاوە و ئیشیشــی بــۆ دەکرێــت، بــەڵام لــە بەرانبــەردا حیزبــە نەتەوەیــی و چــەپ و عەلمانییەکانیــش خاوەنــی پــڕۆژەی ڕووبەڕووبوونــەوە نیــن و بگــرە ئیشــوکاریان دروســتکردنی مزگەوتــە و دواییــش لەنــاو ئــەو مزگەوتانــە خەڵکــی تونــدڕۆ پــەروەردە دەکرێــن، واتــە لــە دیوێکــدا خزمەتیشــیان بــەو گرووپــە توندڕۆیانــە کــردووە.

ئیســلامی سیاســیی کــوردی، لــق و پۆپــی کارکردنــی زۆریــان هەیــە، لــە ڕێــی مزگــەوت و مــەلا و کاری بانگخــوازی، خێرخوازیــی، تەلەفزیــۆن و ڕادیــۆ و میدیــا بەگشــتی و ئێســتاش سۆشــیاڵ میدیــا، دەخــوازن فیکــری توندڕۆیــی بڵاوبکەنــەوە، هــاوکات ئێســتا گەیشــتوونەتە نــاو پەرلەمانیــش و لەوێــوە ئەوەنــدەی خەریکــی توندڕۆییــن، نیــو هێنــدە ســەرقاڵی کاری پەرلەمانــی نیــن، هــەر یاســایەکیش نەختێــك لەگــەڵ ئامانجــی ئەوانــدا نەگونجێــت، هــەرزوو خەڵکــی بــە هۆیــەوە لــە خشــتە دەبــەن و دۆخــی

ناسـەقامگیری بـڵاو دەکەنـەوە، لـە ڕێـی هاندانـی موسـڵمانی سـادەوە، وەك ئـەوەی کاتـی خـۆی پرسـی دەسـتەواژەی جێندەریان وەك بێڕەوشـتیی بەکارهێنـا، هـاوکات کاتێـك ڕۆشـنبیرێك یـان نووسـەرێکیش دوو ڕەخنـەی لۆژیکـی لـە ئاییـن، یـان تراديسـیۆنی ئایینـی دەگرێـت، ئیـدی پرۆسـەی بـە کافـر لـە قەڵەمـدان دێتـە گـۆڕێ و لـەو گۆشـەیەوە خەڵـك هـان دەدەن و ئەوانیـش تـۆوی توندڕۆیـی بڵاودەکەنـەوە، بـە ئامانجـی دووبەرەکـی و توندڕۆیـی ئایینـی، چونکـە وەك ئامـاژەی بـۆ کـرا، ئیسـلامی سیاسـی بـە کـۆی لقوپۆپەکانییـەوە لەگـەڵ بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆییـدان، لەبـەر ئـەوەی گەشـەی خۆیـان لـەو ڕێیـەوە دەبیننـەوە.

ئەگەرچـی لـە رووکەشـدا خۆیـان لـە یەکـتری جیـا دەکەنـەوە، بـەڵام لـە جەوهـەردا سـەرجەمی ئـەو گرووپـە ئیسـلامییانە یـەك چوارچێـوەی فیکـری و یـەك ئامانجـی سیاسـی و یـەك خەونیـان هەیـە، ئەویـش بڵاوکردنـەوەی توندڕۆیـی ئایینییـە، بـە ئامانجـی ناسـەقامگیری کۆمەڵگـە، تـا لـەو ڕێیـەوە چنگیـان لـە کورسـیی حوکمڕانێتـی گیـر بێـت و باکیانیـش بـەوە نییـە چارەنووسـی کۆمەڵگـە بـە کـوێ دەگات و چـی لێدێـت، لای ئـەوان، گرنـگ دروسـتکردنی دۆخـی ناسـەقامگیرییە، تـا لـەو دەروازەیـەوە زیـان بـە دەسـەڵات بگەیەنـن، بۆ لاوازکـردن و دواتریـش کۆتایـی پێهێنان و گەیشـتن بـە دەسـەڵات، بـۆ دروسـتکردنی دەسـەڵاتی خەلافەتـی ئیسـلامی لـە نموونـەی ئـەوەی داعـش.

لێـرەدا بـۆ ئـەو ئامانجـە هەمـوو شـت دەکـەن، مـەلای ئیسـلامی سیاسـی مێشـکی گەنـج و خەڵکـی ئایینگـەرای سـادە دەشـواتەوە و بەجۆرێکیـش وێنـای کۆمەڵگـە دەکات، هەموویـان کافـر بوونـە و پێویسـتە جیهادیـان بەسـەردا بکرێـت، وەك ئـەوەی سـەید قوتـب، بیرمەنـد و تیۆرسـیۆنی ئیسـلامی، ئیشـی لەسـەر بـە کافـر لـە قەڵەمدانـی کۆمەڵگـە

ئیسلامییەکان دەکرد و داوای لە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان دەکرد، جیهاد بەسەر حکوومەتانی ئیسلامیدا بکەن، بە گوتەی ئەو لە ئایین هەڵگەڕاونەتەوە.

ئەو جۆرە فیکرەیە هانی توندوتیژی دەدات و دەبینین لە پڕێکدا چەند هەرزەکارێك بە فیکری توندڕۆیی و لە ڕێی خەونی گەیشتن بە حۆری بەهەشتەوە، هەڵخەڵەتێندراون و بە چەکەوە هێرش دەکەنە سەر بارەگەکانی حکوومەت، یان خۆیان لەناو بازاڕ و مۆڵەکان دەتەقێننەوە، ئینجا دیقەت بدەن، هەموو کردەکان بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئەلاهوئەکبەر و ناوهێنانی پێغەمبەر دەستپێدەکەن و دواتر کردەکە ئەنجامدەدەن، واتە کارە خۆکوژییەکە لە ڕێی گوتنەوەی ئەلاهوئەکبەرەوە ئەنجامدەدەن، ئەمە جگە لەوەی ڕەنگە ئەوانیش قوربانیگەلێکی هەڵخەڵەتێندراوبن، هاوکات لای خۆیان بە بەهەشت شاد دەبن!

ئەو جۆرە کەسانە تەواو لەژێر کاریگەری بیری گەیشتن بە بەهەشتدان و بەجۆرێك مێشکیان شۆردراوەتەوە، دونیا و ژیانکردن تێیدا هیچ بایەخێکی نەماوە، تەنیا بەهەشتە خەونی ئەوان دەهێنێتەدی، ئێ بە مردنی سرووشتی لەو کاتەدا نامرن و خۆکوژییەکی ئاساییش لە دیدی ئەواندا یەکسان نییە بەو خۆکوژییەی لە کردەیەکی تیرۆریدا ئەنجامی دەدەن! لەبەر ئەوەی ئەوان کردەی خۆکوژی و تیرۆریستیی وەك جیهاد دەبینن و جیهادکردنیش لایان گەیشتنە بە خەونی بەهەشتی، هەر بۆیە کردەی تیرۆری ئەنجامدەدەن، بۆ ئەوەی لە دەروونی خۆیاندا بگەن بە بەهەشت، دەی زۆربەیانیش لە مزگەوت و لەسەر دەستیی مەلای ئیسلامی سیاسی پەروەردە کراون.

# جیاکردنەوەی ئیسلام لە ئیسلامی سیاسی

ئیسـلام وەك ئاییـن، هەمیشـە پێویسـتی بـە قسـەکردنی تـازە هەیـە، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ هەلومـەرج و گۆڕانکارییـەکان خـۆی بگونجێنێـت، بـەڵام مەبەسـتی ئـەم بەشـە کورتـە قسـەکردن نییـە لەسـەر ئیسـلام وەك خـۆی، بەڵکـو ئامانجـی رزگارکردنـی ئیسـلامە یاخـود ناسـاندنی ئیسـلامی سیاسـییە یـان جیاکردنـەوەی ئیسـلامە لـە ئیسـلامی سیاسـی، لەبـەر ئەوەی هەمـووکات ئـەو ئایینـە دەخەنـە ژێـر رکێفـی خۆیـان و بـۆ بەرژەوەنـدی سیاسـی و ئابـووری و لـە کێبڕکێکانیشـدا بـەکاری دەهێنـن، بـە هاندانـی جەمـاوەر.

ئیسـلامی سیاسـی، ئـەو گرووپـە لـە کـەس و رێکخراوانـەن، بـەردەوام بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، گوایـە ئیسـلام لەژێـر مەترسـیدایە، هەڕەشـەی لەناوچوونـی لەسـەرە، پێویسـتە جیهـادی لـە پێنـاودا بکرێـت. ئەمانـە و سـەدان دەسـتەواژەی دیـش بـەردەوام دووبـارە و سـەدبارە دەکرێنـەوە لـە

هۆکارەکانی میدیا و مینبەرەکانی مزگەوت، بەتایبەتی لە لایەن مەلای ئیسلامی سیاسیی کوردی، بەمەش دەیانەوێت خۆیان وەك نوێنەری راستەقینەی ئیسلام بە جەماوەری موسڵمان بناسێنن و شەقام بە ئاراستەیەکدا بەرن، گوایە کەس لەوان زیاتر دڵسۆزی ئیسلام نییە و بۆ داکۆکیکردن لە خودی ئیسلام دامەزراون.

هاوکات وێنایەکی ئەوتۆ بە کۆمەڵگە موسڵمانییەکان دەبەخشن، ئەگەر ئەوان، واتە ئیسلامی سیاسی نەبێت، ئیدی شتێك نامێنێت بەناوی ئایینی ئیسلام، زۆرجاریش ئەوەندە ئەو ئایینە دەخەنە ژێر خزمەتی پروپاگەندە حیزبییەکانیان، بەڕاستی تاکی موسڵمان دەگاتە ئەو قەناعەتەی، ئیسلام و ئیسلامی سیاسی هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە و هەر قسە و رەخنەگرتنێکیش لە ئیسلامی سیاسی، وەك ئەمە لێکدەدەنەوە کە قسە بە خودی ئیسلام گوترابێت، هەروەها سەرکردە ئیسلامییەکانیش بەشێوەیەك خۆیان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە پیرۆز دەکەن، تا ئاستی خەلیفە و سەرکردە مێژووییەکانی تری ئیسلام، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارەسات بۆ کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت و خودی ئیسلامیش بە هۆیەوە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەیەکی سەرەتای ناوخۆیی و پاشانیش بە هۆکاری کردەوە ناشارستانی و نامەدەنییەکانی ئەو سەرکردە و گرووپە ئیسلامییانە، دەرهەق بە جیهانی دەرەوە، ئیدی بەڕاستی ئەو ئامانجە دەپێکن و خودی ئیسلامیش لەبەر چاوی جیهان دەخەنە قەفەزێکەوە و ئیدی وڵاتان و کەسانی غەیرە ئیسلامیش ناچار بەوە دەکەن هێرش و قسە ئاڕاستەی ئیسلام بکەن، هەڵبەت ئەمەش ئامانجی ئەو گرووپ و سەرکردە ئیسلامییانەیە کە دەیانەوێ ئیسلام دووچاری کێشەیەکی ئەوتۆ بکەنەوە، بۆ ئەوەی بازاڕی خۆیانی پێ گەرم بکەن و ئەو کێشە و ئاریشانەی بە هۆی

سیاسـەتی هەڵـەی ئەوانـەوە دووچـاری ئیسـلام بـووە، بەکاربهێنـن بـۆ دەستخسـتنی بەرژەوەنـدی مـاددی و دروسـتکردنی کەشـێکی ئەوتـۆ بـۆ ئـەوەی جەمـاوەر بخزێننـە ریزەکانیانـەوە.

کەوایـە دەکـرێ بڵێیـن ئیسـلامی سیاسـی گرووپێکـن لـە پێکهاتـەی جیـاوازدا کۆبوونەتـەوە و دابەشـی سـەر چەندیـن دەسـتە و تاقمـی جۆراوجۆریـش بوونـە، هەیانـە تونـدڕۆ، هاوشـێوەی داعـش و بـەرەی نـووسرە، دەیانەوێـت لـە رێـی چـەك و دەستبەسـەرداگرتنی شـوێنانەوە، دەسـەڵات بگرنـە دەسـت، ئەمجـۆرە لـە مۆدێلـە لـەم بیسـت تـا سـی سـاڵەی رابـردوودا سـەری هەڵـداوە، هەشـە هاوشـێوەی ئیخـوان و لقەکانـی لـە وڵاتانـی ئیسـلامییدا دەیانـەوێ لـە رێـی گوتـار و لێـدوان و میدیـا و پـرۆژەی فیکرییـەوە خەڵـك بـە لای خۆیانـدا ئاڕاسـتە بکـەن، ئـەم گرووپـەش لـە رووێکـەوە زۆر لـە داعـش و قاعیـدە مەترسـیدارترن، بەوپێیـەی بەشـداری سـەرجەم پـرۆژەکان دەکـەن و هەڵبژاردنەکانـی وڵات و دامەزراوەکانیـش بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاردەهێنـن.

لـە تازەتریـن نموونەشـدا، دوای نەمانـی دەسـەڵاتی حوسـنی موبـارەك، ئیخـوان لـە میـسر بـە هـۆی هەڵبـژاردن و پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی گەیشـت بـە دەسـەڵات، بـەڵام هۆشـیاری ئـەو کۆمەڵگەیـە رێگـەی نـەدا ئیخـوان لـەوە زیاتـر دەستبەسـەر کـۆی دامەزراوەکانـی دەوڵەتـدا بگرێـت و بـە ئیخوانییـان بـکات، هـەر بۆیـەش بـە خێرایـی شـەقام دژ بـە ئیخـوان و سیاسـەتی فاشیسـتییانەی وەسـتایەوە و ئیـدی سـڕکردنی ئـەو حیزبـەی لێکەوتـەوە، سـەرکردە میسرییەکانـی ئێسـتاش بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، وڵات خەریـك بـوو بکەوێتـە نێـو گەمەیەکـی ترسـناکەوە و دەبووایـە رێگـری لـە ئیخـوان بکرێـت، لەبـەر بەرژەوەنـدی گشـتیی وڵات.

راسـتە ئیسـلام لـە ئێسـتادا لـە مەترسـیدایە، بـەڵام ئـەو مەترسـییە

خــودی ئیســلامی سیاســییە، نــەك وڵات و سیســتەمە ســێکۆلارییەکانی جیهـان، بـە پـڕۆژە مەترسـی بـن، بەسـەر ئیسـلامەوە، ئـەوە ئیسـلامییەکانن دەیانــەوێ ئیسـلام دووچـاری کێشـەیەك بکەنـەوە تـا کاردانـەوە بـە دوای خۆیــدا بهێنێــت و پاشــانیش بــە جەمــاوەری موســڵمانان بڵێــن ئەوەتــا ئیسـلام لـە مەترسـیدایە و ئەورووپـا و سیسـتەمە سـێکۆلارییەکانیش کێشـە بـۆ ئیسـلام دروسـت دەکـەن.

خــودی وڵاتانــی ســێکۆلار و ڕۆژئاواییەکانیــش بەتایبەتــی ئەمەریــکا بــاش لــەو ســیناریۆیە تێگەیشــتوون، لــەوەی گرووپــە ئیســلامییەکان دەیانــەوێ جەمــاوەری موســڵمانان هــان بــدەن دژی ئەمەریــکا و سیسـتەمە سـێکۆلارەکانی جیهـان، بـۆ ئـەوەی کاردانـەوە هەبێـت، ئاخـر ئەمـە ئامانجـی ئـەو گرووپـە لـە حیـزب و ڕێکخـراو و کەسـە ئیسـلامییە سیاســییانەیە و بەرژەوەندیــان لەوەدایــە ئیســلام بکەوێتــە بــەردەم هەڕەشـەی ڕۆژئاواییـەکان، تـا بـە هۆیـەوە بـازاڕی خۆیانـی پـێ گـەرم بکـەن.

مەگـەر ئـەو لێشـاوە لـە پەنابەرەی ئێسـتا وڵاتانـی ئیسـلامی جێدەهێڵن بــەرەو ئەورووپــا و کەنــەدا و ئەمەریــکا، ئاماژەیــەك نییــە لــەوەی ئــەو گرووپـە ئیسـلامییانە ئومێدێکـی ئەوتۆیـان بـۆ خەڵـك نەهێشـتووەتەوە کـە بـە ئارامـی بژیـن و ناچـارن کـۆچ بکـەن بـەرەو وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لـە پێنـاوی ژیانکردندا؟

کەوایــە دەتوانیــن ئــەو ڕاســتییە بڵێیــن ئیســلام وەك ئاییــن، ئەگــەر جارێـك ئایدۆلۆژیاکـەی مەترسـیدار بێـت، ئـەوا ئیسـلامی سیاسـی دەیانجار ئـەو ئایدۆلۆژیایـەی مەترسـیدارتر دەکات، بـەوەی بـەردەوام بـۆ فریودانـی خەڵـك بـە دوای ئـەو خاڵانـەدا دەگەڕێـت کـە دەتوانـدرێ وەك تۆقانـدن و فریـودان بەکاربهێندرێـن. لێـرەدا ئیسـلامی سیاسـی هەمیشـە ئیسـلام

وەك كەرەستەیەكی خاو دەبینێت و ئەوەی لێ بەرهەم دەهێنێت كە خۆی دەیەوێت، لە كوێ پێویست بكات، خەڵكی پێ فریو دەدات بۆ توندوتیژی و تیرۆر، لە كوێش پێویست بكات، وەك سەرچاوەی پێكەوەژیان بۆ مەرامی تایبەتی و كاتی بە كاری دەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام ئایینێكی ئاڵۆزە و لە كۆمەڵێك رەهەند و تێڕوانینی جیاواز پێكهاتووە و دەقی وای تێدایە زیاتر لە چەندین خوێندنەوە هەڵدەگرێت، لە نموونەی چەمكی جیهاد، گرووپە ئیسلامییە توندڕۆكان بە هۆیەوە خەڵكی پێ چەكدار دەكەن و كردەی تیرۆری پێ ئەنجامدەدەن، هەندێ گرووپی دیكەش بە جۆرێكی دیكە ئیش بەو چەمكە دەكەن. كەوایە دەبێ ئیسلام لە ئیسلامی سیاسی وەك ئایین جیا بكرێتەوە و ئەوكاتە ئیسلام مەترسیدارتر دەبێ كە بەڕاستی دەكەوێتە چنگی ئیسلامی سیاسی و گرووپە فریوخوازە تیرۆریزمییەكان.

# حیزبی ئیسلامی و راکردن بەرەو پەرلەمان

هەرکـە لـە گوتـاری سیاسـی و بانگخوازیـی هـەر حیزبێکـی ئیسـلامی ورد دەبیتـەوە، ئـەوەی زۆرتریـن فۆکەسـی دەخرێتەسـەر، گرنگیدانـە بـە سـەوابتەکانی ئیسـلام، شـەرعیەتی ئیسـلامی، بـە جۆرێـك جگـە لـەو بەهـا و نەریتانـەی نـاو مێـژووی ئیسـلامی، یـان تێکسـتەکان، هیـچ شـتێکی دیکەیـان قبـووڵ نییـە. واتـە حیزبـی ئیسـلامی، بانگخوازیـی ئیسـلامی، یـان گرووپـە ئیسـلامییەکان بـە شـێوە گشـتییەکەی لـە ئێسـتایەکی مۆدێرنـەدا خۆیـان لـە پاشـماوەکانی مێـژوو ئاڵانـدووە و نایانـەوێ خۆیـان دابـڕن لـەو رابـردووە و لەگـەڵ ڕەوتـی سـەردەم و جیهانـی جیهانگیریـدا بچنـە پێـش، ئـەو خۆئاڵاندنـەش لـە مێـژوو و کۆنەپارێزییـە، لێکەوتـەی سـەیر و هەتـا توندڕۆیشـی بـە دوای خۆیـدا هێنـاوە.

واتـە لـە ئێسـتادا حیزبـی ئیسـلامی لـە یەککاتدا باسـی پاراسـتنی مێژوو و سـەوابتەکانی ئیسـلامی دەکات، خـاوەن گوتارێکـە گوایـە لـە ئیسـلامدا

یەکسانی هەیە، کەچی بۆ گەیشتن بە خەونە دنیاییەکانی وەك پارە و پۆست و ناوبانگ، لە ڕێی پەرلەمانەوە راوی پارە و کورسیی و پۆستی دنیایی دەکەن!

پەرلەمان دامەزراوەیەکی دەستکردی مرۆڤە و لە ڕێی دەرکردنی یاسای مرۆڤکرد، چاودێری کاروبارەکانی دەوڵەت دەکات و ئەم دامەزراوەیەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنی کۆمەڵێك ئەندام و لە لایەن خەڵکەوە وەك نوێنەری خۆیان دروست دەبێت، بۆ ئەوەی یاسا و ڕێنمایی دنیایی دەربکەن بۆ کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

ئەمەش لە روانگەی خودی پیاوانی ئایینییەوە قبووڵکراو نییە، بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی قاچێکی لەسەر ئەو دژایەتییە وەستاوە، ئاخر ئەو دامەزراوەیە رۆڵی ئەوە دەبینێت کە مرۆڤ تێیدا یاسا بۆ کۆمەڵگە و چۆنیەتی ژیانی خەڵك دەردەکات، کەوایە لە دیدی هەر پیاوێکی راستەقینەی ئایینی، بەتایبەتی ئیسلامیی سیاسی، ئەمە بە شەریك دروستکردن بۆ پێگەی ئایین دێت، ئەو تێڕوانینە کلاسیکییە ئایینییەش، ئەوەی قبووڵ نییە مرۆڤ یاسا دەربکات، گوایە قورئان هەیە و دەبێ کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەما و ئامۆژگارییانەی ناو قورئان بەڕێوەبچێت.

هەر بۆیە بەردەوام گوتاری پیاوانی ئایینی، یان حیزبی ئیسلامی، پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی قورئان هەموو شتێکە و نابێت کۆمەڵگە بەبێ ڕێنمایی و سەوابتەکانی ئیسلامی بەڕێوەببردرێت، تەنانەت وەك بڤەیەکیش تەماشا دەکرێ و دەیان و سەدان هێڵی سووری ئایینیشی بۆ دەکێشرێت، تا مرۆڤ نەتوانێت لەو هێڵانە لابدات.

لە زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا، ئایینی ئیسلام وەك سەرچاوەی یاسادانان دیاریکراوە، بەو مانایەی نابێت هیچ یاسایەك لە لایەن

دامەزراوەکانــی دەوڵەتــەوە دەربکرێــت، ئەگــەر لەگــەڵ شــەرعیەتی ئیســلامی نەیەتــەوە، لەبــەر ئەوەشــە زۆربــەی جــارەکان پێکدانــان لــە نێــوان حیزبــی ســێکۆلار، هەروەهــا داڕێژەرانــی یاســا، لەگــەڵ بانگخــواز و حیزبــە ئیســلامییەکان دروســت دەبێــت، لەســەر ئــەوەی گوایــە هــەوڵ دەدرێــت ئاییــن فەرامــۆش بکرێــت، لــە کاتێکــدا کۆمەڵگەکانــی جیهــان لەبــەردەم کرانــەوە و گۆڕانکاریــی گــەورەدان و هــەر رۆژەی بەجۆرێــك ژیانــی خەڵــك بەڕێوەدەچێــت، بــەڵام ئــەو عەقڵییەتــە ئیســلامییە بــە سیاســییکراوە، نایــەوێ کۆمەڵگــە لەســەر ئــەو ریتمــی گۆڕانکارییانــە بــڕوات و لەبــەر ئەوەشــە دەیــان تۆمەتــی بێدینــی دەدەنــە پــاڵ حیــزب و کارەکتــەری سێکۆلاریســت، لەکاتێکــدا خۆیــان زۆربــاش دەزانــن ناتوانــن بــەر بــەو پێشــکەوتن و گۆڕانکارییانــە بگــرن، کــە پێویســتی کۆمەڵگــەکان هێناویانییەتیــە ئــاراوە و ئێســتاش وەك بەهایەکــی گرنــگ قبــووڵ کــراون.

دەتوانیــن بڵێیــن کــە حیزبــی ئیســلامی بــە هیــچ جۆرێــك بــاوەڕی بــە کاری پەرلەمانــی نییــە، پێیوایــە ئــەو دامەزراوەیــە شــەریك بۆ ســەوابتەکانی ئیسلامی دروســت دەکات، بــەوەی مــرۆڤ یاســا دادەنێــت و ئەمــەش وەك هێڵــی ســوور دەزانێــت و بــە تەداخولیــش لــە کاروبــاری خودایــی و ئایینــی دەیبینێــت، بــەڵام کاتێــك هــەر هەڵبژاردنێــك نزیــك دەبێتــەوە، دەبینیــن حیزبــی ئیســلامی، بانگخــوازی ئیســلامی، یــان کارەکتــەرە ئایینییــەکان، زۆرتریــن هــەوڵ دەدەن بــۆ ئــەوەی کورســیی پەرلەمانــی مسـۆگەر بکــەن، ئەمــە پێویســتی بــە لێووردبوونەوەیەکــی تــەواو هەیــە، بەتایبەتــی قســەکردن لەســەر دووفاقییەتــی ئــەو گرووپــە ئیســلامییانە و گرنگیشــە ئــەو دووفاقییەتــە بخرێتــەڕوو، ســەبارەت بــەوەی راوە دەنــگ دەکــەن، تــا بگــەن بــەو دامەزراوەیــە و دواتریــش بــە پۆســت و پــارە و ناوبانگــە دنیاییەکــە شــاد بــبن. بۆیــە دووفاقتریــن حیــزب و کارەکتــەری سیاســی،

ئەوانـەن لـە بەرگـی ئیسـلامی دەیانـەوێ خۆیـان بگەیەنـن بـەو دامـەزراوە دنیاییانـە بـۆ پۆسـت و پـارەی بـاش و چنگخسـتنی ناوبانگـە سـاختەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئایینـی.

ئەوەشـی لـە هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠١٨ بینــدرا، بەڕاســتی ئــەو راســتییەی ســەلماند، حیزبــی ئیســلامی، بەتایبەتـی ئەوانـەی کوردسـتان، دووفاقتریـن حیـزب و لایەنـی سیاسـیی کوردســتان بــوون و هەمــوو شــتێکیان کــرد و هەمــوو قســەیەکیان فڕێدایـە نـاو شـەقامی دەنگـدەرەوە، تەنیـا بـۆ ئـەوەی دەنـگ بهێنـن، تەنانـەت قسـەیان لەسـەر ئـەوە کـرد، نابـێ کەسـێکی نوێژکـەر، دەنـگ بـە کەسـێکی نوێژنەکـەر بـدات، ئەمـە ئەوپـەڕی بەکارهێنانـی سـۆزی خەڵکـە دینداره‌کەیـە بـۆ راوە دەنـگ، هەروەهـا پێماندەڵێـت ئـەو گرووپـە ئیسـلامییانە، چـۆن تێڕوانینێکـی مەترسـیدارییان بـۆ بەڕێوەبردنـی ژیانـی کۆمەڵگـە هەیـە و دەخـوازن چ بۆمبێـك لەنـاو مێشـکی خەڵکیـدا بچێنـن، تـا لـە کاتـی پێویسـتدا لـە پێنـاو ئامانجەکانـی خۆیانـدا بیتەقێننـەوە.

ئــەوەی لــەو هەڵمەتــی هەڵبژاردنــەدا دیتــمان، بــە تــەواوی پــەردەی لەسـەر ئـەو راسـتییانە هەڵماڵـی کـە دەمێـك بـوو دەمانگـوت حیـزب و کارەکتـەری ئیسـلامی، گرووپگەلێکـی پارەویسـت و دنیاویسـتن و ئـەوەی بـە نـاوی ئایینیشـەوە دەیڵێـن و دەیکـەن، راسـتیان تێـدا نییـە و تەنیـا ئیـش لەسـەر فریـودان و چەواشـەکردن و بەکارهێنانـی خەڵکـی دەکەن، بۆ مەرامـی تایبـەت و کۆکردنـەوەی دەنـگ، تـا لـە رێـی دەنـگ و کورسـییەوە راوە پـارە و پۆسـت و ناوبانـگ بکـەن، بەوپێیـەی دامـەزراوەی پەرلەمـان لـە عێراقـدا لـە بـری ئـەوەی دامەزراوەیـەك بێـت، لـە خەمـی ژیـان و دۆخـی کۆمەڵگـەدا بێـت، شـوێنگەیەکی پـارە پەیداکـردن و ناوبانـگ بـووە، لەسـەر حیسـابی کۆمەڵگەیەکـی هـەژار و برسـی و نەخـۆش و مانـدووی

دەستی جەنگەکان.

کەوایە هاتوهاوار و راوە دەنگی حیزبی ئیسلامی بۆ ئەوە نییە تا خزمەتی خەڵك بکەن و خەمی ئایینییان هەبێت، بەڵکو بۆ پارە و پۆست و ناوبانگی سیاسییە، ئەمەش ئەوپەڕی دوفاقییەتی ئەو گرووپانە نیشان دەدات، خۆ ئەگەر دەنگدەرێکی بێدین، بە گوتەی ئەو گرووپانە، دەنگ بە حیزبێك، یان بانگخوازێکی ئیسلامی بدات، بەو دەنگە رازین و بە جوانیش هەژماری دەکەن، چونکە رەنگە بەو دەنگە بگەنە خەزێنەی پارە و تەلاری بەرزەوە!

بەڵام دوای هەڵبژاردن، هەر ئەو بێدینە ئەگەر رەخنەیەك بگرێت، یان بوتڵێك بیرەی لە دەستدا بگیرێت، دەکەوێتە بەر هەڵمەتی رەشکردنەوە و دەرکردن لە کۆمەڵگە، بگرە ژیانیشی دەکەوێتە مەترسییەوە. کەوایە دەبینین خەریکی چ دووفاقییەکن و چۆن چۆنی ئایین و خەڵك بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن!

ئەو راکردنەی حیزب و کاندیدە ئیسلامییەکان بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، وێنایەکی هێندە تراژیدی کۆمێدی نیشاندا، مرۆڤ بە دەست خۆی نییە لە یەککاتدا دەگریەت و پێدەکەنێت، چونکە بە ئاشکرا خەڵکی سادە لە پەنای ئاییندا لە خشتە دەبەن و وەك کارێکی باشیش بۆ ئایین، بەو خەڵکەی دەفرۆشنەوە، لە کاتێکدا ئایینی ئیسلام وەك وەسیلەیەك بۆ مەرامی دنیایی خۆیان بەکاردەهێنن، لە کوێی هەموو ئەو ئەندام و حیزبە ئیسلامییانەی، تا ئێستا لە کوردستان و عێراقیشدا، نەماندیوە کەسێك یان لایەنێکیان ئەو مووچە بەرزانە رەتبکەنەوە، لە کاتێکدا ژیانی خەڵك لەوپەڕی خراپیدایە، ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین پێویستە کۆمەڵگە لەوە بگات، حیزبی ئیسلامی ئامانجی سەرەکییان گەیشتنە بە دەسەڵات، لەسەر حیسابی دڵسافی کۆمەڵگە.

# کاندید و پێشبڕکێی قورئانخوێندن

کاتێـك لـە پۆسـتەری کاندیدێکـی پەرلەمانیـدا، دەسـتەواژەی بەشـداریکردن لـە پێشـبڕکێی قورئانخوێنـدن، لـە وڵاتانـی هیندسـتان و مالیزیـا، ئـوردن و قەتـەر و هاوشـێوەکانی، دەبێتـە ماددەیەکـی ڕێکلامـی بـە مەبەسـتی ڕاوە دەنـگ، ئـەوە ئاماژەیەکـی ڕوونـە هێشـتا دەتوانـدرێ کۆمەڵگـەی باشـووری کوردسـتان بـەو جـۆرە دەسـتەواژە و قسـە بـاق و بریقانـە لـە خشـتە ببدرێـت و بخرێتـە نـاو بازنـەی دەسـتە و گرووپـە فریـودەرەکان.

ئەمـەش چەنـد هۆکارێکـی لـە پشـتەوەیە، یەکێـك لـە هـۆکارەکان حیزبـی کـوردی، بەتایبەتـی ئەوانـەی بانگەشـەی غەیـرە ئیسـلامی دەکـەن لـە مـاوەی ئـەو چەنـد ساڵەی ڕابـردوودا، نەیانتوانـی ئاییـن و دروشـمەکانی لە چنـگ بازرگانانـی ئاییـن ڕزگار بکـەن، واتـە بوونـە هـۆی ئـەوەی ژینگەیەکـی لەبـار بـۆ گەشـەی ئیسـلامی سیاسـی بڕەخسـێت،

بەپێچەوانــەوە ڕەواجییــان بــەو جــۆرە دروشــم و بزنســییە داوە، تــا ئاســتی ئــەوەی مەلایــەك وەك مــاددەی ڕاوە دەنــگ لــە هەڵمەتەکانــی هەڵبژاردنــدا بەکاردەهێندرێــت و ئەویــش بــە ئــارەزووی خــۆی ئاییــن و دروشــمەکان دەکاتــە پەیــژەی پەڕینــەوەی بــۆ بەهەشــتی ســەر زەمیــن، کــە لێــرەدا مەبەســت لــە پەرلەمانــی کوردســتانە، هــەم پــارەی بــاش و هەمیــش پارێزبەنــدی و گــەڕان و کەیــف و ســەفای دونیایــی تێــدا مەیســەر دەبێــت، ئاخــر هــەر لەبــەر ئەوەشــە ئاییــن بــۆ فریــودان بەکاردەهێندرێــت.

حیزبــی کــوردی بــێ ئــەوەی درك بــەو مەترســییە جدیانــە بــکات، لــە دوای ڕاپەڕینــەوە بــەردەوام لــە بێئاگاییەکــی قووڵــدا ژیــاوە و بــە هــۆی ســەرقاڵیان بــە یەکــتری و هەوڵــی ســڕینەوەی پــڕۆژە و پێگــەی یەکــتری، لــە تەکیانــدا ئــەو جــۆرە گرووپــە ئیســلامییانە هەوڵــی بــە ئیخوانیکردنــی کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتانییان داوە و ســەرئەنجام ئێســتا ئیخوانــی هێــزی کاریگــەری نــاو پەرلەمانــی کوردســتان و عێراقــن و هەڕەشــەی رووخاندنــی یەکــەم ئەزموونــی حوکمڕانێتــی غەیــرە ئیســلامی کوردســتانیش دەکــەن، هێشــتا حیزبــی کــوردی و دەســەڵات بــە دیاریکــراوی لــە مەترســی گرووپــە ئیســلامییەکان تێنەگەیشــتوونە و بگــرە هەنــدێ کــردەوەی نەزانانــە دواجــار لــە بەرژەوەنــدی ئــەو گرووپــە ئیســلامییە توندڕۆییانــەش کەوتوونەتــەوە.

بەکارهێنانــی دروشــمە ئایینییــەکان لــە هەڵمەتــی هەڵبژاردنــدا، لــە نەزانــی و گەمژەیــی ئــەو کاندیــد و حیزبانــە نییــە، کاتێــك هانــای بــۆ دەبــەن، بــۆ لــە خشــتەبردنی دەنگــدەری موســڵمان، واتــە دەنگــدەری کورد و عێراقــی، نەخێــر، ڕاســتییەکەی ئەوەیــە، ئــەو جــۆرە کــەس و گــرووپ و حیزبــە ئیســلامی و غەیــرە ئیســلامییانە، کاتێــك هانــا بــۆ ئــەو دەســتەواژانە دەبــەن، خۆیــان دەزانــن، هێشــتا کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتان لــە

رووی هوشیارییەوە پێنەگەیشتووە، بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە ئاسانی دەکەوێتە داوی گوتاری فریودەرانەی ئیسلامی سیاسی، بە ئاسانی راو دەکرێ و دەنگەکانییان دەدزرێت.

یانی چی مەلایەك نزیکەی دووسەد هەزار دەنگ دەهێنێت؟ ئەوە پێویستە حیزبە غەیرە ئیسلامییەکان وەڵامی بدەنەوە، کە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکییان بەرهەمهێناوە! ئەگینا پەرلەمان و ئایین چ پەیوەندییەکییان بە یەکەوە هەیە! ئەگەر سادەیی خەڵك نەبێت. چۆن دەبێ دروشمە ئایینییەکان کاریگەرییان لەسەر باری سایکۆلۆژی دەنگدەری سادەوە هەبێت!

کام حیزبەشی خۆی بە عەلمانی و نەتەوەیی و سۆشیاڵدیموکرات و ئیسلامی دەزانێت، هەر هەموویان هانا بۆ دروشمە ئایینییەکان دەبەن و کارەکتەری مەلاش، وەك براندی دەنگ کۆکردنەوە بەکاردەهێنن، ئاخر بە بەڵگە دەرکەوتووە، هێشتا کۆمەڵگەی کوردی بەمجۆرە راو دەکرێت.

تۆ ئارەزووی خۆتە بەشداری پێشبڕکێی قورئانخوێندنت کردووە و پلەی یەکەم و دووەمیشت بەدەستهێناوە، کێشەی خەڵك نییە تۆ لە قورئاندا شارەزاییت هەیە، یان شارەزا نیت، ئەوە کێشەی خۆتە، نەك کۆمەڵگە، ئەو شوێنەی بۆی دەچیت، پەرلەمانە نەك مزگەوت، پەرلەمانیش شوێنێکە سەرباری هەموو سەرنجەکان لەسەری، بەڵام هێشتا وێنایەکی دیموکراسییانەی هەیە و ئەو تێگەیشتنە ئایینییەی تۆی کاندیدیش، هیچ پەیوەندییەکی بەکاری پەرلەمانی و دیموکراسییەتەوە نییە.

کەوایە کاتێك ئەو دروشمانەی گوایە شارەزای دینیت، بەشداری پێشبڕکێی قورئانت کردووە، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە بۆ فێڵکردنە

لە خەڵکی تا دەنگی ببەیت، چونکە پەرلەمان پەیوەندی بە پێشبڕکێی قورئانەوە نییە، ئەگەرچی پەرلەمانی عێراق تەواو لەژێر کاریگەری مەزهەب و ئاییندایە، بەڵام هێشتا ئەو شوێنە نابێت رۆڵی مزگەوت ببینێت کە تۆی کاندید وەك ئەوەی بچیت بۆ مزگەوت، خۆتی بۆ ئامادە دەکەیت. ئەو پەتایە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بۆ پەرلەمانی کوردستانیش هەمان رۆڵی خۆی گێڕاوە و بەردەوامیش مەلا وەك کارەکتەری بەهێز چووەتە پەرلەمانەوە.

کاتێك کاندیدێکی گوایە دیندار لە رێگەی دروشمی ئایینییەوە دەیەوێ بگاتە شوێنگەیەکی مەدەنی و دیموکراسی، سەرباری سەرنجەکان لەسەر دیموکراسییەتی پەرلەمانی عێراق و هەتا کوردستانیش، بەڵام ئەوە روونە لێرەدا ئایین وەك ماددەیەکی بزنسی بەکارهێندراوە و ئامانجیش لێی کۆکردنەوەی دەنگ بووە و لە پەرلەمانیشەوە پارە و پۆستی پێ وەردەگیرێت.

کەوایە گرنگە خەڵکی ئێمە ئەو تێگەیشتنەی هەبێت، ئایین بە تەواوەتی بووەتە ماددەیەکی بزنسی و سیاسی، هەر حیزب و کەسایەتی و گرووپەی هەن، ئایین بۆ بەرژەوەندی خۆی و وەك کاڵایەك بەکاردەهێنێت، بەجۆرێك ئەوەی بانگەشەی دینداری دەکات، لە نییەتی خۆیدا گورگێکە دەیەوێت لە پاڵ بەکارهێنانی ئایین هێرش بکاتە سەر کۆمەڵگە.

واتە لە قۆناغی ئێستادا هیچ کەس دینداری راستەقینە نییە، ئەوەی گرووپ و حیزبەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئامانجەلی پارەکۆکردنەوە و پۆست و کورسییە، نەك ئایین وەکخۆی ئامانجەکە بێت، لە کاتێکدا خودی ئایین پەیوەندییەکە لە نێوان مرۆڤ و خودا و پێویستیش ناکات، خەڵك بۆ ئەوەی ببن بە دیندار، بە دروشمی

ئـەو کاندیـد و ئـەم حیزبـی ئیسـلامی هەڵبخەڵەتێـن.

لـە پۆسـتەری کاندیدێکـی بزووتنـەوەی گـۆڕان بـۆ هەڵبژاردنـی ٢٠١٨ی پەرلەمانـی عێـراق نووسرابـوو، قورئانخوێنـی نێودەوڵەتـی! ئـەو پۆسـتەرە ئەگـەر هـی ئیسـلامییەك بووایـە، ڕەنگـە کەمێـك ئاسـاییتر بووایـە و ڕەنگیشـە وەك نموونەیـەك نەدەهێندرایـەوە، بـەڵام هـی حیزبێکـە گوایـە مەدەنـی و عەلمانیـن و دەیگـۆڕن! ئاخر کارەساتەکە لێرەوە دەستپێدەکات کـە حیزبـی سیاسـی لـە یەککاتـدا عەلمانـی بێـت و هەڵگـری دروشـمە ئایینەکانیـش بێـت، بـۆ فریودانـی خەڵـك!

ئـەرێ بەڕاسـتی قورئانخوێنـی نێودەوڵەتـی یانـی چـی؟ قورئـان هـەر قورئانـە و دەکـرێ لـە گوندێکـی هەڵەبجـە و کەندێنـاوە و بادینـان، دەیـان قورئانخوێنـی بـاش هەبـن، بـەڵام ئایـا پێویسـتە ئـەوەی قورئانخوێـن بـوو، بچێتـە پەرلەمـان؟ وەڵامەکـەی روونـە، ئـەوە ئەوپـەڕی بـە گەمـژە لـە قەڵەمدانـی خەڵکـە، ئەگینـا پەرلەمـان چ پەیوەندییەکـی بـە قورئانخوێـن و پێشـبڕکێی نێودەوڵەتیـی قورئانـەوە هەیـە!

هێشـتا لـە دیـدی ئـەو جـۆرە حیـزب و کەسـانەدا، کۆمەڵگـەی ئێمـە وەك مێگـەل سـەیر دەکرێـت، ئەگینـا چۆنچۆنـی خەڵکانێـك لـە پێنـاو پـارە و کورسـی، زاتـی ئـەوە دەکـەن بەمجـۆرە قەشـمەری بـە کۆمەڵگـە بکـەن! هەتـا ئەگـەر زۆریـش شـارەزاییت لـە قورئانـدا هەبێـت، هیـچ سـوودی بـۆ کۆمەڵگـە نییـە، مەگـەر کۆمەڵگـە بـە دەسـت ئـەو هەمـوو تەفسـیر و خـۆ بـە شـارەزا لـە ئایینـە، گیـرۆدەی هـەزاران دەرد نەبـووە و ڕۆژ دوای ڕۆژیـش لـە مەترسـی تێکچوونـی ئارامـی نزیـك نابێتـەوە، بـە هـۆی گەشـەی فیکـری جیهـادی و جوڵـەی ئیسـلامی سیاسـی!

تـۆ بـۆ خـۆت قورئـان خوێنیـت، مـن نامەوێـت تـۆ لـە پەرلەمـان قورئـان بـۆ منـی دەنگـدەر بخوێنیـت، ئیشـی تـۆ وەك پەرلەمانتـار

شـەڕکردنە لەسـەر مافـە دەسـتووری و یاسـایی و نەتەوەییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان، نـەك قورئانخوێنـدن بێـت، ئەگـەر تـۆ شـانازی بـە قورئانخوێنـی خۆتـەوە دەکەیـت، مەچـۆ بـۆ پەرلەمـان، پێنـج هـەزار مزگـەوت و تەکیـە و نازانـم چـی و چـی وامـان هـەن، دەتوانیـت قورئانـی تێـدا بخوێنیـت، نـەك پەرلەمـان!

# مەترسییە گەورەکە بۆ سەر ئایندەی کوردستان

ئەگەرچـی بـەر لـە راپەڕیـن، تەنیـا بزووتنـەوەی ئیسـلامی کوردسـتان وەك تاکـە حیزبـی ئیسـلامی سیاسـی لـە گۆڕەپانەکـە دابـوو، بـەڵام پـاش راپەڕیـن، دامەزراندنـی حیزبـی ئیسـلامی سیاسـی رووی لەزیـادی کـرد و یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان لـە دیارترینیـان بـوو، کـەوا لەژێـر کاریگـەری بەرنامـە و ئەجێنـدای ئیخوانییەکانـی میسر هاتـە نـاو گۆڕەپانی سیاسـیی کوردسـتانەوە، بـە لەبەرچاوگرتنـی هەلومەرجـی ناسـەقامگیری سیاسـی ئەوسـا و بەتایبەتـی شـەڕی ناوخـۆی یەکێتـی و پارتـی و نەبوونـی هۆشـیاری ئایینـی و سیاسـی تاکـی کوردیـش، فاکتـەری سـەرەکی بـوون لـە دروسـتبوون و گەشـەی ئـەم حیزبـە و سـەرجەم حیزبـە ئیسـلامییەکانی دیکـەی کوردسـتان و دواتریـش رەخسـاندنی هەلومەرجێکـی لەبـار بـۆ ئـازادی رادەربڕیـن و دامەزراندنـی رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی و بڵاوکـراوە و کەناڵـە جۆراوجۆرەکانـی میدیـاش بوونـە هـۆی زیاتـر

گەشەسەندنی حیزبە ئیسلامییەکان، تا ئاستی داواکردنی دەسەڵات و بەشداریکردن لە ململانێ سیاسییەکان.

ئاماژە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان، بەڵگەیەکی ئاشکران لەوەی هیچ کۆمەڵگەیەك کە حیزبە ئیسلامییەکان تێیاندا حوکمڕانێتیان کردووە، لە نموونەی ئەفغانستان کاتێك بزووتنەوەی تاڵیبان لە ساڵی ١٩٩٦ تاکو ٢٠٠١ دەستبەسەر ئەفغانستاندا دەگرن، هەرچی هەڵسوکەوتێکی دژە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی هەیە، دەینوێنن و ناشیرینترین و قێزەوەنترین ئەزموونی چەند ساڵەی حوکمڕانێتی لەو وڵاتە پێشکەش دەکەن و دواتر وەك نموونەیەکیش بۆ دەسەڵاتی گرووپە ئیسلامییەکان لە جیهاندا شرۆڤەی بۆ کرا.

بەڵێ، هیچ وڵاتێك بە هۆی جوڵە و باڵادەستی حیزب و گرووپە توندڕۆ ئیسلامییەکان پرۆسەی دیموکراسییان تێدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر هەوڵی پیادەکردنی دیموکراسیش درابێت، لە ناچاریی بووە بۆ مانەوەی دەسەڵات، نەك بڕوابوون بە خودی دیموکراسی، هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، بەڵگەیەکی ئاشکران لەوەی بۆ ئەوە نییە تا دەسەڵات بە شێوەیەکی دیموکراسییانە دەستاودەستی پێ بکرێت، بەڵکو گۆڕینی رووخسارێکی ریشدارە بە ریشدارێکی دیکە و هەمان سیاسەتی پێش هەر هەڵبژاردنێك پەیڕەو دەکرێت، راستە بۆ فریودانی خەڵك هەندێك بەڵێن بە خەڵکی ئێران دەدرێت، گوایە ژیانیان خۆشتر و مافەکانی مرۆڤیش باشتر دەکرێن، بەڵام هیچی راست نین و تەنیا گۆڕانکارییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە.

نووسەر و رۆشنبیری عێراقی، دکتۆر رەشید خەییون لە بارەی بڕوابوونی حیزبە ئیسلامییەکان بە دیموکراسی دەڵێت: ئەگەر ئیسلامییەکان بیانتوانیایە بەبێ دیموکراسی بگەنە خواستەکانیان، بە

هیــچ جۆرێــك لەبــارەی دیموكراســییەوە نــەدەدوان و پەناشــیان بــۆی نەدەبــرد.

ئەمــەش ئاماژەیەكــی روونــە لــەوەی حیزبــە ئیســلامییەكان، تەنیــا بــۆ گەیشــتن بــە دەســەڵات، باســی دیموكراســی دەكــەن، ئەگینــا لــە جەوهــەردا بڕوایــان پێــی نییــە، بگــرە رێگــری لــە ئاڵوگــۆڕی دیموكراســییانەی دەسەڵاتیشــدا دەكــەن.

دیموكراســیش پێــش ئــەوەی چەمكێكــی سیاســی رووت بێــت، بــۆ بەڕێوەبردنــی هــەر كۆمەڵگەیــەك، خــۆی بــە سرووشــت كولتــووری مرۆییــە و ســەرەتا بــە خۆڕســك لــە نــاو ئــەو نەتــەوە و گەلانــەی باوەڕیــان بــە پێكەوەژیــان و رێزگرتــن لــە یەكتری هەبــووە، ســەریهەڵداوە، لــە نموونــەی یۆنانــی كــۆن و ئەورووپــا بەگشــتی، كــە بــە لانكــەی دیموكراســی هەژمــار دەكرێــت. بــەڵام لــە هیــچ كۆمەڵگەیەكــی ئیســلامیدا، دیموكراســی نــەك هــەر كولتــوور نییــە، تەنانــەت نەبووەتــە چەمكێكــی سیاســیش بــۆ بەڕێوەبردنــی كۆمەڵگــە، دروســتە لــە زۆربــەی وڵاتانــی ئیســلامی هەڵبــژاردن دەكرێــت و خەڵكیــش نوێنــەری خــۆی بــۆ ســەرۆك و پەرلەمــان دیــاری دەكــەن، بــەڵام هاوشــێوەی ئــەو نموونەیــەی بــۆ ئێــران هێندرایــەوە، بــۆ ئەوانیــش هــەر راســتە.

لــە دوای رووخانــی رژێمــی بەعــس لــە ســاڵی ٢٠٠٣ لــە عێــراق، هــەر چــوار ســاڵ جارێــك هەڵبــژاردن دەكرێــت و دوای نزیكــەی یــەك ســاڵیش لــە ململانــێ و رەتكردنــەوەی ئەنجــام و شــەڕی كەســایەتییەكان، ئینجــا حكوومەتێــك بــە ناچــاری پێكدەهێندرێــت و دواییــش كــەس ئــەو حكوومەتــە بــە هــی خــۆی نازانێــت، چونكــە لــە دەرئەنجامــی باوەڕبــوون بــە ئەنجامەكانــی هەڵبــژاردن دروســت نابێــت.

وەك ئــەوەی لــە ٢٠١٨ كــۆی ئەنجامەكانــی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی

عێـراق دووبـارە هەژمـار کرانـەوە، بە هـۆی ئـەوەی هێـزەکان رازی نەبوون بـەو ئەنجامانــەی راگەیەنــدران و تەنانــەت ئەندامانــی کۆمیســیۆنی هەڵبژاردنیـش لـە کارەکەیـان سـڕکران و دادوەری تایبـەت بـۆ راییکردنـی کارەکانــی کۆمیســیۆن دەستنیشــانکران، ئەمــەش وەك بەڵگەیــەك کــە هیــچ کات ئومێــدی ئــەوە ناکــرێ عێــراق و وڵاتانــی دیکــەی ئیســلامی دیموکراســی وەك کولتــوور و بــاوەڕی رادەســتکردنی دەســەڵات قبــووڵ بکـەن. هـەر وەك لـە عێراقـدا لـە کاردانـەوەی ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی باشووری کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠١٧ عێـراق هێرشـی کـردە سـەر هەرێمی کوردســتان، لــە کاتێکــدا بــە گوێــرەی دەســتووری عێراقــی هاووڵاتییــان مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان هەیـە، کەچـی عێـراق وەڵامـی بنەماکانــی دیموکراســی بــە چــەك دایــەوە!

بەپێــی زانیــاری راپۆرتێکــی شــیکاری کــە لەژمــارەی٣٤ی گۆڤاری»چرکە»لەســەر پەیوەنــدی حیزبــە ئیســلامییەکان بــە وڵاتانــی دەرەوە، ئامــاژە بەوەکــراوە حیزبــە ئیســلامییەکان دابەشــبوونە بەســەر چەنـد وڵاتێکـی دەرەکـی، کۆمەڵـی ئیسـلامی سـەر بـە ئێـران و یەکگرتووی ئیســلامی بــەر تورکیــا کەوتــووە و بزووتنــەوەی ئیســلامیش بــە هــۆی ئــەوەی زیاتــر بــڕوای بــە ســوننەگەرایی هەیــە، بۆتــە داردەســتی وڵاتــی ســعوودییە. هــەر لــە درێــژەی راپۆرتەکــەدا ئامــاژە بەوەشــکراوە ئــەو وڵاتانــە دەیانەوێــت لــە رێــی ئــەم حیزبانــەوە پرۆگرامەکانــی خۆیــان لــە هەرێمــی کوردســتاندا جێبەجێبکــەن.

کەواتـە حیزبـە ئیسـلامییەکان هێنـدەی دەسـتێکی دەرەکـی لـە پشـت ئەجێنــدای کارکردنیانــەوە ئامادەگــی هەیــە، بەڵکــو خزمەتکردنــی ئاییــن و پێشـکەوتنی هەرێمـی کوردسـتان لـە بەرنامـەی ئەوانـدا بوونـی نییـە و خاوەنـی پـرۆژەی تایبـەت بـە خۆیـان نین، واتـە لە لایـەن وڵاتانـی دەرەکی

بەکاردەهێندرێـن لـە رووی سیاسـی و لـە رووی فیکریشـەوە خۆیـان پاشـکۆن، لـە کاتێکیشـدا ئـەو حیزبانـە لـە لایـەن وڵاتانـی دەرەکییـەوە پشـتگیری دارایـی دەکرێـن و پـارە لـە حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش وەردەگـرن، وەرگرتنـی پـارەش بـۆ بەرژەوەنـدی وڵاتانـی دەرەکـی فاکتەرێکـی نێگەتیڤـە بـۆ ئاڵۆزکردنـی ئاسـایش و خوڵقاندنـی قەیرانـی جۆراوجـۆری سیاسـی و ئایینـی و ئاسایشـی لـە ناوخـۆی هەرێمـدا و لـەم نێوەندەشـدا هەرێـم لـە سـەرێتی بەدواداچـوون بـکات و سـزای ئـەو حیزبانـە بـدات کـە بەرنامـەی دەرەکـی دەهێننـە باشـووری کوردسـتان، چونکـە مەترسـییەکەی زۆر لـەوە گەورەتـرە وەك چـاوەڕوان دەکرێـت.

هـاوکات بارەگـەی حیزبـی ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان، بەتایبەتـی بارەگەکانـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان و کۆمەڵـی ئیسـلامی، بوونەتـە جێگـرەوەی قوتابخانـەکان و لەوێـدا بەبیانـووی قورئانخوێنـدن و وانـەی ئایینـی، هەوڵـی زیادکردنـی نفـوزی یەکگرتـوو و کۆمـەڵ دەدرێـت، تـا لـەم کڵاورۆژنەیـەوە بگەنـە دەسـەڵات و خەڵکـی بـە بـاوەڕی جیهـادی فریـودەدەن.

بەپێـی زانیارییـەکان لـە بارەگـەی حیزبـە ئیسـلامییەکان، سـەرەڕای ئـەوەی منـداڵان فێـری نوێـژ و پـەروەردەی ئایینـی کـراون، پێشـیان دەڵێن، گـوێ لـە گۆرانـی و مۆسـیقا نەگـرن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەندیـن کتێبیان چـاپ کـردووە بـۆ ئـەوەی خەڵکـی لـە دژی مۆسـیقا و گۆرانـی هـان بدەن، هەروەهـا کچەکانیـش هـان دەدەن بـۆ ئـەوەی لـە تەمەنێکـی بچووکـدا لەچـك بکـەن و تێکـەڵاوی کـوڕان نەبـن و تەماشـای کەناڵـە عەلمانییـەکان نەکـەن، لـە بەرانبـەردا منـداڵان لـەوە رادەهێنـن رەوشـتی فیلـم و درامـا ئێرانییـەکان پەیـڕەو بکـەن، کـە لـە کەناڵـی حیزبـە ئیسـلامییەکان پەخـش دەکرێـن.

کارەساتەکەش لەگەڵ پێگەیشتنی ئەو نەوەیەدا دەستپێدەکات کە پەروەردە کراون، بەوەی گوێ لە گۆرانی نەگرن و تێکەڵاوی یەکتری نەبن، هاوکات گۆشکراون بە بەرنامە و جۆرە کولتوورێکی توندڕۆیانەی ئیسلامی سیاسی، کەماڵوێرانی بە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە.

ئومێد قەرەداغی، نووسەر و شارەزای هزری ئیسلامی سیاسی لە ژمارەی٦٦٩ی رۆژنامەی هاوڵاتی دەڵێت: لە هیچ شوێنێکی دونیای دیموکراسی و مەدەنیدا نەبووە حیزب لە جیاتی پرۆژەی نوێنەرایەتیکردنی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، پرۆژەی فێرکردنی نوێژ و رۆژی هەبێت.

ئەم دەستەواژە رەخنەییانە ئاراستەی یەکگرتووی ئیسلامی کراوە و لە ئێستاشدا باسکردن لەم حیزبە، وەکو ئەوە وایە باسی سەرجەم حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بکرێت، چونکە تەنیا لەرووی ناوەوە لە یەك جیاوازن، ئەگینا هەمان بەرنامە و ئەفکاری یەکتریان هەیە و هێشتاکەش ناکۆکییەکی قووڵیان لە نێواندایە، لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئیسلام بۆ بەرژوەوەندی حیزبی و زیادکردنی پێگەی جەماوەرییان، مەترسییەکانیش لێرەوە دێنە پێشەوە، کاتێك حیزب لە ڕێی کادیرەکانییەوە و بە مەبەستی چەواشەکردن و رێگەخۆشکردن بۆ گەیشتنە دەسەڵات، مێشکی منداڵان بشواتەوە، بە مەبەستی هاتنەدی مەرامە سیاسییەکانیان.

یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، دوو حیزبی خاوەن پێگەی جەماوەرین و لە پاڵ ئەوەی سیاسەت دەکەن، هاوکات دوو حیزبی فریودەریشن، بەوەی خەڵکی لە پەنای ئایینەوە بۆ مەرامی سیاسی بەکاردێنن، بۆ ئەمەش هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گوتاری مزگەوتەکان و میدیای خۆیان و سێبەرەکانیان دەدەن، بەتایبەتی حیزبێکی وەك

کۆمەڵـی ئیسـلامی نەختێـك جیاوازتـر لـە یەكگرتـوو ئیـش لەسـەر بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی دەکات و کاریگەرییەکانیشـی بـە ئاشـکرا لـە زاکیـرەی تاکـی موسـڵمانی سـەر بـەو گرووپـە دەرکەوتـوون، بـەوەی جگـە لـە کۆمـەڵ و سیاسـەتی عەلـی باپیـر، باوەڕیـان بـە هیـچ شـتێکی دیکـەی کوردسـتان نییـە و بـە روونیـش سـەرقاڵی بـە ئیسـلامی سیاسیکردنی کوردسـتانن و پاشـکۆیەتی بـۆ فیکـری ئیسـلامی عەرەبـی لـە ئـەدای سیاسـی و ئایینیـان بـە روونـی دیـارە، هێنـدەی بەرگـری لـە فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی دەکـەن، نیـو هێنـدە باکیـان بـەوە نییـە ئاینـدەی کوردسـتان بـە کـوێ دەگات.

سـەرەڕای ئـەوەی ئیسـلامییەکان زۆرتریـن رەخنـە لـە دەسـەڵات و عەلمانییـەکان دەگـرن، بەپێچەوانـەوە خۆیـان قبووڵـی رەخنەگرتـن ناکـەن و چاودێرێکـی وردی میدیاکانیـش دەکـەن، بەتایبەتـی ئـەو دەزگـە و نووسـەرانەی لەسـەر ئیسـلامی سیاسـی و نیەتـی فریوخوازییەکەیـان دەنووسـن، ئیـدی لـە رێـی میدیـا و مینبەرەکانـی مزگەوتـەوە هێـرش دەکرێتـە سـەر نووسـەرەکەی و هانـی خەڵکـی دەدرێـت بـۆ ئەنجامدانـی توندوتیـژی لـە دژی ئـەو کـەس و میدیایانـەی دژی ئیسـلامی سیاسـی دەنووسـن و قسـە دەکـەن، واتـە هەمیشـە رەخنەگرانـی ئیسـلامی سیاسـی لەبـەردەم ئەگـەری تیرۆرکـردن و تۆقانـدن دان.

راسـتە زۆرینـەی خەڵکـی کوردسـتان موسـڵمانن، بـەڵام ئایینەکانـی دیکەشـی تێدایـە و بەوپێیـەش کـە دوو حیزبـی عەلمانـی ئێسـتا لـە دەسـەڵاتدان، ئامـاژەکان ئەوەیـان دەرخسـتووە دژی چەوسـاندنەوەی ئایینـی بوونـە و لەسـەر ئاسـتی سیاسـیش خەڵکانـی غەیـرە ئیسـلام لـە بەڕێوەبردنـی حکوومەتـدا بەشـدارن. بـەڵام هەمیشـە لـە لایـەن توندڕەوانـی ئایینـی سـەر بـە حیزبـە ئیسـلامییەکان بـە چـاوی جیاوازیـی

و نەنگـی تەماشـای پەیڕەوانـی غەیـرە ئیسـلام کـراوە، لەژێـر کاریگـەری هەنـدێ مـەلای حیزبـە ئیسلامییەکانیشـەوە لـە مینبەرەکانـی مزگـەوت هانـی کەسـانێك دراوە بـە چـاوی جیاوازیـی ئایینـی تەماشـای غەیـرە ئیسـلام بکرێـت، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی تـا ئێسـتاکە حیزبە ئیسـلامییەکان چ لـە پەرلەمـان و چ لـە رووی کۆمەڵایەتییـەوە خاوەنـی بەرنامەیـەك نەبوونـە بـە مەبەسـتی پێکەوەژیانـی ئایینـەکان، بـە دیوەکـەی تریشـەوە رۆژانـە لـە میدیـای حیزبـە ئیسـلامییەکان بانگەشـەی تـاك ئایینـی دەکـرێ و ئەمـەش توندوتیـژی و ناسـەقامیگری و پێشـێلکردنی مافـی مـرۆڤ و بەرانبـەری لێدەکەوێتـەوە.

هەرچەنـدە مزگـەوت مەڵبەنـدی خواپەرسـتییە، لەگـەڵ ئەمەشـدا حیزبـەکان بەپێـی بـارودۆخ و پێویسـتییان، مزگەوتییـان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکارهێنـاوە، بـەڵام لـە ئێسـتادا ترسـەکە زۆر لـەوەش گەورەتـر بـووە، بـە هـۆی ئـەوەی حیـزب و کارەکتەرانـی ئیسـلامی سیاسـی بەشـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ دارێـژاو، خۆیـان خزاندووەتە نـاو مزگەوتەکانەوە و لەشـکرێك مەلایـان دروسـتکردووە، بەتایبەتـی لـە قـەزا و ناحیـە و گوندەکانـدا تـا بەرنامـەی حیزبـە ئیسـلامییەکان بـە خەڵکـی رابگەیەنـن و لـە بەرانبەریشـدا دەسـەڵات نەرمـی نوانـدووە، بەجۆرێـك لـە جۆرەکانیـش هاریـکار بـووە لـە پەرەسـەندنی دیاردەکـە و مانگـی هـەر رەمەزانێـك، بەڵگەیەکـی تـرە کـە میدیـای دەسـەڵات و عەلمانییـەکان لـەو مانگـەدا بـە هـەزاران بەرنامـە و سـەدان گۆرانـی ئایینـی بەرهـەم دەهێنـن، ئەمـەش بـێ بەرنامەیـی و سیاسـەتی دووفاقـی عەلمانییـەکان نیشـان دەدات کـە دواتـر لـە بەرژەوەنـدی ئیسـلامییەکان شـکاوەتەوە.

سـەرەڕای پێویسـت نەبوونـی وەزارەتـی ئەوقافیـش، بـەڵام پێدانـی وەزارەتەکـە چەنـد جارێـك بـە ئیسـلامییەکان هەڵەیەکـی سـتراتیژی

دیکـەی دەسـەڵات بـووە و بـەم هۆیـەوە بەشـێك لـە داهاتـی دەوڵەتیـش کەوتـە ژێردەسـتی ئیسـلامییەکان و لەپێنـاوی بەرژەوەنـدی حیزبییانـدا خەرجیـان کـرد و دەیـان مـەلای توندڕۆیـان بەرهەمهێنـا و دواتریـش کۆمەڵگـە باجەکـەی دەدات.

# خۆحەشاردان لەژێر پاڵتۆی دیموکراسیدا

ئیسلامی سیاسی وەك گرووپگەلێکی گۆشکراو بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لە دەرئەنجامی پێشکەشکردنی چەندین ئەزموونی حوکمڕانێتی شکستخواردوو و فێندەمێنتاڵیانە بە هەرە مەترسیدارترین ڕێکخراوگەلی سیاسی ئیسلامی لە ناوەندی جیهانی ئیسلامیدا هەژمار دەکرێن، بەتایبەتی حوکمڕانێتی پێنج ساڵەی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان دیارترین نموونەی دەسەڵاتدارێتی توندڕۆیی ئیسلامی سیاسییە و پاشان لە داعش و بەرەی نووسرە خۆی ئەبدێت دەکاتەوە.

سەرجەم کۆمەڵگەکانی ژێر چنگی ئیسلامی سیاسی، سەرەڕای نائارامی و توندوتیژی، بەرانبەر بە تاك و کۆی کۆمەڵگە، هاوکات بوونەتە فاکتەری سەرەکی لە برسێتی و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە گشتی و تاکییەکان، گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان هەمیشە لە ئامادەگیدان بۆ دروستکردنی کەشێکی ئاڵۆز لەسەر ئاستی سیاسی

و کۆمەڵایەتیـدا بـۆ ئـەوەی لەنـاو پشـێوی و فـەوزادا گەشــە بکـەن، ئەزموونــی تاڵیبــان نموونەیەکــی زینــدووە لــەوەی ئــەو بزووتنەوەیــە ســوودی لــە ناکۆکییەکانــی نــاو ئەفغانســتان و ژینگــە ئاڵۆزەکــەی ئــەو وڵاتە وەرگـرت، تـا بتوانـێ ڕەگ دابکوتێـت و پێگەکـەی بەهێزتـر بـکات، بەمـەش توانــی بــە هــەزاران کارەکتــەری فێندەمێنتاڵــی گۆشــکراو بــە ئایدۆلۆژیـای ئیســلامی لــە چوارچێــوەی ڕێکخــراوی تاڵیبانــدا کۆبکاتــەوە، دەرئەنجـام ئاڵۆزییـەکان لەناوچەییـەوە بـوون بـە ململانێـی جیهانـی لـە نێـوان بـەرەی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی ڕووداوی ١١ی سـێپتەمبەر لــە ئەمەریــکا لــە لایــەن ڕێکخــراوی قاعیــدە ئەنجامدەدرێــت، ئەوەبــوو ڕۆژئاواییـەکان بـە نـاوی شـەڕی دژە تیرۆریـزم، بـە زەبـری هێـز، جارێکـی دیکــە هاتنــەوە نــاو ڕۆژهــەڵات، ئــەم شــەڕەش تــا ئــەم چرکەســاتەش ئامادەگــی هەیــە و لــە دواییــدا بــە فۆڕمــی جیاوازتــرەوە کاردانەوەکانــی دەبینیــن.

بەوپێیـەی ئیسـلام بە یەکێـك لە ئایینە داخـراوەکان دادەنرێ و کرانەوە تێیــدا بــە لادان لــە ئاییــن هەژمــار دەکرێــت، دەوڵەتانــی ئیســلامیش بــۆ ڕازیکردنـی زۆرینـەی تاکـی موسـڵمان هیـچ هەنگاوێـك لەبـارەی کرانـەوە و گونجاندنـی ئاییـن لەگـەڵ دونیـای مۆدێرنـدا نانێـن، بـە هـۆی تـرس لـە کۆمەڵگـە تاوەکـو لـە دژیـان نەوەسـتنەوە، کەواتـە ئـەم فاکتـەرە بەهێـزە بووەتـە هـۆی گەشـەکردنی گرووپـە ئیسـلامییەکان، یـان بزاوتـی ئیسـلامی سیاســی بــە گشــتی و بەردەوامیــش بانگەشــەی ئــەوە بڵاودەکەنــەوە، گوایـە ئیسـلام لـە مەترسـیدایە و تاکـی داخـراوی موسـڵمانیش بـاوەڕ بـەو گوتـارە فریـودەرە دەکات و دواتریـش لـە چـواردەوری ڕێکخـراوە توندڕۆ ئیسـلامییەکان خـۆی دەبینێتـەوە.

ئەزموونــی ڕێکخــراوە ئیســلامییەکان لــە ناوچەکــەدا بــە فاشــیلترین

ئەزمــوون هەژمــار دەکرێــت و لــە دوای خۆیانیشــدا تەنیــا نائارامــی و توندوتیــژی و برسێتی و ژینگەیەکـی ترسـناکیان بەجێهێشـتووە، ئـەوەی لـە ئەفغانسـتان و پاکسـتان و میـسری یـەك سـاڵەی ژێـر چنگـی ئیخوانـەکان و ئێــران پێشــکەش کــراون، بــە فاشــیلترین و ترســناکترین ئەزموونــی حوکمڕانێتــی گرووپــی ئیســلامی هەژمــار دەکرێــن، کــە تێیانــدا ئــازادی و دیموکراســی و ڕێزگرتــن لــە شــکۆی هاووڵاتییــان و ســەروەری دادگــە و گەشــتوگوزار و بژێــوی خەڵــك لــە ترۆپکــی خراپیدابوونــە تــا ئاســتی مەترســی، هەروەهــا نموونــەی داعــش و بــەرەی نــووسرە کــە دواتــر ناوەکــەی بــۆ فەتحولشــام گــۆڕدرا، ئەوانیــش قێزەوەنتریــن نموونەیــان پێشکەشـکرد، لـەوەی مـرۆڤ لـە سـایەیاندا شـکۆ و ژیـان و کەرامەتیـی خــۆی لــە دەســتدا.

هــەر بۆیــە دەتوانیــن بەوپــەڕی ڕاشــکاوییەوە بڵێیــن، ئیســلامی سیاســی بــە کەڵکــی حوکمڕانێتــی نایــەن و دەبــێ موســڵمانان ئــەم ڕاســتییە قبــووڵ بکــەن لــەوەی ڕێکخراوگەلــە ئیســلامییەکان بــۆ بەرژەوەنــدی خۆیــان هاتــوون و مەبەســتیان داکۆکیــی لــە ئیســلام نییــە وەك ئاییــن. بــەوەی یەکێـك لـە دروشـمە چەواشـەکارییەکانی ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکان ئەوەیـە گوایــە بــۆ داکۆکیــی لــە ئایینــی ئیســلام هاتــوون بــەو بیانــووەی ئاییــن لەژێـر مەترسـی کاڵبوونـەوە یاخـود نەماندایـە، ئەمـەش ئـەو قسـەگەلە چەواشـەکارییانەن لـە کۆمەڵگـە داخـراو و گۆشـکراو بـە هەسـتی ئایینـی دەکرێــن و بۆیــەش زووتــر لــە حیزبــی دیکــەی سیاســی خەڵکیــان لــە چــواردەوردا کۆدەبێتــەوە، ئەمــەش هاوکاتــە لەگــەڵ ئەوەی ئایین پێویسـتی بــە پاســەوان و داکۆکیــکار نییــە تــا بیپارێزێــت، مەگــەر بــە قســەی ئــەوان خــودا خــۆی ئایینەکــەی ناپارێزێــت!

کەواتــە چ پێویســت دەکات لــە پێناویــدا حیــزب و گرووپــی سیاســی

دروست بن، نموونەی حیزبی شیوعی و کۆمۆنیستەکان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لە هەرێمدا نموونەی نزیك و زیندوون، ئاخر شیوعییەکان نزیکەی هەشتا ساڵە لە کوردستان هاوشانی حیزبەکانی دیکە بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکەن، بەوپێیەی مێژووی دروستبوونی ئەو دوو حیزبە لە یەکەوە نزیکن و لە باشووری کوردستانیش بە دوو حیزبە سەرەتاکان دادەنرێن، بەڵام چونکە شیوعییەکان لە کۆمەڵگەیەکی گۆشکراو بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامیدان و ناتوانن ببنە خاوەنی دوو کورسی پەرلەمانی، بەپێچەوانەوە یەکگرتوو و کۆمەڵ بە ئاسانی بە بەراورد بە شیوعی و کۆمۆنیستەکان بە کۆمەڵێك کورسییەوە دەگەنە پەرلەمان و لە رێی پەخشکردنی گوتاری چەواشەکاری دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات، ئاخر ئەمەش هۆکارەکەی دڵسۆزی و زیرەکی کارەکتەرەکانی ئیسلامییەکان نییە، بەڵکو ژینگە ئایینییەکە وایکردووە زووتر ئیسلامییەکان گەشە بکەن بە بەراورد لەگەڵ حیزبەکانی تر، ئەگینا روانینی حیزبە عەلمانی و نەتەوەییەکان بۆ حوکمڕانی تارادەیەکی باش دیدگەیەکی مرۆیی و دیموکراسییانەیان هەیە، بۆ دەوڵەتداری کە ئیسلامییەکان نیانە، بگرە بەردەوام دژی ئەو فۆڕمە لە رێزگرتنەن لە ئازادی و مافی تاك، کە خۆی لە بە جیهانیبووندا دەبینێتەوە، بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ کولتووری وڵاتانی رۆژئاوادا.

سەیرکردن یاخود چاودێریکردنی یەك هەفتەی میدیای ئیسلامی سیاسیی کوردستان دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی، لە ئەگەری گەیشتنیان بە دەسەڵات، هەمان نموونەی ئەفغانستان و ئێران پێشکەش دەکەن، لە گوتار و تێڕوانینیاندا بۆ کۆمەڵگە، هەمان دنیابینی ئیسلامییەکانی میسر و ئەفغانستان و ئێرانیان هەیە، ئاخر

ئـەوە ئیسـلامییەکانی کوردسـتان بـوون، لەگـەڵ ئـەوەی لـە دەسەڵاتیشـدا نەبـوون، کەچـی تێزابیـان بـە جەسـتەی ژنانـدا کـرد و فەتـوای کوشـتنی رۆشـنبیرانی کوردیـان دەرکـرد و لـە خێڵـی حەمـە سـەری پێشـمەرگەیان لـە جەسـتە جیاکـردەوە، ئەمـەش لـە مێـژووی کـورددا نەبـووە، واتـە هەڵگـری ترسـناکترین ئایدۆلۆژیـان و بەداخـەوە خەڵـك و دادگەکانـی کوردسـتانیش بێدەنگیـان لـەو کارە مەترسـیدارە نوانـد و ئەمـەش وایکـرد زیاتـر بێنـە نـاو کۆمەڵگـە و بـە فۆڕمـی جیاوازتریـش چالاکـی بکـەن، کـە دیارترینیـان خۆحەشـاردانە لەژێـر پاڵتـۆی دیموکراسـی.

ئـەو ژینگەیـەی ئێسـتاکە ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان بـە نـاوی ئۆپۆزسـیۆنبوون خوڵقاندوویانـە، خراپتریـن ژینگەی سیاسـییە و کوردسـتانی خسـتووەتە بـەردەم گەورەتریـن مەترسـی جدیـی، لـە رێـی بەکارهێنانـی ئایینـەوە، گوایـە ئیسـلام لـە مەترسـیدایە، ئەمـەش هاوکاتـە لەگـەڵ ئـەوەی بـە دەیـان رێکخـراو و بارەگـە و رادیـۆ و تەلەفزیـۆن و ماڵپـەڕی توندڕۆییـان کردووەتـەوە و لـە پشـت ئـەو لەشـکرە رۆژنامونـووس و دەزگـە میدیایانـەوە کۆمەڵێـك مـەلا و کارەکتـەری تونـدڕۆی ئیسـلامیش هـەن و دەزانـن چـۆن کۆمەڵگـە بـەرەو نـاو گۆمـی لێخنـی ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامییانە بـەرن و عەلمانییەکانـی کوردسـتانیش لـە بەرانبـەر ئـەو مەترسییەدا خـاوەن پـرۆژەی جـدی نیـن و بگـرە بوونەتـە هۆکارێکیـش لـە سەرخسـتنی ئـەو گرووپگەلـە ترسـناکە ئیسـلامییە.

ئاخـر ئەمـە لـە کۆمێدیـا دەچێـت یەکگرتـووەکان یـان کۆمەڵـی ئیسـلامی بـە پارتـی و یەکێتـی بڵێـن، ئێمـە دیموکراسـیترین لـە ئێـوە! رۆشـنبیرە عەلمانییـە دژە پارتـی و یەکێتییەکانیـش تەنیـا بـۆ شـکاندنی هەیبەتـی ئـەو دوو حیزبـە بێدەنگی لـە بەرانبـەر ئـەو قسـەیە دەنوێنـن، ئاخـر کـەی حیزبـی ئیسـلامی بـڕوای بە دیموکراسـی هەبـووە تا بانگەشـەی

بـۆ بـکات، دیموکراسـی لای ئیسـلامییەکان تـا ئـەو شـوێنەیە کـە دەگەنـە سـەر کورسـییەکە و ئیـدی پەیـڕەوی لـە ئایدۆلۆژیـە داخراوەکـەی خۆیـان دەکـەن و وەك مورسـی تـەواوی کۆمەڵگـە پەکدەخـەن و فەزایەکـی تـەواو ئایینییـش رێـك وەکـو سـەردەمی عوسـمانی کـوڕی عەفـان و خەلیفـە عەلـی دروسـت دەکـەن.

کەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو گرووپگەلـە ئیسـلامییەی لـە باشـووری کوردسـتاندا، هـەن، ناتوانـن دیموکراسـی بـن، دیموکراسـییان وەك کولتـوور قوبـوڵ نییـە و تەنیـا بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات لـە هەڵبژاردنـدا کورتـی دەکەنـەوە، لـە بەرانبەریشـدا عەلمانییـەکان خـاوەن پـرۆژە نیـن بـۆ بەگژداچوونـەوەی ئیسـلامی سیاسـی لـە رێگەیەکـی مەدەنیانـە و فیکـری و میدیاییـەوە، ئاخـر کاتێـك میدیایەکـی عەلمانـی بـۆ رازیکردنـی جەمـاوەری موسـڵمان هەمـان گۆرانـی کـە بـەردەوام کەناڵـە فێندەمێنتاڵـە ئیسـلامییەکان پەخشـی دەکـەن، لـە کەناڵەکانیانـەوە پەخشـی دەکەنـەوە، گەورەتریـن خزمـەت بـە رەوتـی ئـەو گرووپگەلانـە دەکـەن و بەمـەش ناتوانـن پێـمان بڵێـن پـرۆژەی بەگژداچوونـەوەی ئیسـلامی سیاسـییان هەیـە.

# ئۆرشەلیم و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

کورد وەك نەتەوەیەك لەوەتای هەیە، بە هۆی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئیسلامی، خاکی داگیر و دابەشکراوە و نەتەوەیەکی چل ملیۆنی وەك کوردیش بۆ ئەوەی کێشەکەی بچووك بکرێتەوە، وەکچۆن خاکی دابەشکراوە، خۆشی بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەردا دابەشکراوە و زیاتر لە سەد ساڵیشە، لە رێی خەباتی چەکدارییەوە داوای مافی خۆی دەکات و لە بری ئەوەی گوێی بۆ بگیرێت و دان بە مافەکانی بندرێت، بەپێچەوانەوە لە لایەن وڵاتانی ئیسلامی جنیۆسایدە دەکرێ و دووچاری ئەنفال و کیمیاباران دەبێتەوە، لە هەمووشی ناخۆشتر، کە دەبێ جێی نیگەرانییەکی قووڵی کورد بێت، تاکو ئێستا وڵاتێکی ئیسلامی هەڵوێستیی روونی بەرانبەر ئەو هەموو ستەمکارییەی دژ بە کورد ئەنجامدراون، نەبووە و بێدەنگیان نواندووە، کاتێکیش کورد چووەتە شاخ و لە ناچارییەوە چەکی هەڵگرتووە، لە بری ئەوەی مافەکانی پێ

بـدەن، بەپێچەوانـەوە کوردییـان وەك یاخـی و بەکرێگیـراو و دژە نەتـەوەی عـەرەب و ئیسـلام ناسـاندووە، لەسـەر ئاسـتی شـەقامی ئیسلامیشـدا کـورد وەك شـەیتان و دژە ئیسـلام وێناکـراوە، گوایـە نییەتـی دابەشـکردنی خاکـی موسـڵمانانی هەیـە، لـە کاتێکـدا تەنیـا داوای وەرگرتنـەوەی خاکـی خـۆی دەکاتـەوە.

حیزبـی نەتەوەیـی و سـێکۆلاری کوردسـتانیش سـەرباری هەرچـی ڕەخنە و سـەرنج لەسـەر کارکـردن و پـرۆژەی سیاسـی و حکومڕانییـان، هێشـتا لـە هەوڵدابوونـە بـۆ ئـەوەی داواکانـی کـورد بـەرز بکەنـەوە، بـەڵام کـورد لـە ژینگەیەکـدا داوای مافەکانـی دەکات، گـوێ ناگیرێـت و هەمـوو شـت بـە بڕیـاری دیکتاتۆرییانـەی ئایینـی و سـەربازی یەکلایـی دەکرێتـەوە و ئـەوەی بایەخـی نییـە، مافـی چارەنووسـی گەلانـە، مافـی چارەنووسـیش یەکێکـە لـە بنەماکانـی دیموکراسـی و پێویسـتە ڕێـزی لێبگیرێـت، کاتێـك نەتەوەیـەك یـان گەلێـك دەیـەوێ چارەنووسـی خـۆی دیـاری بـکات، بـەڵام وڵاتانـی ئیسـلامی هەمیشـە ئـەو مافـی چارەنووسـەی کوردییـان پێشـێلکردووە و کوردییـان کوشـتووە.

سـەرباری ئـەوەی ئیسـلامی سیاسـی بـە چـاوی خۆیـان ئـەو بێهەڵوێسـتییەی کۆمەڵگـەی موسـڵمانان و دەوڵەتانـی ئیسـلامی دەبینـن لـە ئاسـت ئـەو هەمـوو سـتەمەی لـە کـورد دەکرێـت، لـە بـری ئـەوەی ئەوانیـش وەك گرووپـی ئیسـلامی کوردسـتان هەڵوێسـتیان هەبێـت و هـەر هیـچ نەبێـت، ئـەو ڕێکخـراوە ئیسـلامییانە بجوڵێنـن لەسـەر ئـەوەی غـەدر لـە کـورد دەکرێـت، بەپێچەوانـەوە دەچـن بەرگـری لـە ئۆرشـەلیم دەکـەن و لـە کوردستانیشـەوە سـەنگەر لـە ئیسرائیـل دەگـرن، لـە کاتێکـدا ئەگـەر بـۆ بەرژەوەندیـش بێـت، بـەڵام ئیسرائیلییـەکان زۆرجـار داوای مافـی کوردییـان کـردووە و عەرەبـی ئیسلامیشـیان زیاتـر لـە خۆیـان هانـداوە، لەسـەر ئـەو

هەڵوێســتانەیان.

کەچــی ئیســلامی سیاســی کــوردی بــێ ئــەوەی ئــەو هەمــوو ســتەم و جینۆسـاید و ئەنفـال و کارەسـاتەی بەسـەر کـورددا هاتـووە، ببینـن، بێباکانـە دەبنــە پاشــکۆی ئیســلامی سیاســی عەرەبــی و پاشــکۆیەتی ئــەوان لــە بەرگریکـردن لـە میللەتـی خۆیـان بـە باشـتر دەزانـن، هێنـدەی بەرگریـان لـە ئۆرشـەلیم کـردووە، کـە ئـەوان پێـی دەڵێـن قـودس، سـەدا یەکـی ئەوەیـان بــۆ کێشــەی کــورد نەکــردووە، بگــرە دژایەتــی پرســی کوردیشــیان کــردووە و هەمیشــە بوونەتــە هۆیــەك لــە هۆیــەکان بــۆ ســاردکردنەوەی ئینتیــمای نەتەوەیــی لای تــاك و لاوی کــورد و لــە بەرانبەریشــدا کولتــووری ئیســلامی سیاســی و ئیخوانییــان بڵاوکردووەتــەوە.

کۆمەڵــی ئیســلامی کوردســتانیش، بــە ســەرۆکایەتی عەلــی باپیــر، وەك حیزبێکــی تونــدڕۆی ئیســلامی سیاســی کوردســتان، بــە تەنیــا خــۆی هێنــدەی نیــوەی کارەکتەرانــی ئیســلامی سیاســی کوردســتان بەرگــری لــە قــودس کــردووە و شــەڕی پاشــکۆیەتی بــۆ ئــەو شــارە کــردووە، بــەڵام کاتێــك میللەتەکــەی خــۆی، خاکــی داگیــر دەکرێــت و هێرشــی دەکرێتــە ســەر و رۆڵەکانیشــی شــەهید دەکرێــن، بێدەنگــە و نــوزەی لێــوە نایــەت، چونکــە لــە ناخــدا بــاوەڕی بــەو پاشــکۆیەتییە هەیــە.

کۆمەڵــی ئیســلامیی کوردســتان بــە لوتکــەی توندڕۆیی ئیســلامی سیاســی کوردسـتان دادەندرێـت، ئـەو حیزبـە بـە تـەواوی لـە لایـەن عەلـی باپیـرەوە قۆرخکــراوە و بــە هەمــوو شــێوەیەکیش هەوڵــی بڵاوکردنــەوەی فیکــری پاشـکۆیەتی دەدات، بـۆ عـەرەب و دابونەریتـی خێڵەکـی عەرەبـی ئیسـلامی، بەجۆرێـك ئـەو حیزبە ئیـش لەسـەر قووڵکردنـەوەی ناکۆکییـە ئایینییەکانیش دەکات کـە راسـتەوخۆ کاریگـەری بەسـەر پێکەوەژیانـی ئایینـەکان دەبێـت، رقێکـی قووڵیـش لـە ناخـی کۆمەڵـدا هەیـە، بـۆ دژایەتیکردنـی جولەکـە و

دەوڵەتـی ئیسرائیـل، لـە کاتێکـدا ئیسرائیـل ئەگـەر تەنیـا بـە قسـەش بێـت، لـە شـوێن و پێگـە گرنگـەکان پشـتگیری کـورد دەکات، لـە کاتێکـدا کـورد لــە لایــەن گــرووپ و هێــزە ئیســلامییەکان دەچەوســێندرێتەوە، کۆمــەڵ و عەلـی باپیـر بـەردەوام باسـی پێکەوەژیانـی ئایینـی دەکـەن، بـەڵام لـە جەوهـەردا شـتێکی دیکـە دەگوزەرێـت، تەنانـەت ناتوانـن بڵێـن دەوڵەتـی ئیسرائیـل، بەڵکـو قـەوارەی جولەکـەی بـۆ بەکاردێنـن و گوایـە قەوارەیەکـە خاکـی موسـڵمانانی داگیرکـردووە، خۆزگـە دووجاریـش کۆمـەڵ دەیگـوت خاکـی کوردسـتان بـە زۆرداری لـە لایـەن موسـڵمانەوە داگیرکـراوە، ئاخـر ئەگــەر قــودس کــە ئێســتا ناوەکــەی جوانــترە بنووســین ئۆرشــەلیم، بــە لای موســڵمانەوە گرنگــە، خــۆ کەرکووکیــش بــە لای زۆرینــەی کــوردەوە گرنگـە، خێـرە عەلـی باپیـر دڵـی بـۆ ئۆرشـەلیم لێـدەدات، بـەڵام لـە خەمـی کەرکووکـدا نییـە، هێنـدە دژایەتـی جولەکـە دەکـەن، تەنانـەت ناتوانـن بڵێـن ئیسرائیـل، بەڵکـو دەیانـەوێ لـە قەوارەیەکـدا بچووکـی بکەنـەوە.

دوای ئــەوەی لــە ســاڵی ٢٠١٧ دۆناڵــد ترەمــپ بڕیــاری گواســتنەوەی باڵیۆزخانــەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی بــۆ ئۆرشــەلیم جێبەجێکــرد، ئــەو بڕیـارە بـووە هـۆی نارەزایـی گـرووپ و دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان، بەتایبەتـی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و هەڵگرانـی بیـری توندڕۆیـی زیاتـر لـە هەمـوو کات دژی ئـەو بڕیـارە وەسـتانەوە، بـۆ ئـەوەی بەنزیـن بـە ئاگـردا بکـەن لـە دژی پێکەوەژیانــی پێکهاتــەکان.

کۆمەڵــی ئیســلامی کوردســتانیش وەك ئــەوەی سەرمەشــقی بیــری توندڕۆییــە لــە کوردســتان، هــەرزوو لــە بەیاننامەیەکــدا دژایەتــی ئــەو بڕیــارەی کــرد، بــەڵام بــۆ داگیرکردنــی شــارێکی وەك کەرکــووك بێدەنگــە و نــووزەی لێــوە نایــەت، ئەمــەش وەك بەڵگەیەکــی تــەواو زینــدوو ســەبارەت بــە پاشــکۆیەتی کۆمــەڵ بــۆ ئیســلامی سیاســیی عەرەبــی.

دەقی بەیاننامەکەی کۆمەڵی ئیسلامی دژی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ:

*بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان*

*ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بڕیاری سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە ناساندنی شاری قودس وەك پایتەختی قەوارەی زایۆنی ئیدانە دەکات، و بە هەنگاوێکی مەترسیداری دەزانێت بۆ تێکدانی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە بەتایبەت کە ناوچەکە خۆی لە دۆخێکی ناجێگیردایە.*

*وێڕای ئەوەی ئەم بڕیارە ڕێزنەگرتنە لە پیرۆزییەکانی موسوڵمانانی جیهان، چونکە قودس ڕووگەی یەکەمی موسوڵمانانە و پێگەیەکی گەورەی تایبەتی هەیە لە دڵی هەموو موسوڵمانێکدا.*

*کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان*

*ئەنجومەنی سیاسی*

*٧-١٢-٢٠١٧*

بەو بەیاننامەیەی، کۆمەڵی ئیسلامی جارێکی دیکە سەلماندی کە پاشکۆی ئیسلامی سیاسیی عەرەبییە، ڕاستە تۆ موسوڵمانیت، بەڵام بە تۆ چی ئۆرشەلیم دەکرێتە پایتەختی ئیسرائیل، ئەو ناکۆکییەی دەیان ساڵە لەسەر ئۆرشەلیم هەیە، هێندەی تر موسوڵمانەکانی لاوازتر کردووە، چونکە ناتوانن بە لۆژیك بیسەلمێنن شارەکە هی موسڵمانانە و عەرەبیش هێندەی کێشەیان لەگەڵ جولەکەدا هەیە، نیو هێندە هەوڵی تەبایی ناوخۆییان بدابوایە، ئێستا لە دۆخێکی دیکەدا دەبوون، بەڵام ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ واقیعدا.

کۆمەڵـی ئیسـلامی، دروسـتتر عەلـی باپیـر لـەو بەیاننامەیـەدا پێیوایـە بڕیارەکـەی دۆناڵـد ترەمپـی سـەرۆکی ئەمەریـکا دەبێتـە هۆی ناسـەقامگیری لـە ناوچەکـەدا، ئاخـر عەلـی باپیـر پێویسـت بـوو جوانـتر بنووسـێت، دیـارە ئـەو لـە کاتـی نووسـینی ئـەو بەیاننامەیـەدا سـەیری هەواڵەکانـی نەکـردووە کـە کۆمەڵگـەی موسـڵمانان چـۆن بەربوونەتـە گیانـی یەکـتری و بـە هەمـوو شـێوەیەك یەکـتری قـڕ دەکـەن، هـەر لـە کۆمێدیـا دەچێـت، کاتێـك کۆمەڵیی ئیسـلامی باسـی سـەقامگیری ناوچەکـە دەکات، ئاخـر هەر خـۆی ناوچەکە لە سـایەی فیکـری ئیسـلامی سیاسـی و باوەڕنەبوونـی دەوڵەتانـی ئیسـلامی بـە دیموکراسـی و سـێکۆلاریزم، دووچـاری ماڵوێرانـی بوونەتـەوە و داروپەردووی باڵەخانـە رووخاوەکانـی جەنـگ، تەرمـی هــەزاران موسـڵمانی بزرکـردووە، ئاخــر لەنــاو ئــەو هەمــوو کوشــتار و ئاوارەیــی و شــەڕ و بەدبەختییــە، باسـکردن لـە تێکدانـی دۆخـی سـەقامیگری، خـۆ دزینەوەیـە لـەو راسـتییە تاڵـەی موسـڵمانان هیچـی ئەوتۆیـان بـۆ ئـەوە نەهێشـتووەتەوە، تـا بڵێیـن سـەقامگیری تێکدەچێـت.

ئـەو عەقڵییەتـە ئیسـلامییەش نـەك هـەر ناتوانـێ لۆژیکـی بیـر بکاتـەوە و خـۆی لەگـەڵ واقیعـی نوێـی جیهانـدا بگونجێنێـت، بگـرە رۆژ لـە دوای رۆژیـش زیاتـر بــەرەو وێرانەیــی زیاتــر و کارەســاتی قووڵتریــش هەنــگاو دەنێـت، بـە جۆرێـك کۆمەڵگـەی موسـڵمانان بـە هـۆی ئـەو دۆگمابوونـەی عەقڵــەوە لــە شارســتانییەتی جیهانــی دابــڕاون و ئیشــوکاریان بووەتــە هێرشـکردنە سـەر یەکـتری و هەوڵـی سـڕینەوەی یەکتریـش لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوەیە، ئەمـەش دۆخـی ئـەو کۆمەڵگـە موسـڵمانیانەی زیاتـر ئاڵـۆز کـردووە و هیـچ ئومێدێکیشــی بــۆ نەهێشــتووەتەوە تــا بڵێیــن لــە چەنــد ســاڵی ئاینــدەدا ژیــان لــە ســایەی دەوڵەتانــی ئیســلامیدا ئاســایی دەبێتــەوە.

# بەشی دووەم

## پرۆژەی شێواندنی سێکۆلاریزم و دیموکراسی

# ئیسلامی سیاسی و
# پرۆژەی شێواندنی سێکۆلاریزم

هــەر رەوتێکــی فیکــری و سیاســی لــە ســەروبەندی دەرکەوتنیــدا، لــە لایــەن بەشــێکی یەکجــار زۆر لەوانــەی بــە هۆیــەوە بەرژەوەندییــان دەکەوێتــە مەترســی، دژایەتــی دەکرێــت و بەربەستیشــی دەخرێتــە پێــش بــۆ رێگــری لــە گەشەســەندنی، ســەرەتای دەرکەوتنــی ســێکۆلاریزمیش «عەلمانییــەت» بــەدەر نەبــووە لــەم دژایەتیکردنــە.

هــەر وەك روونــە سێکۆلاریزم دەرکەوتەیەکــی تــازەی فیکــری بــوو لــە جیهانــی مەســیحییەت، بــەوەی لــە رێــی فیکــر و هۆشــیارکردنەوەی تــاك لــە بلۆکــی ئەورووپایــی، ئیشــی لەســەر ســڕکردن، یاخــود جیاکردنــەوەی دەســەڵاتی کلێســای دەکــرد لــە دەوڵــەت، کــە ئێســتاش ئــەو بــاوەڕە بووەتــە کولتــووری کۆمەڵگــەی مەســیحی بــە دیاریکراویــش لــە ئەورووپــا، لێــرەدا دەتوانیــن بڵێیــن بــەو مانایــەی ســێکۆلاریزم بــە هیــچ شــێوەیەك بانگەشــەی نەهێشــتنی ئایینــی مەســیحی لــە ئەورووپــا نەکــردووە، وەك ئەوەی ئێســتاش

داوای بایکۆتکردنی ئیسلام لە کۆمەڵگەی موسڵمانان ناکات، سەرباری ئەوەش، هێشتا پیاوانی کلێسا و دەسەڵاتدارەکان، بە بەرنامەی ئەنقەست بۆ شێواندنی چەمکی سێکۆلاریزم، کاریان کرد و بە خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ ئەو رەوتە فیکرییە و گوێی کۆمەڵگەی مەسیحییان ئاشنا کرد، بەوەی گوایە سێکۆلاریزم بۆ دژایەتیکردنی ئایینی مەسیحی دروستکراوە و ئامانجی هەڵگەڕاندنەوەی خەڵکە لە مەسیحییەت، سەرباری ئەو هەوڵە، بەڵام چونکی سێکۆلاریزم دەرکەوتەیەك بوو، یاخود رووداوێکی جیهانی بوو، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی تاك، هەر زوو پێگەی خۆی داکوتا و کاریگەرییەکانیشی بە ئاسانی دەرکەوت، لەسەر دەسەڵاتی داگیرکار و ستەمکاری دەوڵەت و کلێساکان.

ئەو رەوتە فیکرییە کۆمەڵگەی ئەورووپای مەسیحی ناچارکرد، بەوەی پێویستە ئایین لە چنگی ئەو کەس و گرووپانە دەربهێندرێت کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و چەند کەسێکی دەسەڵاتداری ناو دەوڵەت بەکاردەهێندرێت، لە لایەکی دیکەوە، خەڵکی لە سایەی سێکۆلاریزمدا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی قبووڵکردنی سێکۆلاریزم هەیبەتییان بۆ دەگەڕێنێتەوە، یاخود هەیبەتیان بۆ گەڕابۆوە، بۆیەش کاریگەرییەکانی سێکۆلاریزم ئەوەندە بەهێزبوون، هیچ گرووپ و دەسەڵاتدارێکی ئەورووپیش نەیتوانی کۆتایی پێبهێنێت، یان خەڵکی لێ دروووربخەنەوە، لەبەر ئەوەشە لە مێژووی ئەورووپا و جیهاندا سێکۆلاریزم بە یەکێك لە رووداوە هەرە گەورەکان دادەندرێت، بە هۆی ئەو رووداوەوە ئیدی مرۆڤ درکی بەوە کرد، دەبێ دژی هەموو ئەوانە بوەستێتەوە، لەژێر ناوی پارێزگاریکردن لە ئایین، مرۆڤی تر دەچەوسێننەوە، بەتایبەتی ئەو مۆدێلە لە چەوساندنەوەیەی دەسەڵاتدارە مەسیحییەکان کاتێك دەرهەق بە هاووڵاتییانی مەسیحی دەیانکرد، تەنانەت کار بەوە گەیشت

بیتاقەی کڕینی لێخۆشبوون دەفرۆشایە خەڵکی، گوایە دوای مردن خودا بە هۆی ئەو بیتاقەیەوە لە گوناهەکانی ئەو کەسە خۆشدەبێت کە دەیکڕێت، بە واتایەکی دیکە ئەو بیتاقەیە دەفرۆشرایە خەڵکی و وایان خەڵکەکە دەگەیاند، ئەوەی ببێتە خاوەنی ئەو بیتاقەیە، ئیدی لێخۆشبوونی مسۆگەرە!

بەڵام سێکۆلاریزم هەر زوو ئەمەی بۆ خەڵك روونکردەوە و وای لە خەڵکی کرد، بەشێوەیەکی تر بیر بکەنەوە کە ئەو بیتاقەیە جۆرێکە لە فێڵکردن لە مرۆڤ و مەبەستی دنیایی و پارە پەیداکردنی لە پشتەوەیە و بازرگانی بە مرۆڤ دەکرێ، بە بەکارهێنانی بەهای ئایینی.

وڵاتانی ئێستای ئەورووپاش لە ئەنجامی ئەو سیستەمە سێکۆلاریزمییەی پەیڕەوی دەکەن، رۆژ دوای رۆژیش گەشەی زیاتر دەکەن و دەسەڵاتی ئایینیش تێیاندا لاوازتر بووە، واتە ئایین و کاروباری دەوڵەت لە یەکتری جیاکراونەتەوە و هەر لایەکیان لە شوێنی خۆیدا مومارەسەی وەزیفەکەی دەکات، لە سیستەمی سێکۆلاریزمدا، ئایین ناتوانێ خۆی وەك پیرۆزییەك بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت و پیاوانی ئایینیش خەڵکی بە هۆکاری بێ باوەڕی و پابەندنەبوو بە ئایینەوە سزا بدەن، بەپێچەوانەی سەردەمی پێش سێکۆلاریزم، ئەوکات بە هۆکاری هەڵگەڕانەوە لە ئایینی مەسیحی مرۆڤ دەکوژرا، بەڵام ئێستا هیچ کەس لە سایەی سیستەمی سێکۆلاریزمدا بۆی نییە بە ناوی ئایینەوە سووکایەتی بە ئایینی کەس بکات، یان ستەمکاری بکرێت، تۆ دەتوانیت پابەندی ئایین و مەراسیمەکانی نەبیت، هاتووچۆی کلێسا و مزگەوتەکانیش نەکەیت، بەڵام نابێ و بەپێی یاساش بۆت نییە تانە لەو کەسانە بدەیت کە هاتووچۆی کلێسا و مزگەوت دەکەن، تەنیا لەوەها حاڵەتێکدا نەبێت ئەو هاتووچۆکردنەت ببێتە هۆکارێك بۆ هاندانی

خەڵـك تـا توندوتیـژی بنوێنـن.

بـۆ نموونـە ئەگـەر زانـدرا لـە نـاو مزگەوتێـك یـان کلێسـایەکدا، خەڵکـی هاندەدرێـن بـۆ کـردەی نامرۆڤانـە و بیـری توندوتیـژی، ئـەوکات هاووڵاتییان دەتوانــن لــە ڕێــی یاســاوە بــەر بــەو توندوتیژییــە بگــرن و دامــەزراوە یاساییەکانیش ئـەو ڕۆڵـە دەبینـن. واتـە یاسـا پارێـزگاری لـە هـەردوو لایـان دەکان، لـە پێنـاوی پێکەوەژیانـدا.

سـێکۆلاریزم لەگـەڵ ئـەوەی سـەرەتای دەرکەوتنەکانـی لـە کۆمەڵگـەی ئەورووپــی و پرۆژەیەکیــش بــووە بــۆ هۆشــیارکردنەوەی جیهانــی مەسـیحییەت، بـەڵام کرۆکـی ئـەو فیکرەیـە ئامانجـی ئیشـکردنە لـە پێنـاوی مرۆڤـدا، بۆیـە بـە سـانایی و بەتایبەتیـش لـە ڕێـی هۆکارەکانـی تەکنەلۆژیـا و ئاڵوگـۆڕی شارسـتانییانە بەخێرایـی گوێزرایـەوە بـۆ جیهانـی ئیسـلامیش، ئـا لێـرەوە کێشـەی پێکدانـان ڕوو دەدات، بەتایبەتـی هێرشـی ئـەو گـرووپ و ڕێکخراو و کەسـایەتییە ئیسـلامییانەی، باشـتروایە بە ئیسـلامی سیاسـی ناویان بهێنرێـت، دێتەکایـەوە، ئـەو گرووپـە لـە کـەس و ڕێکخـراوە ئیسـلامییانە، واتـە ئیسـلامی سیاسـی، هەنووکـە بـە هەمـوو شـێوەیەك دژایەتـی خۆیـان بـۆ سـێکۆلاریزم دەربڕیـوە و بـە پرۆژەیەکـی مەترسیداریشـی نـاو دەبـەن، گوایـە هەوڵێکـە بـۆ بێدینکردنـی کۆمەڵگـە، ئەمـەش هاوکاتـە لەگـەڵ ئـەو ڕاسـتییەی سـێکۆلاریزم ئامانجـی بێدینکردنـی کۆمەڵگـە و مرۆڤەکانـی نییـە، بەڵکـو لـەڕووی کۆمەڵایەتیـی تـاك ئـازاد دەکات، بـۆ هەڵبژاردنـی ئاییـن و بـاوەڕی خـۆی، لـەڕووی سیاسـی و دەوڵەتداریشـەوە ئاییـن جیادەکاتـەوە لـە کاروبارەکانـی دەوڵـەت و سـەرلەبەری یاسـا و ڕێنماییەکانـی دەوڵەتیـش لەسـەر بنەمـای دنیایـی دادەڕێژرێـن و بایەخ بـە هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەدرێـت، لـە پـاڵ ئەمانەشـدا پرۆژەیەکیشـە بـۆ بایەخـدان بـە زانسـت، واتە سـێکۆلاریزم، ڕەوتێکـی هـەم فیکرییـە بـەوەی خەڵکـی هۆشـیار دەکاتەوە بە

زانست و پەروەردەیەکی دنیاییانە، هەمیش سیستەمێکە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پرەنسیپ و بەهای مرۆیی و دنیایی، هاوشێوەی ئازادی تاك و رادەربڕین و سەروەری یاسا و پەروەردەی مەدەنییانە، بەجۆرێك بارگاوی نەکرابێ بە لایەنداری بۆ ئەم ئایین و ئەو حیزب و ئایدۆلۆژیای سیاسی و فیکری.

کەوایە سێکۆلاریزم لە رێی پەروەردەوە کۆمەڵگەیەکی پێرفێکتی ئاشتیخواز دروست دەکات، یان بونیات دەنێت، بەوەی هیچ کەس تەداخولی ژیان و کار و بەهاکانی ئەوانی تر نەکات، بەپێچەوانەی کۆمەڵگە موسڵمانییەکان، کە بوونەتە مۆڵگەی دروستبوون و سەرهەڵدانی سەدان گرووپ و دەستە و رێکخراوی هاوشێوەی داعش و قاعیدە و بەرەی نووسرە و ئیخوان، بە هەموویانیشەوە بوونەتە سەرئێشەیەکی گەورەی قووڵ، بۆ کۆمەڵگە موسڵمانییەکان و بەجۆرێك مرۆڤی ئەو کۆمەڵگە موسڵمانییانە دووچاری دەیان ئازاری رۆحی و جەستەیی و هەژاری و ترس و تۆقین بوونەتەوە.

ئەمەش لە سایەی ئەوەی هەر یەك لە گرووپانە خوێندنەوەیەکی جیاوازیی بۆ ئایین هەیە، ئەگەرچی لە دواجاردا هەموویان یەك ئامانجیان هەیە، بەڵام میکانیزمی گەیشتن بە ئامانجەکەیان جیاوازە، بۆیەش بە هۆکاری ئەو جیاوازییانە لە تێگەیشتن، بوونەتە هۆی کێشە وماڵوێرانی بۆ مرۆڤایەتی.

لەبەر ئەوەشە دەتوانین بەوپەڕی قەناعەتەوە بڵێین، ئیسلامی سیاسی هیچ کات بەرژەوەندی لەوەدا نییە سێکۆلاریزم بە تەواوەتی شۆڕبێتەوە ناو قووڵایی زاکیرەی کۆمەڵگە موسڵمانییەکان، یاخود وەك خۆی کە هەیە، بناسرێت، ئەگەر وەك ئەوەی هەیە، ئامانج و خەیاڵەکانی بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی دەرکەوت و بووە سیستەمی حوکمڕانێتی

دەوڵەتیش، ئەوکات بایەخی ئەوان، واتە گرووپە ئیسلامییەکان و حیزبی ئیسلامی سیاسی کەم دەبێتەوە و خەڵکی بەشێوازی خۆیان ئاینداری دەکەن و ئازاد دەبن، لەوەی پابەندی ئایین دەبن، یاخود نا، هەروەها ئیسلامی سیاسی، سێکۆلاریزم بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێ و سەدان پرۆژەی فیکریش لە دژی دروست دەکات، تا هەرچی زووە، رێگری لەو رەوتە مرۆیی و دنیاییە بکرێت.

ئیسلامی سیاسی بە تەواوی لق و باڵەکانییەوە، پرۆژەیەکە، یاخود پرۆژەیەکن لە تەك بە ئیسلامی سیاسیکردنی کۆمەڵگە، هاوکات کاریش بۆ شێواندنی سێکۆلاریزم دەکەن و بەردەوام کۆمەڵگە دژی سێکۆلاریزم هان دەدەن، بەوەی گوایە ئەو رەوتە ئامانجی بێدینکردنی کۆمەڵگەی موسڵمانانە و دەیەوێت بەدڕەوشتی و بێ ئەخلاقی بڵاوبکاتەوە! هاوکات دەشڵێن بۆ کۆمەڵگە مەسیحییەکان هاتووە و هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگەی ئیسلامی نییە.

راستە سەرەتاکانی دەرکەوتنی سێکۆلاریزم لە بلۆکی مەسیحییەت بووە و لە ناو رۆحی کۆمەڵگەی مەسیحی، وێڕای سەرهەڵدانی، هاوکات رەگیشی داکوتاوە، بەڵام ئەو رەوتە فیکرییە هیچ کات بانگەشەی مەسیحی بوونی خۆی نەکردووە، بەڵکو چوارچێوە فیکرییەکەی بۆ مرۆڤایەتی بووە، جا لە هەر کوێیەك و سەر بە هەر ئاینێك بووبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین، سێکۆلاریزم لە جەوهەردا ئەو سیستەمە دنیاییەیە و سنووری هیچ وڵاتێکیش ناناسێت، بۆ خودی مرۆڤایەتی دروستبووە و کارکردنیشی قسەکردنە لەسەر ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤ، مرۆڤیش لە هەر شوێن و کۆمەڵگەیەك هەبێت، ئەو دەچێتە ئەوێ، بۆ جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، ئەمەش بە گرنگ دەزانێت لە پێناوی پێکەوەژیانی پێکهاتەی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی، لە

ڕەهەندێکی دیکەوە سێکۆلاریزم سیستەمێکی فیکری و سیاسییە و مرۆڤ لە سایەیدا سەنتەرە و هەوڵی خۆشبەتکردنی مرۆڤ دەدات، لە ڕێی یاسا و پەروەردەیەکی مرۆییانەی ئاشتیخوازەوە لە پێناوی پێکەوەژیانی مرۆڤەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی باوەڕی ئایینی و نەتەوەیی.

هەر وەك دەزاندرێت ئیسلامی سیاسی نێوانی لەگەڵ هیچ ڕەوتێکی فیکری خۆش نییە، کاتێك ئەو ڕەوتە بانگەشەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و ئاشتیخوازی دەکات، ئاخر ئەمە بە زیان بۆ سەر خۆی دەبینێت، لەوەدا ئەو ترسە ڕاستە، بەوەی ئەو ڕەوتە مرۆییانە، بە ئاسانی دەتوانن مرۆڤ وا لێ بکەن نەکەونە داوای گرووپە توندڕۆ ئایینییەکانەوە، ئینجا ئیسلامی بن، یان مەسیحی.

بۆیەش ئیسلامی سیاسی ترسێکی قووڵی لە سێکۆلاریزم هەیە، چونکە ڕێز بۆ ڕەئی خەڵکی دادەنێت، بەوەی دەتوانن لە سایەیدا هەڵبژاردە بۆ ئایینی خۆیان بکەن، ئایا دەخوازن ئایندار بن، یان ڕەتی دەکەنەوە، یان کام ئایینەی دەیانەوێت، دەتوانن بچنە سەر ئەو ئایینە و هی خۆیانیش وەلا بنێن، ئیسلامی سیاسیش ئەمە وەك گەورەترین مەترسی دەبینێت، لەبارەی گەشەکردنی پێگەی خۆیان، ئاخر نایەوێ کۆمەڵگە هەڵبژاردەی ئایینی بخرێتە بەردەم، لەبەر ئەوەی ترسیان لەوە هەیە نەوەك خەڵك بەرەو دنیاویستی بڕۆن و ئایین بەلاوە بنێن، بەلاوەنانی ئایینیش یانی لاوازبوونی پێگەی گرووپە ئایینییەکان، بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی، ئینجا عەرەبی، تورکی، یان کوردی بێت.

هەر وەك ئاماژەی بۆ کرا، باوترین ئامانجی سێکۆلاریزم جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایین و پیاوەکانێتی لە دەوڵەت و کاروبارەکانی، لە هەناوی ئەو دەستەواژەیەشدا دنیایەك شوناسی دیکە هەن و کۆی ئەوانەش شکۆ بۆ مرۆ دەگەڕێننەوە، کە بە هۆی ئایین و پاسەوانەکانی،

مرۆڤایەتـی لـە دەسـتیانداوە.

بۆیــەش دەتوانیــن بڵێیــن، سـێکۆلاریزم لــە رۆژئــاوا بــە یەکێــك لــە گەورەتریــن رووداوەکان دادەنرێــت بــە هــۆی ئــەوەی گۆڕانکاریــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و فەرهەنگــی لەگــەڵ خۆیــدا هێنایــە کایــەوە و تێڕوانینــی مرۆڤــی ئەوســای رۆژئــاوای بــۆ فۆرمێکــی تــر گــۆڕی، لەمــەڕ تێگەیشــتن لــە ئاییــن و جــۆری ژیانــی مــرۆڤ و رێزگرتــن لــە فیکــر و بۆچوونــی یەکــتری، هــاوکات پێکەوەژیانــی مرۆیــی بــووە خاڵــی بەهێــزی ســەرکەوتنی عەلمانییــەت، بەبــێ رەچاوکردنــی جیاوازییــە ئایینــی و نەتەوەیی و رەگەزییــەکان.

کەواتــە بۆمــان هەیــە بڵێیــن، سـێکۆلاریزم کۆمەڵگــەی لــە پاشــکۆیەتی پیاوانــی ئاییــن و خــودی ئاییــن رزگار کــرد، چــاوی کردنــەوە بەرانبــەر ئــەو هەمــوو پێشــێلکاری و چەوســاندنەوانەی بــە هــۆی ئایینــەوە دووچاریــان دەبۆیــەوە، لــە لایــەن ئــەو کەسانەی خۆیــان وەك نوێنــەری خــودا لەســەر زەوی هەژمــار دەکــرد، بــە ئیشــکردن لەســەر پیرۆزکردنــی کارەکتــەرە ئایینــی و دەســەڵاتدارە چەوســێنەرەکان، بەوپێیــەی لــە نێــوان پیاوانــی ئایینــی و دەســەڵاتدارە دەوڵەتمەدارییــەکان تێکەڵاویەکــی یەکجــار گــەورەش هەبــوو، بەشــێوەیەك بــە زەحمــەت دەتوانــدرا لــە یەکــتری جیــا بکرێنــەوە و بــە هاوبەشــی و هەماهەنگــی ئیشــیان بــۆ یــەك بەرژەوەنــدی و ئامانجــی تایبــەت دەکــرد، ئەویــش رامکردنــی مــرۆڤ بــوو، بــۆ ژێردەســتەیی و ســەیرکردنیان وەك کۆیلەیــەك، بەوپێیــەی لــە قۆناغــی پێــش سـێکۆلاریزمدا کۆمەڵگــە گیــرۆدەی دەســتی دامــەزراوە ئایینییــەکان بــوو، واتــە کۆمەڵگــەی رۆژئــاوا وەك ژێردەســتەی فەرمانــڕەوا ئایینییــەکان رەفتــاری لــە بەرانبــەردا دەکــرا، بــەڵام کاتێــك ســێکۆلاریزم بــە گوڕوتینێکــی زۆر و پاڵپشــت بــە هێــز و بەهــای مرۆیــی دێتــە پێشــەوە، ئیــدی ئەورووپــا بەشــێوەیەکی تــر

هەڵوەستە دەکات و دژ بە دامەزراوە و پیاوە ئایینییە چەوسێنەرەکان، کە بە ناوی پارێزگاری لە ئایین دەستییان خستبووە بینەقاقای تاکەکانی کۆمەڵگە، بە زاڵکردنی کەمینەیەك، بەڵێ کاتێك کۆمەڵگەی رۆژئاوایی لە رووی فیکرییەوە رادەپەڕێت و بەربەستە ئایینی و چەوسێنەرەکان تێکدەشکێنێت و کار بۆ گەڕانەوەی شکۆی مرۆیی دەکرێ، بەوەی سێکۆلاریزم داوای جیاکردنەوەی ئایینی دەکرد، لە دەوڵەت و باری پەروەردەیی و سیاسی و مەدەنی، ئەوکات گۆڕانکاری روویدا.

هەر دەسەڵاتێکی هەڵگری شوناس سێکۆلاریزمی، جیاوازی ناکات لە نێوان تاکەکاندا و رۆڵی بەهێزی چەوسێنەری ئایین و دامەزراوەکانی بەرانبەر بە کۆمەڵگە لاواز دەکات و لێرەدا مرۆڤ ئازادی و ژیان و کەرامەتی بۆ دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی توندڕۆی ئایینی و پاسەوانەکانی لە دەستی دابوون، یاخود لێی زەوت کرابوون، ئینجا چ ئەو ترسە خەیاڵییانەی گوایە دوای مردن هەن و چ ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی لە دنیادا دژ بەو خەڵکە دەکران، لەبەر ئەوەی دژی ئایین و پیاوەکانی دەوەستانەوە و کۆیلایەتییان قبووڵ نەکرد.

لە سەرووی هەموویانیشەوە ناشیرینکردنی ژیان لەبەر چاوی خەڵکی، بەو مانایەی مادام مردن هەیە، ئیدی پێویست ناکات مرۆڤ خەم بۆ ژیان بخوات و بە دوای چارەنووسی خۆیەوە بێت، خوداش خۆی هەموو شتەکان بەڕێوەدەبات و پێویستیش ناکات مرۆڤی باوەڕدار حەقی بەسەر کاری خوداوە هەبێت!

ئەمانە بەشێك بوون لەو گوتارە زۆرانەی لە لایەن کارەکتەری ئایینی بە هۆیانەوە ژیانیان پێ لەبەر چاوی خەڵك بێ بایەخ دەکرد و مردنیان بیر دەهێنانەوە، لەو لاتریشەوە خۆیان بە ژیان و کەیف و سەفاوە سەرقاڵ بوون و تا بینەقاقایان نوقمی پارە و سەروەت و سامان

و رابواردن ببوون و بە خەڵکەکەشیان دەگوت، پێویستە بە بەشی خودا رازی بن!

ئەم دەستەواژەیەش لە زۆربەی ئایینەکاندا هەیە و لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیشدا زۆر بە زەقی رەنگی داوەتەوە، بەوەی هەمیشە کاربەدەستە ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی فۆکەسی خەڵك لەسەر ناعەدالەتی و خۆشگوزەرانێتی خۆیان و خانەوادەکانیان لادەن، بە خەڵکی هەژار و نەداری موسڵمانیان گوتووە، ئەوەی هەتانە و نیتانە، لە لایەن خوداوە بۆتان دیاریکراوە و دەبێ نارەزایەتی دەرنەبڕن، واتە بە بەشی خودا رازی بن!

مەلای ئیسلامیش رۆڵی هەرە سەرەکی بینیوە لە زەقکردنەوەی ئەو دەستەواژانەدا، بە هۆی ئەوەی هەمیشە مەلا و کارەکتەرگەلی ئیسلامی نزیك لە دەسەڵاتدارەکان بوونە و بەرژەوەندی خۆیان پێش بەرژەوەندی خەڵکە هەژارەکە خستووە، دەسەڵاتدارە ئایینی و دەرەبەگەکانیش لە رێی کڕینی مەلاوە، هەمیشە خەڵکیان فریوداوە و بە گشتیش مەلایان بۆ شاردنەوەی ناعەدالەتی و ستەمکاری بەکارهێناوە.

دیارە عەلمانییەت لە پاڵ ئامانجەکانی دیکەشی چوارچێوەی فیکری لەسەر بایەخدان بە فێرکاری و پەروەردەیی و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا چڕکردووەتەوە، بە مەبەستی هوشیارکردنەوەی تاك لە دەست نەزانی و هەیمەنەی ئایینی، ئەمەش لە پێناو پووچەڵکردنەوەی فریودان و درۆی پیاوانی ئایینی کە بە ناوی ئایین و بەهەشتەوە خەریکی پەخشکردنی چەواشەکاری بوون، بۆیەش ناکۆکییەکی قووڵ کەوتووەتە نێوان هەڵگرانی فیکری سێکۆلاریزم و پیاوانی ئایینی، لەبەر ئەوەی تاکی هۆشیار لەناو هەناوی ئایین جێگەی نابێتەوە، پرسیار دەکات و خودی ئایین و دامەزراوە و پیاوەکانیشی دەخاتە بەردەم گومان

و زوومـی تێگەیشـتنێکی تازەتـر بـۆ گەیشـتن بـە راسـتی، ئەمـەش وەك بڤەیـەك دەبیندرێـت و پەراوێـز دەخرێـت، یـان ناچـار بـە بێدەنـگ بوونـی دەکرێـت، مەگـەر لـە مێـژووی ئیسـلامیدا تیـرۆر و بزرکـردن و کوشـتن و سـووکایەتیگەلێك بوونـی نییـە بەرانبـەر ئەوانـەی پرسـیار دەکـەن و دیوەکـەی دیکـەی ئاییـن لـە خەڵکـی دەگەیەنـن!

لێـرەدا ترسـی پیاوانـی مشـەخۆری سـەر جەسـتەی ئاییـن دروسـت دەبـێ، بـەوەی کارەکتـەری مشـەخۆری ئایینـی بەرژەوەندییـان لـەوەدا نییـە تاکەکانـی کۆمەڵگـە چاوکـراوە بـن و پرسـیار لەسـەر ژیـان و مـردن و ئاییـن و گـوزەران و مافەکانییـان بکـەن، ئەگـەر ئەمـەش روویـدا، بـێ هیـچ ئەمـلا و ئەولایـەك بەرژەوەنـدی و پێگەیـان دەکەوێتـە مەترسـی و لـە پێنـاوی مانەوەشـیاندا، دژایەتـی سـێکۆلاریزم دەکـەن و کارەکتەرەکانـی بـە گومـڕا، واتـە لـە ئاییـن هەڵگـەڕاوە نـاو دەبـەن و راسـتەوخۆش فەتـوای کوشـتن و هانـدان بـۆ توندوتیـژی دەدرێتـە پـاڵ هەڵگرانـی فیکـری سـێکۆلاریزم و خـودی چەمکەکـەش وەك پـڕۆژەی دژە ئاییـن وەسـف دەکـەن.

لـە کاتێکـدا جەوهـەری سـێکۆلاریزم بێدینکردنـی تـاك و کۆمەڵگـەی مرۆیـی نییـە، بەڵکـو دەیـەوێ سـەروەری مرۆڤـەکان بپارێزێـت لـە دەسـتی پاسـەوانەکانی ئاییـن، بـە جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتی دەوڵـەت و دامـەزراوەی ئایینـی، بـەو مانایـەی دەوڵـەت کاری خـۆی بـکات، بەبـێ جیاوازیکـردن لـە نێـوان مرۆڤـەکان لەسـەر بنەمـای جیـاکاری رەگـەزی و نەتـەوە و بـڕوای ئایینـی و بـێ بڕوایـی.

واتـە لەنـاو دەوڵەتـی سـێکۆلاردا تـاك وەك چـۆن دەتوانـێ هەڵگـری شوناسـی ئایینـی باوەڕپێکـراوی خـۆی بێـت، ئـاواش دەتوانێـت و بەپێـی یاسـاش بـۆی هەیـە، بێدینـی هەڵبژێرێـت و پابەنـد نەبێـت بـە هیـچ دینێکـەوە و تەنیـا وەك مرۆڤێـك بـژی، هەڵبـەت ئەمـەش مانـای ئـەوە

ناگەیەنێت سێکۆلاریزم بێدینی بڵاو دەکاتەوە، یاخۆ بۆ ئەوە هاتبێت سوکایەتی بە ئایین و باوەڕدارانی بکات، بەڵکو تەنیا مرۆڤەکان سەرپشك دەکات، لەوەی خۆیان بڕیار بدەن، کەسێکی پابەند بە ئایین بن، یان بەپێچەوانەوە، لەو نێوانەشدا دەوڵەتی سێکۆلار بڕیار و باوەڕی تاکەکان بە یەکسانی دەپارێزێت لەوەی بێدینی هەڵدەبژێرن، یان پابەندی ئاینداری خۆیان دەبن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە دەوڵەت بەپێی یاساکانی رێگری لە دیندارەکان دەکات بە ناوی بێدینی و گومڕابوونەوە مەترسی بخەنە سەر ژیانی خەڵکانێکی پابەندنەبوو بە ئایین، بە هەمان شێوەش رێگری لە بێدینەکانیش دەکات، سووکایەتی بە دامەزراوە و کارەکتەرەکانی ئایینی بکەن، کەواتە لەوەها دەوڵەتێکدا مرۆڤەکان باوەڕ و سەربەستیان پارێزراوە و رێگە نادرێ لەبەر هیچ بیروباوەڕێکی دیاریکراو ئازاری مرۆڤ بدرێت.

وەك ئاماژەی بۆ کرا، سێکۆلاریزم رووداوێکی گەورە بوو، بە هۆیەوە سەرلەبەری کولتوور و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێگەی ئایینی لە رۆژئاوادا بە لایەنە پۆزەتیڤەکەیدا گۆڕی و ئەوروپییەکانیش شانازی بەو هەوڵانەوە دەکەن، لە لایەن بیرمەندانی عەلمانییەوە دراون بۆ بە عەلمانیکردنی دەوڵەتەکانیان، لەبەر ئەوەی سێکۆلارییەت هیچی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا بێت، یاسا و پێشکەوتن و ئازادی بۆ تاکەکان فەراهەم کردووە و وای کردووە ئایین بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، واتە کلێسا، ئامانجی سەرەکی سێکۆلاریزمیش دەرکردنی ئایین نەبووە لە ناو کۆمەڵگە، ئەوە کۆمەڵگەی ئەوروپی بوون ئایینیان وەلانا، چونکە بە هۆی دەسەڵاتی ئایینەوە چەوسێنراونەتەوە و ئازادییەکانیان لێ زەوتکرا بوو، بە کۆیلەکردنیش پیشەی سەرەکی فەرمانڕەوا ئایینییەکان بووە، بە

پاڵپشتیی کاربەدەستانی دەوڵەت، بۆیە چەمکی سێکۆلاریزم بە خێرایی چووە ناو دڵی ئەورووپییەکان و کردیانە سیستەمی ژیانیان و ئومێدیان لە رێی ئەو چەمکە تازەیە بونیاتنایەوە، بەوەی دەیانزانی کۆمەڵگەکانیان رزگار دەکات لە دەستی پاسەوانەکانی ئایین و خورافاتەکانەوە، ئیدی رۆژ دوای رۆژیش دەسەڵاتی کڵێسا لە بەرانبەر سێکۆلاریزم لە پاشەکشە دابوو، چونکە تاکەکانی کۆمەڵگە لەو راستییە گەیشتبوون، ئەوەی بە ناوی ئایینەوە ئەنجامدەدران ناتوانێ خۆشبەختیان بکات، ئاخر هەموو هەوڵێکی مرۆ لە دونیا بۆ خۆشبەختییە، ئەگەر بزانێ بە هۆی ئایینەوە ناتوانێت خۆشبەختی بە دەست بێنێت، بۆچی ئامادە نەبێت بە دوای شتی ترەوە بگەڕێت، بۆ بەدەستهێنانی خۆشبەختی؟!

ئەوەتا ئەورووپا بە دوای خۆشویستنی ژیاندا گەڕا و وڵاتگەلێکی ئارامییان لەسەر ئاستی جیهاندا دامەزراند، ئەو دەوڵەتانەی کاریگەری ئایین بەسەریانەوە زاڵە، رۆژانە تێیاندا کوشتن و ئەتککردنی مرۆڤەکان دەبیندرێت، لە بەرانبەریشدا بە وڵاتانی سێکۆلاریزم دەگوترێت گوایە بەها و رەوشتیان نەماوە! کەچی خۆمان دەبینین چی لە وڵاتانی ژێرکاریگەری ئایین دەگوزەرێت و ئەو وڵاتانەیشی پەیڕەوی سیستەمی سێکۆلاریزم دەکەن، رۆژانە بە هەزاران پەنابەری ئایینە جیاوازەکان روویان تێدەکات، بۆ ئەوەی بە ئارامی بژین!

بە هۆی ئەو سەرکەوتنە بێشومارەی سێکۆلاریزم بە دەستیهێنا، لەباری دەوڵەتداری، ئەمە وایکرد تاکەکانی کۆمەڵگە غەیرە ئەورووپی، بەتایبەتی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە رووی فەرهەنگییەوە بکەونە ژێر کاریگەری فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانێتی سێکۆلاریزم و دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش ترسیان لێنیشت لێشاوی سێکۆلاریزم ئەو پێگە ئایینی و دەوڵەتدارییەیان لە دەست دەربهێنێت، بۆیەش بۆ

بەگژداچوونـەوەی ئـەو ڕەوتـە تازەیـەی ژیانـی گـۆڕی و ئەورووپایەکـی پێشـکەوتووی بەرهەمهێنـا، دەیـان گـرووپ و ڕەوتـی سـەلەفی ئیسـلامییان دروسـتکردووە، بـۆ ئـەوەی بـە هەڵـە پێنـاس بـۆ شوناسـی سـێکۆلاریزم بکەن و وا لـە تاکـی موسـڵمانان دەگەیەنـن، سـێکۆلاریزم ئامانجـی بێدینکردنـی کۆمەڵگـە موسڵمانەکانیشـە، ئەمـەش لای تاکێکـی گۆشـکراو بـە فیکـری ئیسـلامی قبووڵکـراو نییـە و دەوڵەتـە ئیسـلامییەکانیش لەبـەر ئـەوەی هەڵگـری ئەجێنـدای فیکـری مەدەنـی نیـن و گۆشـکراوی فیکـری ئایینیـن، نایـەوێ کاروبارەکانـی دەوڵـەت بەشـێوازی سـێکۆلارییانە بەڕێوەبچێـت و ئاییـن بگەڕێتـەوە بـۆ مزگـەوت و پیـاوە دینییـەکان کـە لێـرەدا مەبەسـت شـێخ و مەلاکانـە دوور بخاتـەوە لـە کاروبـاری هاووڵاتییـان.

بەپێچەوانـەوە لـە هـەر دەوڵەتێکـی ئیسـلامیدا وەزارەتـی ئیسـلامی بوونـی هەیـە و بـە مانـای تێکەڵاوکردنـی ئایینیـش دێـت لەگـەڵ دەوڵەتـدا و بـە دیوەکـەی دیکـەش دەوڵـەت دەیـەوێ لـە ڕێـی ئـەو وەزارەتـەوە پاڵپشـتیی جەمـاوەری میللـی ئایینـی بـە دەسـتبێنێت، ئەگـەر پاڵپشـتیی ئایینیشـی بـە دەسـتهێنا، ئـەوا جەمـاوەری چاونەکراوەشـی خسـتووەتە داوەکـەوە، وەك چـۆن سـەددام حوسـێن لـە لایـەك بانگەشـەی سۆشـیالیزمی دەکـرد و لـە لایەکـی دیشـەوە خەریکـی مزگـەوت دروسـتکردن و نووسـینی ئەلاهوئەکبـەر بـوو، لەسـەر ئـاڵای عێـراق و پەیمانگـەی ئیسـلامی دەکردەوە و دژایەتـی جولەکەکانیشـی دەکـرد، بـۆ ئـەوەی پێگـەی بەهێزتـر بێـت لەنـاو موسـڵمانەکان و سـەرئەنجام ئـەو پیـاوەی موسـڵمانەکان دڵیـان پێـی خۆشـبوو، بـە بەکارهێنانـی ئایـەت و سـوورەتی قورئانـی، موسـڵمانی کـوردی ئەنفـال کـرد و هەڵەبجـەی خلتانـی خوێنکـرد و دژایەتـی ئێرانـی ئیسـلامی کـرد، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی دەوڵەتـی شـیعەمەزهەب بـوو.

کەواتـە هەسـتی ئایینـی هیـچ کات خۆشـبەختی نەبـووە بـۆ مرۆڤایەتـی

لــە چوارچێــوەی دەوڵەتەکانــدا، بۆیــە جیاکردنــەوەی ئاییــن لــە کۆمەڵگــە ئیسـلامییەکان باشـترین کارێکە ئینسـانەکان خۆشـبەخت دەکات و لە دەست وەهمـە ئایینـی و سیاسـییەکان رزگاریـان دەکات، لـە بری ئەوەشـدا کۆمەڵگە بــە دوای دۆزینــەوەی ژیانێکــی شایســتەدا دەگەڕێــن بــە بەدەســتهێنانی هوشـیاری و بایەخـدان بـە تەکنەلۆژیـا و فێرکـردن و پـەروەردەی تاکـەکان و ئابوورییەکـی بەهێـز، راسـتەوخۆش دەوڵـەت دەیخاتـە خزمەتـی خەڵکـی، بــە پەیڕەوکردنــی عەدالەتــی کۆمەڵایەتــی و سـەروەری یاسـا دنیاییــەکان و دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات لـە رێگـەی بڕیـاری جەمـاوەرەوە و ململانێـی تاکەکانیـش لەسـەر داهێنانگەلێـك خزمەتـی مرۆڤایەتـی بـکات.

باشــووری کوردســتانیش بــەدەر نییــە لــە بوونــی ئیســلامی سیاســی و تونــدڕۆی ئایینــی، تــەواوی ئــەو گــرووپ و حیزبــە ئیســلامییانەی لــە باشـووردان، ئەوەنــدەی باشــکۆی فیکــر و ئایینــی عەرەبیــن، لــە خەمــی گــەورەی نیشــتماندا نیــن کــە لەوەتــەی هەیــە لــە لایــەن دەوڵەتــە ئیســلامییەکانەوە لــە رووی سیاســی و ســنووری و کولتــووری و زمــان و تەنانــەت ئایینیشــەوە داگیــر کــراوە، لەگــەڵ ئەوەشــی کــورد بزووتنــەوەی رزگاریخوازیــی هەبــووە بــۆ ســەربەخۆیی، بــەڵام بەربەســتەکانی بەردەمــی زۆر لــەوە گەورەتــر بوونــە، بــۆ ئــەوەی بتواندرێــت کیانــی خــۆی بنیــات بنێـت، ئـەو گرووپـە ئیسـلامییانەی باشـووریش بـەردەوام خەریکـی تێکدانی ئــەو دیوارانــەن کــە کــورد دەپارێــزن و بــەرەو ســەربەخۆیی دەبــات، لــە بڵاوبوونـەوەی کولتـووری ئایینـی تونـدڕۆوە بـۆ کولتـووری عەرەبـی بـە ناوی پیرۆزییـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی سـێکۆلاریزم زامنـی پێشـکەوتنی هـەر وڵاتێکـە لــە ئێســتادا، کەچــی ئیســلامییەکان چونکــە بەرژەوەندیــان لــە کرانــەوەی کۆمەڵگـە و هۆشـیاری تاکەکانـدا نییـە، بـە نـاوی بـێ رەوشـتی و بەڕەڵایـی و بێدینـی پێناسـەی دەکـەن بـۆ تاکـی کوردسـتانی، تـا لـەم رێگەیـەوە نەهێڵـن

سێکۆلاریزم ڕیشـەی لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان دابکوتێـت، چونکـە ئـەوان بـاش لـەوە گەیشـتوون گەشەسـەندنی فیکـری سـێکۆلاریزم، واتـای لاوازی پێگـەی ئاییـن دەگەیەنێـت، بەمـەش پێگـەی ئەوانیـش روو لـە لاوازی دەکات و گرەوی بەختیـان دەدۆڕێنـن، ئـەوەی زیاتریـش جێـی نیگەرانییـە، موجامەلـەی حیزبـە نەتەوەیـی و سـێکۆلارەکانە بـۆ ئیسـلامییەکان، بـەو بیانـووەی زۆرینـەی کۆمەڵگـە موسـڵمانن، ئـەوە هەڵەیەکـی سـتراتیژی و مێژوویـی گەورەیـە و ڕێگـە خۆشـکەر دەبـێ بـۆ گەشەسـەندنی ئـەو گـرووپ و تەیـارە ئیسـلامیانەی بوونـی خۆیـان لەنـاو فـەوزا و ناهۆشـیاری کۆمەڵگـەدا دەبیننـەوە.

ڕۆشـنبیر و حیزبـە سـێکۆلار و نەتەوەییەکانـی باشـووری کوردسـتان بەتایبەتـی و بەشـەکانی تـری کوردسـتان لـە بەرانبـەر هەژموونـی فیکـری دواکەوتـووی ئیسـلامی سیاسـی شکسـتخواردوون و نەیانتوانیـوە ئـەو پێناسـە هەڵانـەی ئیسـلامییەکان بـۆ سـێکۆلاریزم و دیموکراسـی کردوویانـە پووچـەڵ بکەنـەوە، بگـرە موجامەلەشـیان دەکـەن لە بەشـداری پێکردن لـە حکوومەت و لـە ڕابردووشـدا وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینـی کوردسـتانیان بـە تـەواوی خسـتبووە دەسـت ئـەو گرووپانـە، لـە بەرانبەریشـدا ئـەو گـرووپ و حیزبـە ئیسـلامییانە بەشـێوەیەك چوونەتـە نـاو هەنـاوی جەمـاوەرەوە، گوایـە تەنیـا ئەوانـن داکۆکیـی لـە ئایینـی ئیسـلام دەکـەن و حیزبەکانـی دیکـەش بـە کافـر و لـە ئاییـن هەڵگـەڕاو وەسـف دەکـەن و داوای دوور خستنەوەشـیان لـە کۆمەڵگـە دەکـەن.

لـە ئاینـدەدا باشـووری کوردسـتان باجـی گـەورە دەدات بەهـۆی ئیسـلامی سیاسـی، چونـك ژینگـەی باشـوور بـۆ بڵاوکردنـەوەی فیکـر و ئەفـکاری ئیسـلامی سیاسـی لەبـارە و دەسـەڵاتیش هیـچ پلانـی نییـە بـۆ پاراسـتنی کوردسـتان لـە دەسـت ئـەو داگیرکارییـە فیکـری و نەتەوەییـەی

بەڕێوەیە، ڕۆژانەش لە مینبەری مزگەوت و شاشەی تیڤی، ئیسلامییەکان سووکایەتی بە کۆمەڵگە و خەڵکانی مەسیحی دەکەن و بە بێڕەوشت و بەڕەڵا ناویان دەهێنن، کەچی کەس گوێیان بۆ ناگرێت و ئەوانیش بە سانایی دەچنە ناو ناخی جەماوەرەوە، لە کاتێکدا ڕۆژانە لە کۆمەڵگە موسڵمانەکان کە ئیسلامییەکان خوڵقاندوویانە بە هەزاران کەس تیرۆر دەکرێن و سووکایەتیان بەرانبەر دەکرێت و خەڵکی لە سێدارە دەدرێت و دەستی خەڵکی دەبڕدرێتەوە و ژن دەکوژرێت بە ناوی شەرەف و پاراستنی ئادابی ئیسلامی، کەچی ئەورووپا و سێکۆلاریزم بە کاولکەر ناو دەبەن! بەڵام باس لەو گەڕەلاوژەیەی لە عێراق و میسر و سووریا و ئێراندا هەیە، ناکەن، لە کاتێکدا ئیسلامییەکان خوڵقێنەرینە، مرۆ چی لە دەوڵەتێك بکات شارەکانی پڕ بن لە مزگەوت و مەلا و حاجی و شێخ، کاتێك هەموویان ئامۆژگاری ببەخشنەوە و گوێ بۆ یەك نەگرن! لەولاوەش کوشتارگە دروستبێت. کەواتە دەتوانین بپرسین ئایا ئەوەی لە ئەورووپا دەگوزەرێت باشترە، یان ئەوەی لە وڵاتانی ئیسلامی، لەسەر مەزهەب خەڵکی دەکوژرێت؟

# دەوڵەتی سێکۆلاریزمی و گرووپگەلی توندڕۆی ئیسلامی

ئەگەرچی سێکۆلاریەت بێ قوربانیدان و بە ئاسانیش خۆی فەرز نەکرد، بەڵکو بە هۆی بانگەشەی سێکۆلاریەتەوە، کەسانێکی زۆر ئازار دران و کۆسپی گەورەش خرایە بەردەم گەشەی ئەو فیکرە مرۆییە، بەڵام تینووێتی مرۆڤی ئەوکات و ئێستاش بۆ ئازادی و خۆشبەختی، وایکرد ئەم فیکرەیە لە زۆربەی کایەکانی تری ژیاندا رەنگ بداتەوە و ژیانی خەڵکیش تا ئاستێکی دیار لە دەست ستەم و نادادپەروەری رزگار بکات، بە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ.

ئەورووپای ئێستاش بەرهەمی گەشەی فیکری سێکۆلاریەتە، رۆژ دوای رۆژیش ئەم کیشوەرە بە هۆی پێشکەوتنی سیستەمەکانیانەوە، کە سەرچاوەکەی لە فیکری سێکۆلاریزم وەرگیراوە، کاریگەری بەسەر ناوچەکانی تری جیهاندا دروست دەکات، بەوپێیەی مرۆڤ وەك کائینێك بە سرووشت هەمیشە بە دوای بەختەوەری و خۆشگوزەرانییدا

دەگەڕێت، ئەو بەختەوەری و خۆشگوزەرانییەشی بە دوایدا دەگەڕێت، سەرەتاکەی لە ئەورووپا دەرکەوت، بە هۆی جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لە یەکدی.

مەسیحییەت بە هۆی سەرکەوتنی ئەو فیکرەوە تا ئاستێکی باش شکۆی بۆ گەڕایەوە، واتە کەمتر تۆمەتبار دەکرێ بەوەی دەستی هەیە لە خراپەکاریدا، چونکە فەرمانڕەواکان ئایینیان بۆ مەرامی سیاسی بەکاردەهێنا و بەمەیش ئایین لە کردەوە ناشیرینەکانی فەرمانڕەواکان دەگلا و تاکی مەسیحیش بە هۆی ئەزموونکردنی سێکۆلاریەت لە کاروباری دنیاییدا، تەواو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئیدی دەبێ مرۆڤ لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت، بەبێ دژایەتیکردنی ئایین، وەك گوتمان عەلمانییەت ئامانجێکی پێکەوەژیانیشە، هیچ کاتیش لە ئەورووپا، واتە جیهانی مەسیحییەت بانگەشەی بێدینی نەکردووە، ئەوەی کردویانە جیاکردنەوەی ئایین بووە لە دەوڵەت و وەك کردەیەکی پۆزەتیڤیش سەیری دەکەن و بە هۆیەوە ململانێ لەناو کۆمەڵگەدا کەمبووەتەوە و هەمووانیش لە چوارچێوەی دەوڵەتدا لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەڵسوکەوت و مومارەسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئازادی خۆیان دەکەن، تا ئاستێکی زۆریش ئارامی و هەستی مرۆڤدۆستیی بە کۆمەڵگە بەخشیوە، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگە موسوڵمانییەکاندا بە هۆی غیابی فیکری سێکۆلاریزم و هەستی پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن، لە سیستەمی بەڕێوەبردن و حوکمڕانێتی دەوڵەت و هاوکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، کارەساتی گەورەی مرۆیی دروستکردووە و جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەشی لە ڕۆژئاوادا، کاریگەرییەکانی بەرەو ڕۆحی وڵاتانی ئیسلامیش شۆڕبووەتەوە، واتە سێکۆلاریزم

هاتووەتــە نــاو جیهانــی ئیســلامیش، ئینجــا کــەم بێــت یــان زۆر، ئەمــە پرســێکی دیکەیــە، ئەگەرچــی ناتوانیــن ئامــاژە بــە ئەزموونێکــی تــەواو سـێکۆلاری بکەیـن لـە وڵاتێکـی ئیسـلامیدا، بـەڵام بێشـك کاریگـەری فیکـری سـێکۆلاریەت بەسـەر عەقڵییەتـی زۆرێـك لـە تاکـی موسـڵمانانەوە هاتووەتـە ئـاراوە، ئەمـەش نیگەرانـی تونـدڕۆ ئیسـلامییەکانی لێکەوتووەتـەوە، بـەم هۆیـەوەش چەنـدان گـرووپ و تەیـاری ئیسـلامی دروسـتبوونە بـۆ دژایەتـی فیکـری سـێکۆلاریەت و بانگەشـەی غەدرکـردن یـان ترسـی نەمانی ئیسـلام بە گوێـی خەڵکیـدا بـڵاو دەکەنـەوە، تـا لـەم رێگەیـەوە کۆمەڵگـەی موسـڵمان دژایەتـی خـۆی بـۆ دیموکراسـی و سـێکۆلاریزم رابگەیەنێـت و تۆمەتباریـان بـکات بـە پـڕۆژەی بێدینکردنـی کۆمەڵگـە بـە تایبەتـی لـە دژی ئیسـلام.

هەڵبــەت ئەمــەش خوێندنەوەیەکــی هەڵــەی گرووپــە تونــدڕۆ ئیسـلامییەکانە بـۆ فیکـری سـێکۆلاریەت، کـە لـە بنەڕەتـدا سـێکۆلاریزم بـۆ دژایەتـی ئاییـن دروسـت نەبـووە، بەڵکـو هۆشـیاری بـڵاو دەکاتـەوە بەرانبەر قۆرخکردنـی ئاییـن و بەکارهێنانـی بـۆ بەرژەوەنـدی تەسـکی دەسـەڵاتدار و پیاوانـی ئایینـی، بـەوەی دەیانەوێـت ئاییـن وەك کەرەسـتەیەك بە ئـارەزووی خۆیـان بەکاربهێنـن و چۆنیـان بوێـت، ئـاوا ئیشـی لەسـەر بکـەن، ئاخـر ئـەو گـرووپ و حیزبـە ئیسـلامییانەی دەڵێـن سـێکۆلاریەت و دیموکراسـی بـۆ بڵاوکردنـەوەی بێدینـی دروسـتبوونە، خەریکـی بڵاوکردنەوەی چەواشـەکارین و تۆمـەت بـۆ دیموکراسـی و سـێکۆلاریەت دروسـت دەکـەن، لەبـەر ئـەوەی سـێکۆلاریزم داوای ئـازادی بـۆ مـرۆڤ دەکات لـە هەڵبژاردنـی جـۆری ژیانیدا و نـەك وەك ئـەو شـێوە ژیانـەی ئێسـتاکە لـە وڵاتانـی ئیسـلامی و عەرەبیـدا هــەن، کێشــە و ململانێــکان لەســەر مەزهــەب و جیــاوازی تێڕوانیــن بــۆ هەندێــك بەهــای ئایینــی و کولتــوری قووڵبوونەتــەوە و بــەم هۆیــەوەش رۆژانـە بـە سـەدان کـەس بـە ناشـیرینترین شـێوە کۆتایـی بـە ژیانیـان دێـت

و کەسیش لە بەرانبەر ئەو کوشتارگەیەدا هەڵوێستیی روونی نییە، کۆمەڵگەی مرۆیی موسڵمانانیش تا ئەوپەڕی بێ بایەخ بووە و هەر رۆژەی گرووپێك دروست دەبن، بە ناوی ئیسلامەوە خەڵکی دەکوژن و تەکفیری یەکتری دەکەن.

قاعیدە لاواز دەبێت، جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام پەیدا دەبن، ئەوانەش لاواز دەبن، ئیدی داعش دێت و لەولاوەش ئیخوانەکان بە هەموو شێوەیەك خەریکی دروستکردنی بەرەی دژە دەسەڵاتە غەیر ئیسلامییەکانن و ئامانجیان گەڕانەوەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانە بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی، هاوکات لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش سەرجەم حیزبە ئیسلامییەکان هەستی دواکەوتوویی ئایینی و ترادیسیۆنی توندڕۆیی بڵاو دەکەنەوە، بەو ئامانجەی کۆمەڵگە رام بکەن، تەواوی ئەو گرووپە ئیسلامیانەش لەناو خودی خۆیاندا دژایەتی یەکتری دەکەن و کارەکانی یەکدیش رەت دەکەنەوە و زیانمەندی یەکەمی ئەو ململانێیانەش تەنیا مرۆڤی ئەو کۆمەڵگە ئیسلامیانەیە، کار بەوە گەیشتووە بوونەتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتییش.

ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەو گرووپ و حیزبە ئیسلامییانە بێتاقەت نابن لە ململانێ و ئەنجامدانی کردەی کوشتن و توندوتیژی بەرانبەر مرۆڤایەتی، توندوتیژی و کوشتن خەریکە وەك کولتووری ئەو کۆمەڵگایانەی لێدێت، لە بری دیالۆگیش، هەڵبژاردەی توندوتیژی پەسەند دەکرێت، دواجاریش گرووپی توندڕۆی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش» جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵکرد و هەرچی کارێکی نەشیاو و دژە مرۆیی هەبوو، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەیان لە مووسڵ و چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراق و سووریادا بەرانبەر مرۆڤ ئەنجامیدا، بە جۆرێك ئێزیدییەکانی نزیك شاری مووسڵیان جینۆسایدکرد

و مەسیحییەکانیشـیان ئـاوارەی هەرێمــی کوردسـتان کـرد و بــە هــەزاران کەسـی دیکەشـیان سـەربڕی و کوشـت، هـاوکات دەسـتیان لـە تاڵانکردنـی ماڵوحاڵـی خەڵکـی و دامودەزگـەی میـری نەپاراسـت و ئـەوەی کوشـتیان، کوشـیتان، ئـەوی دیکەیـان تاڵانکـرد و رووخانـد!

کەچـی یـەك وڵاتی ئیسـلامی هەڵوێسـتێکی دیـاری بەرانبەر ئـەو گرووپە تیرۆریسـتییە نەبـوو، تەنانـەت ئێسـتاش بێدەنگـن، لـە کاتێکـدا چالاکـی گرووپەکـە بەردەوامـی هەیـە، بەڕاسـتی داعـش بووەتـە مەترسـی لەسـەر ناوچەکـە و کوردیـش بەتایبەتـی، ئاخـر کـورد زیاتـر لـە هـەر نەتەوەیەکـی تـر ترسـی لـە دووبارەبوونـەوەی کارەسـاتی مرۆیـی هەیـە، بـە هـۆی ئـەوەی لـە رابـردوودا ئەنفالکـراوە و هەڵەبجـەی بەسـەردا هاتـووە، بۆیـە جیهـان دەزانێـت پێویسـتە رێگـری بکرێـت، بـۆ ئـەوەی دووبـارە کـورد دووچـاری کارەسـاتی تـر نەبێتـەوە، بەدەسـت ئـەو گرووپـە ئیسـلامییە توندرۆیانـە، بۆیـە هـاوکاری سـەربازیان پێشکەشـی پێشـمەرگە کـرد، ئەگەرچی لە ئاسـتی داخوازیـش نەبـوو، بـەڵام باشـتر بـوو لـەوەی هـەر هیـچ نەکرایـە.

ئێسـتاش فیکـری سـێکۆلاریزم لـە سیسـتەمی بەڕێوەبردنـدا لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـی رۆژئاواییـدا بووەتـە سـەرچاوەی بەڕێوەبردنـی چەنـدان دەوڵەتـی پێشـکەوتووی ئەورووپـا و ئەمەریـکا، وەك ئەزموونێکـی سـەرکەوتووش تەماشـای دەکـرێ و کەمتریـن کێشـە و گرفـت لـەو وڵاتانـەدا هەیـە کـە لەسـەر بنەمـای سـێکۆلاریەت بەڕێـوە دەبرێـن، بەتایبەتـی کێشـەی ئایینییـان نییـە، بـە هـۆی ئـەوەی سـێکۆلاریزم بەپێچەوانـەی وڵاتانـی ئیسـلامی، ئایینـی لـە دەوڵـەت جیاکردووەتـەوە و بەمـەش ئاییـن چۆتـەوە شـوێنی خـۆی و دەوڵەتیـش بـە کاروبـاری هاووڵاتییانـەوە سـەرقاڵە، بەبـێ رەچاوکردنـی جیاوازییـە ئایینـی و نەتەوەیـی و سیاسـییەکان، بـە واتـا هاووڵاتیبـوون ئەولەویەتـی هەیـە و ئەمـەش فاکتـەری سـەرەکی بـووە لـە

خۆشبەختکردنی کۆمەڵگە لە سایەی سیستەمی سێکۆلاریەتدا.

بەپێچەوانەوە ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدات بۆچوونی خۆی لە بەرگی ئاییندا لە ڕێی دامەزراوە حکومی و ئایینیەکان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت و کۆمەڵگەش بەسەر حەرام و حەڵالدا دابەش و تەکفیری خەڵکیش بکات، لەسەر ئەوەی هاوشێوەی ئەوان بیر ناکاتەوە و دینداری ناکات. لە لایەکی دیکەوە، ئەم گرووپانە بە هەموو شێوەیەك سیستەمی دیموکراسی ڕەتدەکەنەوە، بەو تێگەیشتنەی گوایە دیموکراسی کۆمەڵگە بەرەو بێدینی دەبات، بەڵام هەندێك لەو گرووپ، یان حیزبە ئیسلامییانە بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان زۆرجار بانگەشەی دیموکراسی دەکەن، بەو نییەتەی لە ڕێی پەیژەکانی دیموکراسی، چنگ لە دەسەڵات گیر بکەن و دواتر ئەوەی دەیانەوێ ئەنجامی بدەن. نموونەش ئیخوانەکانی میسرە، کاتێك دەسەڵات دەگرنە دەست، لە ماوەیساڵێکدا کۆمەڵگە نارەزاییەکانی تا ئاستی خۆپیشاندان بەرز دەبێتەوە و ئیدی میسرییەکانیش دەسەڵاتی ئیخوانیان پێ قبووڵ نەکرا، بە هۆی ئەوەی نەیانتوانی ژیانی خەڵك بەشێوەیەك بەڕێوەبەرن، لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، سەرئەنجام ئێستا ئەو گرووپە وەك تیرۆریست لە چوارچێوەی یاساکانی حکوومەتی میسردا ناسراون.

عەلمانییەت «سێکۆلاریزم» وەك باسمان کرد لە کرۆکدا بە مانای بێدینی نایەت، تەنانەت هەوڵی بێدینکردنی کۆمەڵگەش نادات، وەك لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا بەمجۆرە پێناسەی هەڵەی بۆ کراوە. بەڵکو سیستەمێکی فیکری سیاسی و مەدەنییە و دەخوازێ دەسەڵاتی ئایین، مەبەست لە دەسەڵاتی ستەمکارانەی دەوڵەتی تەقلیدی و شمولییە، تێکەڵ بە کاروباری دەوڵەتی و ئایینی نەکرێن و ئایینیش لە چنگی ئەو مۆدێلە لە دەوڵەتدارییە رزگار بکات، بە هیچ شێوەیەکیش ئەمە مانای

بێدینـی نییـە، تەنیـا زەمینـە دەڕەخسـێنێ بـۆ ئـەو دەوڵـەت و نەتـەوە و کۆمەڵگـە و کەسـانەی خۆویسـتانە دەخـوازن لـە کاری ڕۆژانەیانـدا پابەنـدی ئاییـنداری نەبـن، یـان ڕەتـی دەکەنـەوە.

لـە دەوڵەتـی سـێکۆلاریزمیدا زەمینەیەکـی تەندروسـت بـۆ خوداپەرسـتی و دینـداری دەڕەخسـێندرێت و بـەو مەرجـەی دەسـت لە کاروبـاری مەدەنی دەوڵـەت وەرنەدرێـت، بەڵکـو بەشـێوەیەك لـە دەوڵەتـی عەلمانیـدا دەکـرێ دیـواری مەیخانەیـەك بـە تـەك دیـواری کڵێسـایەك و مزگەوتێکـەوە بێـت، بـەوەی یاسـایەکی مەدەنـی هەیـە، ڕێگـری دەکات لـەوەی سەرخۆشـێك هێـرش بکاتــە سـەر مزگەوتێـك و کڵێسـایەك، یـان کەسـێکی بێدیـن سـووکایەتی بـە بـاوەڕی ئایینـی باوەڕدارێـك بـکات، ئەمانـە ڕێگـە پێـدراو نیـن، بـە هەمـان شـێوەش هیـچ نوێژخوێنێـك یـان باوەڕدارێکـی مەسـیحی و ئیسـلامی، بۆیـان نییـە پابەندبوونـە دینییەکـەی خۆیـان بەسـەر ئەوانـی دیکـەدا زاڵ بکـەن بـە هـۆی ئـەوەی پابەنـدی ئاییـن نابـن، ئەمـەش واتـای ڕەخسـاندنی زەمینەیەکـی لەبـارە بـۆ مومارەسـەکردنی مـاف و ئازادییەکانـی تـاك.

لێـرەدا عەلمانییـەت بـە سـەروەربوونی یاسـا، چاودێـر دەبێـت بەسـەر هەردوولایـان و ڕێگریـش لــە توێـژە جیاوازەکانــی کۆمەڵگــە دەکرێـت، ئەگـەر بیانەوێـت پێشـێلکاری بەرانبـەر بەوانـی دیکـە ئەنجامبـدەن، بەمەش ڕێـڕەوی کۆمەڵگـە لەسـەر سرووشـتی ڕاسـتەقینەی بـە سیسـتەمکراودا ڕێـك دەخرێـت، واتـە دەوڵـەت هـی هەمـوو توێـژەکان دەبێـت، بەبـێ هیـچ جیاکارییـەك.

کەوایـە جیاوازییەکـی ڕیشـەیی لـە نێـوان دەوڵەتـی ئایینـی و دەوڵەتـی عەلمانیـدا هەیـە و لـە دەوڵەتـی ئایینیـدا مـرۆڤ ناچـار دەکـرێ بـەوەی پابەنـدی ترادیسـیۆن و پیرۆزکراوەکانـی کۆمەڵگـە بێـت، تـا ئاسـتی

لێسەندنەوەی بەشێك لە ئازادی و مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەڵام لە دەوڵەتی عەلمانیدا مرۆڤ خۆی سەنتەرە و هیچ کەس و لایەنێکیش بۆیان نییە وەك کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەوەی یاسای مەدەنی سەروەرە بەسەر هەموو شتێکدا و پانتاییەکی فراوانیش بۆ دیموکراسی و ئازادی تاك و مافە مرۆییەکان دەڕەخسێت و لە پاڵ ئەوەشدا دەوڵەت بایەخێکی زۆر بە بواری زانست و پەروەردەیەکی خۆگونجێن لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستییەکان دەدات، بە ئامانجی خۆشبەختی مرۆڤ، بەبێ جیاوازی ئایدیای سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و رەگەزی.

دەوڵەتانی ئیسلامی پێویستییان بەوەیە سیستەمی عەلمانی قبووڵ بکەن و هاوکات شەڕی سارد و گەرمی شیعە و سوننەش پەراوێز بخەن، ئەگینا چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان زەحمەت دەبێت، بەوپێیەی شیعەگەرایی و سوننەگەرایی، پەتای کۆمەڵگە ئیسلامییەکانن و بە هۆیانەوە دەیان رێکخراوی توندڕۆیی ئیسلامی دروستبوونە، بەشێکی زۆری خەتای ئەو پەتا کوشندەیەش، هۆکارەکەی خەڵك خۆیەتی، کە بە فیتی سیاسییەکان و فەتوای مەرجەعە ئایینییەکان هەڵدەپەڕن و هێرش دەکەنە سەر یەکتری. کاتێك داعش لە ساڵی ٢٠١٤ مووسڵ دەگرێت، لە بری ئەوەی بەخێرایی ئەو گرووپە راوبندرێت، بەداخەوە دوو ساڵی رێك پرۆسەی ئازادکردنی مووسڵ بە هۆی ململانێی ناتەندروستی شیعە و سوننە دواکەوت، کاتێکیش پرۆسەکە دەستپێکرد، کارەساتی مرۆیی روویدا بوو بە هۆی ئەوەی داعش زۆر بەهێز ببوو، تەنانەت کردەوە قێزەوەنەکانی هێزێکی چەپەڵی وەك داعشیش، نەیتوانی جیاوازییە مەزهەبییەکان لە ناو ببات، بەپێچەوانەوە زیاتریشی کردن، وەك لە کاردانەوەی سوننەدا،

هێزێکـی میلیشـیای وەك حەشـدی شـەعبی دروسـت دەبـێ و لـە بـری شـەڕی داعـش، هاووڵاتییانـی سـڤیلی سوننە ئـازار دەدات، ئەگـەر ململانێـی دەوڵەتانـی شـیعی و سـوننی و کەسـایەتییە سیاسـی و ئاینزاکانـی ئـەو دوو مەزهەبـە نەبووایـە، دەرکردنـی داعـش لـە ڕەققـە و مووسـڵ، لـە دەرکردنـی مێگەلێـك مـەڕ لـە نـاو لەوەڕگەیەکـدا ئاسـانتر دەبـوو، بـەڵام ئـەو ململانێیـە وایکـرد، دەرکردنـی داعـش بـۆ سـوپایەکی زەبەلاحیـش زەحمـەت بێـت، چونکـە سـەرکردە سیاسـی و سـەربازییەکانی عـەرەب، ئەوەنـدەی خەریکـی ململانێـی مەزهەبـی بـوون، هەوڵـی کۆتاییهێنانـی داعشـیان نـەدەدا، تـا دواجـار بـە هـاوکاری ئەمەریـکا و هاوپەیمانـان داعـش لـە مووسـڵ دەرکـرا، بـەڵام وەك گرووپێکـی فیکـری تونـدڕۆی ئیسـلامی، هەمیشـە لـە ناوچەکـە دەمێننـەوە، بـە هـۆی ئـەوەی داعـش خـۆی عەقڵییـەت و بـاوەڕە.

عەلمانییـەت تا ئێسـتا لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا نەبووەتـە پڕۆژەیەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی قبووڵکـراو، بـە هـۆی ئـەوەی خوێندنـەوەی هەڵـەی زۆری بـۆ کـراوە، ئـەو خوێندنەوانـەش بەشـێکی تێنەگەیشـتنن لـە عەلمانییـەت و بەشـە زۆرەکەشـی حیزبـی ئیسـلامی سیاسـی بـە ئەنقەسـت خوێندنـەوەی بـۆ کـردووە و یەکسـان بـە کوفـر و ئیلحـادی کـردووە، لـە کاتێکـدا بەدبەختـی کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان بـۆ تۆخکردنـەوەی جیاوازییـە مەزهەبـی و سیاسـییەکان دەگەڕێتـەوە و ئیسـلامی سیاسـیش پشـکی شـێری ئـەو ئاڵۆزییانـەی بەردەکەوێـت، بەوپێیـەی پەرەسـەندنی ئیسـلامی سیاسـی لـە کۆمەڵگـە نائـارام و هـەژارەکان دەرفەتـی زیاتـرە تـا لـە کۆمەڵگەیەکـی دیموکراسـی و خۆشـگوزەران. بۆیـەش ئیسـلامی سیاسـی بـە هەمـوو شـێوەیەك هەوڵـی شـێواندنی عەلمانییـەت دەدات تـا کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان لـە نـاو ململانـێ و شـەڕی مەزهەبـی و هەژاریـدا بمێننـەوە، بـۆ ئـەوەی لـەو دۆخـە ئاڵـۆز و هـەژارەدا گەشـە بکـەن.

# پابەندبوونی ئیسلامی سیاسی به شوورا یان دیموكراسی

دیموكراسـی یاخـود دەسـەڵاتی گـەل، هەنووكـە دیارتریـن سیسـتەمی سیاسـییە لـە جیهانـدا بەشـێوەیەكی گشـتیی لـە بەڕێوەبردنـی زۆرێـك لـە وڵاتانـدا پشـتی پێدەبەسـترێت، ئەمـەش لـە ئەنجامـی پێشـكەوتنی فیكـری مرۆڤایەتـی بـۆ ڕێكخسـتنی كاروبـاری كۆمەڵگـە و هاووڵاتییـان بایەخـی پێـدراوە، یاخـود بـە پێویسـت زانـراوە، بـەو مانایـەی ئـەو هاووڵاتییانـەی لەژێـر سـایەی سیسـتەمی دیموكراسـییدا دەژیـن، دەبنـە سـەنتەری شـتەكانی تـری كۆمەڵگـە، واتـە مـرۆڤ لـە سـایەی ئـەو سیسـتەمە دیموكراسـییەدا خـۆی خاوەنـی بڕیـاری خـۆی دەبێـت و نوێنەرێـك بـۆ ڕێبەرایەتیكردنـی كۆمەڵگـە دیـاری دەكات، پێچەوانـەی ئـەو كۆمەڵگـە و وڵاتانـەی سیسـتەمی شـمولی تێیانـدا باڵادەسـتە و هاووڵاتییـان خاوەنـی بڕیارێكـی سـەربەخۆی خۆیـان نیـن، لـە دیاریكردنـی چارەنـووس و كەسـێك بـۆ ڕێبەرایەتیكردنـی كۆمەڵگەكەیـان.

ئەگەرچـی دیموکراسـی سـەرەتا لـە کۆمەڵگـە ئەوروپییەکانـدا بـە دیاریکراویـش لـە وڵاتـی یۆنانـدا سـەری هەڵـداوە، باشـتروایە بگوتـرێ وەك کولتوورێـك ئامادەگـی هەبـووە و بەپێـی گۆڕانـکاری و هەلومەرجـی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی و سیاسـیش گەشـەی کـردووە و هـەر زووش کاریگەرییەکانـی بـە شـوێنانی دیکەشـدا بڵاوبووەتـەوە، تەنانـەت بـە کۆمەڵگـە غەیـرە ئەوروپـی و رۆژئاواییەکانیـش کـە بەهـای ئایینـی و کولتوورییـان جیـاوازی زۆری لەگـەڵ ئەوروپییەکانـدا هەیـە، بـە دەلیلـی ئـەوەی بووەتـە پێویسـتییەکی مرۆیـی و لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهانیشـدا کەڵکـی لێوەرگیـراوە.

نموونـە زیندووەکانـی ئێسـتاش ئەزموونـی پێشـکەوتووی وڵاتانـی ئێسـتای رۆژئاوایـە کـە مـرۆڤ تێیانـدا رێـزی گیـراوە و شـکۆی مرۆییـان پارێـزراوە و کـۆی ئـەو سیسـتەم و یاسـا و رێنماییانـەی دەوڵەتیـش دایاندەنێـت، دەبـێ لـە خزمەتـی مرۆڤـدا بـن. هـەر لەبـەر ئەوەشـە دیارتریـن پێناسـە بـۆ دیموکراسـی ئەوەیـە کـە جەجـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە و بـە دەسـەڵاتی گەلـی ناودەبـات، واتـە دیموکراسـی بـە مانـای دەسـەڵاتی گـەل یانـی هاووڵاتییـان لێکدراوەتـەوە.

راسـتە لـە زۆربـەی وڵاتانـی غەیـرە ئەوروپـی و رۆژئاواییـەکان، واتـە بلۆکـی مەسـیحییەت، بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان بانگەشـە بـۆ دیموکراسـی دەکرێـت و هەوڵیـش دراوە بایەخـی هەبێـت لـە بەڕێوەبردنـدا، بـەڵام نموونەیەکـی تـەواو سـەرکەوتووی دیموکراسـی لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا بەتایبەتـی نادۆزینـەوە، کاریگـەری خێـڵ و تایەفـە و مەزهەبـە جیـاوازەکان بەسـەر باکگراونـدی فیکرییـان زاڵ نەبێـت، ئـەوەی لـە رۆژهەڵاتـدا و بەتایبەتیـش وڵاتانـی عەرەبـی بـە نـاوی دیموکراسـی بانگەشـەی بـۆ دەکـرێ، وێنایەکـی تـەواوی دیموکراسـی

نییـه، هــەر وەك گوتــرا دیموکراســی ســەرەتا کولتــووری مرۆییــە، ئینجــا سیســتەمی سیاســی بــە هــۆی غیابــی ئــەو کولتوورەشــەوە، دیموکراســی گەشــەی نەکــردووە.

هەندێکجــار دیموکراســی بەتایبەتــی لــە پرســی هەڵبژاردنــدا زیانــی بــۆ کۆمەڵگــە و بگــرە جیهانیــش بــە گشــتی هەبــووە، ئەگــەر نموونەکانــی کەمیــش بــن، بــەڵام هــەن، لــە نموونــەی ئەدۆڵــف هیتلــەر کــە لــە رێــی هەڵبژاردنــەوە، واتــە بــە هــۆکاری ســوودوەرگرتن لــە دیموکراســی گەیشــتە ســەرۆکایەتیی ئەڵمانیــا و پاشــان هــەم کۆمەڵگــەی ئەڵمانــی و هەمیــش جیهانــی دووچــاری کێشــە وماڵوێرانــی گــەورە کــرد و تــا ئــەم چرکــە ســاتەش لــە هەنــدێ رووەوە، ئەڵمانیــا باجــی هەڵەکانــی هیتلــەر دەدات و بــە چاوێکــی شــەرەنگێزانەش ســەیری هــەر تاکێکــی ئەڵمانــی دەکرێــت، گوایــە لەنــاو ئــەو کۆمەڵگەیــەدا نازیــزم ســەریهەڵداوە.

کەواتــە دیموکراســی ئەگــەر بــە هەڵــە بەکارهێنــدرا، دیکتاتۆرییــەت دروســـت دەکات، هەروەهـــا لـــە نموونەیەکـــی تـــازەی میـــسری دوای رووخانـــی حوســـنی موبارەکیشـــدا، ئیخـــوان موســـلمین لـــە رێـــی هەڵبژاردنــەوە، محەمــەد مۆرســی دەگەیەننــە دەســەڵات و ئیــدی لــە مـــاوەی تەنیـــا یـــەك ســـاڵی دەســـەڵاتییاندا هەوڵـــی جـــدی ئیخـــوان و ئــەو پیــاوە بــە ئیخوانــی و ئیســلامی سیاســییکردنی کۆمەڵگــەی میــسری دەبێــت، لەســەر بنەمــا و تێگەیشــتنە فیکرییەکانــی ســەید قوتــب کــە پێیوایــە جیهــان و کۆمەڵگــە موســڵمانییەکان جاهیلبوونــە و پێویســتە بــە بەرنامــەی ئیســلامی و جیهادکــردن چارەســەری ئــەو جاهیلبوونــە بکرێــت و هەمــوو رێگەکانیــش تاقــی بکرێنــەوە بــۆ سەرخســتنی فیکــری ئیخوانــی تــا جیهــان لــەو جاهیلییەتــە رزگاری بێــت و بــە بەرنامــەی ئیســلامی ســەرپۆش بکرێــت.  بــەڵام ئــەو چەنــد نموونەیــە نابنــە هــۆی

ئـەوەی ئێمـە خاڵـە هـەرە باشـەکانی دیموکراسـی نادیـدە بگریـن، یـان نەیانبینیـن، مەگـەر ئـەوە دیموکراسـی نییـە، ئێسـتا وڵاتانـی ئەورووپایـی لەسـەری دەڕۆن و هاووڵاتییەکانیـان لـە خۆشـگوزەرانییەکی یەکجـار ئاسـت بـەرزدا دەژیـن و رۆژانـەش بـە هـەزاران کەسـی موسـڵمان لـە وڵاتانـی عەرەبـی و غەیـرە عەرەبـی، بـە رێـی قاچـاغ و هۆکارەکانـی تـر، روو لـەو وڵاتانـە دەکـەن، لـە کاتێکـدا سیسـتەمەکانیان دیموکراسـی و سـێکۆلاریزمین، کەوایـە دیموکراسـی چونکـی بایـەخ بـە خـودی مـرۆڤ دەدات و مـرۆڤ لـە سـایەیدا دەبێتـە سـەنتەر، ئەوەتـا وەك دەرکەوتەیەکـی مۆدێرنـە پراکتیـزە دەکرێـت و ئـەو ژینگەیـەی دروسـتی کـردووە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ لـە سـایەیدا بـە ئارامـی بژیـەت و هەسـت بـەوە بـکات ژیـان و شـکۆی مرۆیـی پارێـزراوە.

زۆرێـك لـەو حیزبـە ئیسـلامییانەی ئێسـتا هـەن و جوڵـەی سیاسـی بەرچاویـان هەیـە و رەخنـەی دیموکراسـی دەکـەن، لـە بنەمـای فیکریانـدا شـوورا بەهایەکـی نەگـۆڕی هەیـە و بـە گەڕانـەوەش بـۆ دوای مردنـی پێغەمبـەری ئیسـلام، پرسـی شـووراش هاتەکایـەوە، لـە کاتـی مردنیـدا پەیامبـەری ئیسـلام، هیـچ کەسـێکی لـە دوای خۆیـدا بـۆ رێبەرایەتیکردنـی موسـڵمانان دیـاری نەکـرد، بـەڵام کاتێـك لـە ژیانـدا نامێنێـت، خـۆ دەبـێ کەسـێك رێبەرایەتـی موسـڵمانان بـکات و بەیعەتـی پـێ بدرێـت بـۆ بـوون بـە خەلیفـەی موسـڵمانان، دوای مردنـی پەیامبـەری ئیسـلام، مشـتومڕێکی گـەورە دروسـت دەبێـت لەسـەر ئـەوەی کـێ ببێـت بـە خەلیفـەی موسـڵمانان، ئـەو مشـتومڕەش ناکۆکـی لێکەوتـەوە، بـە هـۆی ئـەوەی ئەبوبەکـری سـدیق و عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب چاویـان لەوەبـوو بـبن بـە خەلیفـەی موسـڵمانان، دواجـار ئـەو کێشـەیە بـە هـەر شـێوەیەك بـوو، بـە شـوورا چارەسـەرکرا،

بــە دەستنیشــانکردنی ئەبوبەکــری ســدیق، وەك خەلیفــەی موســڵمانان.

راســتە شــوورا توانــی ئەبوبەکــری ســدیق بــکات بــە خەلیفــەی موســڵمانان، بــەڵام کێشــەکە لێــرەوە ســەری هەڵــدا، کاتێــك زۆربــەی کاربەدەســتانی ئیســلام، واتــە کەســایەتییە دیــارەکان، بــەم بڕیــارەی ئــەو چەنــد کەســەی نــاو شــوورا رازی نەبــوون و موســڵمانانیش بــوون بــە چەنــد بەشــێك، ئیبنــو تەیمییــە زانــای موســڵمانی ســوننە مەزهــەب، کــە زۆر بــە باشــی هــەم شــارەزای مێــژووی ئیســلامە و هەمیــش بــە قووڵــی لــە دەق و فەرموودەکانــی پێغەمبــەری کۆڵیوەتــەوە دەڵێــت: بــە زۆری و لەژێــر هەڕەشــەی کوشــتندا عەلــی کــوڕی ئەبــو تالیــب بەیعەتــی دایــە ئەبوبەکــری ســدیق. ئەمــە روونــە شــوورا لــە بــری ئــەوەی ئــەو کێشــەیە چارەســەر بــکات، بگــرە کێشــەکەی گەورەتــر کــرد و ئــەو ناکۆکییانــەش تــا نووکــەش ئامادەگییــان هەیــە، کــە لــە دوای مردنــی پەیامبــەر لــە لایــەن دەســەتەیەك لــە کەســی نزیکــی پەیامبــەرەوە کۆبوونــەوەی (الســقیفە) بــۆ دەستنیشــانکردنی خەلیفــەی موســڵمانان رێکخــراوە.

لەبــەر ئەوەشــە دەکــرێ هــاوڕا بیــن لەســەر ئــەوەی هــەر ئــەوکات ناکۆکیــی کەوتووەتــە نــاو موســڵمانان و دواتریــش شــیعە و ســوننە دروســت دەبــن و بــە دەیــان مەزهــەب و بیــروڕای جیاوازیــش لەنــاو ئیســلام پەیــدا دەبــن و ســەرجەمییان رۆڵیــان هەبــووە و هەیــە لــەو توندوتیژییانــەی ئێســتا لــە کۆمەڵگــە موســڵمانییەکان هــەن، یــان روو دەدەن. کەوایــە شــوورا نــەك هــەر ناتوانێــت جێــی دیموکراســی بگرێتــەوە، بەڵکــو بەراوردکردنیشــی لــە لایــەن ئیســلامییەکان ناهەقییەکــی گەورەیــە دەرهــەق بــە سیســتەمی دیموکراســی دەکرێــت، جیاوازییەکانــی شــوورا و دیموکراســیش گەلێــك زۆرن و هیــچ خاڵێکیــش لەگــەڵ یەکتریــدا نزیکیــان ناکاتــەوە، بــەوەی شــوورا

بۆچوونـی دەسـتەیەك كەسـە، ڕەنگـە یـەك كەسـیش بێـت، ڕای خـۆی دەسـەپێنێت بەسـەر حوكمێكـدا كـە زۆرجـار ئـەو حوكمـە شـەرعییە، هەندێـك جاریـش شـوورا ڕۆڵـی دەبـێ لـە دەركردنـی فەتـوا لەبـارەی پرسـێك كـە بـە ڕوونـی لـە دەقـی قورئانیـدا باسـی لێـوە نەكرابێـت، بـەو مانایـەی ئـەو دەسـتەیە شـارەزای تـەواوی دەقەكانـی قورئانـن، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت كـە هاووڵاتـی بەشـێوە گشـتییەكەی ڕۆڵـی لـەو دەسـتەیەدا نییـە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر هـەر پرسـێكی دنیایـی یـان شـەرعی. كەچـی لـە دیموكراسـیدا ئەمـە پێچەوانـە دەبێتـەوە، بـەو دەلیلـەی گـەل خـۆی دەسـەڵاتەكەیە، خـودی چەمكـی دیموكراسـی بـە مانـای دەسـەڵاتی گـەل دێـت، كەوایـە ئـەوە گەلـە خـۆی بەرنامەیـەك یـان دەسـتوورێك بـۆ ڕێكخسـتن و ڕاییكردنـی كاروبارەكانـی دادەنێـت، یـان نوێنەرێـك دیـاری دەكات بـۆ ئـەوەی لـە بـری ئـەودا بڕیـار بـدات، هـەر كاتێكیـش زانـی نوێنەرەكـە، یـان ئـەو دەسـتوورە كەڵكـی نەبـووە، دەسـتكاری دەكات و بـە شـتێك و نوێنەرێكـی تـری دەگۆڕێـت، ئەمـەش لەگـەڵ گۆڕانكارییـە كۆمەڵایەتییـەكان گۆڕانـكاری گـەورەی بەسـەردا دێـت.

بـە مانایەكـی تـر لـە ئیسـلامدا كـە شـوورا لەسـەری دەڕوات، دەبـێ موسـڵمانان لەسـەر بنەمـای دەسـتوورێكدا بژیـن و لەسـەریانیش پێویسـتە پابەنـدی بـن كـە خۆیـان دەسـتیان لـە دانانیـدا نەبـووە و هیـچ كەسـێكیش بـۆی نییـە ڕەخنـەی لێـی هەبێـت و پێچەوانـەی ئـەو دەسـتوورەش بجوڵێتـەوە كـە شـوورا دایدەنێـت، بەوپێیـەی دەسـتوورێكی ئاسـمانییە و مـرۆڤ ناتوانـێ دەسـتكاری بـكات، چونكـە لەسـەر بنەماكانـی شـەرعیەتی ئیسـلامی دادەنرێـت.

كەچـی لـە دیموكراسـی گـەل خـۆی سـەرچاوەی دەسـەڵاتە، دروسـتتر

بڵێین لە سایەی دیموکراسیدا ئەوە هاووڵاتییانن دەستوورێك بۆ رایپکردنی کاروبارە دنیاییەکانی دادەنێن و هەموو کات دەتوانن بەپێی پێویستی کۆمەڵگە و گۆڕانکاری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی بیگۆڕن، بەڵام ئەمە لە شووردا نییە و هاووڵاتیش بەشێوە گشتییەکەی خۆی خاوەنی بڕیار نییە، دەبێ دەستەیەك کەسی شارەزا لە چوارچێوەی شووورادا بڕیار بدەن، بێشك جیاوازی جەوهەریش لە نێوان دیموکراسی و شووردا هەیە و ناکرێ بە هیچ شێوەیەك شوورا و دیموکراسی بەراوردی یەکتری بکرێن.

بانگەشەکردنی ئیسلامی سیاسی سەبارەت بە بڕوابوون بە دیموکراسی لە ناوەڕۆکدا دوورە لە راستی، ئامانج لێی، خۆگونجاندن و کەڵکوەرگرتنە لە بنەماکانی دیموکراسی، تا ئەو شوێنەی لە رێیەوە بە دەسەڵات دەگەن، دیموکراسیش بە تەنیا هەڵبژاردن نییە، ئەگەرچی هەڵبژاردن بنەمایەکی گرنگە لە ژیانی دیموکراسی، بەڵکو ئازادی و سەروەری یاسا و رێزگرتن لە ماف و بڕوابوون بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و لەبەرچاوگرتنی هەستی کەمینە، هاوشێوەی هەڵبژاردن گرنگیان هەیە و ناکرێ فەرامۆش بکرێن، هیچ یەکێکیش لەو بنەمایانە لە لای تاك، یان کارەکتەری ئیسلامی سیاسی، بایەخی راستەقینەیان نییە، سنوور بۆ هەموو ئازادی فیکری و میدیایی دادەنێن و بەردەوامیش هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان دەدەن، خۆ ئەگەر هاتوو بەشداری پرۆسەیەکی هەڵبژاردنیان کرد، بێشك بۆ ئەوەیە تا بە هۆیەوە بگەن بە ئامانجی راستەقینەی خۆیان، یاخود ئەگەر هاتوو لەناو خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتییان کرد، ئەوە سەرەتا لەسەر بنەمای شووورادا ئەو ئاڵوگۆڕە دەکەن،

واتــە دەســتەیەك لەســەر بڕیــاردان لەســەر پرســێك كۆدەبنــەوە و پاشــانیش وەك گەمەیەكــی دیموكراســی بــە جەمــاوەری دەفرۆشــنەوە.

بــۆ نموونــە، ئەگــەر ســەرۆك، یــان ئەمیــر و ئەمینــداری حیزبێكــی ئیســلامی سیاســی، جێــی خــۆی بــۆ یەكێكــی تــر چــۆڵ كــرد، ئــەوە گەمەیەكــی میدیایــی و حیزبییــە، بــەوەی پێشــووتر لــە نــاو خۆیانــدا واتــە دەســتەیەك لەســەر ئــەوە رێككەوتــوون، ئــەو ئاڵوگــۆڕە فریودەرییــە بكــەن، بــۆ ئــەوەی بڵێــن ئەوەتــا ئێمــەش دیموكراســیخوازین و ئــەوەی لەســەر ئێمــە دەگوتــرێ، لەبــارەی باوەڕنەبوونمــان بــە دیموكراســی و رادەســتكردنی دەســەڵات بەشــێوەی دیموكراســیيانە، دوورن لــە راســتی و بــێ بنەمــان.

حیزبــی ئیســلامیش لــەم قۆناغــەدا ســەرجەم رێگــەكان دەگرێتەبــەر بــۆ گەیشــتنی بــە كورســیی دەســەڵات بــە ســوودوەرگرتن لــە هەنــدێ بەهــای دیموكراســی، لــە نموونــەی ئیخــوان لــە میــسر، هــاوكات هەشــیانە رێــی توندوتیــژی تاقــی دەكاتــەوە، یــان دەیــەوێ لــە رێــی توندوتیژییــەوە بــگات بــە كورســیی دەســەڵات، كەچــی هەموویــان یــەك ئامانجیــان هەیــە و ئــەو جیاوازییانەشــی لــە نێوانیــان هەیــە، ســتراتیژی نیــن، بەڵكــو تاكتیكــی سیاســین بــۆ مەرامــی تایبــەت و حیزبــی.

بــە هــۆی غیابــی رەخنەگــری جدیــش لــە گــرووپ و حیزبــی ئیســلامی سیاســی، ئــەو دەســتە و تاقمــە تونــدڕۆ ئیســلامییانەش لــە بەرگــی حیــزب و كەســایەتی و رێكخــراو و كۆمەڵــەدا، بانگەشــەی دیموكراســیخوازی دەكــەن، بەتایبەتــی لــە كاتــی هەڵمەتەكانــی هەڵبژاردنــدا، بــۆ چوونــە نــاو پەرلەمانــەكان، خۆیــان وەك دیموكراســیخواز نیشــانی هاووڵاتییــان دەدەن، لــە كاتێكــدا هیــچ پەیوەندییەكــی ئۆرگانــی دوور و نزیــك لــە نێــوان دیموكراســی و حیزبــی ئیســلامیدا نییــە، بەوپێیــەی دیموكراســییەت

کولتووری قبووڵکردنی جیاوازییە و پەیوەستە بە کۆمەڵێك بەهای مرۆیی و یاسایی و ئازادی و زۆر شتی دیکە، کە ئەو بەهایانە بە هیچ شێوەیەك لە چوارچێوەی فیکری هەر حیزبێکی ئیسلامی سیاسی قبووڵکراو نین، بگرە دژایەتیش دەکرێن، بەو مانایەی حیزبی ئیسلامی باوەڕی بە هیچ یەکێك لەو بەها سەرەکییانەی دیموکراسی نییە کە هەموویان بە یەکەوە پەیکەری دیموکراسی تەواو دەکەن و دواییش رووخسارەکانی لە پراکتیکدا دەردەکەون.

حیزبی ئیسلامی بۆ چەواشەکردن و فریودانی خەڵك، دروستتر بۆ ئەوەی پێگەیان لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا بەهێز بکەن، لە تەك جوڵاندنی سۆزی ئایینی، زۆرجاریش باس لە باوەڕبوونیان بە هەندێ بەهای دیموکراسی دەکەن، گوایە لەگەڵ نەریتگەرای ئیسلامی یەك دەگرنەوە، بەڵام راستییەکەی باوەڕیان بەو کولتووره مرۆیی و سیاسییەی دیموکراسییەت نییە و تەنیا لە هەڵبژاردندا بۆ بەرژەوەندی خۆیان قبووڵیانە، کاتێك بزانن براوە دەبن، بەڵام هەرکە دەدۆڕێن، ئینجا باس لە ساختەکاری دەکەن و گلەییش لە کۆمەڵگە دەکەن، گوایە دەنگ بە حیزبی بێدین دەدەن و بەمەش ئایینیان لاواز بووە!

لەو ژینگەیەشدا ئیسلامی سیاسی خۆی وەك حیزبێکی پیرۆزی ئایینی نیشان دەدات، بە جۆرێك ئەوانی دیکە کافرن و بۆ دژایەتی خودی ئیسلام، بە دەستی دەرەکی و پاڵپشتی بلۆکی مەسیحی و جولەك دروستبوونە، ئەمە یەکێك لەو بەهایانەی گوتاری سیاسی هەر رەوتێکی ئیسلامی، هەڵبەت لە تەك ئەو خاڵەدا دەیان هۆکاری دیکە دەگرنەبەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگە فریو بدەن.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش ئێران، هەڵبژاردنی تێدا

ئەنجامدەدرێـت، بـەڵام ناتوانیـن بڵێیـن دیموکراسـییەت لـە ئارادایـە، یـان رەگەزەکانـی پەیڕەوکـراون و رێزلێگیـراون، بەدیاریکراویـش لـە ئێرانـدا، بـەوەی هەڵبـژاردن تەنیـا بـۆ گۆڕینـی دەموچاوێـك بـە یەکێکـی دیکـە ئەنجامدەدرێـت، ئەگینـا لـە هیـچ رووێکـەوە، روئیـای سیاسـی ئـەو دەوڵەتـەدا لـە پەیوەسـت بـە ئـازادی و مافـی مـرۆڤ و کولتـووری یەکـتر قبووڵکـردن و پێکەوەژیـان گۆڕانـکاری بـە خۆیـەوە نابینێـت. تەنانـەت تـا ئێسـتاش لـە ئێـران کەسـێکی سـوننە مەزهـەب بـۆی نییـە خـۆی بـۆ سـەرۆکایەتی ئـەو وڵاتـە کاندیـد بـکات، ئـەوەی دەبێتـە سـەرۆکی ئێـران، بـە گوێـرەی یاسـا دەبـێ ئێرانییەکـی شـیعە مەزهـەب بێـت و بـە چەنـد فیلتەرێکیشـدا رۆیشـتبێت بـۆ ئـەوەی بگاتـە رکابەرێتـی بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی وڵات.

لێـرەدا هەڵبـژاردن نەیتوانیـوە پەیکـەری دیموکراسـی تـەواو بـکات، ئەگەرچـی رەگەزێکـی گرنگیشـە، کاتێـك گرووپێکـی ئیسـلامی، دیموکراسـی وەك مێکیـاژ بـۆ شـاردنەوەی رووی قێـزەون و راسـتەقینەی خـۆی بەکاردێنێـت، هـەم فێـڵ لـە دیموکراسـی و هەمیـش لـە خەڵکـی دەکات، دەکـرێ ئـەوە بگشـتێندرێت، بەوپێیـەی دیموکراسـییەت و فیکـری ئیسـلامی سیاسـی لەگـەڵ یەکتریـدا نایەنـەوە و سـەر بـە دوو جیهانـی تـەواو جیاوازیشـن.

لـە کاتێکـدا حیزبـی ئیسـلامی، یانـی ئیسـلامی سیاسـی، زۆر باسـی گرنگـی پەرلەمـان دەکـەن، وەك دامەزراوەیەکـی دەرکـەری یاسـا و چاودێـر بەسـەر بەڕێوەبردنـی دامـەزراوەی مەدەنـی و یاسـایی و جێبەجێـکار، واتـە حکوومـەت و کۆمەڵگـە، گوایـە لـە پەرلەمانـەوە بەرگـری لـە مافەکانـی خەڵکـی دەکـەن، بـەڵام لـە کرۆکـی فیکـری ئەوانـدا، پەرلەمـان شـوێنێکە تێیـدا شـەریك بـۆ خـودا و یاسـا

ئاســمانییەکان دروســت دەکرێــت!

ئەمـە بـە تێگەیشـتنی گرووپـە ئیسـلامییەکان، ئینجا حیـزب بـن، یـان هــەر جــۆرە گرووپێکــن، واتــە پەرلەمــان لــە دیــدی حیزبــی ئیســلامیدا شـوێنێکە یاسـای دەسـتکردی تێـدا دادەهێندرێـت و ئەوانیـش ئەمـە بـە شـەریك پەیداکـردن بـۆ خـودای دەبینـن، بـەڵام لێـرەدا پەرلەمـان هیـچ دژایەتییەکــی ئاییــن نــاکات، بەڵکــو دامەزراوەیەکــە زۆرجــار متمانــە بــە حکوومــەت دەدات و دواتریــش چاودێــر دەبــێ بەســەر خــودی حکوومــەت و دامەزراوەکانــی.

لەگــەڵ ئــەوەی ئەوەشــی زۆرتریــن بانگەشــە بــۆ دیموکراســیبوونی خۆیــان دەکــەن، بــەڵام لــە بــاوەڕدا دیموکراســی نیــن، بەڵکــو چەمکــی دیموکراســی وەك دروشــم و تەنیــا بــۆ ســۆزی خەڵــك دەڵێنــەوە، ئەگینــا تــا ئــەم چرکەیــەش باوەڕیــان بــە بنەماکانــی دیموکراســی راسـتەقینە نییـە و هەمیشـە پابەنـدن بـەو مەبدەئـە نەگـۆڕەی پێیوایـە دیموکراسـییەت بەرهەمـی کۆمەڵگـەی غەیـرە ئیسـلامییە و بـۆ تێکدانـی بەشــەرییەت و کۆمەڵگــەی ئیســلامی داهێنــدراوە و ئامانجیــش لێــی شــەریك دروســتکردنە بــۆ خــودا!

کاتێــك حیزبێکــی ئیســلامی دەیــەوێ پەرلەمانتــار بەرێتــە نــاو پەرلەمانــەوە، فێــڵ لــە خەڵــك و مەبدەئــی خۆیانیــش دەکــەن، بــەوەی گەمەیەکـی سیاسـییە، ئەگینـا باوەڕیـان بـە چەمکـی دیموکراسـییەت نییــە و ناخــوازن کۆمەڵگــە لەســەر بنەمــای رەگەزەکانــی دیموکراســی بەڕێوەبچێــت، بــۆ نموونــە هیــچ حیزێکــی ئیســلامی ناتوانــێ ئــازادی وەك خــۆی قبــووڵ بــکات، ناتوانێــت رێ بــەوە بــدات لــە ســایەی ئازادییــەوە مــرۆڤ ئایینــی خــۆی بگۆڕێــت، یــان بێدینــی هەڵبژێرێــت، مــرۆڤ لــە ســایەی تێڕوانینــی ئیســلامی سیاســی، هەرگیــز ناتوانــێ

بـــە ئـــازادی خۆشەویســـتی بـــکات و رەگەزەکانیـــش تێکەڵـــی یەکـــتری بـــن، ئەمـــە وەك بـــێ ئەخلاقـــی دەبینـــن، لـــە کاتێکـــدا لـــە سیســـتەمی دیموکراســـی و عەلمانـــی ئەمانـــە رێپێـــدراون، بـــە گشـــتی ئیســـلامی سیاســـی هیـــچ بەهایەکـــی دیموکراســـییانەی قبـــووڵ نییـــە و بگـــرە لەگـــەڵ ئـــەو بەهایانـــەدا لـــە شـــەڕێکی ســـارد و گەرمیشـــدایە، بـــۆ ئـــەوەی شکســـت بـــە دیموکراســـییەت و بەهاکانـــی بهێنێـــت، لـــە کاتێکـــدا روونـــە ئـــەو شـــەڕانە ئاســـان نیـــن، بـــەوەی دیموکراســـی و رەگەزەکانـــی بوونەتـــە خۆراکـــی رۆحـــی زۆرێـــك لـــە کۆمەڵگەکانـــی جیهانـــی و وەك کولتووریـــش قبووڵکـــراون و پێویســـتین بـــۆ بەختـــەوەری و ئارامـــی و پێکەوەژیانـــی هـــەر کۆمەڵگەیـــەك، بەشـــێوەیەك مـــرۆڤ لـــە ســـایەیاندا شـــکۆی پارێـــزراو بێـــت.

# بەشی سێیەم

## ئایین و توندوتیژی

# ئیخوان لە یەکەم ئەزموونی دەسەڵاتییەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تیرۆریستی

نەوەد ساڵ لەمەوبەر، جارێکی تر جیهان کەوتەوە بەردەم مەترسی، مەترسییەك، جیاوازتر لە جەنگی زلهێزەکان کە تازە بەرۆکی کۆمەڵگەی مرۆیی بەردابوو، هاوکات مرۆڤایەتی خەریکی سارێژکردنی برینەکانیان بوون، سەرەتای جەنگێکی تر ئاماژەکانی دەرکەوتن، بەڵام جەنگی چەکداری نەبوو، تا بە هۆیەوە دەنگی تۆپە دوورهاوێژەکان بەر گوێی خەڵکی بکەون و بە لێشاویش سەرباز لە بەرەکانی جەنگەدا بکوژرێن، یاخود چەکەکانیان رادەستی دوژمن بکەن و خەڵکی ئاوارە بن، بەڵکو جەنگی بڵاوکردنەوەی فیکری کۆنەپەرستی بوو، بە ماوەیەکی کەم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٢٨ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین رادەگەیەنێت، رەنگە ئەوکات راگەیاندنی ئەو کۆمەڵە فێندەمێنتاڵە هێندە کاریگەری نەبووبێت، یاخود بە

تەواوەتـی بیـر لـە مەترسـییەکانی نەکرابێتـەوە، بـەڵام سرووشـتی ئـەو کۆمەڵەیـە وابـووە، سـەرەتا لـە رێـی شـۆرینەوەی مێشـکی خەڵکانـی سـادەی موسـڵمانانەوە چـووە نێـو ناخـی کۆمەڵگـەی میـسری و مـوژدەی ژیانێکـی خۆشـتر و پاراسـتنی ئیسـلامی کـردە سەرمەشـقی بانگەشـەکردنی بەمەبەسـتی پەرەسـەندنی فیکـری ئیسـلامی سیاسـی جیاوازتـر لـە هـەر هەمـوو ئەوانـەی پێـش خـۆی، ئیـدی هێنـدەی نەبـرد زوومـی بانگەشـەکانی لـە میـسرەوە بـۆ جیهانـی عەرەبـی و دواتریـش کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی گواسـتەوە و کارەکتـەرە فێندەمێنتاڵەکانـی کۆمەڵگـەی مرۆییـان بەسـەر دوو لایەنـدا دابەشـکرد، حـەرام و حـەڵاڵ، کـە ئـەوان بـە واتـای پیـس و پـاك ناویـان دەبـرد، هەڵبـەت پیسـەکە ئـەو وڵات و خەڵکانـەی دەگرتـەوە، پابەنـدی ئیسـلام نەبـوون، یاخـود هـەر لـە ئەسـڵدا سـەر بـە ئایینـی تـر بـوون، دابەشـکردنی جیهانیـش لەسـەر بنەمـای ئایینـی و لـە گۆشـەنیگای ئیخوانەکانـەوە، زەنگێکـی تـری سـتەمکاری بـوو، پـاش دەوڵەتـە شکسـتخواردوو و فاشیسـتە عەرەبـی و ئایینـی و ئیسـلامیەکەی خەلافـەت بەشـێوەیەکی تـر جیهانـی خسـتە نـاو گۆمـی لێلـی کۆنەپەرسـتی خۆیـەوە.

کاتێـك جیهـان بەئاگاهاتـەوە ئیـدی ئیخـوان بـە تەواوەتـی پـەرەی سـەندبوو، ببـووە هێزێکـی فیکـری ئیسـلامی و ئاسـان نەبـوو لاواز بکـرێ و سـەرچاوەکانی وشـك بکرێـن، ئیـدی جیهـان درکـی بـەوە کـرد ئـەو کۆمەڵەیـە بـێ شـەرمکردن ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامی کردبـووە ئامـرازی سـەرەکی پلانـی سـتراتیژی نهێنـی و ئاشـکرای بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات، ئـەوکات زانـرا پێکەوەژیانـی ئایینـی مرۆڤایەتـی لـە سـەردەمێکدایە بـەوەی مەترسـیدارترین کۆمەڵـەی کۆنەپەرسـت چـاوی بڕیوەتـە سـەر بیرکردنـەوە و ئـازادی ئینسـانەکان، جیهـان زانـی ئیشـی

سـەرەکی ئـەو کۆمەڵەیـە سـەرەتا بـە بەرنامـە ناخـی مرۆڤـی موسـڵمان دەشـواتەوە و کارەکتـەری ترسـناکیش بەرهـەم دەهێنێـت، جگـە لـە کەسـی ئیخوانیـش، کەسـی تـری قبـووڵ نییـە.

ئیخـوان لـە تـەك ئـەوەی رەوتێکـی ئیسـلامی سیاسـی فیکرییـە، هـاوکات بزووتنەوەیەکـی ناسـیۆنالیزمی فاشـیزمی عەرەبیشـە، بـەوەی جگـە لـە ئیسـلام و نەتـەوەی عـەرەب، هیـچ نەتـەوە و ئایینێکـی دیکـەی قبـووڵ نییـە، هەمـوو نەتـەوە و ئایینەکانـی دیکـە بـە مەترسـی بـۆ سـەر ئیسـلام و عـەرەب دەبینێـت، هەمیشـە ئیسـلام و عـەرەب هاوتـای یەکـدی دەکات و نایـەوێ لـە یەکتریـان دابڕێـت، شکسـتی عەرەبیـش، بـە شکسـتی ئیسـلام دەبینێـت، هـەر بۆیـەش سـەید قوتـب، گـەورە بیرمەنـدی ئیسـلامی سیاسـی و ئیخوانـی، کاتێـك دەبینێـت وڵاتانـی ئیسـلامی بـەرەو سیاسـەتی ئەوروپایـی و رۆژئاوایـی دەچـن، ئەمـە وەك مەترسـی دەبینێـت و پێیوایـە دەبـێ سـنوور بـۆ ئـەو وڵاتـە ئیسـلامییانە دابنرێـت کـە رووخسـاری رۆژئاوایـی دەپۆشـن، تەنانـەت بـە جاهیـل و لـە ئاییـن هەڵگەڕاویـش ناویـان دەبـات بـۆ رەوایەتیـدان بـە کافراندنیـان، ئەمـە لێـرەدا بـەو مانایـە دێـت، ترسـی سـەید قوتـب لـەوەوە بـووە بـە هـۆی جیهانگیـری و کرانـەوەی کۆمەڵگـەی جیهانـی، وڵاتانـی ئیسـلامیش بـەر شـەپۆلی جیهانگیـری و کرانـەوە بکـەون، بەمـەش هـەم ئیسـلام و هەمیـش شوناسـی عەرەبـی دەکەونـە بـەر شـەپۆلی هەڕەشـەوە.

لـە مـاوەی نزیکـەی سـەد سـاڵی ئـەو بزووتنەوەیـەدا نەبـووە ئیخـوان رۆژێـك لـە رۆژان بەرگـری لـە نەتەوەیـەك کردبێـت، یـان بانگەشـەی پێکەوەژیانـی ئایینـی و نەتەوەیـی کردبێـت، هەمیشـە لـە بـەرەی فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی سیاسـی بـووە، ئینجـا توندڕۆ

بـن، یـان میانـڕۆی سـاختەی مەبەسـتدار، بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە کـورد لـە سـایەی دەوڵەتانـی ئیسـلامی چەوسـێندراوەتەوە و خاکـی داگیرکـراوە، بـەڵام ئیخـوان هەڵوێسـتی نەبـووە و نەیگووتـووە کوردیـش میللەتێکـی موسـڵمانن و نابێـت غەدریـان لـێ بکرێـت، بەپێچەوانـەوە هەمیشـە پاشـکۆی ئـەو وڵاتانـە بـووە کـە کوردیـان چەوسـاندووەتەوە.

بـەڵام دەبینیـن بـەردەوام ئیخـوان بـە قسـە و دروشـم و خۆپیشـاندان، پشـتگیری فەڵەسـتینییەکانی کـردووە و دژی جولەکـە وەسـتاوەتەوە، لەسـەر ئۆرشـەلیم «قودس»یـش هەمیشـە دژایەتـی جولەکـەی کـردووە، بەشـی زۆری ئـەو دژایەتییـەش لەسـەر مەسـەلەی نەتەوەییـە و پەیوەنـدی بـە کێشـەی نێـوان فەڵەسـتین و ئیسرائیلـەوە هەبـووە، ئەمـە جگـە لـەوەی لـە رووی ئایینیشـەوە دژایەتـی یەهوودییەتـی کـردووە و وەك ئایینێکـی دژ بـە ئیسـلام ناسـاندوویەتی و خەڵکـی لـە دژی هانـداوە، ئەوەتـا ئێسـتا جولەکـە وەك ئایینێکـی دژە ئیسـلام ناسـێندراوە و لای هـەر تاکێکـی ئیسـلامی، سـەرلەبەری رەمـز و بەهاکانـی یەهوودییـەت جگـە لـەوەی رەتدەکرێنـەوە، هـاوکات وەك قێزەونیـش دەبینرێـن!

ئێسـتاش درەنگـە تـا فیکـری فریـودەری ئیخوانـی پووچـەڵ بکرێتـەوە، یـان لاواز بکرێـت، بـە هـۆی ئـەوەی ئیـدی پەلـی هاویشـتووەتە ناخـی وڵاتانـی ئیسـلامی و لێرەولەوێـش هەوڵـی تیرۆرکردنـی سـەرکردە میسرییەکانـی داوە و حکوومەتیـش کەوتووەتـە ژێـر گوشـاری ئیخوانـەکان، ئیخـوان مرۆڤگەلـی وای دروسـتکردووە، بڕوایـان وایـە ئیخـوان تاکـە هێـزی پاراسـتنی ئایینـی ئیسـلامە و ئەگـەر ئـەو کۆمەڵەیـەش نەبێـت، ئیـدی ئیسـلام کۆتایـی دێـت، هەڵبـەت ئیخوانییـەکان بـەردەوام بانگەشـەی ئەوەیـان کـردووە، ئیسـلام لـە مەترسـیدایە! باشـترین دەروازەی بڵاوبوونەوەیانیـش بـووە بـە نـاو

کۆمەڵگــە موســڵمانییەکاندا، ئێســتاش کــۆی بزووتنــەوە ئیســلامییەکان لــە ژێــر کاریگــەری ئــەو بــاوەڕە، یــان ئامانجــە فریوخوازییــەدان و هەموویــان پرســی هەڕەشــە لەســەر ئیســلام وەك پــڕۆژەی گەیشــتن بــە خەونەکانیــان بەکاردێنــن، هەمو‌ویــان دەڵێــن ئیســلام لــە مەترســیدایە و ئێمــە بەرگــری لــێ دەکەیــن!

ئــەو کاتەشــی ئیخوانــەکان پێگــەی خۆیــان لــە نــاو وڵاتانــی ئیســلامیدا بەهێــز دەکــەن، ئیــدی جیهــان و میسرییــە نوێخــوازەکان ناتوانــن بەرەنــگاری ئــەو گرووپــە ببنــەوە، لــە رووی پووچەڵکردنــەوەی فیکــری ئیخوانــی ئیســلامی، بەوپێیــەی ســەرەتا لــە مەترســییە جدییەکانــی کۆمەڵەیەکــی وەك ئیخــوان بــە باشــی تێنەگەیشــتبوون و بــە ســادەیی تەماشــایان دەکــردن، باجــی هەڵەکانــی ئەوکاتــی کۆمەڵگــەی جیهانیــش، ئەوتــا مرۆڤەکانــی ئێســتاکە دەیدەنــەوە، بــەوەی رێگــە بــە پەرەســەندنی کۆمەڵەیەکــی مەترســیداری فێندەمێنتاڵــی وەك ئیخــوان درا، خــۆی بکاتــە خاوەنــی هەســتیارترین ئایینــی وڵاتگەلێکــی ئیســلامی، بەتایبەتــی کاتێــك ئــەو وڵاتانــە لــە رووی عەقڵییــەوە لەژێــر هێڵــی هەژاریــدان و نەیانتوانیــوە خۆیــان لەگــەڵ شارســتانێتی جیهانیــدا بگونجێنــن، ئەوەتــا ئیخــوان بــە ســوودوەرگرتن لــە غیابــی عەقڵانییــەت و تێڕامانــی قووڵــی فەلســەفی لــە نــاو خەڵکانــی موســڵمان، چــۆن توانیوێتــی کۆمەڵگــە موســڵمانییەکان بخاتــە بازنــەی سیاســەتی خۆیــەوە و رۆژ دوای رۆژیــش بــە هــۆی سیاســەتە فاشیســت و فێندەمێنتالیزمیەکــەی، هاووڵاتییانــی وڵاتانــی عەرەبــی ئیســلامی دووچــاری کوشــتار دەبنــەوە و ئاڵۆزییەکانیــش ســەرلەبەری وڵاتانــی ئیســلامی تەنیوەتــەوە، بــە بیانــووی جیهادکــردن دژ بــە جاهیــل و کافــران و لــە ئاییــن هەڵگــەڕاوان.

ئیخــوان لــە ئەســڵدا بــە تەنیــا پرۆژەیەکــی سیاســی نییــە بــۆ

میسرییـــەکان، بەڵکـــو پرۆژەیەکـــی سیاســـیی فێندەمێنتاڵیزمـــی ئیســـلامی، ناســـیۆنالیزمی گشـــتگیرە، ســـەرەتا لەســـەر ئاســـتی وڵاتانـــی عەرەبـــی و ئیســـلامی دەســـتی بـــە پەخشـــکردنی پرۆگرامـــە مەترســـیدارەکانی کـــرد و دواتریـــش خـــۆی خزانـــدە نـــاو جەرگـــەی بەشـــێك لـــە وڵاتانـــی دیکـــەش، بـــە دروســـتکردنی کارەکتـــەری فێندەمێنتاڵـــی ئیســـلامی، ئیشـــی سەرەکیشـــیان رەتکردنـــەوەی ئایینـــی تـــری غەیـــرە ئیســـلام و بۆچوونـــی خەڵکانـــی غەیـــرە ئیســـلام بـــووە، کارەکتەرگەلێـــك پێیانوایـــە ئاییـــن دەبـــێ شوناســـی دەوڵەتـــی هەبێـــت، ئیســـلام و عـــەرەب دووڕووی یـــەك بەهـــان، ئیســـلام واتـــە دەوڵـــەت، نوێـــژ و جیهادکـــردن، جیهـــاد بەســـەر ئەوانـــەی وەك ئیخوانـــەکان لـــە ئاییـــن تێنەگەیشـــتوون، واتـــە دەبێـــت جیهـــاد بەســـەر ئـــەو کەســـانەدا بکرێـــت کـــە ئیخوانـــی نیـــن، گرنـــگ نییـــە، تـــۆ لـــە ســـایەی ئیخوانـــدا تەنیـــا موســـڵمان بیـــت! ئەمـــە هیـــچ بەهایەکـــی ئەوتـــۆی لای ئیخوانییـــەکان نییـــە، بەڵکـــو گرنگـــتر ئەوەیـــە، تـــۆ تاکێکـــی موســـڵمانی ئیخوانـــی بیـــت، ئەگـــەر ئـــەوە نەبوویـــت، تـــۆ موســـڵمانێکی تـــەواو نیـــت.

تـــۆ وەك موســـڵمانێك بـــەردەوام هەوڵـــی بڵاوکردنـــەوەی هەســـتی پێکەوەژیانـــی ئایینـــی، نەتەوەیـــی بـــدە، ئیـــش بـــۆ کرانـــەوەی کۆمەڵگەکـــەت بکـــە، هەرچـــی کارێکـــی شارســـتانی و مۆدێـــرن هەیـــە، بیگـــوازەوە بـــۆ کۆمەڵگەکـــەت، هێشـــتا لای ئیخـــوان قبووڵکـــراو نیـــت، مـــادام ئیخوانـــی نیـــت، مـــادام ئیســـلامت لـــە ســـەرووی هەمـــوو ئایینەکانـــی دیکـــە دانەنـــاوە، تـــۆ موســـڵمانی راســـتەقینە نیـــت و نابـــێ پشـــتت پـــێ ببەســـترێت، ئاخـــر ئیخـــوان یانـــی پـــڕۆژەی زاڵکردنـــی ئیســـلام و عـــەرەب بەســـەر ئاییـــن و نەتەوەکانـــی دیکـــە، ئینجـــا ئـــەو ئاییـــن و نەتەوانـــە لەژێـــر ســـایەی دەوڵەتانـــی ئیســـلامی بـــن، یـــان رۆژئاوایـــی، لـــە دیـــدی ئیخوانـــدا دەبـــێ هەمـــوو جیهـــان وەك ئیخـــوان بیـــر بکاتـــەوە و ئیســـلامیش قبـــووڵ بکـــەن!

واتــه پــڕۆژە و بنەمــای ســتراتیژی فیکــری ئیخوانــی، ئەوەیــە موســڵمانان دەبــێ لەژێــر چەتــری ئیخوانــدا بــن و ئیخوانیــش ئاڕاســتەی دینــداری خەڵــك دیــاری بــکات، وەك ســەید قوتــب گــەورە تیۆرســیۆنی ئیخوانییــەکان لــە کتێبــە بەناوبانگەکــەی «مەشــخەڵی ڕێ» دەڵێــت: جیهــان و وڵاتانــی ئیســلامی جاهیلبوونــە، بۆیــە پێویســتە جیهادیــان بەســەردا بکرێــت و لەناوببرێــن، بــۆ ئــەوەی مرۆڤایەتــی لــە جەهالــەت پــاك بێتــەوە.

بــە تێڕوانینــی ســەید قوتــب ئــەو جیهانــەی ئێســتاکە مــادام ئیخوانــی نیــن و ئومێــدی بــە ئیخوانــی بوونیشــیان نییــە، پێویســتە کۆتاییــان بێــت، بــۆ ئــەوەی بەرنامــە فێندەمێنتاڵییەکــەی ئیخــوان جێگــرەوەی فیکــری خەڵکانــی تــر بێــت، بــە دیوێکــی دیکــەش ئــەم قســەیەی ســەید قوتــب، هەڵگــری جەهلێکــی مەترســیدارە، بــەوەی پیاوێکــی تیۆریســیۆنی فێندەمێنتاڵــی ئیخوانــی ئیســلامی بــە هۆیــەوە هانــی گەنجــان و خەڵکانــی موســڵمان دەدات، پشــێوی و ناتەبایــی لەنــاو کۆمەڵگەکانــدا بنێنــەوە، تــا ســوود لــەو فــەوزا کۆمەڵایەتییــە وەربگرێــت، بــۆ ئــەوەی بــە هۆیــەوە گەشــەی کۆمەڵەکــەی بــە چــاوی خــۆی ببینێــت و ئیــدی دەستبەســەر جومگەکانــی میــسر و تــەواوی وڵاتانــی موســڵمان و ناوچەکــدا بگرێــت و پاشــانیش جــاڕی زیندووکردنــەوەی خــەلاف بــە جیهانــدا بــدات، ئــەو دەیویســت لــە ڕێــی جیهــادەوە جیهــان کۆنــترۆڵ بــکات!

ئەگەرچــی ئــەو بۆچوونــەی ســەید قوتــب کۆنــە، بــەڵام ئێســتاش لــە زاکیــرەی تاکــی ئیخوانــی زینــدووە و هەمیشــە وەك پیرۆزییــەك لــە بۆچــوون و تێگەیشــتنەکانی دەڕوانــن، ڕاســتە ئێســتا ڕەوشــی ئیخــوان لــە میــسر بــاش نییــە، بــەڵام تــازە ئــەو گرووپــە وەك عەقڵییەتێکــی نــاو

پــڕۆژەی ئیســلامی سیاســی لــێ هاتــووە و زەحمەتــە بــەو ئاســانییە لاواز بکرێــت.

دوای رووخانــی دەســەڵاتی حوســنی موبــارەك، هەلومەرجێکــی تــازە لــە میــسر هاتــە ئــاراوە، لــە ســاڵی ٢٠١٢ میسرییــەکان چوونــە نــاو پرۆســەی هەڵبژاردنــەوە تــا دوای حوســنی موبــارەك بتوانــن دەوڵەتێکــی تــر بنیــات بنێــن، بــۆ ئــەوەی بتوانێــت خەونــی میسرییــەکان بــەدی بێنێــت، لــە رووی ئــازادی و خۆشــبەختی و عەدالەتــی کۆمەڵایەتــی و زۆر شــتی دیکــە، بــە هــۆی بایکۆتــی خەڵکێکــی یەکجــار زۆر لــە هەڵبژاردنیــش، کاندیــدی ئیخوانــەکان محەمــەد مورســی توانــی بــە چەنــد هــەزار دەنگێکــی زیاتــر بەســەر ئەحمــەد شــەفیقی رکابەریــدا ســەرکەوێت، مورســی لــە ماوەیــەی کەمــتر لــە یــەك ســاڵی حوکمڕانێتییەکەیــدا، میــسری بــە ئاڕاســتەیەکی مەترســیداردا بــرد و ئەمــەش بــووە هــۆی دروســتبوونی ناڕەزایــی لای خەڵــك لــە دژی بــە ئیخوانیکردنــی کۆمەڵگــەی میــسری و زیاتــر بەرتەســککردنەوەی ئازادییــەکان و ســەرباری ئەمانــەش نەیتوانــی خەونــی هاونیشــتمانییانی میــسری بێنێتــەدی، کــە شۆڕشــیان کــرد، تــا بــە هۆیــەوە خۆشــبەختی بــۆ وڵاتەکەیــان بگەڕێننــەوە و ئــازادی بــە خۆیانــەوە ببینــن.

هەمــوو ئەمانــە بوونــە بڵقــی ســەر ئــاو و دەرئەنجامیــش هاونیشــتمانییان لــە دژی مورســی رژانــە ســەر شــەقامەکان و چەنــدان کــردەی توندوتیژیــش لــە دژی یەکــتری لــە نێــوان لایەنگرانــی ئیخــوان و بــەرەی عەلمانییەکانــدا دروســتبوو، تــا دواجــار لــە ســاڵی ٢٠١٣ ســوپای وڵاتــی میــسر، لەســەر داوای هاونیشــتمانییانی ناڕازیــی مورســی لــە دەســەڵات ســڕکرد، ئەگەرچــی ئیخوانــەکان ئەمــە وەك کودەتــا دەبینــن، بــەڵام عەلمانییــەکان دەڵێــن کۆمەڵگــەی میــسری لــە دەســت جەهلــی

ئیسلامی سیاسی و ئیخوانی رزگارکرا.

هەڵبەت لادانی مورسی و قەدەغەکردنی ئیخوانیش، نەبووە هۆی ئەوەی ئارامی بۆ کۆمەڵگەی میسری بگەڕێتەوە، ناڕەزاییەکانیش کەم و زۆر، تا ئێستاش بەردەوامیان هەیە و رۆژانە پێکدادانی خوێناوی لەسەر شەقامەکاندا روو دەدات، بەتایبەتی لە نێوان عەلمانی و ئیخوانییەکان، تا ئێستاش ئیخوانەکان مورسی وەك سەرۆك دەبینن، هاوکات عەلمانییەکانیش ئەمە وەك هەوڵێك بۆ تێکدانی کۆمەڵگەی میسری دەبینن.

بۆیە لایەنگرانی عەبدولفەتاح سیسی و عەلمانییەکان دژی ئیخوانەکان لە جوڵەدان و بە سەدان سەرکردە و کادیری ئیخوانیش دەستگیرکراون، هێندەی دیکە ئیخوانەکانی توندوتیژتر کردووە، وەك بەڵگەیەك کاتێك رێکخراوێکی ئیسلامی رەگ دادەکوتێت، کۆتایی پێهێنانی ئاسان نابێت، ئێستا ئەوانەی کوردستانیش خەریکە ئەو رەگە دادەکوتن، دەچنە پەرلەمان و داوای پۆستی سیاسی و حکومی دەکەن، کێبڕکێی سیاسی دەکەن و کەسیش پڕۆژەی لە دژیان نییە، جگە لەوە موجامەلەشیان دەکرێ.

کاتێکیش گرووپی ئیسلامی بەهێز دەبن، ئەوکات ئارامی کۆمەڵگە دەشێوێت و کەس بیر لە پڕۆژەی نیشتمانی و دیموکراسی ناکاتەوە، هەمووان سەرقاڵی ئەو کردە توندوتیژیانە دەبن، کە لە ئەنجامی چالاکی ئیسلامی توندڕۆ روو دەدەن، بەوەش نائارامی زیاتر دەبێت، پاشان چەندین قەیرانی دیکە سەرهەڵدەدەن و حکوومەتیش توانای چارەسەرکردنیانی نابێت، وەك ئەوەی ئێستای میسر و ئەفغانستان، بەردەوام دووچاری قەیرانی قووڵتر دەبنەوە، رێك ئەوە بۆ کوردستانیش راستە، هەتا ئیسلامی سیاسی تێدا

بەهێــز بێــت، چارەســەرکردنی قەیرانــەکان لــە توانــای حکوومەتــەدا نابــن، ئاخــر کۆمەڵگــە و حکوومــەت بــە توندڕۆیــی ئیســلامی سیاســی ســەرقاڵ دەبــن و ژیــان بــە گشــتی ســیمایەکی ترســناکی دەبێــت.

هــەر بۆیــە ئێمــە کاتێــك دەڵێیــن ئیســلامی سیاســیی کوردیــش مەترســین، ئــەوا چەندیــن نموونــەی زیندوومــان هــەن، لــەوەی ئیســلامی سیاســی لــە فیکــردا جیاوازیــان نییــە و خاوەنــی یــەك روئیــای سیاســی و ئایینــی و ئایدۆلۆژیــن، بــۆ بەڕێوەبردنــی هــەر کۆمەڵگەیــەك، هــەر کات بزانــن ناتوانــن چنــگ لــە دەســەڵات گیــر بکــەن، یانــی بێئومێــد بــن لــەوەی بــە ئاســانی ناگانــە دەســەڵات، هەوڵــی دروســتکردنی ژینگــەی ئاڵــۆز و توندڕۆیــی دەدەن، بــۆ ئــەوەی لــەم ژینگــە ئاڵــۆزەدا گوشــاری زیاتــر بــۆ ســەر دەســەڵات دروســت بکــەن و لــەم ڕێیــەوە خەڵکــی فریــو بــدەن، بــەوەی ئیســلامی سیاســی لەســەر حەقــن و بــۆ بەرگــری لــە ئیســلام هاتــوون، بــەوەی ئیســلامی سیاســی خــۆی وەك ئاییــن، پیــرۆز نیشــانی هاووڵاتییــان دەدات، بەجۆرێــك ئیســلام وەك ئاییــن، لەگــەڵ گرووپــە ئیســلامییەکان هیــچ جیاوازییەکــی نییــە، ئەمــەش بــۆ ئــەوەی زیاتــر خەڵــك بــە لای خۆیانــدا رابکێشــن.

هەنووکــە بەشــێکی فراوانــی جیهــان و وڵاتانــی ســەرجەمی عەرەبــی ئیســلامی بــە تیــرۆرەوە ســەرقاڵن و زۆربــەی کــردە تیرۆرییەکانیــش لەســەر ئاســتی جیهانــدا لــە وڵاتانــی ئیســلامی ئەنجامدەدرێــن و خەڵــك و شــوێنە گشــتییەکان دەکرێنــە ئامانــج، لــە نموونــەی بــازاڕ و ئــەو جێیانــەی خەڵکــی زۆریــان لــێ کۆدەبنــەوە، بــۆ دروســتکردنی فــەوزا لــە کۆمەڵگەکانــدا، لەبــەر ئــەوەی هــەر گرووپێکــی فێندەمێنتاڵــی ئیســلامی لــە نــاو ئاڵــۆزی و فــەوزادا گەشــە دەکات، یاخــود دروســت دەبــن، بەپێچەوانــەوە ناتوانــن لــە جێگەیەکــدا گــەرا دابنێــن مرۆڤــەکان

تێیانــدا رێــز لــە بەهــای یەکــتری بگــرن، بەڵکــو دەیانەوێــت بــە دروســتکردنی کەشــێکی نامەدەنــی و نائەخلاقــی و تــژی لــە ئاڵــۆزی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابووریــی، پــەرە بــە پێگــەی خۆیــان بــدەن، بــە بەرزکردنــەوەی چەنــدان دروشــمی دیماگۆگــی ئایینــی و کۆمەڵایەتــی و سیاســی، کــۆی ئــەو دروشــمانەش ســەرچاوەیان لەســەر بنەمــای دابەشــکردنی ئایینــی و ئایینزایــی هاتوونەتــە کایــەوە، هەمیشــە لەســەر ئاســتی کۆمەڵگــە، ئیخوانــەکان بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن، هەمــوو دونیــا چــاوی بڕیوەتــە ئیســلام، بــۆ ئــەوەی لاوازی بکــەن و ناشــیرینی بکــەن، بۆیــە ئێمــەی ئیخوانــی دەمانــەوێ ئیســلام لــەو چاوانــە دوور بخەینــەوە و ناهێڵیــن بــە ئاســانی زەفــەر بــە ئیســلام ببردرێــت و وەك جەنگاوەریــش لــە پێنــاوی ئیســلام و کولتوورەکەیــدا دەجەنگیــن، لــە هــەر شــوێنێکی جیهانــدا بێــت.

کاتێــك دەڵێیــن ئیخــوان بــە تەنیــا پڕۆژەیــەك نییــە بــۆ کۆمەڵگــە موســڵمانییەکان، ئــەوە مەبەســت لەوەیــە لەســەر ئاســتی جیهــان ئیخــوان هەوڵــی فراوانخــوازی دەدات، بــەو جــۆرەی خــۆی دەیەوێــت و چالاکــی ســەرجەم گرووپــە تیرۆریســتییەکانیش بــە هــی خــۆی دەزانێــت، تەنانــەت ئەگــەر پشتگیریشــیان نــەکات!

ئیخــوان دەیــەوێ هەرچــی کونجوکەلەبەرێکــی ئــەم جیهانــە هەیــە، ئیســلامی تێــدا باڵادەســت بێــت و جیهــان لەســەر بنەمــای ســەوابتەکانی ئیســلامی بەڕێوەببردرێــت، دەیــەوێ ئەورووپاییــەکان دەرگــەی کڵێســاکان دابخــەن و مزگــەوت دروســت بکــەن، لــە بــری عیســا و موســا، لــە ســەرجەم ناوچەکانــی جیهــان، تەنیــا نــاوی محەممــەد بێــت، جگــە لــە محەممەدیــش هیــچ کەســی دیکــە پێغەمبــەری مــرۆڤ نەبێــت.

دەی ئــەو رەوتــە فیکرییــە نایەوێــت لەژێــر تایتڵــی دیموکراســی و

عەلمانییــەت، کۆمەڵگــەی ئیســلامی کرانــەوە تێیانــدا رووبــدات، ئاخــر ئەمــە گەورەتریــن مەترســی دەبێــت، بەســەر ئــەو فیکــرە تونــدڕۆ ئیخوانییــەی پێیوایــە جیهــان دەبــێ هەمــووان بێنــە ژێــر چەتــری ئیســلام و ئیخوانیــش رابەرایەتــی فیکریــان بــکات.

دواى ئــەوەی لەبــەردەم بەڕێوەبەرایەتــی ئاسایشــی شــاری ئەلمەنســورەی وڵاتــی میــسر، تەقینەوەیــەك روودەدات و بــە هۆیــەوە نزیکــەی ١٢٠ کــەس دەبنــە قوربانــی و لــە نــاو قوربانییەکانیشــدا ١٤ کــوژراو هەبــوون، هەڵبــەت ئــەم رووداوە وایکــرد حکوومەتــی میــسر لێدوانــی راســتەوخۆ لەبــارەی تەقینەوەکــە و تۆمەتبارکردنــی ئیخــوان موســلمینیش بــدات بەشــێواندنی ئەمنیەتــی کۆمەڵگــەی میــسری، گوتەبێــژی حکوومەتــی کاتــی ئەوکاتــی میسریــش بــۆ میدیــاکان گوتــی: ئیخــوان موســلمین رووخســارێکی ناشــیرینیان نیشــانداوە و ئەمنیەتــی وڵاتییــان تێکــداوە، لــە لایەکــی دیکەشــەوە حــازم بەبــلاوی ســەرۆکوەزیرانی ئەوکاتــی حکوومەتــی کاتــی میــسر لــە لێدوانێکیــدا بــۆ رادیــۆی ســەوا، لەبــارەی ئــەو کــردە تیرۆرییــەوە رایگەیانــد: کردەوەیەکــی تیرۆریســتییە و کۆمەڵــەی ئیخــوان موســلمین لــە پشــت ئــەو کــردە تیرۆریســتییەن.

ئــەم رووداوە لــە کاتێکــدا بــوو هــەر خــۆی حکوومەتــی میــسر لــە دوای بیانووێــك دەگــەڕا بــۆ ئــەوەی ســنوور بــۆ چالاکــی ئیخوانــەکان دابنێــت، ئاخــر حکوومــەت بــە تــەواوی لــەوە گەیشــت ئیــدی ئیخــوان خەریکــە دەبنــە مەترســییە جدییەکــە لەســەر کۆمەڵگــەی میــسری و کێشــەکانیش قووڵــتر دەکەنــەوە، بۆیــە دواتــر حکوومەتــی کاتــی میــسر بــە فەرمــی کۆمەڵــەی ئیخــوان موســلمینی وەك کۆمەڵەیەکــی تیرۆریســتیی ناســاند، واتــە قەدەغەکردنــی کــۆی چالاکــی و کۆبوونــەوە و خۆپیشــاندانی ئیخوانییــەکان بەشــێوەیەکی ئاشــکرا، هەڵبــەت ئەمــەش

کاردانـــەوەی ئیخوانەکانـــی بـــە دوای خۆیـــدا هێنـــا و چەندیـــن وڵاتـــی دیکـــەش لەبـــارەی بڕیارێکـــی لـــەم شـــێوەیە قســـەیان کـــرد، گرنگترینیـــان ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا بـــوو، لـــە بەرانبـــەر بڕیـــاری بـــە تیرۆریســـت ناســـاندنی کۆمەڵـــەی ئیخـــوان موســـلمین لـــە لایـــەن حکوومەتـــی کاتـــی میـــسرەوە، رەتیکـــردەوە ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا کۆمەڵـــەی ئیخـــوان موســـلمین بخاتـــە نـــاو لیســـتی گرووپـــە تیرۆریســـتییەکانەوە، بـــەڵام حکوومەتـــی میـــسر هـــەر ســـوور بـــوو لەســـەر ئـــەوەی ئـــەو کۆمەڵەیـــە وەك گرووپێکـــی تیرۆریســـتیی لـــە نـــاو وڵاتـــی میـــسردا بناســـێت و ئـــەو بڕیارەشـــی بـــە چەندیـــن وڵاتـــی عەرەبـــی راگەیانـــد کـــە حکوومەتـــی میـــسر ئیخـــوان موســـلمین وەك گرووپێکـــی تیرۆریســـت دەناســـێت.

بڕیـــاری قەدەغەکردنـــی ئیخـــوان و بـــە تیرۆریســـت ناســـاندنی، نەبـــووە هـــۆی ئارامـــی بـــۆ میـــسر، بەڵکـــو ئامـــاژەکان ئەوەمـــان پێدەڵێـــن بـــە هـــۆی درێژەکێشـــانی بڕیـــاری بـــە تیرۆریســـت ناســـاندنی ئیخـــوان، نائارامییـــەکان بـــەردەوام دەبـــن، بەوپێیـــەی ئیخـــوان باڵـــی لـــە زۆربـــەی وڵاتانـــی ناوچەکـــەدا بەتایبەتـــی وڵاتانـــی موسڵماننشـــیندا هەیـــە و وەك بزواتێکـــی ئیســـلامی ســـەیری دەکرێـــت، ئەگەرچـــی زۆربـــەی ســـەرکردەکانی لـــە زینداننـــدان، بـــەڵام ئیخـــوان هـــەر لـــە نـــاو خەڵکـــە و ئەمـــەش واتـــای ئەوەیـــە کۆمەڵگـــەی میـــسری ئارامـــی بـــە خۆیـــەوە نابینێـــت.

کاتێکیـــش محەممـــەد مورســـی، کاندیـــدی ئیخـــوان دەبێتـــە بـــراوەی هەڵبـــژاردن و دواتریـــش ســـەرۆکی میـــسر، ئەمـــە بـــووە جوڵەیەکیـــش بـــۆ ئیســـلامییەکانی باشـــووری کوردســـتان، بەجۆرێـــك زیاتـــر لـــە ئیخوانەکانـــی میـــسر، بـــە دەرئەنجامەکانـــی هەڵبژاردنـــی میـــسر دڵخـــۆش دەبـــن، تـــا ئـــەو ئاســـتەی میدیـــای ئیســـلامی سیاســـیی کوردســـتان، بوونـــە مینبـــەری

ڕێکلامـی بـۆ محەمـەد مورسـی و ئیخـوان.

ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان بـە هـۆی سـەرکەوتنەکەی مورسـی دەیانویسـت پەیامێکـی سیاسـیش ئاڕاسـتەی دەسـەڵاتدارانی باشـووری کوردسـتان بکـەن، بـەوەی پێگەیـان لـە کوردسـتان بەهێزتـر دەبێـت، بـەوەی پشـتگیری وڵاتـی میـسر، لانکـەی لـە دایکبوونـی ئیسـلامی سیاسـی بەدەسـت دەهێنـن، بـە هـۆی ئـەوەی ئیسـلامییەك دەسـەڵاتی وەرگرتـووە. ئەمـە زۆر بـە روونـی دەرکـەوت، هـەر بۆیـەش هیـچ گومانێـك لـەوەدا نییـە ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان، بـە سـەرجەم بـاڵ و لـق و پـۆپ و حیزبـەوە، پاشـکۆی فیکـری ئیسـلامی سیاسـیی عەرەبیـن، هـەر کات بتوانـن ئـەو پاشـکۆیەتییە بـە ئاشـکرا جێبەجێدەکـەن، بەڵـێ لەگـەڵ هاتنـی مورسـی و دواتریـش سـڕکردنی دەسـەڵاتی، ڕێـك دەرکـەوت کـە ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی پاشـکۆی ئیخـوان و ئیسـلامی سیاسـیی عەرەبیـن.

دوای ئـەوەی دەسـەڵاتی مورسـی سـڕکرا، ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتانی تـا ئاسـتێك تـووڕە کـرد، تەنانـەت بەیاننامـەی ناڕەزاییـان دەرکـرد، لـە کاتێکـدا لەگـەڵ هاتنـی ئیخـوان بـۆ دەسـەڵات، بـە یـەك وشـەش، ئیخـوان باسـی لـە کـورد نەکـرد لـە پەیوەسـت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوەیـی کـورد لـە عێـراق و وڵاتانـی دیکـەی ئیسـلامی، ئـەوەی لـە میدیـای ئیسـلامییەکاندا دەخوێنرێتـەوە، یـان دەخوێندرایـەوە، ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان هیـچ بایەخێـك بـە پرسـی نەتەوەیـی نـادەن و ئیسـلامیان بـە لاوە پیرۆزتـرە تـا ئـەو خاکـەی لەسـەری دەژیـن!

بەوپێیـەی هەسـتی ئایینـی دژ بـە بنەمـای نەتەوەییـە و لـە ناوخۆشـیدا نەتـەوە و خـاك دەتوێنێتـەوە، بـە بیانـووی ئـەوەی خـودا

لــە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوەیە و هــەر بســتێکی زەوییــش لــە هــەر شــوێنێکدا بێــت، هــی خودایــە و خــودای ئیســلامیش خــودای تــەواوی مرۆڤایەتییــە و ئیســلامیش دواییــن ئایینــی راســتەقینەی ئــەو خودایەیــە و پێغەمبەرەکەشــی محەممــەد، پەیامبــەری راســتەقینەی خودایــە و بــۆ تــەواوی مرۆڤایەتیــش نێــردراوە.

بــە درێژایــی مێــژووی دروســتبوونی گــرووپ و رێکخــراوە فێندەمێنتاڵــە ئیســلامییەکان، لــە پــڕۆژەی ســتراتیژی ئــەو گرووپانــەدا ئیســلام وەك راســتەقینەترین ئایینــی مرۆڤایەتــی و محەمەدیــش وەك دوایيــن پێغەمبــەری مرۆڤایەتــی ناویــان هاتــووە، ئیــدی لەســەر ئاســتی جیهــان و بەتایبەتــی لــە لایــەن گــرووپ و رێکخــراوە فێندەمێنتاڵــە مەســیحی و یەهودییــەکان، ئــەم پــڕۆژە ئیســلامی سیاســییە رەت دەکرێتــەوە، کــە تەنیــا ئیســلام ئایینــی ســەرەکی مرۆڤایەتــی بێــت، بەڵکــو یەهودییــەکان واتــە جولەکــە لــە بەرانبــەردا دەڵێــن ئێمــە یەکــەم ئایینــی خودایــن و پێویستیشــە ئێمــە ئایینــی راســتەقینەی مرۆڤایەتــی بیــن! فێندەمێنتاڵــی ئیســلامی و یەهــودی و مەســیحییش، ناکۆکیــی گــەورە لــە نێوانیاندایــە، هــەم لەســەر ئــەوەی ئیســلامی سیاســی و هەمیــش پــڕۆژەی ئــەوان، بــەڵام پشــکی شــێر بــەر فێندەمێنتاڵــی ئیســلامی دەکەوێــت لــە دروســتکردنی ناکۆکییەکانــدا، چونکــە ئــەوان دەچــن لــە نــاو جەرگــەی وڵاتانــی مەســیحی کــردەی تیــرۆری ئەنجامــدەدەن و هاووڵاتییانــی ئیســلامی لەنــاو وڵاتــی ئیســلامی دەکــوژن، بــە بیانــووی جاهیلبوونــەوە، لەژێــر کاریگــەری فیکــری توندڕۆیــی ســەید قوتــب، ئــەو فیکــرە شــەڕانگێزەکەی ســەید قوتبیــش خەریکــە دونیــا دووچــاری فــەوزا دەکات، بەوپێیــەی ئێســتاش فیکــری کافراندنــی جیهــان لای ئیخــوان و ســەرجەم گرووپەکانــی دیکــەی ئیســلامی سیاســیی عەرەبــی و کــوردی،

بــە زیندوویــی ماوەتــەوە.

بــەوەی باشــووری کوردســتانیش بــەدەر نییــە لــەو کاریگەرییــە نێگەتیڤــەی فیکــری ســەید قوتــب، لــە ئێســتاکەدا خەڵکانێــك لــە نــاو کــورددا پەیدابوونــە، توندتــر لــە قوتــب بیــر دەکەنــەوە و جیهادکــردن بەســەر ســەرکردە و حیزبــە غەیــرە ئیســلامییەکان، وەك پێویســتییەك دەبینــن و بــۆ جیهادکــردن دەچنــە ســووریا و پاڵپشــتیی بــەرەی نــووسرە دەکــەن و دەچنــە پــاڵ گرووپــی تیرۆریســتیی داعــش و قاعیــدە.

لــە کاتێکــدا رۆژئــاوا و باکــووری کوردســتان لــە نــاو ســەخترین دۆخ و قۆناغــی هەســتیاری سیاســیدان، میدیــای ئیســلامییەکانی کوردســتان ئەوەنــدەی ســەرقاڵە یاخــود خەریکــی رووماڵکردنــی هــەواڵ و چالاکــی تونــدڕۆ ئیســلامی و کارەکتــەرە ئیخوانییەکانــن، نیــو هێنــدە ســەرقاڵی ئــەو پرســانە نیــن، کــە تایبــەت بــە کــوردن، بگــرە تــەواو بوونەتــە داردەســتی ئیخوانــەکان لــە باشــوور. هــاوکات هێنــدەی باســی ئۆرشــەلیم و بڕیارەکــەی ترەمــپ دەکــەن، نیــو هێنــدە باســی کەرکــووك و رووداوێکــی وەك ١٦ی ئۆکتۆبــەر ناکــەن، کــە بــە هۆیــەوە کوردســتان ناوچەیەکــی زۆری لەدەســتدا و بــۆ جارێکــی دیکــەش بــە عەرەبکــردن ســەریهەڵداوەتەوە، بــەڵام ئــەوە لای ئیســلامی سیاســیی کــوردی جێــی پرســیار نییــە و تەنیــا چاویــان قودســە و چالاکیــی ئیخــوان دەبینــن.

کۆمەڵــەی ئیخــوان موســلمین لەســاڵی ١٩٢٨ لەســەر دەســتی شــێخ حەســەن بەننــا لــە میــسر دامــەزراوە و لــەو کاتــەوەش بــە هەمــوو شــێوەیەك تەنانــەت بەشــێوازی توندوتیــژی هەوڵــی گەیشــتن بــە دەســەڵاتی داوە و بــۆ ئــەو مەبەســتەش ســڵیان نەکردووەتــەوە لــە دروســتکردنی فــەوزا و ئەنجامدانــی هەوڵــی کــردەی تیــرۆری دژ بــە ســەرکردە میسرییــەکان.

سـەید قوتبیـش دوای حەسـەن بەننـا، بـە یەکێـك لـە سـەرکردە تیۆرسـیۆنە هـەرە کاریگەرەکانـی فیکـری ئیخوانـی دادەنرێـت و بۆچـوون و فەتواکانیشـی بوونەتـە هـۆکاری نانـەوەی پشـێوی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لـە ناوخـۆی میـسر و وڵاتانـی ئیسـلامی و جیهانـی، ئـەو پێـی وابـوو جیهـان جاهیلبـووە، بۆیـە جیهادکـردن پێویسـتە بەرانبـەر بـە جاهیلبوونـی جیهـان و سیاسـییەکانی میـسر بـە تایبەتـی، چونکـە ئـەو جەهالەتـە دژی خـودا و ئایینـی ئیسـلام هاتووەتـە ئـاراوە، جیهادکردنیـش تاکـە رێگـەی پاراسـتنی ئایینـی ئیسـلامە لـە چنـگ نەیارەکانیـدا. سـەید قوتـب توانـی بـەو قسـانەی سـۆزی هـەزاران گەنجـی جیهـادی بـە لای خۆیـدا رابکێشـێت کـە ئێسـتا جیهانیـان بـە خۆیانـەوە سـەرقاڵکردووە بـە دروسـتکردنی پشـێوی و شـێواندنی ئەمنیەتـی وڵاتـان و کوشـتنی خەڵکانـی بـێ تـاوان، تەنیـا بـە هـۆی ئـەوەی ئیخوانـی نیـن، یـان بەشـێوەی ئـەوان پابەنـدی ئایینـی ئیسـلام نیـن.

# ئیسلامی سیاسی و داعشی فیکری

دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام «داعـش» گرووپێکـی توندڕۆی فیکـری چەکدارییـە، هەڵگـری فیکـری فێندەمێنتاڵـی ئیسـلامی سیاسـی، سـەلەفی جیهـادی، سـوننەگەراییە، ئـەو گرووپـە سـەرەتا زۆربـەی چالاکییەکانـی لـە ڕێـی توندوتیـژی و بەشـێوەی کوشـتن و سـەربڕین و تەقینـەوە و هێرشـی چەکـداری بـۆ سـەر دامـەزراوە ئاسایشـی و سـەربازییەکان ئەنجامـدەدا، هەندێجاریـش بـۆ دروسـتکردنی تـرس، خەڵکـی بـێ تـاوان دەکەنـە ئامانجـی کـردە تیرۆریسـتییەکانیان، دواتـر ستراتیژی گەیشـتن بـە ئامانجەکەیـان گـۆڕی بـۆ دەستبەسـەر داگرتـن و مانـەوە لـەو شـوێنانەی کـە داگیـری دەکـەن، وەك داگیرکردنـی پارێزگـەی مووسـڵ لـە عێـراق و ڕەققـە لـە سـووریا.

دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ٢٠١٤ ئـەو گرووپـە مووسـڵ داگیـر دەکـەن، دەوڵەتـی خەلافـەت لـەو پارێزگەیـە ڕادەگەیەنێـت و بـەوەش

بــووە گەورەتریــن و مەترســیدارترین گرووپــی تیرۆریســتی، هــاوکات هەلومەرجێکــی ئەوتــۆی هێنایــە کایــەوە شــکۆی مرۆڤــی عێراقــی و ســووری تێکشــکاند و ئاسایشــی ناوچەکەشــی بــە تــەواوی خســتە ژێــر هەڕەشــەی تیرۆریســتان و دوای ســێ ســاڵیش لــە شــەڕکردن لــە دژی ئــەو گرووپــە، لــە لایــەن ئەمەریــکا و هاوپەیمانەکانــی و بــە هــاوکاری هێزەکانــی پێشــمەرگەی کوردســتان و ســوپای عێــراق، ئینجــا لــە مووســڵ دەرکــران و چەکدارانــی ئــەو گرووپــە بــە ناوچــە فراوانەکانــی عێــراق و ســووریادا بڵاوبوونــەوە، بــەڵام جارێکــی دیکــە دەســتیانکردەوە بــە چالاکــی تەقینــەوە و پارتیزانــی، واتــە گەڕانــەوە ســەر ئــەو سرووشــتی کارکردنــەی پێــش داگیرکردنــی مووســڵ، کــە کــردەی تیــرۆری و تــرس و تۆقانــدن و چالاکــی پارتیزانیــان ئەنجامــدەدا.

ســەرهەڵدانی داعــش، رووداوێکــی گــەورە بــوو لــە جیهــان و گرنگــی تایبەتیشــی بــۆ ئیســلامی سیاســی عەرەبــی و کــوردی هەبــوو، بــەوەی ئــەو گرووپــە بــووە هــۆی ئــەوەی جارێکــی دیکــە، شــانە نووســتووەکانی تیرۆریســـتان چـــالاك ببنـــەوە و جورئـــەت بـــە خۆیـــان بدەنـــەوە، هــاوکات فیکــری تیــرۆری و توندڕۆیــی ئایینــی گەشــەی کــردەوە، وەك چــۆن مــاری ســڕ چــالاك دەبێتــەوە، ئەوهــا ئــەو فیکــرە توندڕۆییــە بــە هــۆی داعشــەوە کەوتــەوە چالاکــی و بــە ئاشــکراش گوتــاری داعشــیانە لەســەر ئاســتی کۆمەڵگــەی موســڵمانی هەســتی پێدەکــرا، ئەگەرچــی هەمــوو کــەس هەســتی بــەو گوتــارە نەدەکــرد، چونکــە داعــش گرووپێکــی تیرۆریســتین و ئەندامانــی لــە لایــەن دامودەزگــەی ئەمنییــەوە دەســتگیردەکرێن، بــەڵام ســەرباری ئــەوە، دەیــان مــەلا و کارەکتــەری ئیســلامی قســە و گوتارەکانیــان لــە خزمەتــی فیکــری داعشــی کەوتنــەوە، مــەلای لــە نموونــەی مــەلا شــوان لــە هەولێــرەوە

خـۆی گەیانـدە نـاو داعـش و سـووکایەتی بـە کـورد کـرد، هـاوکات مـەلای دیکـەی کـوردی لـە نموونـەی ئیسـماعیل سووسـەیی، بەیعەتـی بـەو گرووپـەدا، ئەمـەش بـە گوتـەی خـۆی، دوای ئـەوەی لـە لایـەن ئاسایشـی هەولێـرەوە دەسـتگیر دەکرێـت و پاشـان لـە دان پێدانانێکـی بڵاوکـراوەی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان، سووسـەیی لەسـەر شاشـەکان داعشـبوونی خـۆی راگەیانـد و باسـی لەوەشـکرد کـە چۆنچۆنـی بەیعەتـی بـە داعـش و ئەبوبەکـری بەغـدادی داوە.

راسـته داعـش وەك گرووپێکـی چەکـدار نـاسرا، بـەڵام خـۆی پڕۆژەیەکـی فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی سیاسـیی عەرەبییـە، ئـەو پـڕۆژە لەمێژینەیـەی دەیـەوێ دەوڵەتـی خەلافەتـی ئیسـلامی زینـدوو بکاتـەوە، داعـش هـات و ئـەوەی کـرد، بـەڵام هاوپەیمانـی جیهانـی ئـەو خەونـەی لـە گۆڕنـان، ئەگینـا کۆمەڵگـەی ئیسـلامی بـە هـۆی ئـەو ژینگـە لەبارەیـەوە بـۆ لەخۆگرتنـی گرووپـە تیرۆرییـەکان، رەنگـە ئـەو دەوڵەتـە خەلافەتیـەی قبـووڵ بکردایـە و وەك ئەمـری واقیعیـش هەڵسـوکەوتی لـە تەکـدا بکردایـە، بـەڵام چونکـە هاوپەیمانـی جیهانـی ترسـی گەورەیـان لـەو گرووپـە هەبـوو، ئیـدی رێیـان لـە گەشـەکردنی گـرت.

سـەرەتای چالاکـی، یاخـود دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئیسـلامی داعـش، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ کـە ئەبـو موسـعەب زەرقـاوی دایمەزرانـد، لـە شـێوەی گرووپێکـی زۆر بچووکـدا بـوون، دوای ئەویـش واتـە دوای زەرقـاوی، ئەبـو عومـەر بەغـدادی بـووە سـەرکردەی بـاڵای دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام، دواتـر ئەبـو بەکـر بەغـدادی سـەرکردایەتی بـاڵای داعشـی گرتەدەسـت و لـە هـەردوو وڵاتـی عێـراق و سـووریا، چالاکـی دەسـتپێکرد، سـەرەتا نزیکایەتـی باشـتر

وایــە بگوتــرێ جۆرێــك لــە تێکەڵاویــی لــە نێــوان داعــش و ڕێکخــراوی تیرۆریســتی ئەلقاعیــدە هەبــوو، بەتایبەتــی لــە چوارچێــوەی ئــەو کــردە تیرۆریســتییانەی لــە عێــراق و ســووریادا ئەنجامــدەدران، دواتــر بــە هــۆی ململانێــی ناوخۆیــی بەتایبەتــی لــە نێــوان ئەبــو بەکــری بەغــدادی ســەرکردە و خەلیفــەی داعــش و ئەیمــەن ئەلزەواهیــری ســەرکردە و خەلیفــەی ئەلقاعیــدە، کــە دوای کوژرانــی ئوســامە بنــلادن بــوو، بــە ســەرۆکی ڕێکخــراوی قاعیــدە، ئــەو دوو گرووپــە لــە یەکــتری دوور کەوتنــەوە، بگــرە کەوتنــە قســەگوتنیش بــە یەکــتری و تەنانــەت ڕەتکردنــەوەی کاری یەکــتری بــە ڕوونــی ڕەنگیدایــەوە.

بــە هــۆی شکســتی ســوپای عێــراق و ســوپای ســووریا لــە ســاڵی ٢٠١٤ لــە بەرانبــەر داعــش، ئــەو گرووپــە ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ، هەیمەنــەی ســەربازی زیاتــری پەیــدا کــرد و بــە جــدی بــووە مەترســی لەســەر لەناوچەکــە، بەتایبەتــی لــە ســاڵی ٢٠١٥ بــە دواوە، دوای ئــەوەی مووســڵی بــە تــەواوی کەوتــە ژێردەســت، ئینجــا هێرشــیانکردە ســەر هەرێمــی کوردســتان، ڕەنگــە ئــەم هێرشــە لــە مێــژوودا بــە یەکــەم هــۆکاری شکســتی داعــش دابندرێــت، کــە بــووە هــۆی گرێدانــی هاوپەیمانێتــی جیهانــی دژی ئــەو گرووپــە و هــاوکات هاوکارییکردنــی هێــزی پێشــمەرگە و ســوپای عێراقیــش لــە لایــەن وڵاتانــی هاوپەیمانــەوە، وایکــرد پێشــڕەوییەکانی بوەســتێت، بەتایبەتــی لەناوچــە عەرەبییــە ســوننەکان، لــەو ڕۆژەوە کــە داعــش هێرشــی کــردە ســەر هەرێــم، بــەرەی هاوپەیمانــی زیاتــر مەترســی ئــەو گرووپەیــان بــۆ ڕوون بــووەوە.

لــە دوای دەرکەوتنــی و دەستبەســەرداگرتنی چــەك و جبەخانــەی چەنــدان فیرقــەی ســوپای عێراقــی لــە مووســڵ و ڕەققــەی ســووریاشــدا، ئیــدی داعــش لــە ڕێکخراوێکــی بچووکــی فێندەمێنتاڵــی تیرۆریســتییەوە،

بــووە هێزێكـی گـەورەی تیرۆریسـتیی لـە ناوچەكـە و بایەخـی میدیاكانـی جیهانیشـی بـۆ خـۆی كێشـكرد. واتـە داعـش لـە ڕێكخراوێكـی بچووكـەوە، بــووە ڕێكخراوێكـی تیرۆریسـتی جیهانـی، بـە هێزبوونـی ئـەو گرووپـە بچووكـە تیرۆریسـتییە، كـە سـەرەتا جارجـارە كردەوەیەكـی تیرۆریسـتییان لــە شــارەكانی عێراقــدا ئەنجامــدەدا، هۆكارەكــەی بــۆ زیندووكردنــەوەی هەسـتی تایەفـی و شـەڕە مەزهەبییـەكان و پەراوێزخسـتنی بەشـێكی زۆر لـە عێراقییـەكان، لـە لایـەن دەسـەڵاتدارێتی حكوومەتـی ئەوكاتـی عێـراق بــە ســەرۆكایەتی نــووری مالیكــی دەگەڕێتــەوە، لــەوەی نەیتوانــی یــان نەیدەویســت سیاســەتێكی دروســت بــۆ عێراقییــەكان پەیــڕەو بــكات، هــاوكات شكســتی ســوپاكەی و هەڵاتنــی ئــەو لەشــكرە گەورەیــەی عێراقییــەكان بــە جۆرێــك لــە مــاوەی چەنــد كاتژمێرێكــدا مووســڵ و ناچەیەكـی فراوانییـان بـۆ داعـش چـۆڵ كـرد و هەرچـی چـەك و تانـك و زرێپۆشـی پێشـكەوتووش هەبـوون، كەوتنـە دەسـت داعـش، ئەمـەش هــاوكات بــوو خــودی گرووپەكــە پێشــبینی شكســتێكی لــەم جــۆرەی ســوپای عێراقییــان نەكردبــوو، هــەروەك دواتــر ســەرچاوە زانیارییــەكان ئاشــكرایان كــرد، ســەرەتا داعــش ویســتبووی چەنــد چالاكییــەك لــە مووســڵ ئەنجامبــدات، بــەڵام كاتێــك هەســت دەكات شــارەكە بەرگــری تێـدا ناكرێـت و سـوپاش خەریكـی هەڵاتنـە، ئیـدی دەستبەسـەر تـەواوی دامەزراوەكانــدا دەگیرێــت.

لــە لایەكــی تریشــەوە نــووری مالیكــی كەوتبــووە دژایەتیكردنــی هەرێمــی كوردســتان و لــە ناوخــۆی عێراقیشــدا ســوننەكانی دەچەوسـاندەوە. بەگشـتی دۆخـی ئەمنـی و كۆمەڵایەتـی و ئایینـی و ئابــووری لەباربــوون بــۆ ئــەوەی داعــش لــەو ژینگەیــەدا ســەرهەڵبدات.

مەسـعود بارزانـی، سـەرۆكی ئەوكاتـی هەرێمـی كوردسـتان، دوای

کەوتنی مووسڵ، رایگەیاند، کە بە مالیکی گوتووە مەترسی تیرۆر لە ئارادایە، مالیکیش لە وەڵامیدا گوتویەتی تۆ چاودێری هەرێمی کوردستان بکە، خەمی ئەولایەت نەبێت.

دیارە ئەم هۆشدارییەی بارزانی لە کاتێکدا بووە کە نێوانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا خۆش نەبوو، رەنگە ئەمەش هۆکارێك بووبێت لەوەی مالیکی بایەخی بەو هۆشدارییەی بارزانی نەداوە، تا ئەوکاتەی شکستی سوپاکەی لە ماوەی کاتژمێرێکدا دەبینێت، بە جۆرێك ئەوەی خۆی رادەستی داعش کرد، ئەوا گیرا و کوژرا، ئەوەی دیکەشان بە بەرچاوی جیهانەوە ناوچەکەیان چۆڵکرد و چەك و تەقەمەنییەکانیان لە دوای خۆیاندا فڕێدا و بەم شێوەیەش داعش بە هۆی سوپا شکستخواردووەکەی نووری مالیکی کە دەرئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی خودی مالیکی بوو، ناوچەیەکی فراوان و جبەخانەیەکی زەبەلاحی عێراقی کەوتە دەست.

لە لایەکی ترەوە سوننەی عەرەب لە حکوومەتی عێراق بێ ئومێدببوون و بە دوای بەدیلدا دەگەڕان، تا وەك گوشارێك بەرانبەر مالیکی بەکاری بهێنن، لەم هەلومەرجەشدا رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە پاڵپشتیی بەشێکی زۆر لە خەڵکە نارازییەکەی عەرەبی سوننە سواری شەپۆلی نارەزاییەکانی ناوچەی سوننە بوون، کە دواتر وەك دەرفەتێك لەبەردەم گەشەی داعشدا قۆسترایەوە، ئەگەر تا ئەوکات عەرەبی سوننە لەسەر حەقبوون و ئەوەی داوایان دەکرد، مافی خۆیان بوو، بەڵام بە هۆی تێکەڵبوونی بەشێکیان بە داعش، ئیدی مافی ئەوان، وەك خۆی نەمایەوە و چووە چوارچێوەی کردەوەی تیرۆریستی.

قسـەکردن لەسـەر داعـش و ڕێکخـراوە توندڕۆکان بـە گشـتی، زۆر ئاڵـۆزە، دەبـێ لـە دیدگـەی جیـاوازەوە سـەرنج بدرێـن و کـردەوە و هەنـگاو و ئامانجەکانییـان بـۆ خەڵـك روون بکرێتـەوە، هـاوکات پێویسـتە داعـش بەسـەر دوو فۆڕمـدا دابـەش بکەیـن، داعشـی چەکـدار و داعشـی فیکـری، زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتان و عێـراق و جیهانیـش ئەوکاتـە داعشـی بـە تـەواوی ناسـی کـە مووسـڵ و ڕەققـە داگیـر دەکـەن و هێـرش دەکەنـە سـەر کوردسـتان، ئەگینـا وەك ئامـاژەی بـۆ کـرا، داعـش دەمێـك بـوو، وەك فیکـر بوونـی هەبـوو، بـە ئەنجامدانـی کـردەوەی تیرۆریسـتی بچـووك، بـەڵام لـە دەرفەتێـك دەگـەڕان تـا پرۆسـەی چەکـداری ئەنجامبـدەن، ئەوەبـوو ئـەو دەرفەتەیـان هاتـە پێـش.

هـەروەك باسـکرا بارۆدوخـی ناسـەقامیگری عێـراق بەتایبەتـی و سـووریا و هەندێـك وڵاتـی عەرەبـی دیکـە، ڕێگەخۆشـکەربوون تـا داعـش جوڵانـەوەی چەکـداری ئەنجامبـدات، یـان بیباتـە قۆناغێکـی تـرەوە، گرتنـی مووسـڵ و ڕەقـە قۆناغێکـە بـە هێزبوونـی داعـش لـە ڕووی چەکـداری دەگەیەنێـت، بـۆ عێـراق شـوورەیی بـوو، داعـش سێجار سـاڵیادی خـۆی لـە مووسـڵ بکاتـەوە، لـە کاتێکـدا عێـراق دەوڵەتـە و فڕۆکـە و تانـك و سـوپایەکی زەبەلاحیشـی لەبـەر دەسـتدابوو، بـەڵام هـۆکاری تایەفـی و ململانـێ و ناعەدالەتییـەکان وایـان کـرد، عێـراق توانـای لاواز بێـت بەرانبـەر بـە داعـش.

هەرێمـی کوردسـتان توانـی تـا ئاسـتێکی بـاش داعـش لاواز بـکات، بـە دوورخسـتنەوەی هەڕەشـە چەکدارییەکانـی لەسـەر کوردسـتان، بـەڵام مەترسـی داعشـی فیکـری، مەترسـییەکی دیکەیـە و دەبـێ بـە هەنـدی وەربگرێـت، چونکـە خەڵکانێـك هـەن، ئەگەرچـی بـە ئاشـکرا

پاڵپشتیی داعش ناکەن، بەڵام کۆی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتییان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو داعشەی لە مووسڵ و حەویجە دابوون نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، ئەوەی لەناوخۆدایە، واتە داعشی فیکری بەشێوازی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، دواتر ئەو هەڵسوکەوتەی بە خزمەتی فیکری داعشی دەکەوێتەوە، لە ئەگەری بنیاتنانی دەوڵەتەکەی داعشیش دەبێتە بەردێك و دەخرێتە سەر بەردێك.

هەر لە سەروبەندی دەرکەوتنی ئەو گرووپەدا، هیچ پڕۆژەیەکی فیکری بۆ رووبەڕووبوونەوەی فیکری داعشی نەخرایەڕوو، یانی داعش تەنیا لە یەك رەهەندەوە سەیری کراوە، ئەویش بۆردوومان و تێکشاندنی بەرەی سەنگەری ئەو گرووپە بووە، واتە ستراتیژی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان و عێراقیش تەنیا شەڕی چەکداری بووە دژی داعش، بەڵام لە رەهەندێکی دیکەوە، ئەو گرووپە ئێستاش بەردەوامن لەسەر چالاکی فیکری و هێشتاش گەورەترین مەترسین بەسەر باری دەروونی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، بەوەی ئێستاش مەترسی و ئەگەری ئەوەش زۆرە بتوانن دروست بنەوە، واتە لە رووی چەکداریشەوە هەندێ ناوچەی عێراق بگرنەوە، بە هۆی ئەوەی لە رووی فیکرییەوە ئەو گرووپە لاواز نەکراوە، تەنیا شەڕی چەکداری لە بەرانبەردا ئەنجامدراوە و بۆیەش لە رووی فیکری وەك خۆی ماوەتەوە و چالاکی فیکری و مەترسی فیکری داعشیش هەمیشە لە ئارادا دەبن، بە هۆی لەباربوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی ناوچە موسڵمانییەکان.

مەترسی فیکری داعشیش زۆر ترسناکتر و جدیتره لە هەڕەشەی داعشی چەکدار، بەپێی ئەوەی داعشی فیکری کار لەسەر

شـۆرینەوەی مێشـکی تـاك دەكات و دەچێتـە نـاو مزگـەوت و قوتابخانـە و ماڵـەكان و زانكـۆ و ماركێتەكانـەوە و بـە هێواشـی شـانەكانی گەشـە دەكات و دواجاریـش كاریگەرییەكانـی دەردەكـەون.

ئـــەو ئەركـــەی دەكەوێتـــە سەرشـــانی حكوومـــەت و رۆشـــنبیران و دامـــەزراوەی پەروەردەیـــی و زانكـــۆ و میدیـــای كوردســـتانیش، زۆر قورسـترە لـەو ئەركـەی كەوتووەتـە سەرشـانی هێـزی پێشـمەرگە و هێـزە ئەمنییـەكان، بـەوەی داعشـی فیكـری لـە تەكـمان دایـە، دراوسـێمانە، لـە ماركێتەكانـدا لەگـەڵ ئێمـەدا شـت دەكـڕن و لـە شەقامەكانیشـدا پیاســە دەكــەن، ســوودمەند دەبــن لــە خزمەتگــوزاری كۆمەڵایەتــی و تەندروســتی و تەكنەلــۆژی و زانســتی و ئابــووری و هەتــا لــە زانكۆكانیشـدا بڕوانامـەی بـەرز بەدەسـت دەهێنـن، راسـتە بـە ئاشـكرا نابیندرێـن، بەڵكـو لەژێـر پـەردەی دینـداری و هەڵسـوكەوتی نزیـك لـە ئایینییـەوە كار بـۆ ئامانجەكانیـان دەكـەن، بـە سـوود وەرگرتـن لـە شـۆرینەوەی مێشـكی خەڵكـی سـادە و دواتـر ئاشـناكردنیان بـە گرووپـە تیرۆریسـتییەكانی وەك داعـش و قاعیـدە و بـەرەی نـووسرە و ئیسـلامی سیاسـی بـە گشـتی.

هۆشـــیاركردنەوەی تـــاك لـــە رووی فیكـــری، گرنگێتـــی زۆری بـــۆ رێگریكـردن لـە تەشـەنەكردنی فیكـری تونـدڕۆی داعشـی هەیـە، كـە بووەتـە هەڕەشـەیەكی جـدی لەسـەر جیهـان و بەتایبەتـی وڵاتانـی ناوچەكـە، ئەگـەر داعـش جارێـك بـۆ عێـراق هەڕەشـە بووبێـت، ئـەوا دووجـار بـۆ هەرێمـی كوردسـتان هەڕەشـەیە و مەترسییەكانیشـی زیاتـر دەبــن، هــەم بــە هــۆی ئــەوەی عێــراق دەوڵەتــە و دەتوانێــت بــە مەبەسـتی رووبەڕووبوونـەوە كەرەسـتە و چەكـی پێشـكەوتوو بكڕێـت، هەمیـش لـە عێراقـی ئێسـتادا كـەس بایـەخ بـە ژیانـی مـرۆڤ نـادات،

ئەوەتـا رۆژانـە مرۆڤـی عێراقـی بـە بەرچـاوی دەسـەڵات و حکوومـەت و هێـزە ئەمنییەکانـەوە دووچـاری کوشـتن و ماڵوێرانـی و ئاوارەیـی و دەربـەدەری دەبنـەوە، کەچـی سـەرکردە عەرەبییـە عێراقییـەکان خۆیـان بـە گەندەڵـی و بازرگانـی و شـتی لاوەکییـەوە سـەرقاڵ کـردووە، بگـرە زیاتریـش بوونەتـە هـۆی ئاڵۆزترکردنـی دۆخەکـە بـە دنەدانـی تونـدڕۆ مەزهەبییـەکان و دروسـتکردنی هێـزی میلیشـیایی مەزهەبـی لـە شـێوەی حەشـدی شـەعبی و گرووپـی چەکـداری فلانـە سـەرکردە و فیسـار مەرجەعـی ئایینـی و ئـەم سـەرۆك عەشـیرەت و ئـەو سـەرکردەی سیاسـی.

جەنگـی فیکـری دژی فیکـری فێندەمێنتاڵیزمـی داعشـی، گرنگتریـن هەنگاوێکـە دەبـێ بەرانبـەر ئـەو گرووپـە فیکـری و چەکدارییـە بندرێـت، ئـەو جەنگـە فیکرییـە پێویسـتە حکوومـەت بـە بەرنامـە و پاڵپشـتیی میدیـا و رۆشـنبیرانی سـێکۆلار و نەتەوەیـی بیخاتـە ئەولەویەتـی کارکردنـی خـۆی، وەك هەسـتکردن بـە هەڕەشـە و مەترسـییەکانی فیکـری فێندەمێنتاڵییەتـی ئـەو گرووپـە تیرۆریسـتییەی بـە ئاشـکرا جەنگـی دژی ئاینـدەی کوردسـتان راگەیانـدووە و فەتـوای جیهـادی بەسـەر هەرێمـی کوردسـتانداوە بـە سـوودوەرگرتن لـە فەتواکـەی سـەید قوتـب، گوایـە جیهـان جاهیلبـووە و دەبـێ جیهـادی بەسـەردا بکرێـت، ئاخـر هەرێمـی کوردسـتان لـە روانگـەی داعشـی فیکـری و چەکـدارەوە سـەر بـە بلۆکـی رۆژهەڵاتییـە و دەبـێ شـەڕی ئـەو بلۆکـە بکرێـت و لـە جێـی ئـەو حکوومـەت و دەسەڵاتانەشـدا، دەسـەڵاتی خەلافەتـی هاوشـێوەی ئـەوەی لـە مووسـڵ و رەقـەدا رایانگەیانـد، پەیـڕەو بکرێـت و کـۆی سیسـتەمی کۆمەڵگـە و دەسـەڵات و حکوومەتیـش بـە ئـارەزووی فیکـری داعشـی بەڕێوەببردرێـن، کەوایـە

داعــش دووجــار مەترســییە، جارێــك مەترســی ئــەو داعشــەی لەســەر پشــتی تانكەكانــەوە هێــرش بــۆ ســەر ســەنگەرەكانی پێشــمەرگە دەهێنێــت و جارەكــەی تــری، بــە هــۆی بڵاوكردنــەوەی ئــەو كولتــوور و فیكــرە فێندەمێنتاڵییــە داعشــییەی لــە ناوخــۆی شــارەكاندا ئیشــی لەســەر دەكات لــە ڕێــی بەشــێك لــە مینبــەری مزگــەوت و مــەلای توندڕۆی ئیســلامی سیاســی و بــە ســوودوەرگرتن لــە بوارەكانــی تەكنەلۆژیــا، بــە بڵاوكردنــەوەی دەنگــۆی ئــەوەی گوایــە ئیســلام مەترســی لەســەرە، لــە كاتێكــدا خــودی داعــش و هاوشــێوەكانیان مەترســین بەســەر ئیســلام.

هــەر وەك پێشــتر گوتــرا دەكــرێ داعــش بەســەر دوو فۆڕمــدا دابەشــبكەین، داعــش وەك فیكــر و وەك چەكــدار، ســەرەتا داعــش وەك فیكــر ئامادەگــی هەبــوو، ئەگەرچــی ئــەو فیكرەیــە بەهەنــد وەرنەگیــرا و وەك گاڵتەكردنێكیــش دەیانگــوت، دەوڵەتــی بــە نــاو ئیســلامی، ئەمجــۆرە لــە بەســووك ســەیركردنەی داعــش، لــە لایــەن سیاســی و ڕۆشــنبیرە عەرەبییــە عێراقییــەكان، ئەنجامەكــەی ئەوەبــوو كــە داعــش ســەرەتا لــە رووی فیكرییــەوە چــووە قوڵایــی ناوچــە ســوننییەكان و ســواری شــەپۆلی نارەزایــی شــەقامی ســوننەی عەرەبــی بــوو، لــە موســڵ و چەنــد ناوچەیەكــی دیكــەی تــژی بــە ناڕەزایــی جەمــاوەری و مەزهەبــی، بەتایبەتــی لــە ســەردەمی نــووری مالیكــی كــە رۆڵــی بــاڵای هەبــوو لــە تۆخكردنــەوەی ناڕەزایــی و ناعەدالەتییــە كۆمەڵایەتییــەكان و بایەخــدان بــە فیتنــەی تایەفەگــەری و مەزهەبگــەری لــە نــاو پێكهاتەكانــی عێرقــدا تــا دواتــر بوونــە گرووپــی چەكــدار، مالیكــی تەنیــا لــەوەدا ســەركەوتوو نەبــوو، تــا بتوانێــت كوردیــش بخاتــە نــاو ململانێــی مەزهەبــی، بــەڵام كاتێــك داعــش لــە رووی فیكرییــەوە بــە ســوودوەرگرتن لــە ژینگــەی لەبــاری ناوچــە ســوننییەكان و ئاڵۆزییەكانــی ســووریا و

بەهـــاری عەرەبـــی گەشـــەی کـــرد و ئیـــدی هەڵبـــژاردەی چەکداریـــش بـــووە ئامانجـــی بەدیهێنانـــی خەونەکەیـــان لـــە تێکدانـــی ســـنوورەکان و کۆکردنـــەوەی کۆمەڵگـــەکان لـــە چوارچێـــوەی یـــەك دەوڵەتـــی خەلافەتـــی لەســـەر بنەمـــای مەزهەبـــی و ســـوننەگەرایی و توندڕۆیـــی و ئازاردانـــی غەیـــرە موســـڵمانەکان و ئـــەو موســـڵمانانەی وەك ئـــەوان بیـــر ناکەنـــەوە.

ئـــەوەی گرنگـــە هەڵوەســـتەی لەســـەر بکرێـــت، ئیشـــکردنە لەســـەری داعشـــی فیکـــری لـــە کوردســـتان، بەڕاســـتی جۆرێـــك بێســـەروبەری لـــە کوردســـتان بـــەدی دەکرێـــت، لـــەوەی هـــەر کەســـە و بـــە ئـــارەزووی خـــۆی رێـــکلام بـــۆ فیکـــری داعشـــی دەکات، راســـتە زۆربـــەی لەســـەر زار باســـی قارەمانێتـــی پێشـــمەرگە دەکات و دژی داعـــش قســـە دەکات، بـــەڵام ئـــەوە هیـــچ دڵخۆشـــکەر نییـــە، چونکـــە لـــە جەوهـــەردا بـــە هـــۆی ئیشـــکردن لەســـەر پەروەردەکردنـــی نەوەیەکـــی هاوفیکـــری داعشـــی لـــە لایـــەن گـــرووپ و تەیـــاری ئیســـلامی تونـــدڕۆوە، بەشـــێوەی نهێنـــی ئەگـــەری ســـەرهەڵدانی گرووپـــی داعشـــی فیکـــری لـــە ناوخـــۆی کوردســـتاندا نزیکـــە و ئەمـــەش کارەســـات دروســـت دەکات، ئـــەو فیکـــرەی داعشـــییە، واتـــە داعشـــی فیکـــری لـــە باشـــووری کوردســـتان بـــە ئاشـــکرا هەســـتی پێدەکرێـــت و وەك مەترســـییەکیش دەبینـــدرێ، بـــەوەی لـــە ماوەیەکـــی تـــردا وەك بۆمبێـــك بتەقنـــەوە، راســـتە ئـــەو گرووپانـــە واتـــە داعشـــی فیکـــری، راســـتەوخۆ بانگەشـــە بـــۆ داعشـــبوون ناکـــەن، بـــەڵام بـــە قســـە و هەڵســـوکەوتییان لـــە نـــاو کۆمەڵگـــە، هەمـــان کردەوەکانـــی داعـــش ئەنجامـــدەدەن و خەریکـــی بڵاوکردنـــەوەی فیکـــری داعشـــن.

قســـەکردن لەســـەر رێکخـــراوی تیرۆریســـتی دەوڵەتـــی ئیســـلامی لـــە عێـــراق و شـــام «داعـــش» بـــۆ کـــورد گرنگتریـــن پرســـێکە، بەوپێیـــەی هاوســـنوورین لەگـــەڵ ناوچـــەی سوننەنشـــین و ئـــەو گرووپـــەش، واتـــە

داعــش بەشــێوەیەکی توندڕۆیانــە ســوننەچێتی و عەرەبچێتــی دەکات و بووەتــە گەورەتریــن مەترســی بەســەر ناوچــەی عەرەبــی سوننەنشــین و لــە بەرانبەریشــدا، ئەگەرچــی هەمیشــە ئاڵــۆزی و ململانــێ مەزهەبییــەکان لــە ناوچــە عەرەبییــەکان لــە بــرەودان، بــەڵام هیــچ گومــان لــەوە دانییــە، ئەگــەر ئــەو ئاڵۆزییانــە بەردەوامیــان هەبێــت، هەرێمــی کوردســتانیش بــە هــۆی نزیکــی ســنوورەکەیەوە زیاتــر دەکەوێتــە ژێــر هەڕەشــەی داعشــی فیکــری بــە پاڵپشــتیی ئیســلامی سیاســیی کــوردی.

ئامانجــی ســەرەکی گــرووپ و ڕێکخــراوە سیاســییە ئیســلامییەکان لــە جەوهــەردا لەگــەڵ داعــش یــەك ئامانجــە، بــەڵام بــە هــۆی هەســتیاری قۆناغەکــە بــە میکانیزمــی جیاوازتــر لــە داعــش کار دەکــەن، ڕەنگــە ڕۆڵ لــە نێوانیانــدا دابــەش کرابێــت بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجەکەیــان، هەندێکیــان تەنیــا لەســەر شــێوازی پەروەردەیــی خەڵــك لــە خۆیــان کــۆ دەکەنــەوە، بــۆ نموونــە دەچنــە نــاو ناخــی خەڵکانــی ســادە و چالاکییەکانیــان دەبەنــە نــاو زانکــۆ و قوتابخانــە و مزگەوتــەکان و گونــدەکان و لــە ڕێــی گوتــاری فێندەمێنتاڵییانــەی ئەوتــۆوە کــە خەڵــك قەناعەتیــان پــێ بــکات، هەندێکــی تریــان ئیســلام بەکاردێنــن وەك کەرەســتەیەك بــۆ بەرژەوەنــدی خۆیــان، بــۆ نموونــە بــەردەوام دەڵێــن ئیســلام لــە مەترســیدایە و پێویســتە داکۆکــی لــێ بکرێــت، ئەمجــۆرە گرووپانــە زیاتــر وەك حیزبــی سیاســی خۆیــان نمایشــکردووە و زۆرجاریــش دەچنــە پەرلەمــان و نــاو حکوومەتەکانــەوە، بــەڵام ئامانجــی ســەرەکی ئــەو گرووپــە ئیســلامییانە، بەتایبەتیــتر داعــش زیندووکردنــەوە یاخــود دامەزراندنــی خەلافەتێکــی ئیســلامییە لەســەر بنەمــای مەزهەبگــەرای ســوننە و ئازاردانــی شــیعەکان و ســەپاندنی هەیمەنــەی ســوننەگەرێتی بەســەر کــۆی ناوچەکــە.

لەگـەڵ گەشەسـەندی زیاتـری ئـەو گرووپـەش، ئیـدی ژیانـی خەڵـك هاوشـێوەی هاووڵاتییانـی ئەفغانسـان دەکەوێتـە مەترسـی، بـە دەسـت تونـدڕۆی ئیسـلامی سیاسـی، لەگـەڵ دروسـتکردنی کیانـی خەلافەتـی ئیسلامیشـدا لەسـەر بنەمـای توندڕۆیـی مەترسـی جدیـتر بـۆ شـوێنانی دیکـەش چڕدەبێتـەوە، بەتایبەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەوپێیـەی نزیکتریـن شـوێنێکە کـەوا داعشـی فیکـری تێـدا باڵادەسـتە.

داعـش پێـش ئـەوەی تەنیـا گرووپێکـی چەکـداری بـن، بێگومـان گرووپێکـی فیکریـن و دەبـێ شـەڕی فیکریـان لـە بەرانبـەردا بکرێـت، بـەوەی ئـەو گرووپـە خۆیـان خزاندووەتـە نـاو کۆمەڵگـە و کاریگـەری قووڵیشـیان لەسـەر خەڵکـی دانـاوە، تەنانـەت کـۆی حیـزب و گرووپـە ئیسـلامییەکانیش ناتوانـن بـە تـەواوی خۆیـان لـەو گرووپـە بێبـەری بکـەن، تەنانـەت تـا ئێسـتا ناتوانـن بڵێیـن داعـش تونـدڕۆ و تیرۆریسـتن، نـەك نێوانیـان لەگـەڵ ئـەو گرووپـە تێکبچێـت، راسـتە بـە ئاشـکرا باسـی ئـەو پەیوەندییـە ناکـەن کـە لـە نێـوان ئـەوان و داعشـدا هەیـە، بـەڵام لـە رووی عاتیفـەی ئایینـی، بێشـك پەیوەنـدی قـووڵ لـە نێـوان داعـش و هـەر حیزبێکـی دیکـەی ئیسـلامی سیاسـی هەیـە، بـە حیزبـە ئیسـلامییە کوردییەکانیشـەوە، داعـش لـە تـەك باڵـە سـەربازییەکەی، هـاوکات ئایدۆلۆژیایەکـی فیکـری ئیسلامیشـە، وەك چـۆن ئیخوانیـش فیکرییـە، ئەوهـا داعشـیش فیکرییـە و ئیسـلامییەکانیش پێـوەی پابەنـد دەبـن.

# ئیسلام و توندوتیژی

سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام پێش هەزار و چوارسەد ساڵ، ئەوەندەی مەبەست لێی بەرەودان بووە بە بازرگانی کاڵا و فریودانی مرۆڤ، بەپێچەوانەوە بۆ خزمەت و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی ئەوکاتی بیابانی عەرەبی و مرۆڤایەتی نەهاتووە، لەگەڵ سەرهەڵدانیشیدا، ناکۆکیی قووڵیشی هێناوەتە ناو گەلالی ناوچەکە و بەجۆرێکیش ئەوەی لەژێر گوشاری شمشێر و لەشکری ئیسلامیدا بووە بە ئیسلام، ئەوە باشە، ئەگینا ئەوانی دیکە ئەشکەنجەدراون و کوژراون و کۆیلەکران.

تەنانەت لە ناو حەرەمسەرا و دیوەخانی کاربەدەستانی ئیسلامی، بە هەزاران کچ و ژنی کۆیلە هەبوون و بە هەموو شێوەیەك خرابوونە خزمەتی کاربەدەست و پیاوانی ئیسلامی، تەنیا لە ناو کۆشکی سوڵتان سولێمانی قانوونی، سەدان کچی کۆیلە

هەبـوون کـە بـە دیـاری بـۆ سـوڵتان و کوڕەکانـی هێندرابـوون، یـان لـە بازاڕەکانـدا کڕدرابـوون و زۆربەشـیان غەیـرە موسـڵمان بـوون، لەبـەر ئـەوەی نەدەکـرا موسـڵمان وەك کۆیلەیـەك لـە حەرەمسـەرادا بێـت. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی سـوڵتان دەسـەڵاتی رەهـای هەبـوو لـە کوشـتن و ئەشـکەنجەدانی هـەر کەسـێك کـە خـۆی ئـارەزووی لێـی بووایـە، بەبـێ هیـچ سـڵەمینەوەیەك.

کەوایـە ئیسـلام لەگـەڵ سـەرهەڵدانیدا نـەك هـەر کۆیلایەتـی سـەردەمی پێـش خـۆی کۆتایـی پێنەهێنـا، بگـرە رەواجیشـی پێـدا و بـە ئاشـکرا کڕیـن و فرۆشـتن بـە مرۆڤـەوە دەکـرا، تـا ئەوکاتـەی بـە هـۆی گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتـی و کاتـەوە، ئـەو دیاردەیـە بـە هێواشـی کاڵبـووەوە تـا دواییـنجـار کـە دەوڵەتـی حەلافـەت لـە تورکیـا لەسـەر دەسـتی کەمـال ئەتاتـورك کۆتایـی دێـت و ئـەو دیاردەیـەش لەگـەڵ دروسـتبوونی دەوڵەتـی سـێکۆلار لـە تورکیـادا بوونـی نەمـا.

ئەمـەش نیشـانەی ئـەوە نییـە کۆیلایەتـی لـە سەردەسـتی سـەرکردە ئیسـلامییەکان بوونـی نەمابێـت، بەپێچەوانـەوە بـە هـۆی بەسـەرچوونی زەمـەن و گۆڕانـی دۆخـی کۆمەڵایەتـی، ئـەو دیاردەیـەش کەمبـووەوە، مەگـەر ئـەو هەمـوو ژن و پیـاوە کۆیلەیـە چـی بـوون بـە نـان و سـك لـە کێڵگـەکان کاریـان پێدەکـرا و لـە کۆشکەکانیشـدا کچـان و ژنـان خزمەتـی پیاوانـی کۆشـك و پیاوانیـش خزمەتـی کۆشـك و تـەلاری کاربەدەسـتانی ئیسـلامیان دەکـرد؟!

سـەرباری ئـەوەی سـەرکردە و خەلیفـە عەرەبـەکان، بـەردەوام هێرشـیان دەکـردە سـەر نەتـەوە غەیـرە عـەرەب و موسـڵمانەکان، بـە ئامانجـی ئـەوەی، دەبـوو لەژێـر گوشـاری شمشـێردا ئیسـلامێتی خۆیـان رابگەیەنـن، راسـتە بانگەشـەیەکی یەکجـار زۆریـش بـۆ ئاشـتیخوازیی لـە

سـایەی ئیسـلامدا وەك دەق دەکرێـت، بـەڵام خـۆ ئەوانـەی حوکمڕانێتـی ئیسـلامییان کـردووە، بـە مـوو لـە ویسـتی قورئـان و دەقـەکان لایـان نـەداوە، ئـەوەی کردوویانـە بـە سـوودوەرگرتن بـووە لـە بـاوەڕ و تێکسـتە ئیسـلامییەکان، کەوایـە ئـەوەی کردوویانـە و ئەنجامیانـداوە ڕەزامەنـدی خـودی دەقەکانـی لەسـەر بـووە.

ئەنفـال کـە بـە واتـای دەسـتکەوتەکانی جەنـگ دێـت، یەکێکـە لـە سـوورەتە کارپێکراوەکانـی قورئـان و بـە هـۆی ئـەو سـوورەتەوە، لەشـکری ئیسـلام دەسـتی بگەیشـتایەتە هـەر شـوێنێك، تـاڵان و بڕۆیـی تێـدا دەکـرد و ژنانیـش وەك کۆیلـەی سـێکس دەبوونـە دەسـتکەوت و پیاوانیـش بـۆ خزمەتـکاری بەکاردەهێنـدران یـان دەکـوژران، مەگـەر ئەنفالـی کـورد جێبەجێکردنـی دەقاودەقـی سـوورەتی ئەنفـال نییـە!

ئـەوەی لـەو پرۆسـەیەدا بـردرا، ئـەوە بـردرا، ئەوەیشـی کـوژرا، ئـەوا کـوژرا، ئەوانـی دیکـەش بێسەروشـوێنکران، چونکـە نەتەوەیـەك خـۆی پـێ باڵادەسـتتر بـوو، بەسـەر یەکێکـی تـردا، واتـە نەتـەوەی عـەرەب لـە سـایەی باوەڕبـوون بـە فیکـری شـۆڤێنیزمی عەرەبـی، پێیوایـە جگـە لـە عـەرەب کەسـی دیکـە موسـڵمانی ڕاسـتەقینە نیـن و دەبـێ کـۆی ئاییـن و نەتەوەکانـی دیکـە، ژێردەسـتەی عـەرەب و ئیسـلام بـن!

کوردیـش لـە ڕوانگـەی عەرەبـی موسـڵمانەوە لـە نەتـەوەی غەیرەیـە و دەبوایـە جیهـادی بەسـەردا بکرێـت، بەوپێیـەی بـاوەڕی شـۆڤێنیزمی عەرەبـی و ئیسـلامی ئـەوەی دەوێـت، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـورد وەك کۆنتریـن نەتـەوەی ناوچەکـە، بـەر شـەپۆلی بـە ئیسـلامکردن بووەتـەوە و بـە هۆیـەوەش نەتەوەیەکـی زەبەلاحـی چـل ملیۆنـی نەیتوانیـوە خـۆی لـە کۆتوبەنـدی پاشـکۆیەتی بـۆ ئیسـلام ڕزگار بـکات و کیانێکـی سـەربەخۆ بـۆ خـۆی دروسـت بـکات، لـە تـەك نەتەوەکانـی

دیکـەی وەك فـارس و تـورك و عەرەبـدا.

لـە راسـتیدا کـورد نـەك هـەر لـە سـایەی ئیسـلامدا نەیتوانیـوە دەوڵەتـی خـۆی هەبێـت، بەڵکـو بـە هۆیـەوە هەسـتی نەتەوەیشـی بـە درێژایـی نزیکـەی هـەزار و چوارسـەد سـاڵی رابـردوو لـە دەسـتداوە، تـا ئەوکاتـەی حیزبـی سیاسـیی کـوردی لـە حەفتـا سـاڵی رابـردوودا دروسـت دەبـێ و کـەم و زۆر، پرسـی نەتەوەییـش بـە کۆمەڵێـك سـەرنجەوە دێتـە گـۆڕێ، بۆیـەش کـورد کۆمەڵکـوژ کـرا و ئەنفـال و رووداوی کارەسـاتاویی هەڵەبجـەی بەسـەردا جێبەجێدەکرێـت، لەبـەر ئـەوەی کـورد داوای کوردبوونـی خـۆی کـردووە، ئەمـەش بـە لای رابەرانـی ئیسـلامەوە واتـە شـەریك دروسـتکردن بـۆ ئاییـن.

رەنگـە بگوتـرێ سـەددام حوسـێن پەیوەندیـی بـە ئیسـلامەوە نەبـووە، بـەڵام لـە جەوهـەردا سـەددام جگـە لـەوەی سـەرکردەیەکی سیاسـی بـوو، لـە پـاڵ ئەوەشـدا دەیوسـت لـە جیهانـی عەرەبـی ئیسـلامیدا خـۆی وەك خەلیفـەی عەرەبـی ئیسـلامیش نیشـانی جیهـان بـدات و زۆریـش پابەندبـوو بـە ئیسـلام وەك ئاییـن. مەگـەر هـەر ئـەو سـەددامە نەبـوو ئەلاهوئەکبـەری خسـتە سـەر ئـاڵای عێـراق و هەڕەشـەی لـە ئیسرائیـل دەکـرد، گوایـە غـەدر لـە موسـڵمانانی فەڵەسـتین دەکات؟ مەگـەر هـەر ئـەو سـەددامە نەبـوو زۆرتریـن بایەخـی بـە مزگـەوت و بۆنـە ئایینییـەکان دەدا، بـەڵام فێڵبـازی سـەددام لـەوە دابـوو، هـەم ئیسـلامێتی دەکـرد، هەمیـش دەیوسـت خـۆی وەك کارەکتەرێکـی سـاختەی سێکۆلاریسـت دەربخـات.

کەوایـە دەتوانیـن بڵێیـن بـە درێژایـی مێـژوو لـە پەنـای بەکارهێنانـی ئیسـلام غـەدر لـە کـورد کـراوە و هیـچ سـەرکردە و دەوڵەتێکـی ئیسـلامیش جورئەتـی ئەوەیـان نەبـووە بڵێـن، ئـەوەی دەرهـەق بـە

کـورد دەکرێـت، سـتەمکارییە و دەبـێ بوەسـتێندرێت. تەنانـەت لـە دوای ئـەوەی کـورد ریفراندۆمـی کـرد، ئەمجـارە شـیعەی عەرەبـی هێرشـی کـردە سـەر کـورد و نیـوەی خاکـی کوردستانیشـی دووبـارە داگیرکـردەوە، ئەگـەر جـاران دەمانگـوت سـەددام سـوننە بـوو، بـەڵام خـۆ هێرشـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر شـیعەکان بـوون! لێـرەدا ئـەوە روونـە شـیعە و سـوننە بـە یـەك چـاو سـەیری کـورد دەکـەن و لـە دیـدی ئەوانـدا دەبـێ کـورد ژێردەسـتە بێـت و موسـڵمانی تەواویـش نییـە، لـە کاتێکـدا کـورد زیاتـر لـەوەی ئـەوان موسـڵمانێتی خـۆی دەرخسـتووە و ئەمـەش یەکێـك بـووە لـەو هۆکارانـەی بـە هۆیـەوە کـورد نەیتوانیـوە ببێتـە خاوەنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی خـۆی، هەمیشـە پێیوابـووە خەونەکانـی لـە سـایەی دەوڵەتـی ئیسـلامی دێنـەدی، تـا ئەوکاتـەی حیزبـی سیاسـی کـوردی دروسـت دەبـن و جۆرێـك هۆشـیاری و هەسـتی نەتەوەیـی پەیـدا دەبێـت و کوردیـش داوای سـەربەخۆیی دەکات، بـەڵام لـە وەڵامـی ئەمـەدا لـە لایـەن دەوڵەتانـی ئیسـلامییەوە رووبـەڕووی ئەنفـال و کیمیابـاران و بۆردوومـان و گونـد و شـار کاوڵکـردن دەبێتـەوە.

دوای ئـەوەی سـاڵی ٢٠١٧ گەلـی کوردسـتان لـە بەشـە باشوورییەکەی، ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی بـۆ جیابوونـەوە لـە عێـراق ئەنجامـدەدات، هێـزە مەزهەبییەکانـی عێـراق، بـە شـیعە و سـوننەوە، دژی ئـەو خواسـتەی گەلـی کـورد وەسـتانەوە و بـە پاڵپشـتیی هـەردوو وڵاتـی ئیسـلام شـوناس، واتـە تورکیـا و ئێـران، دژی کـورد هێـزی سـەربازیان لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەری هەمـان ساڵدا جوڵانـد و هێرشـیانکردە سـەر کوردسـتان و لـە ئەنجامـی خیانەتـی گرووپێکـی کوردیـش، نیـوەی خاکـی کوردسـتان داگیرکرایـەوە، ئەمـەش لـە سـایەی کۆمەڵێـك دەوڵەتـی ئیسـلامی و گرووپـە ئیسـلامییەکان روویـدا، واتـە کـورد لـە سـایەی دەوڵەتـان و

گرووپـــە دەستڕۆیشـــتووە موســـڵمانەکان هەمیشـــە چەوســـێندراوەتەوە و داگیرکردنـــی خاکەکەشـــی درێـــژەی هەیـــە، تەنیـــا بـــە هـــۆی ئـــەوەی کـــورد داوای جیابوونـــەوە دەکات، لێـــرەدا یـــەك دەوڵەتـــی ئیســـلامیش لـــە بەرانبـــەر ئـــەو هەمـــوو ســـتەمەی لـــە کـــورد دەکـــرێ نایەنـــە وەڵام!

لـــە لایەکـــی تـــرەوە، ئیســـلام وەك ئایینێکـــی قۆرخـــکار خـــۆی ناســـاندووە، بـــەو مانایـــەی هەرچـــی لـــە چوارچێـــوەی فەرمانڕەوایەتیـــی ئیســـلامی ژیابێـــت، یـــان بژیـــت، دووچـــاری کێشـــە بووەتـــەوە و لـــەو مـــاوە زۆرەی کـــە ئیســـلامیش ســـەرهەڵدەدات، پێکهاتـــە ئایینییەکانـــی وەك مەســـیحی و جولەکـــە و زەردەشـــتی و کاکەیـــی و ئێزیـــدی و ســـەرجەمی ئەوانـــی دی، کـــەم و زۆر رووبـــەڕووی توندوتیـــژی بوونەتـــەوە، بـــە هـــۆی ئـــەوەی نەبوونەتـــە موســـڵمان و لـــە ئیسلامیشـــدا رێگـــە دراوە بـــە موســـڵمانان هەوڵـــی بـــە ئیســـلامکردنی میللەتـــان و پەیڕەوانـــی غەیـــرە ئیســـلامی بـــدەن، ئەگینـــا ئـــەو نەتـــەوە و ئایینـــزا غەیـــرە ئیســـلامییانە، دووچـــاری دەیـــان و بگـــرە ســـەدان سەرئێشـــەی دەروونـــی و چەکـــداری دەبنـــەوە.

وەك ئـــەوەی دەوڵەتـــی عوســـمانی هێرشـــی کـــردە ســـەر ئەورووپـــا تـــا خەڵکەکـــەی لەژێـــر گوشـــاردا بـــبن بـــە موســـڵمان و ئایینـــی خۆیـــان بگـــۆڕن، لـــە مەســـیحییەتەوە بـــۆ ئیســـلام، بـــەڵام چونکـــی گەلانـــی ئەورووپـــی مەســـیحی، رازی نەبـــوون بـــەوەی لەژێـــر گوشـــاردا بـــبن بـــە ئیســـلام، دووچـــاری توندوتیـــژی بوونـــەوە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هێشـــتا خۆڕاگربـــوون و دواجاریـــش مانـــەوە و پارێزگاریـــان لـــە شوناســـی ئایینـــی خۆیـــان کـــرد، ئەوەتـــا ئێســـتا بـــە هـــۆی ئەزموونـــی فاشیســـتییانەی دەوڵەتـــە ئیســـلامییەکانەوە، بـــە لێشـــاو خەڵکـــی موســـڵمان روودەکەنـــە ســـەر ئـــەو خاکـــەی کـــە پێشـــتر لەشـــکری ئیســـلامی هێرشـــی دەکـــردە

سـەری تـا لـە مەسـیحییەتەوە بیـکات بـە ئیسـلامی.

لـە تازەتریـن رووداوی سەرسووڕماناویشـدا، دوای ئـەوەی لـە ٢٠١٤ لێشـاوی پەنابـەری لـە وڵاتانـی ئیسـلامی ڕوودەکەنـە ئەورووپـا، پەنابەرێکـی موسـڵمان لـە سـەروبەندی گەیشـتنی بـە خاکـی ئەڵمانیـا، خاکـە ئەڵمانییەکـە مـاچ دەکات و دەڵێـت چـا نەبـوو ئیسـلام ئێـرەی داگیـر نەکـرد، ئەگینـا ئێسـتا ئێمـە بـۆ کـوێ دەچوویـن!

راسـتە ئەمـە چەنـد دێڕێکـە، خاوەنەکەشـی پەنابەرێکـی موسـڵمانە، بـەڵام لـە جەوهـەردا زۆر نهێنـی قووڵـی فیکـری هەڵدەگرێـت، یانـی خوێندنـەوەی قووڵـی بـۆ دەکرێـت، کاتێـك موسـڵمانێك لـە دەسـت کوشـتاری موسـڵمانان دەچێتـە سـەر خاکـی ئـەو وڵاتـەی کـە خەلافەتـی موسـڵمانان، واتـە خەلافەتـی ئایینەکـەی خـۆی، چەندانجـار هەڕەشـەی داگیریکردنـی کـردووە، بـە کردەییـش هەوڵـی داوە، ئاهێـك بـە رۆحیـدا دێـت و خۆشـحاڵە بـەوەی، ئـەو خاکـە ئەڵمانییـە لـە لایـەن موسـڵمانەکانەوە داگیـر نەکـراوە، ئـەو پەنابـەرە پێـی وابـووە ئەگـەر داگیـر بکرایـە، ئیـدی هیـچ شـوێنێك بـۆ ئـەو و ئـەو ملیۆنـان کەسـە راکـردووە، نەدەمایـەوە بـۆی بچـن!

لێـرەدا ئـەو پەنابـەرە راسـتگۆ بـووە لەگـەڵ دەروونـی خۆیـدا، بـەوەی ئـەو وەك راکردوویـێك لـە خاکـی خۆیـدا و بـە گەیشـتنی بـە کۆمەڵگـەی بلۆکـی مەسـیحییەت، لـە دەروونـەوە هەسـتی بـە ئارامـی کـردووە، کاتێـك خاکـی موسـڵمانانی جێهێشـتووە! بۆیـەش گوتوویەتـی چـا نەبـوو ئێـرەش لـە لایـەن لەشـکری موسـڵمانانەوە داگیـر نەکـراوە، بـە هـۆی ئـەوەوە ئـەو قسـەیەی کـردووە کـە دیـارە هەسـتی بـەوە کـردووە ئـەوکات، ئەویـش واتـە ئەڵمانیـاش هاوشـێوەی وڵاتانـی ئیسـلامی لـێ دەهـات و دەبـووە مۆڵگـەی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان

و جەنگاوەرانــی ئایینــی، بــە گشــتی ئــەو ئەڵمانیایــەی ئێســتا خەونــی زۆرینــەی موســڵمانانە، دەبــووە مەملەکەتــی تیرۆریــزم.

لــە رەهەندێکــی تــرەوە دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو پەنابــەرە تــەواو نامۆبــووە بــە ژینگــەی کۆمەڵگــەی موســڵمانان، بــەوەی هیــچ شــوێنێك بــۆ بەختــەوەری مرۆڤــەکان نەماوەتــەوە و گرووپــە تیــرۆری و فیکرییــە ئیســلامییەکان ژیانیــان لــە خەڵــك شــێواندووە، هــاوکات سیاســییەکانیش بــە هــۆی بەرژەوەنــدی خۆیــان ئاگایــان لــە خەڵــك نەمــاوە، هەروەهــا بزاوتــی ئیســلامی و جەمــاوەری فریــودراوی ئایینــی، رێگــە نــادەن کۆمەڵگــە بــە سرووشــتی خــۆی لەگــەڵ کرانــەوەی جیهانیــدا بچێتــە پێــش و دیموکراســی و ســێکۆلاریزم وەك سیســتەم قبــووڵ بکــەن، ئاخــر ئێســتا هیــچ وڵاتێکــی ئیســلامی شــك نابەیــن، ئارامــی تێــدا بێــت و مرۆڤەکانــی هەســت بــە شــکۆی مرۆیــی و رێزگرتــن بکــەن، بەڵکــو گرووپــی ئایینــی و ئیســلامی سیاســی و دەســەڵاتدارەکان، هەموویــان بەربوونەتــە گیانــی هاووڵاتییــان و ئــەوەی شــکۆ بێــت، بــۆ تاکــی موســڵمان نەماوەتــەوە و ســەرلەبەری حــەز و ئــاوات و مافەکانیــان پێشــێلکراون، ســەرباری ئەوانــەش، هەمیشــە کوشــتارگەیەك جێــی کوشــتارگەیەکی دیکــە دەگرێتــەوە! ئاخــر مرۆڤــی موســڵمانیش کاتێــك هەســت بــەو هەمــوو ناعەدالەتــی و کوشــتارە دەکات، بێشــك ئاواتەخــوازە بگاتــە خاکــی ئەڵــمان!

ئەزموونــی ئــەو چەنــد ســەد ســاڵەی دەســەڵاتی خەلافــەت و دەوڵەتــە ئیســلامییەکانیش، گەواهیــدەری ئــەو راســتییە تاڵــەن، ئایدۆلۆژیــای ئیســلامی هــی ئــەوە نییــە تــا بتوانــێ حوکمڕانێتێکــی بــاش پێشــکەش بــە هــەر کۆمەڵگەیــەك بــکات، دەکــرێ ئیســلام وەك ئایینێــك بــۆ تاکــەکان بایەخێکــی رۆحــی هەبێــت، بــەڵام بــۆ حوکمڕانێتیکردنــی

کۆمەڵگـە، ئینجـا هـەر کۆمەڵگەیـەك بێـت، کـوردی و عەرەبـی، فارسـی و تورکـی، کارەسـات دەخوڵقێنێـت و کاریگـەری یەکجـار خراپیشـی بەسـەر ئـازادی تـاك و گشـتی دروسـت دەکات، بـەوەی هـۆکاری خوڵقێنـەری ژینگەیەکـی چەقبەسـتوو دەبـێ، لـەو ژینگەیـەدا مـرۆڤ وەك رۆبـۆت سـەیری دەکرێـت، کۆنترۆڵـی خـۆی لـە دەسـت دەدات و جۆرێـك هەسـتی کۆیلایەتیـش لـە ناخـی تاکـدا دروسـت دەکات، بـە هـۆی پێداگـری کـردن لەسـەر رازیبوونـی تـاك بـە یاسـا خورافییـەکان و دوورکەوتنـەوەی لـە یاسـا دنیاییـەکان، کـە راسـتەوخۆ مـرۆڤ دەسـتی هەیـە لـە دانانیانـدا.

ئێمـە کاتێـك باسـی ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامی دەکەیـن کـە نەیتوانیـوە ئارامـی بـۆ کۆمەڵگـەی موسـڵمانان بـەدی بێنێـت و لـە سـایەیدا ژینگەیەکـی یەکجـار خراپیـش پەیـدا بـووە، مـرۆڤ شـۆکی دەشـکێندرێت و رێـزی بەهـای مرۆیـی کـەس ناگیرێـت، بـەڵام دەبینیـن لـە کۆمەڵگەیەکـی ئەورووپاییـدا لـە قۆناغـی دوای سـەرهەڵدانی عەلمانییـەت و بەدیاریکراویـش قۆناغـی ئێسـتا، ئەمـە جیـاوازە و مرۆڤـی ئەورووپایـی شـکۆی دەپارێزرێـت، بـەو مانایـە نـا بڵێیـن مەسـیحییەت لـە ئیسـلام باشـترە، بەوپێیـەی هیـچ ئایدۆلۆژیایەکـی ئایینـی جـا هـەر ئایینێـك بێـت، ناتوانێـت بـاش بێـت، چونکـە جیـاوازی لـە نێـوان مرۆڤێکـی دینـدار و بێدینێکـدا دەکات، ئایینداریێکـی سـەربەخۆی لـە بەرانبەرەکـەی پـێ باشـترە! بـەڵام دەبینیـن لـە کۆمەڵگەیەکـی ئەورووپایـی جیاوازییەکـە لەوەدایـە یاسـاکان رێگـری لـە هـەر کردەیەکـی خراپـی ئایینـی و پیاوەکانـی ئاییـن دەکـەن، نـەك کێشـە بـۆ رەوتـی ژیانـی مرۆیـی دروسـت بکـەن، واتـە دەبینیـن ئـەوە هـەر خـۆی بەپێـی کات بـە کولتـوور بـووە و مرۆڤـی ئەورووپایـی ئاشـتیخوازی

وەك سیستەم قبووڵکردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵك بژین بەبێ ئەوەی دەستوەردان بکەن لە کاروباری ئەوانی تر، بەتایبەتی لە رووی جیاوازی باوەڕی ئایینی، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی، مرۆڤ لەسەر جیاوازی ئایینی و بۆچوونی ئایینی دووچاری کێشە دەبێتەوە، تا ئاستی ئەوەی ژیانیشی دەکەوێتە مەترسی.

لێرەدا گرنگە ئەوەش بڵێین خۆ لە کۆمەڵگەی ئەورووپاییشدا ئەمە هەبووە، واتە ئەوانیش توندوتیژ بوونە و دەسەڵاتی ئایینی خراپەی زۆری بەرانبەر مرۆڤی مەسیحی کردووە، بەڵام جیاوازی کۆمەڵگەی ئەورووپایی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوەیە، ئەوان بە باوەڕەوە ئەو عەقڵییەتە نامرۆییەیان فڕێدا، ئەمەش تا ئەوپەڕی رەنگی داوەتەوە لە ژیانی رۆژانەی هەر تاکێکی ئەورووپایی، کە هێندەی بە تەنگ ژیان و ئومێد و خەونەکانێتی لە پێناوی خۆشگوزەرانی و ئارامی رۆحیدا، هێندە ئیشی بە باوەڕ و جیاوازییە ئایینییەکان نییە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ئیسلامی هەمووی سەرقاڵی ئەبدێتکردنەوەی ترادیسیۆنی ئایینین، بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێ و لە ململانێی سیاسی و گرووپەکانیشدا بەکاری دەهێنن، دواجار ئەمە زیانی بۆ رەوتی ژیانی کۆمەڵگە بە گشتی هەبووە.

بەڵام دەبینین جەنگاوەرانی ئایدۆلۆژیای ئیسلام لە بری بەخۆداچوونەوە، یان خۆگونجێنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و لاساییکردنەوەی ئەو کولتووره مرۆییەی ئەورووپا، بەپێچەوانەوە هەر رۆژەی جۆرێك ئەزموونی تازەی خراپ تاقی دەکرێتەوە لە ئەشکەنجەدان و ئازاردان و کۆیلەکردن و بێڕێزیکردن بە مرۆڤی موسڵمان، مەگەر قاعیدە و داعش و بەرەی نووسره و ئیخوان و

سـەرجەم گرووپـە ئیسـلامییە توندڕۆکان، هێزگەلێکـی فیکـری و سیاسـی و ئایینـی و سـەربازی ئیسـلامی نیـن؟

مـادام نـاوی داعـش هاتـەوە، دەکـرێ بەوپـەڕی بـاوەڕەوە بڵێیـن داعـش و ئیسـلام یـەك شـتن، واتـە ناتوانیـن بڵێیـن داعـش ئیسـلامی راستەقینە نییـە، بەپێچەوانـەوە ئـەوەی ئـەو گرووپـە کـردی، سـەرلەبەری لـە ئیسـلامدا هەبـووە و لـە مێـژووی ئیسلامیشـدا زۆر نموونـەی کارەکانـی داعـش روویـان داوە، هـەر لـە بـە زۆر بـە موسـڵمانکردن و هێرشـکردنە سـەر خاکـی وڵاتـان و کوشـتنی خەڵکـەوە، هەتـا بـە کۆیلەکـردن و کەنیزەکردنـی ژنـان، تەنیـا لـە کۆشـکی سـوڵتانەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی، بـە سـەدان کـچ و ژنـی غەیـرە موسـڵمان کۆیلـە هەبـوون کـە بـۆ تێربوونـی حـەزی سێکسـی و خزمەتگـوزاری نـاو کۆشـك بەکاردەهێنـدران! ئـێ داعشـیش کاتێـك خەلافـەت لـە مووسـڵ رادەگەیەنێـت، رێـك ژنـان و کچانـی ئێزیـدی و مەسـیحی وەك کۆیلـەی سێکسـی بەکاردەهێنێـت، یـان لـە بازاڕەکانـدا کڕیـن و فرۆشـتنیان پێـوە دەکات.

ئـەو گرووپانـە لـە رۆحـی راسـتەقینەی ئیسـلامەوە هاتـوون و هێـزی کارکردنـی سـەربازی و فیکریـان لـە ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامییەوە وەردەگـرن، بـەو ئامانجـەی دەوڵەتێکـی ئیسـلام شـوناس دروسـت بکـەن تەنیـا خۆیانـی تێـدا ببینـەوە و سـەرجەم پێکهاتەکانـی تریـش لەژێـر رەحمەتـی ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامدا بژیـن و هیـچ نموونەیەکـی غەیـرە ئیسـلامی جێگـەی نەبێتـەوە، بۆیەشـە بـەردەوام لەگـەڵ وڵاتـان و کولتـووری مرۆیـی و جیهانـی دووچـاری پێکـدادان دەبنـەوە.

ئـەو گوتـارە توندەی ئیسـلامییەکان کـە سـەرچاوەکەی لـە خـودی ئیسـلامەوە وەردەگـرن، ناتوانێـت رووبـەڕووی کرانـەوەی ئێسـتای

وڵاتانــی دیموکراســی و ســێکۆلار بێــت، هــەر بۆیــەش ئــەو ڕەوتــی کرانــەوەی جیهانــی دەتوانــێ بــە ئاســانی جــێ بــەو تێگەیشــتنە ئایدۆلۆژییــە ئیســلامییە سیاسییە لــەق بــکات کــە خــۆی لەگــەڵ ڕەوتــی ئێســتادا ناگونجێنێــت، بەپێچەوانــەوە خــۆی وەك مەترســی نیشــانداوە، یــان جیهانــی بەخۆیــەوە ســەرقاڵکردووە، ئەویــش ســەرقاڵکردنێکی نێگەتیــڤ، نــەك پۆزەتیــڤ، بۆیــە کۆمەڵگــەی جیهانــی دەیەوێــت خــۆی لــە مەترسییەکانی ئایدۆلۆژیــای ئیســلامی بپارێزێــت لــە پێنــاو پاراســتنی کولتــوور و شارســتانێتی کــراوەی خۆیانــدا، یــان ســنوور بــۆ ئــەو هەمــوو پێشــێلکارییانە دابنێــن کــە بەنــاوی ئیســلامەوە دەکرێــن.

زۆرجــار کاتێــك ڕەخنــە لــە ســەرچاوەی توندوتیژییــەکان دەگریــن کاتێــك گرووپــە تونــدڕۆ ئیســلامییەکان ســوود لــە تێکســتەکانی قورئــان وەردەگــرن، دەڵێــن ئــەوە پەیوەنــدی بــە ئیســلامەوە نییــە، کەوایــە دەکــرێ بپرســین، مەگــەر ئــەوە ئایدۆلۆژیــای ئیســلامی نییــە داوای فراوانخــوازی ئایینــی دەکات؟ مەگــەر ئــەوە ئیســلامی سیاســی نییــە بــە پشتبەســتن بــە ئایدۆلۆژیــای ئیســلامی، پێیوایــە ئیســلام دواییــن ئایینــە و دەبــێ تــەواوی کۆمەڵگەکانــی جیهانــی پابەندبوونــی خۆیــان بــە ئیســلام رابگەیەنــن؟ ئەگینــا وەك کوفــر و بێدینــی ســەیر دەکرێــن.

هەڵبــەت ئــەم تێگەیشــتنەش بووەتــە هــۆی ســەرهەڵدانی ســەدان و هــەزاران کــردەوەی توندڕۆیــی جیهــادی و تیرۆریســتی و خۆکــوژی لەســەر ئاســتی جیهــان و وڵاتانــی ئیســلامی، واتــە هــەم وڵاتانــی ئیســلامی و هەمیــش وڵاتانــی ئەورووپــی و ئەمەریکایــی بوونەتــە قوربانــی ئــەو فیکــرە تونــدڕۆ جیهادییــە، چونکــە ئــەو گرووپــە ئیســلامییانە بــەردەوام جەخــت لــە ئەنجامدانــی کــردەی جیهــادی بەســەر جیهانــدا دەکــەن، ئاخــر لــە دیــدی ئەوانــدا جیهــان کافــر بــووە!

ستراتیژی و جیهانبیی سەرجەم گرووپ و بانگخوازە ئیسلامییەکان، بە کۆی حیزب و باڵەکانییانەوە، چ ئەوانەی توندڕۆن، چ ئەوانەشی لە ناو پەرلەمان و حکوومەتەکاندان، هەمیشە ئیسلام بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەسەپێنن، لە کاتێکدا جیهان ئەوەی قبووڵ نییە، بەوەی ناکرێ تاکە ئایینێك خۆی بەسەر کۆمەڵگەی جیهانی بسەپێنێت تا بەس ئەو ئایینە پەیڕەو بکرێت، ئەگینا جاڕی شەڕی دەروونی و کردەی توندڕۆیی دەگیرێتەبەر، دژ بە هەموو ئەوانەی نایەنە سەر ئایینی ئیسلام! ئەو تێڕوانینەش پێیوایە جگە لە ئیسلام و ئایدۆلۆژیاکەی، هیچ ئایین و ئایینزا و ترادیسیۆنێکی دیکە راست نین و تەنیا ئایدۆلۆژیا و ئایینی ئیسلام شیاوی ئەوەن، لەسەر ئاستی جیهاندا پەیڕەو بکرێن.

بەوپێیەی ئەو تێگەیشتنە بە مانای قۆرخکاری ئایینی دێت، بۆیە رەواجی نییە، بە توندیش رەتدەکرێتەوە، لە لایەن باوەڕدارانی ئایینەکانی ترەوە، بۆیەش گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان لە نموونەی قاعیدە و داعش، لە کاردانەوەی ئەو رەتکردنەوەیەدا، گەلان و نەتەوەکانی دیکە دەکەنە ئامانج و زۆرترین و تازەترین تەکنیکی توندوتیژی دەگرنەبەر گوایە بەرگری لە ئیسلام دەکەن.

یەکێکی تر لە شێوازی کارکردنیان، ئەوەیە سەرەتا بە خۆشی و بەشێوازی بانگخوازی، پاشان ئەگەر رازی نەبوون بە ملکەچکردن بۆ ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، یان ئیسلام، هۆشداری پێ دەدەن، ئەگەر هەر رازی نەبوون، دواتر هێرشکردن و لەژێر گوشاری هێزدا دەبێ پابەندبوونی خۆیان بە ئیسلام رابگەیەنن، ئەگینا دەکوژرێن و دەتەقێنرێنەوە، وەك ئەوەی قاعیدە و گرووپە تیرۆریستییەکانی تر ئەنجامی دەدەن، دژ بەو کەس و وڵات و نەتەوە دیموکراسی و

ئازادیخوازانــەی جیهــان، کاتێــك رازی نیــن، ئەزموونــی ئیســلامی بەســەر ئەزموونــی وڵاتەکانیانــدا بســەپێندرێت، هــاوکات پارێــزگاری لــە شوناســی ئایینــی و نەتەوەیــی و کولتــووری خۆیانیــش دەکــەن.

ئەمــەش بــە لای تاکێکــی تونــدڕۆی ئیســلامی، یــان ئیســلامی سیاســی، رێــك مانــای رەتکردنــەوەی ئیســلام وەك ئاییــن دێــت، ئینجــا ســەنگەر لــەو وڵات و کەســانە دەگــرن، تــا لەژێــر گوشــاردا ئیســلام قبــووڵ بکــەن و لــە چوارچێــوەی ژینگــەی کۆمەڵایەتییانــدا ترادیســیۆنی ئیســلامی جێــی بکرێتــەوە، بــە جۆرێــك کــە ئیســلام دوایـیــن ئاییـنــی خودایــە و دەبــێ ئەمــەش لــە داڕشــتنی یاســا و شــێوازی ژیــان و بەڕێوەبردنــی دامودەزگــە یاســایی و سیاســی و حکومییــەکان بــە ئاشــکرا رەنگدانەوەیــان هەبێــت.

ســەرباری ئــەوەی ئەزمــوون ســەلماندویەتی ئایدۆلۆژیــای ئیســلامی، هەرچەنــدی لــە رێــی توندوتیژییــەوە بڵاوبکرێتــەوە، ئەوەنــدەی تــر بچــووك دەبێتــەوە و فۆکەســی رەخنەیــی زیاتــری دەچێتــە ســەر و وەك هەڕەشــەیەکی فراوانــی جیهانیــش ســەیری دەکرێــت، مەگــەر ئــەو هەڕەشــەیە نەبــوو، هاوپەیمانێتیــی جیهانــی دژ بــە گرووپێکــی تیرۆریســتیی وەك داعــش دروســت دەکات! بــە مانــای ئــەوەی ترســی جیهانــی لــە ئارادایــە لــە دروســتبوونی دەوڵەتــی خەلافەتــی ئیســلامی. یەکێــك تریــش لــەو کێشــە گــەورە و جدیانــەی بــەردەم ئایینــی ئیســلام، بــە پیــرۆز نیشــاندانی ئیســلام و بــە خــراپ نیشــاندانی ئایینەکانــی تــرە، بەتایبەتــی مەســیحی و یەهــوودی، بــە جۆرێــك لــە روانگــەی تاکێکــی موســڵمانی پێرفێکتــەوە، یانــی ئیســلامی سیاســی، ئــەوا تاکێکــی مەســیحی و بەتایبەتــی جولەکــە بێدینــن، لەبــەر ئــەوەی نەهاتوونەتــە ســەر ئایینــی ئیســلام. ئەمــە یەکێکــە لــەو چەنــدان کێشــە قووڵانــەی توندڕۆیــی ئایینــی بڵاویانکردووەتــەوە و ئارامــی جیهانــی شــێواندووە،

هـەر ئەوەشـە وایکـردووە هەمیشـە جیهـان لـە ترسـدا بژیـت و هـەر ڕۆژەی لـە وڵاتێکـی جیهانیـدا بـە تایبەتـی بلۆکـی مەسـیحی، کـردەی تیـرۆری و تەقینـەوە ڕووبـدات، بـۆ ئـەوەی گوشـاری ئایدۆلـۆژی ئیسـلامی سیاسـی زاڵ بکرێـت بەسـەر بلۆکـی مەسـیحی.

ئەمـە واقیعـە و بوختانیـش نییـە، ئێسـتا هێنـدەی بلۆکـی مەسـیحییەت لـە گرووپـە تونـدڕۆکان دەترسـن، ڕەنگـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان نەترسـن، لەبـەر ئـەوەی ئیسـلامی سیاسـی بـەو تێگەیشـتنە فاشیسـتەی خۆیـەوە، پێیوایـە بلۆکـی مەسـیحییەت، بـە پـرۆژەی سیاسـی دەیـەوێ سـێکۆلاریزم لـە جیهانـی ئیسـلامیدا بڵاوبکاتـەوە، بڵاوبوونـەوەی عەلمانییەتیـش، لای ئیسـلامی سیاسـی واتـای لاوازبوونـی خۆیـان دەگەیەنێـت و بـە سـەرکەوتنی پـرۆژەی سـیکۆلاریزمی دەزانـن.

هـەر ئـەو ترسەشـە وایکـردووە ئێسـتا وڵاتانـی ئەورووپایـی ترسـی جدیـان لـەو پەنابـەرە موسـڵمانانە هەیـە کاتێـك ناتوانـن تێکـەڵاوی کۆمەڵگـەی ئەورووپـی بـن، لەوێـن، بـەڵام بـە ڕۆح لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامین، بۆیـەش بوونەتـە سەرئێشـەیەکی گـەورە بۆیـان، هـەر لەبـەر ئەوەشـە لـە مانگـی ئەیلوولـی ٢٠١٨ بـە گوێـرەی ماڵپـەڕی پۆلیتیکـۆ، مارکـۆس کێربـەر، کـە بەرپرسـێکی بـاڵای وەزارەتـی ناوخـۆی ئەڵمانیایـە، دەڵێـت، پێویسـتە موسـڵمانێکی ئەڵمانـی بێتـە ئـاراوە، ئـەو بەرپرسـە ئەڵمانییـە ئامـاژەی بەوەشـکرد، هێـزە بیانییـەکان کاریگـەری لەسـەر موسـڵمانانی ئەڵمانیـا دادەنێـن.

لێـرەدا مەبەسـتی ئـەو بەرپرسـە ئەڵمانییـە لـەو هێـزە بیانییانـە، گرووپـە ئیسـلامییەکانە، کـە بوونەتـە مەترسـی بەسـەر کۆمەڵگـەی ئەورووپایـی، بۆیـە داوای دەرفەتـی باشـتر لـە پێنـاو گفتوگـۆدا لەگـەڵ موسـڵمانی ئەڵمانیـا دەکات بـۆ ئـەوەی موسـڵمانێکی ئەڵمانـی، لـە نـاو

کۆمەڵگـەی ئەڵمانیـا بێتـە ئـاراوە، یانـی موسـڵمانگەلێك بـە کولتـوور و هەڵسـوکەوت و تێڕوانینـی ئەڵمانـی رازی بـن، هەمـوو شـتێکیان ئەڵمانـی بێـت، تەنیـا ئاینیـان ئیسـلام بێـت!

بـە گوێـرەی میدیـا و لێدوانـی بەرپرسـان و رۆشـنبیرانی ئەورووپایـی، ئێسـتا گرووپـە تونـدڕۆ ئیسـلامییەکان گەورەتریـن هەڕەشـەن بـۆ سـەر سـەقامگیری و بـاری کۆمەڵایەتـی سـەرجەم وڵاتانـی ئەورووپایـی، رۆژانـە لەسـەر ئاسـتی ئـەو وڵاتانـەدا کـردەی توندڕۆیـی ئەنجامـدەدەن، ئەمـە جگـە لـەوەی هەڵسـوکەوتی ناشـاز بـە کۆمەڵگـەی ئەورووپایـی دەکـەن بـە کوشـتنی خەڵـك و گێچـەڵ و دەسـتدرێژی سێکسـی، دواتریـش کوشـتنی ژنانـی قوربانـی حـەزە سێکسـییەکانی پەنابەرانـی موسـڵمان وەك مەترسـییەکی تـازە ئەویـش سـەریهەڵداوە.

ئینجـا ئێـوە دیقـەت لـەوە دووڕوویـی و توندڕۆییـەش بـدەن، ئەگـەر مەسـیحییەك یـان جولەکەیـەك ئایینـی خۆیـان بـۆ ئیسـلام بگـۆڕن، بـە چەپڵەڕێـزان و شـانازی پێشـوازی ئـەو ئایینگۆڕکێیـە دەکـرێ، بەپێچەوانـەوە، ئەگـەر موسـڵمانێك، تەنیـا بیـر لـە گۆڕینـی ئایینەکـەی بکاتـەوە، بێشـك بـەر شـەپۆلی ناڕەزایـی و بـە کافـر لـە قەڵەمـدان و دەکـەوێ و ژیانـی خـۆی و منداڵەکانیشـی دەخاتـە بـەردەم هەڕەشـە و کوشـتنی مسـۆگەرەوە، بـەوەی وەك کەسـێکی قێـزەوەن و دژ بـە ئیسـلام لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـە دەناسرێـت، کۆمەڵگەیەکـی گۆشـکراو بـە فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی!

ئەگـەر بتەوێـت پرسـیارێکی لۆژیکـی لەبـارەی راسـتی یـان هەڵەیـی ئیسـلام وەك ئاییـن بوروژێنیـت، راسـتەوخۆ تۆمەتـی بێدینـی و شـەریك دروسـتکردنت بـۆ ئیسـلام و محەممـەدی پێغەمبـەر، دەخرێتـە پـاڵ و ئـەوەش لـە ئەگـەری سـزای کوشـتن بـەدەر نابێـت، بـەو مانایـەی

مەترسـیت بـۆ سـەر ئیسـلام دروسـتکردووە.

ئاخـر لـە سـایەی ژینگـەی ئیسـلامیدا، کـە ئێسـتا ئیسـلامی سیاسـی هێنـدەی تـر پشـکۆکەی گەشـتر کـردووە، نابـێ هیـچ کـەس گومـان لەسـەر ئیسـلام دروسـتبکات، ئـەوەی هانـای بـۆ ئـەوە بـرد، جێـی نابێتـەوە یـان دەبـێ هەڵبێـت، شـوێنێك بـۆ ناشـتنی تەرمەکـەی خـۆی دەستنیشـان بـکات، بـەوەی کوشـتنی لـە ئانوسـاتدا دەبێـت.

زۆرن ئەوانـــەی بـــە هـــۆی هەڵگەڕانـــەوە لـــە ئاییـــن کـــوژراو و وڵاتبـەدەر کـراون، هـەر ئـەو ئەورووپایـە ئێسـتا خـۆی پـڕی بـووە لـەو موسـڵمانانەی لـە ترسـی تیرۆرکـردن و کوشـتن و تۆمەتـی لـە ئیسـلام هەڵگـەڕاوە هانایـان بـۆ ئـەوێ بـردووە و ئەورووپاییەکانیـش بوونەتـە هـۆی پاراسـتنی ژیـان و شـکۆ و بـاوەڕی جیاوازیـان، تەنانـەت گرووپـە تونـدڕۆ ئیسـلامییەکان لەنـاو جەرگـەی ئەورووپاشـدا، مەترسـین بـۆ سـەر گیانـی ئەوانـەی لـە ئیسـلام هەڵدەگەڕێنـەوە.

ئاســاییە ئیســلام وەك ئاییــن، ئاییــی زۆرینــەی کۆمەڵگــە ئیسـلامییەکان، یـان موسـڵمانییەکان بێـت، ئەمـە هیـچ کـەس و حکوومـەت و رژێمێکـی دەوڵەتیـش بـۆی نییـە، ئـەو مافـە لـە کـەس زەوت بـکات، یـان ئایینێکـی دیکـە فـەرز بـکات، بەوپێیـەی ئاییـن پەیوەنـدی بـە دەوڵـەت و دامەزراوەکانـی تـر نییـە، بەڵکـو پەیوەنـدی راسـتەوخۆی مرۆڤـە بـە ئاییـن و خـوداوە، ئێسـتاش هەمـان ئەزمـوون لـە ئەورووپـادا مومارەسـە دەکـرێ و ئاییـن وەك خـۆی ماوەتـەوە و هیـچ مەترسییەکیشـی لەسـەر نییـە، بـەڵام رێگـە بـەوەش نـادرێ تێکـەڵاوی کاروبارەکانـی دەوڵـەت بکرێـت و خـۆی لـە هەمـوو شـتەکان هەڵقورتێنێـت، وەك ئـەوەی ئێسـتای کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکان بـەوەی بـە تەواوەتـی تێکەڵـی کاروبـاری دەوڵەتـی کـراوە، بـەوەی هـەم دەوڵـەت

بـۆ موجامەلـە و شـەڕە کورسـی، هەمیـش بـە هـۆی دواکەوتوویـی ئەوانـەی کاربەدەسـتی حکوومـەت و دەوڵەتـن، نەتوانـدراوە ئاییـن وەك هەسـتێکی رۆحـی بگەڕێننـەوە بـۆ نـاو مزگـەوت، بـە گەڕانەوەشـی بـۆ نـاو مزگـەوت، رەنگـە زۆربـەی ئـەو فۆکەسـە خراپانـەی لەسـەری هـەن، لابچـن! ئـەوکات، ئیسـلام کەمـتر دووچـاری تێـوەگلان لـە شـەڕی مەزهەبـی و خوێندنـەوەی جیـاواز دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی دەوڵـەت رێگـری دەکات لـەوەی تێکـەڵاوی هەمـوو شـت بکرێـت.

کەوایـە ئـەوەی وای کـردووە ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامی ببێتـە بەرهەمهێنـی توندوتیـژی، یـان ژینگـەی تیرۆریـزم، نەگونجانێتـی لەگـەڵ دەوروبـەردا، واتـە جگـە لـە ئیسـلام هیـچ ئایینێکـی تـر قبـووڵ ناکـرێ و بەپێچەوانـەوە هەموویـان وەك مەترسـی دەبینرێـن بـۆ سـەر ئیسـلام.

ئـەو گوتارەشـی پێیوایـە دەبـێ تەنیـا ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامی باڵادەسـتی کۆمەڵگـە بێـت و یاسـاکانیش لەسـەر بنەمـای سـەوابتی ئیسـلامی دابنرێـن، بێشـك سـوود بـە ئاییـن ناگەیەنێـت و بەپێچەوانـەوە دووچـاری کێشـەگەلی زۆری دەکات. هیـچ کات ئیسـلام وەك کولتـوور و تێکسـت بـە زۆر و لەژێـر گوشـاردا لـە ئەورووپـا بڵاوناکرێتـەوە، رەنگـە بـۆ ماوەیـەك و چەنـد هەفتەیـەك بتوانـن گوشـار دروسـت بکـەن، بـە کردەیەکـی تیـرۆری یـان خۆپیشـاندانێك و حاڵەتـی لـەم بابەتانـە، بـەڵام ئەمـە مـاوە کورتـە و سـەرئەنجام بـە گوێـرەی یاسـا پێـش بـەو هەوڵـە دەگیرێـت، ئەگەرچـی ئێسـتا ئـەو رەوتـە فیکرییـە توندڕۆییـە ئسـلامییە مەترسـی جـدی بـۆ ئەورووپاییـەکان دروسـتکردووە.

لـە وەڵامـی ئـەو گوشـارەدا ئەورووپـا ناکەوێتـە تەلـەوە، بەپێچەوانـەوە رەنگـە هەڵوێسـتی ئەوتـۆی هەبێـت دواجـار بـە کەڵکـی ئەزموونـی ئەورووپایـی بکەوێتـەوە، لـە کاتێکـدا ئیسـلامییەکان سـەرقاڵی

دروستکردنی گوشار و مەترسین، بەڵام سەرۆکی شارەوانی لەندەن دەخرێتە ژێردەستی موسڵمانێکی پاکستانی، چونکە ئەورووپا باش دەزانن ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کێشە بۆ کۆمەڵگەی لەندەنی دروستکات، بەوپێیەی لەوێ شتێك بوونی نییە بە ناوی جیاکاری ئایینی و کایەکانیش لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزی و ئایینی پۆلێن نەکراون، بۆیە دەکرێ عەرەبێکی موسڵمان ببێتە کاربەدەستی وڵاتێکی ئەورووپایی.

کەچی بە هیچ شێوەیەك دیمەنێکی لەمجۆرە لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی قبووڵ ناکرێت، هەتا ئەگەر دەوڵەتیش بیەوێت، دیسانەوە روو نادات، بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی موسڵمانی لەسەر دژایەتیکردن راهێنراون و لەوەها دۆخێکیشدا دەوڵەت موزایەدە بە ئایینەوە دەکات و ناراستەوخۆ رۆڵی کەسانی غەیرە موسڵمانیش کەم دەکاتەوە، هەتا ئەگەر خاوەن توانا و شارەزایی باشی بەڕێوەبردنیش بن، ئەمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دەوڵەت کۆمەڵگەی زۆرینە لە خۆی رازی بکات و ئەمجۆرە لە حوکمڕانێتییەش ئەوەندەی دووفاقی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێت، نیو هێندە دەوڵەتداری نەبووە، کارەساتیش ئەوەیە دەوڵەت بایەخ بە جاهیلێك بدات، چونکە جەماوەری ئایینی لێی رازین، بەڵام ئامادە نەبێت بایەخ بە کەسێکی تر بدات، بە هۆی ئەوەی لە ئایینی زۆرینەی جەماوەر نییە. هەتا ئەگەر ئەو کەسە شارەزاییەکی باشی بەڕێوەبردن و توانای زانستیشی هەبێت.

هەرکە ئایدۆلۆژیای ئیسلامیش دەخرێتە بەر نەشتەری رەخنەکردن، لەبارەی ئەوەی ئایینێکە خۆی لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی جیهانی دابڕیوە، یەکڕاست لە وەڵامی

ئـەو ڕەخنـە لۆژیکییـەدا، بـە زمانێکـی زبـر و شـەڕەنگێزانە تۆمەتـت ئاراسـتە دەکرێـت، گوایـە ئـەو بۆچوونانـە لـە دژایەتیکردنـی ئیسـلامەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، هیـچ بنەمایەکـی راسـتیان تێـدا نییـە، ئەمـەش هاوکاتـە کـە ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامی، یـان هـەر ئیسـلام، لـە پێـش چـاوی هەمـوو دنیـادا نەیتوانیـوە خـۆی لەگـەڵ کولتـوور و پێشـکەوتنە مرۆییـەکان بگونجێنێـت، جۆرێکـی دیکـەش بەرگـری کوێرانـە لـە ئیسـلام ئەوەیـە گوایـە ئـەوەی وایکـردووە ئیسـلام ناشـیرین بێـت، هەنـدێ موسـڵمانی تونـدڕۆن و وەك خـۆی لـە ئیسـلام تێنەگەیشـتوون، بـەڵام لـە راسـتیدا ئیسـلام وەك ئاییـن و موسـڵمانیش وەك پەیـڕەوکاری ئـەو ئایینـە، دوو ئەڵقـەی لێـك جیـاواز نیـن، بەڵکـو یەکـدی تـەواو دەکـەن، نـە ئیسـلام بەبـێ موسـڵمانان ئیسـلامە، نـە موسـڵمانانیش بەبـێ ئیسـلام و تێکسـتەکانی موسـڵمانن. کەوایـە هەردووکیـان تەواوکـەری یەکتریـن و لەوەهـا دۆخێکیشـدا کاتێـك لـە کۆمەڵگەیەکـی موسـڵمانیدا هـەر کردەوەیـەك و قسـەیەکی توندوتیـژ ئەنجـام بـدرێ، یانەکـی بکرێـت، راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە ئاییـن و کارەکتـەری جێبەجێکـەری بـاوەڕی ئایینـی هەیـە.

کاتێکیـش دەگوتـرێ ئـەو توندوتیژییانـەی لـە جیهانـی ئیسـلامیدا روو دەدەن، پەیوەندییـان بـە ئیسـلامەوە نییـە، ڕەنگـە ئەمـە خۆدزینـەوە بێـت لـە ئاسـت ئـەو تەنگـەژە گەورەیـەی لـە مەملەکەتـی ئیسـلامی هەیـە، بەپێچەوانـەوە راسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە ئیسـلامەوە و ترادیسـیۆنەکەی هەیـە، بـەو دەلیلـەی ئیسـلام وەك تێکسـت و موسـڵمانیش وەك جێبەجێکـەر و پەیـڕەوی ئـەو تێکسـتە، پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی و رۆحـی لـە نێوانیانـدا هەیـە و بەبـێ یەکتریـش مومکیـن نییـە لایەکیـان بتوانـن بمێننـەوە، ئینجـا ئـەوەی پەیوەنـدی بـە هاتنـە

خــوارەوەی ئایــەت و خــودی قورئانــەوە هەیــە، ئەمــە پرســێکی تــرە و پێویســتی بــە خوێندنــەوەی دیکــە هەیــە.

بــێ ماناتریــن قســەگەلێکیش ئــەو جــۆرە قســانەن، گوایــە ئیســلام دوورە لــە هــەر کردەوەیەکــی توندڕۆیــی و تیرۆریســتییانەی داعــش و قاعیــدە و ئیخــوان و بــەرەی نــووسرە و ســەرجەم گرووپــە تونــدڕۆ ئیســلامییەکان، ســەرکردە و رابــەری ئــەو گرووپانــە نەخوێنــدەوار نیــن و جیــاوازن لــە ئەندامێکــی نەخوێندەواریــان، بەڵکــو بــە ئاشــکرا و بــە تەحــەداوە بانگەشــەی ئیســلامێتی خۆیــان دەکــەن و پێداگــرن لەســەر ئــەوەی هەرچــی ئەنجامــی دەدەن، بــەدەر نییــە لــەوەی لــە قورئانــدا هەیــە، ئەگــەر وایــە و ئــەوان لــە ئیسـلام تێنەگەیشـتوون، خێـرە وەڵامییــان نادرێتــەوە، ئێــوە دیقــەت لــەو مــەلا و خەڵکــە پارەخۆرانــەی جیهانــی ئیســلامی مــەدەن کاتێــك دەڵێــن رابەرانــی داعــش و قاعیــدە لــە ئیسـلام تێنەگەیشـتوون، ئـەو جـۆرە قسـانە هیـچ بایەخێکیـان نییـە، لەبــەر ئــەوەی لۆژیــك ئــەو قســەیەی قبــووڵ نییــە، بەپێچەوانــەوە ئــەوان زۆربــاش لــە ئیســلام تێگەیشــتوون و دەزانــن چیــان دەوێــت!

ئــەوەی لــە جیهانــی ئیســلامی بەشــێوەی توندوتیــژی و بێڕێزیکــردن بەرانبــەر مــرۆڤ روودەدات، راســتەوخۆ ئیســلام وەك تێکســت و کارەکتــەری جێبەجێــکاری ئیســلام لێــی بەرپرســیارن، ئــەوەی توندوتیــژی ئەنجامــدەدات جــا هــەر جۆرێکــی توندوتیــژی بێــت، جــا کاری تیرۆریسـتی یـان هەڕەشـە بێـت، تاکـی بکـەر لـە نیەتـی خۆیـدا جیهـادی کــردووە بــۆ سەرخســتنی ئیســلام، مــادام جیهادیــش بنەمایەکــی نەگــۆڕە لــە ئیســلامدا و رێشــی پێــدراوە، لــە کاتــی بەرگریکــردن و فراوانخــوازی ئیســلامی هانــای بــۆ ببرێــت، لــە دیــدی ئــەو گرووپــە تیرۆریســتی و توندڕۆیانــە، ئــەو کارەیــان دەچێتــە خزمەتــی سەرخســتنی ئیســلام و

جیهادکردنـه بـۆ ئیسـلام و ئایینـی خـودا، بۆیـه ئەگـەر چەمکـی جیهـاد لـە ئیسـلامدا نەبووایـە، ئەگـەری توندوتیـژی کەمـتر دەبـوو بـە بـەراورد بـەوەی ئێسـتا جیهانـی ئیسـلامی تەنگەژەگەلـی زۆری هەیـە.

ئـەوەی لەبـارەی ئاشـتیخوازی ئیسـلامیش دەگوترێـن، پێویسـتیان بـە تێڕامانێکـی نوێـی قـووڵ و بوێرانـە هەیـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو خەیاڵـە بەتـاڵ بکرێتـەوە، ئەوەتـا دەبینیـن ئەزموونـی وڵاتانـی ئیسـلامی چۆنچۆنیـن و ڕەوشـی ژیانـی خەڵکـی موسـڵمانیش لـە چ ئاسـتێکی خراپدایـە، سـەرباری هەڕەشـەی تیـرۆر و توندوتیـژی، بگـرە لـە برسـێتییەکی قووڵیشـدا دەژیـن و بـە لێشـاو خاکـی ئیسـلام بـەرەو خاکـی مەسـیحییەت جێدەهێڵدرێـت بـەرەو ئـەو بەهەشـتەی لـە دوای قۆناغـی سـەرهەڵدانی سـێکۆلاریزم ئەورووپاییـەکان لەسـەر زەوی دروسـتیانکرد.

# کوردستان و
# هەڕەشەی بەردەوامی فیکری تیرۆریستی

گرووپــە تونــدڕۆ ئیســلامییەکان، دروســتتر ســەرجەم باڵەکانــی بزاوتــی ئیســلامی سیاســی بــە کــوردی و عەرەبــی و تورکــی و ســەرجەم باڵەکانــی تــر، هیــچ کات کۆتاییــان نایــەت، بگــرە ڕۆژ دوای ڕۆژیــش لــە پەرەســەندنی خێــرا و بــرەوی زیاتــردان، تەکنیــك و هــۆکاری تازەتریــش دەدۆزنــەوە بــۆ ئــەوەی گوشــاری زیاتــر لەســەر دەســەڵات و کۆمەڵگــەی مرۆیــی بەگشــتی دروســتبکەن، بــەو ئامانجــەی ڕەوتــی کۆمەڵگــە بــە ئاراســتەی زیندووکردنــەوەی خەلافەتــدا ببــەن.

ئێســتا جیهــان بەســەر دوو بــەرەدا دابــەش بــووە، بەرەیــەك ئیســلامی سیاســییە بــە کــۆی لقــە تونــدڕۆ و بەنــاو میانڕۆکانــی، دەیەوێــت خــۆی وەك مەترســی نیشــان بــدات، بەوپێیــەی ناتوانــن بــە تــەواوی دەستبەســەر هەمــوو دەوڵەتەکانــدا بگــرن، بــەڵام دەســتەوئەژنۆش نیــن و دەخــوازن لــە ڕووی بڵاوکردنــەوەی تــرس و کــردەی تیــرۆری، تۆڵــەی ئــەو

شکستە بکەنەوە، بەتایبەتی لە دوای رووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەری ئەمەریکا ئەو گرووپانە زیاتر چالاك دەبن و ئاستی هەڕەشەکانیان گەورەتر و ترسناکتریش دەبن، بەوەی چیتر نایانەوێ گرووپی ناوچەیی بن، یان تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێننەوە، بەڵکو ئێستا ئەوان شوناسێکی جیهانیان مسۆگەر کردووە و جگە لە پارێزگاری، تەنانەت هەوڵی گەورەتریش دەدەن بۆ ئەوەی زیاتر بچنە قوڵایی ناحی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ببنە ترسێکی جیهانی.

بەرەیەکی دیکەی دژی ئەو بەرەیەش بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا دروستبووە، ئەو بەرەیە راستە چالاکە، بەڵام کۆی چالاکییەکانیان سەربازین و لە شێوەی ئۆپەراسیۆندان، واتە سەرەتا تەماشاکەر دەبن، هەتا ئەوکاتەی گرووپە تیرۆرییەکان گەورە دەبن، وەك ئەوەی سەرەتا داعش لە مووسڵ چەند سەد کەسێك بوون، ئەمەریکا سەرەتا بێدەنگ بوو، بەڵام دوای ئەوەی گەورە دەبن و خەڵکی زیاتریش دەچنە ناو ئەو گرووپە تیرۆرییە و هێرشەکانیان فراوانتر دەکەن، ئیدی ئەمەریکا هەڵوەستە دەکات، رێك ئەمە بۆ هەموو گرووپەکانی دیکەش رەنگە راست بێت.

ئەو بەرەیە لە رووی سەربازییەوە شتی کردووە، بەڵام لە بارەی شەڕی فیکرییەوە هیچی نەکردووە بۆ ئەوەی ئەو فیکری توندڕۆییە لاواز بکات، ئەمەش یانی مەترسی ئەو گرووپانە بەردەوامی دەبێت، هەتا ئەوکاتەی لە رووی فیکرییەوە وشك دەبن، یان لاواز دەبن، دیارە ئەمەش لە بەرانبەر ئەو گرووپانە نەکراوە بۆ وشککردنی سەرچاوەی فیکریان کە جیهاد یەکێکە لەو چەمکانەی بەشی هەرە زۆریان وەك کارتێکی فریودان بەکاری دێنن.

کەوایــە مەترســی ئــەو گرووپانــە زۆر لــەوە فراوانــتر و گەورەتریشــە ئێمــە بتوانیــن بــەو ئاســانییە هەمــوو مەترســییەکانی بــاس بکەیــن، ئــەوان تــازە بوونەتــە مەترســییەکی جیهانــی و پێویســتی بــە شــەڕی جۆراوجــۆر هەیــە، ئەگەرچــی نابێــت لــە بەرانبــەر چالاکــی و گەشــەکردنیان بێدەنــگ بیــن.

ئــەوەی پەیوەنــدی بــە هەرێمــی کوردستانیشــەوە هەیــە، هەمــان مەترســییە و کوردســتانیش بــەدەر نییــە لــەو مەترســییە جیهانییــە، بگــرە زیاتریــش لەبــەردەم هەڕەشــەی ئــەو گرووپانەدایــە، بــەوەی ئێمــە دەوڵــەت نیــن و شــەڕی فیکــری و ســەربازیش خەرجییەکــی زۆری دەوێــت، هــاوکات ئیســلامی سیاســی کوردیــش بــە تــەواوی لــە کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتان بڵاوبووەتــەوە، هــاوکات رەگــی ئــەو فیکــرە توندڕۆیــەش بــە جۆرێــك گەشــەی کــردووە بــە ئاســانی ناتواندرێــت وشــك بکرێــن، رۆژانــە لەســەر ئاســتی کۆمەڵگــە و دەســەڵاتدا، بــە هــۆی بــێ بەرنامەیــی حیزبــی نەتەوەیــی و ســێکۆلارەوە، ئینجــا بــە خــۆی نەزانــی بێــت یــان کەمتەرخەمــی، بیانــوو بــۆ گەشــەکردنی ئــەو گرووپــە تیرۆریســت و تونــدڕۆ فیکریانــە بەدەســتەوە دەدرێــت.

بــۆ نموونــە لــە هــەر کۆڵانێکــدا مزگەوتێــك قیتکراوەتــەوە و گرووپــە ئیســلامییەکانیش بــە ئاســانی خۆیــان دەخزێننــە نــاو مزگــەوت و ســوود لــە مــەلای جیهــادی وەردەگــرن، لــەوەش کارەســاتتر هێشــتا مــەلای کــوردی لــە مزگەوتــی ســەرە کۆڵانەکانــدا، بــە دەنگــی بــەرز باســی جیهــاد بــۆ گەنجــان و خەڵکــی ســادە دەکات، ئەمــەش لــە کاتێکدایــە کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتان بــە دەســت ناعەدالەتــی دەناڵێنێــت و بەشــێك لــە تاکەکانیشــی لــە بیانووێــك دەگەڕێــن بــۆ تۆڵەکردنــەوە و گرووپــە تونــدڕۆ فیکــری و تیرۆریســتییەکانیش ســوودیان لــەو ژینگەیــە

وەرگرتــووە، بــە هۆیــەوە خەڵکــی بــە ئاڕاســتەی فیکــری توندڕۆیــدا دەبــەن، هــاوکات باکیــان بــەوەش نییــە رەوتــی کۆمەڵگــە بــە چ ئاقارێکــی مەترســیداردا دەچێــت، ئــەوەی بــە لای ئەوانــەوە گرنگــە، دەســتبگرن بەســەر دەســەڵاتدا.

چەمکــی جیهادیــش لــە ئیســلامدا باشــترین خــۆراك و مــاددەی رۆحــی بــووە بــۆ ئــەوەی رێکخــراوە تیرۆریســتییەکان، یــان بانگخــوازە ئیســـلامییەکان و حیزبــە ئیســـلامییەکان بــە گشــتی، خەڵکــی پــێ فریوبــدەن و کۆمەڵگــەی پــێ چەواشــە بکــەن، تــا لــەو رێیــەوە گەنجــان و لاوانــی تــازە پێگەیشــتوو هەڵخەڵەتێنــن و هانیــان بــدەن بــۆ کــردەوەی توندڕۆیــی، ئینجــا کــردەی خۆکــوژی بێــت، یــان تەقینــەوە و تۆقاندنــی خەڵــك و کافراندنــی رۆشــنبیرانی رەخنەگــر لــە ئیســلام، هەموویــان یــەك ئامانجیــان لــە پشــتەوەیە، گوایــە جیهــاد دەکــەن بــۆ سەرخســتن و بەرگریکــردن لــە ئایینــی ئیســلام و بیانــووی دوایــن ئایینــی ئاســمانیش، هێنــدەی دیکــە هانیــان دەدات بــۆ ئــەوەی شــانازی بکــەن کــە ئیســلام وەك دوایــن ئایینــی ئاســمانی بەســەر ئایینەکانــی دی و پەیڕەوکارانــی ئایینــە غەیــرە ئیســلامییەکان فــەرز بکــەن.

جگــە لــە ئیســلام و ترادیســیۆنە شەڕەنگێزییەکەشــی، هیــچ ئاییــن و ترادیســیۆنێکی دیکــە بــە راســت نابینــن و دژی هەمــوان دەوەســتنەوە، بەتایبەتــی مەســیحی و یەهــوودی خراونەتــە نــاو بازنــەی دژایەتییەکــی سەرســەختانەی ئــەو گرووپــە تیرۆریســتی و تونــدڕۆ ئیســلامییانەی، کــە کۆمەڵگــە و رۆشــنبیرانی رەخنەگــر لــە ئیســلام، بــە کافــر دەبینــن و کوژرانیــان لەســەر دەســتی گرووپــە ئیســلامییەکان بــە رەوا دەبیندرێــت.

هیــچ کاتیــش هێنــدەی ئێســتا کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتان لەژێــر هەڕەشــەی گرووپــە تیرۆریســتییەکان و فیکــری توندڕۆیــی

نەبــووە، راســتە لــە رابــردوودا دەیــان كــردەی تیــرۆری روویانــداوە و خەڵكێكـی زۆریـش لـە سیاسـی و هاووڵاتـی شـەهیدبوون، بـەڵام قۆناغـی ئێســتا زۆر جیاوازتــرە لــە جــاران، بەتایبەتــی دوای ئــەوەی داعــش بــووە ئومێــدی گــرووپ و هەڵگرانــی فیكــری توندڕۆیــی و پاشــانیش ئــەو رێكخــراوە تیرۆریســتییە لــە رووی بەرەییــەوە، واتــە هەژموونــی چەكداریـی كۆتایـی هـات و ناوچەكانـی نەمـان، بـەڵام ئەندامانـی ئـەو رێكخـراوە تیرۆریسـتییە هێشـتا لـە عێراقـدا مـاون و بـە نـاو كۆمەڵگـەی عێراقـی و هەرێمـی كوردستانیشـدا بڵاوبوونەتـەوە و بـە نهێنیـش چالاكـی ئەنجامــدەدەن.

وەك ئــەوەی ئــەو گرووپــە تیرۆریســتییەی ســاڵی ٢٠١٨ هیرشــیانكردە ســەر پارێــزگای هەولێــر، ســەر بــە داعــش بــوون و لــە لایــەن مــەلای كوردییــەوە ئــەو گەنجانــە هاندرابــوون، واتــە پــەروەردەی مزگــەوت بــوون و كوردســتان و هەولێریــش بــە دیاریكــراوی، هەمیشــە لەبــەردەم ئەگــەری روودانــی هــەر كردەیەكــی تیرۆریــدان، چونكــە ئــەو گرووپــە تیرۆریســتییانە لــە گەشــەدان و پێویســتە شــەڕی فیكریــان بەرانبــەر بكرێــت، تەنیــا شــەڕی ئۆپەراســیۆنی و دۆزینــەوە و دەســتگیركردن، بــەس نییــە بــۆ لاوازكردنیـان، دەبـێ لـە رەگـەوە ئـەو فیكـرەی جیهادییـە هەڵبكێشرێــت، ئەگەرچــی ئەمــە بــۆ ئێســتاكە زۆر زەحمەتــە و رەنگــە مەحاڵیــش بێــت، بەوپێیــەی خەونــی گەیشــتن بــە بەهەشــت لــە رێــی بڵاوكردنــەوەی فیكــری توندڕۆیــی و تەقینــەوە و كــردەی توندڕۆیــش لــە جێبەجێكردنــی چەمكــی جیهــاددا دەبیننــەوە، جیهادیــش یانــی شــەڕكردن بــە زمــان و بڵاوكردنــەوە و هەوڵــی فراوانخــوازی ئیســلام و بەكارهێنانــی چــەك و هــەر هۆكارێكــی دیكــە بــۆ سەرخســتن و بەرگریكــردن لــە ئایینــی ئیســلام بەكاردێنــن.

خاڵێکی دیکەی بەهێزبوونی ئەو گرووپە تیرۆری و هەڵگرانی فیکری توندڕۆییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزب و رۆشنبیرانی سێکۆلار و نەتەوەییخواز لە ئاست ئەو فیکرە توندڕۆییەدا یان ترسنۆکن یان بێ پرۆژەن، واتە ئەو گرووپە فیکرییە توندڕۆیانە لە گەشەی بەردەوامدان و کۆمەڵگەش بە حیزب و رۆشنبیر و دەسەڵاتییەوە، بێباکن و خەمی ئەوتۆیان نییە، بگرە بە هۆی ترسیان لە جەماوەری ئایینی بێدەنگن، لەبەر ئەوەی ئەو گرووپە توندڕۆیانە بەجۆرێك خۆیان ناساندووە، گوایە ئەوەی دەیکەن و ئەنجامی دەدەن، بۆ ئیسلامە و ئیسلامیش لە لایەن عەلمانییەکانەوە لەژێر هەڕەشەدایە!

لە کاتێکدا بە هیچ شێوەیەك ئیسلام لەژێر هەڕەشەدا نییە و بگرە زیاد لە پێویستیش موجامەلەی کراوە، مەگەر لە هەر گەڕەکێکدا چەندین مزگەوت و هۆڵی ئایینی لێ دروست نەکراوە؟ مەگەر دەسەڵات و رۆشنبیران بێدەنگ نین لە هاتوهاوار و بڵاوکردنەوەی فیکری توندڕۆیی مەلای کوردی؟

کەوایە پێویستە بپرسین بۆچی ئیسلام لە مەترسیدایە؟ هەڵبەت ئەم بیانووە بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەو گرووپانە زیاتر سۆزی خەڵك بە لای خۆیاندا رابکێشن و لە مزگەوت و شاشەکانیشەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی فیکری توندڕۆیی بدەن، سەرئەنجامیش کردەی تەقینەوە و خۆکوژی و تۆقاندنی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە، دەسەڵاتیش بۆ لاوازکردنی فیکری توندڕۆیی و تیرۆریستی دوو رێی لەبەردەمدایە، ئەوانیش کەمکردنەوەی رێژەی مزگەوت و چاودێریکردنی تەواوی مزگەوتەکان و دیاریکردنی کاتی کردنەوە و داخستنی دەرگای مزگەوتەکان و هاوکات سنووردانان بۆ رادیۆ و شاشەکانە کە

بــەردەوام گوتــاری توندڕۆیــی مــەلای تونــدڕۆ بڵاودەکەنــەوە، هــاوکات ناکــرێ ڕێگــە بــە حیزبــی ئیســلامی بدرێــت بــە ئاشــکرا ئیســلام بــۆ مەرامــی سیاســی خۆیــان بەکاربێنــن و ئایینیــش وەســیلە و کەرەســتەیەك بێــت بــۆ دەستخســتنی کورســیی زیاتــر، کــە ئێســتا ئــەو حیــزب و گرووپــە ئیســلامییانە ســۆزی ئایینــی خەڵکــی دەجوڵێنــن، بــۆ ئــەوەی زیاتــر پێگــەی خۆیــان بەهێــز بکــەن لــە نــاو حکوومــەت و پەرلەمــان و دامــەزراوە ئایینــی و خزمەتگوزارییەکانــدا.

دەتوانیــن بەوپــەڕی ڕاشــکاوییەوە بڵێیــن مەترســی گرووپــە تونــدڕۆ ئیســلامییەکان لەســەر ســەقامگیری و کرانــەوە و ئاینــدەی کوردســتان بــە گشــتی زۆر لــەوە گەورەتریشــە کــە هەســتی پێکــراوە، مەترســییەك هەمیشــە خــۆی بــە شــێوازی جیــاواز و لــە بەرگــی جۆراوجــۆرەوە دەگۆڕێــت و دەخزێتــە نــاو دڵــی باشــووری کوردســتانەوە، مەترســییەك خەریکــە کارەکتەرانــی وەك پارێــزەری ئیســلام بناسرێــن و بــە لێشــاویش هاوفیکریــان بــۆ پەیــدا بێــت، لــە بەرانبەریشــدا هیــچ پڕۆژەیەکــی ڕووبەڕووبوونــەوەی فیکــری لــە دژی ئــەو ڕەوتــە تونــدڕۆ ئیســلامییە نییــە، ســەرباری ئــەوەش بــەردەوام حیزبــی کوردســتانی ژینگــەی گەشــەکردن بــۆ ئــەو گرووپانــە خــۆش دەکــەن، بــەوەی حیزبــە نەتەوەیــی و ســێکۆلارەکان ســەرقاڵی شــەڕی یەکدیــن و ڕەوتــی ئیســلامی سیاســیش مشــەخۆر ئاســا لــە نــاو تەنگــەژە و ژینگــەی ئاڵــۆزدا گەشــەی خێــرا دەکــەن.

ڕاســتە ئێســتا زۆربــەی چــاوەکان لەســەر ئــەو گرووپــە ئیســلامییانەی کوردســتانن بــەوەی ســەرقاڵی بڵاوکردنــەوەی فیکــری توندڕۆیــی ئایینــی و کــردەی تیرۆریــن، بــەڵام ئــەو فیکرەیــە هــەر لــە خۆیــەوە نەهاتووەتــە نــاو کۆمەڵگــەی کــوردی، دەتوانیــن بەوپــەڕی ڕاشــکاوییەوە بڵێیــن

زۆربـــەی ئەوانـــەی هەڵگـــری فیکـــری توندڕۆییـــن، لەژێـــر کاریگـــەری فیکـری توندڕۆیـی ئیخـوان موسـلمیندان، ئیخوانێـك جگـە لـە توندڕۆیـی ئایینـی، هـاوکات فیکـری شۆڤێنیسـتی عەرەبیـش بڵاودەکاتـەوە، بۆیـە ناسـینی ئیخـوان و ئامانجەکانـی زۆر گرنگـن بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگـەی کوردیـش لـەو مەترسـییە هۆشـیار بێتـەوە، هـەر هیـچ نەبـێ چیـتر بـە هەڵـە ئیخـوان وەك بزووتنەوەیەکـی ئیسـلامی میانـڕەو نەناسـن، لـە کاتێکـدا خـودی ئیخـوان پرۆژەیەکـی توندڕۆیـی ئایینـی و ناسـیۆنالیزمی عەرەبییـە.

دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٢٨ ئیخـوان موسـلمین لـە لایـەن حەسـەن بەننـای زانـای ئایینـی ئیسـلامی دروسـت دەبێـت، بـە هۆیـەوە جارێکـی تـر ئاڵـۆزی یاخـود تەنگـەژەی سیاسـی، ئایینـی، فیکـری توندڕۆیـی، روو لـە کۆمەڵگـەی موسـڵمانان دەکاتـەوە، بـەڵام جیاوازتـر لـە قۆناعەکانـی دیکـە، بـەوەی هێـدی هێـدی گـرووپ و حیزبـی ئیسـلامی لـە دوای دروسـتبوونی ئیخوانـەوە سـەرهەڵدەدەن و لـە شـێوەی گرووپگەلـی سـوننەمەزهەب و لەژێـر کاریگـەری بـاوەڕی جیهـادی و سـەلەفییەت، کاری بانگخـوازی و کـردەی تیـرۆری لـە پەنـای جیهـادەوە ئەنجامـدەدەن.

راسـتە کۆمەڵگـەی موسـڵمانان لـە ئێسـتادا سـەدان گـرووپ و حیزبـی ئیسـلامی سیاسـی هـەن، بـەڵام دەکـرێ ئیخـوان وەك سـەرچاوەی لـە دایکبوونـی زۆربەیـان وەربگریـن، ئەگەرچـی هەنـدێ لـەو گرووپانـە نێوانیـان لەگـەڵ ئیخوانـدا خـۆش نییـە، بـەڵام ئـەو راسـتییە ناشـاردرێتەوە کـە ئیخـوان بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی فیکـری توندڕۆیـی لـە کۆمەڵگـەی موسـڵمانان و دواییـش ئـەو فیکـرە دروسـتبوونی ژمارەیەکـی زۆری گـرووپ و حیزبـی ئیسـلامی تونـدڕۆ و نیمچـە تونـدڕۆ و گوایـە میانڕەویشـی لێکەوتـەوە.

سـەرئەنجام لـەم قۆناغـەدا زۆربـەی کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکان بـە دەسـت تەنگـەژەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی دەناڵێـن و خـودی ئیخوانیـش وێـڕای سـڕبوونی چالاکییەکانـی، هـاوکات لـە لایـەن حکوومەتـی میـسرەوە وەك گرووپێکـی تیرۆریسـتیش ناسـێندراوە، ئەگەرچـی ئەمـە نەبووەتـە هـۆی ئـەوەی ئـەو گرووپـە دەستەوەسـتان بـن، یـان گۆڕەپـان چـۆڵ بکـەن، بەپێچەوانـەوە تـا ئێسـتاش گرووپەکـە و تیۆریسـێنەکانی گەورەتریـن مەترسـین لـە رووی بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی، بـەوەی بـە فراوانـی بـە کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکاندا بڵاوبوونەتـەوە، بـە هەرێمـی کوردستانیشـەوە.

سـەرهەڵدانی ئیخوانیـش لـە کاتێکـدا بـوو، چەنـد سـاڵێکی کـەم بـوو کـە دەوڵەتـی عوسـمانی نەمابـوو، لـە مێـژووی ئیسلامیشـدا هیـچ کاربەدەسـتێکی ئیسـلامی نەبـووە حوکمڕانێکـی بـاش بوویێـت بـۆ کۆمەڵگەیەکـی مرۆیـی موسـڵمانان، هـەر لـە دوای مردنـی پەیامبـەری ئیسلامیشـەوە، هەتـا کۆتایـی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە تورکیـا، کـۆی ئـەو کاربەدەسـت و خەلیفـە و والـی و شـێخ و مەلایانـەی، کـەم و زۆر دەسـەڵاتییان هەبـووە و هەموویانیـش لـە گۆشـەی دەسـەڵاتدارێتی خۆیانـەوە سەرئێشـە بوونـە بـۆ کۆمەڵگـەی موسـڵمانان.

کەچـی ئیخـوان بـە هاتنـی ئـەو سەرئێشـەیەی زیاتـر کـرد، بـەوەی لـە دوای خۆیـدا دەیـان حیـزب و گرووپـی ئیسـلامی توندڕۆ دروسـت دەبـن و ئیخوانیـش تۆمەتبـار دەکـرێ بـە سـەرچاوەی فیکـری و دروسـتبوونی ئـەو گرووپانـە، ئەگەرچـی هەنـدێ لـە گرووپـەکان، خۆیـان بـە ئیخوانـەوە نابەسـتنەوە، بـەڵام لـە راسـتیدا ئیخـوان دایکـی ئـەو گرووپانەیـە.

دوای نزیکـەی سـی سـاڵێکیش فیکـری ئیخوانـی دێتـە باشـووری

کوردستانیش، ئەگەرچی ئەوە تەنیا لە رووی فیکرەوە بووە، نەك رێکخراوی سیاسی، بەڵام دواتر لە هەشتاکان، یەکەم حیزبی ئیسلامی چەکداری بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دروست دەبێت، ئەگەرچی پێش ئەویش، گرووپی دیکەی ئیخوانی هەبوون، بەڵام لە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی، باشووری کوردستانیش دووچاری تەنگەژەی سەرهەڵدانی فیکری توندڕۆیی ئایینی دەبێ و چیتر کوردستان ئاییندارییەکی کوردەوارییانەی تێدا نامێنێت، واتە لەو مێژووەوە باشووری کوردستانیش دەکەوێتە بەردەم تەنگەژەیەکی قووڵی فیکری توندڕۆیی ئایینی، ئەویش بە قۆناغ و لەگەڵ دروستبوونی گرووپ و باڵ و حیزبی نوێی ئیسلامی، بەتایبەتی لە دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی چەند باڵێکی لێجیادەبێتەوە، لە نموونەی جیهادی ئیسلامی بە رابەرایەتی مەلا ئەمین پیرداود، جوندولئیسلام، هەروەها ئەنسارولئیسلام بە رابەرایەتی مەلا کرێکار، دواییش کۆمەڵی ئیسلامی لە لایەن عەلی باپیرەوە لە ئەنجامی جیابوونەوەی لە بزووتنەوە لە ساڵی ٢٠٠١ خۆی لە ژێر دروشمی سوننە و جەماعە رادەگەیەنێت، بەڵام هێندەی نەبرد عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بە تۆمەتی پاڵپشتیی تیرۆر لە لایەن هێزە فرەڕەگەزەکان کە ئەمەریکا سەرپەرشتی دەکردن، دەستگیر دەکرێت و دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دەستگیرکرانی، ئینجا ئازاد دەکرێت.

دوای ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامیش لە لایەن عەلی باپیرەوە دروست دەبێت، ئیدی عەلی باپیر بە بەرنامە کار بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەسە توندڕۆیانەی ناو حیزبە ئیسلامییەکان دەکات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستاندا دەستبکەن

بــە بڵاوکردنــەوەی فیکــری توندڕۆیــی ئایینــی، کۆمەڵــی ئیســلامی بــە سەرپەرشــتی عەلــی باپیــر، ڕۆڵــی دیــاری هەبــووە لــە بڵاوکردنــەوەی فیکــری توندڕۆیــی بــە فریودانــی خەڵــك لــە ڕێــی مــەلای تونــدڕۆ و ڕێکخســتنەکانی حیــزب، بۆیــە ئــەو حیزبــە نێوانــی لەگــەڵ دامــەزراوە ئاساییشــییەکانی هەرێمــی کوردســتان خــۆش نییــە، بەوپێیــەی زۆربــەی ئــەو کەســە تیرۆریســت و توندڕۆیانــەی دەســتگیر دەکرێــن، لــە هەنــاوی کۆمەڵــی ئیســلامیدا دروســتبوونە و بــە قووڵیــش لەژێــر کاریگــەری فیکــری توندڕۆیــی عەلــی باپیــردان.

لــە دوای دروســتبوونی ئــەو گــرووپ و حیزبــە ئیســلامییانەی کوردســتانیش، چیــتر خەڵکــی کوردســتان ناتوانــن بەشــێوەیەکی کوردەوارییانــە ئایینــداری بکــەن، ئایینــداری کوردەوارییانــەش بــەو مانایــەی ئیســلامی سیاســی لــە دوای ســەرهەڵدانی بــە پــڕۆژەی فیکــری توندڕۆیــی، ئــەو شــێوازە ئاینداریــە ئاســایی و کوردەوارییــەی بــۆ ئایینداریێکــی توندڕۆیــی گــۆڕی، واتــە لــە دیــدی ئــەو گرووپــە تونــدڕۆ ئیســلامییانەی کوردســتان، بەتایبەتــی کۆمەڵــی ئیســلامی ئــەو شــێوە ئایینداریــەی زوو قبووڵکــراو نییــە، واتــە گومــان لــەو جــۆرە ئایینداریــە کوردەوارییــە دەکــەن، کــە پشتاوپشــت بــۆ نــەوەکان ماوەتــەوە کــە بەجۆرێــك بــە قووڵــی لــە ئاییــن ورد نەبوونەتــەوە و تەنیــا وەك ئەرکێکــی ئایینــی ڕۆژانــە، ئەرکــە ئایینییەکانــی خۆیــان لــە نوێــژ و بەڕۆژووبــوون و زەکات و بەهاکانــی دیکــە جێبەجێکــردووە، بــە کەمــی ڕێــی تێچــووە کەســێك باســی جیهــادی کردبێــت، هەتــا ئەوکاتــەی ئیســلامی سیاســی پەیــدا دەبێــت، ئــەوکات جیهادیــش جێگــەی خــۆی لــە زاکیــرەی ئایندارانــی کوردســتاندا دەکاتــەوە، ئەمــەش بــە هــۆی ئــەوەی ئــەو گرووپــە ئیســلامییانەی کوردســتان بــە پــڕۆژە کاریــان

لەسـەر دروسـتکردنی مۆدێلێـك لـە ئایینـداری تونـدڕۆ کـرد و ئێسـتاش بەردەوامـن لـە بـرەودان بـەو مۆدێلـە، جگـە لـەو مۆدێلـەی خۆیـان ئاییندارییـە ئاسـاییەکەیان قبـووڵ نییـە، بۆیـە ئیشـوکاری ئـەو گرووپانـە بووەتـە بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی، تاوەکـو لـەم ڕێیـەوە چنـگ لـە کورسـیی دەسـەڵات گیـر بکـەن بـە تۆقانـدن و بڵاوکردنـەوەی تـرس، هـەم لـە بەرانبـەر دەسـەڵات و هەمیـش خەڵکـی کوردسـتان، ئاخـر ئـەو گرووپانـە ناخـوازن کۆمەڵگـە ئـارام بێـت، یانـی سـەقامگیری هـەر کۆمەڵگەیـەك بـۆ گەشـەی خۆیـان بـە مەترسـی دەزانـن، بۆیـە هەوڵـی پشـێوی کۆمەڵایەتـی و ئەمنـی دەدەن.

ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی، بەتایبەتـی کۆمەڵـی ئیسـلامی کوردسـتان، گرووپگەلێکـی سـوننەگەرای بـاوەڕدارن بـە بنەماکانـی مەزهەبیـی سـوننە و بـاوەڕی تەواویشـیان بـە ئەنجامدانـی هـەر کردەیەکـی جیهـادی هەیـە، ئینجـا توندوتیـژی یـان شـێوازی بانگخـوازی بێـت، بـۆ ئـەوەش هەمـوو هەوڵێکـی خۆیانـداوە تـا خەڵکـی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای جیهـاد و سـوننەگەرایی ئایینـداری بکـەن، بـۆ سەرخسـتنی ئـەو ئامانجـەش ئـەوەی دەتوانـن ئەنجامـی دەدەن، هـەر لـە مـەلای مزگەوتـەوە هەتـا کورسـیی پەرلەمانـی بـۆ ئـەو مەرامـە سیاسـی و توندڕۆییـە بەکاردێنـن، بەجۆرێکیـش حکوومـەت و دامەزراوەکانـی کوردسـتان بـە دامـەزراوەی بڵاوکردنـەوە بێدینـی وەسـف دەکـەن بـۆ ئـەوەی خەڵکـی فریـو بـدەن، بۆیـەش زوو زوو دامەزراوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دەبنـە ئامانجـی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان.

لـە ئەنجامـی ئـەو بانگخـوازە توندڕۆییـەی کـە ئیسـلامی سیاسـی لـە پشـتەوەیە، واتـە بەشـی زۆری کـەس و گرووپـی ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان بـە پـڕۆژەی درێژخایـەن هەوڵـی دروسـتکردنی ژینگـەی

تیرۆریزمـی لـە باشـووری کوردسـتان دەدەن، بەوپێیـەی گەشـەی خۆیـان لـەو جـۆرە ژینگەیـەدا دەبیننـەوە، وەك ئـەوەی تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان و داعـش لـە عێـراق و سـووریا گەشـەی زیاتـر دەکـەن، بۆیـە لەژێـر کاریگـەری ئـەو مۆدێلـەی ئەفغانسـان، ئیسـلامی سیاسـیی کوردیـش لـە هەوڵـی دروسـتکردنی ژینگـەی توندڕۆییـدان، دواجـار ئـەو ژینگەیـە بـەرەو جیهانـی تەنگـەژاوی تیرۆریـزم هەنـگاو دەنێـت بـە دروسـتبوونی جیهانـی تیرۆریزمـی لـە باشـووری کوردسـتانیش ژیانـی کـۆی کۆمەڵگـە دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەی ناسـەقامیگری.

هـەر کۆمەڵگەیـەش ناسـەقامیگر بـوو، دەبێتـە جێـی سـەرهەڵدانی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و توندڕۆیـی ئایینیـش وەك مۆدێلێکـی ترسـناك بـرەوی دەبێـت، سـەرئەنجام هەمـوو ئەوانـەش بـە یەکـەوە کۆمەڵگـە دەخنکێنـن و لـە ڕەوتـی پێشـکەوتنی شارسـتانێتیی جیهانـی دایدەبـڕن.

ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی ئـەو جـۆرە کەسـانەی قبـووڵ نییـە تەنیـا موسـڵمان بـن، بەڵکـو ئـەوان موسـڵمانێکیان دەوێـت توندڕۆیانـە بیـر بکاتـەوە، موسـڵمانێکیان دەوێـت کۆمەڵـی ئیسـلامی بێـت، پێـش ئـەوەی موسـڵمان بێـت، یەکگرتـوو بێـت، پێـش ئـەوەی ئایینداریێکـی سـادە بێـت، موسـڵمانێکیان دەوێ بزووتنـەوە بێـت و بـاوەڕی بـە جیهـاد و سـەلەفییەت هەبێـت!

دەخـوازن موسـڵمانێك بیـت، بـەردەوام خەنجەرێـك لەژێـر پاڵتۆکەتـدا بشـاریتەوە و بـە کـۆڵان و ماڵانـدا بگەڕێیـت و بڵێـی ئـەو حیزبانـە کافـرن و وەرن جیهادییـان بەسـەردا بکەیـن، موسـڵمانێکیان دەوێـت بچنـە ئـەو مزگەوتانـەی کـە مەلاکانیـان سـەر بـە خۆیانـن، واتـە کۆمـەڵ و یەکگرتـوو و بزووتنـەوەن، ئـەوان باوەڕیـان بـەو جـۆرە ئاییندارییـە نییـە کـە موسـڵمانێکی ئاسـایی و کرێـکار هەقـی بەسـەر

سیاسـەت و جنێـودان بـە حکوومـەت و حیزبـە عەلمانییـەکان نەبێـت، ئـەوان موسـڵمانێکیان دەوێـت، بـەردەوام بڵێـت حکوومـەت و حیزبـە غەیـرە ئیسـلامییەکان کافـرن و ئـەوەی رەخنـەش لـە ئێمـە بگرێـت، گوناهبـار دەبێـت، بـەوەی بەجۆرێـك خۆیـان پیـرۆز کـردووە، وەك ئـەوەی بەرگریـکاری راسـتەقینە بـن لـە ئیسـلام.

ئیسـلامی سیاسـی کـوردی بەگشـتی دەخـوازن کۆمەڵگـە وەك ئـەوان بیـر بکاتـەوە و وەك ئـەوان نوێـژ بخوێنێـت، بچنـە ئـەو مزگەوتانـەی مەلاکـە هـی خۆیانـە، لـە بـری چـوون بـۆ زانکـۆ و قوتابخانـەش، لـە بارەگەکانـی ئەوانـدا قورئـان بخوێنـن و باسـی جیهـاد بـۆ منداڵـی دە سـاڵان بکـەن، موسـڵمانێکیان دەوێـت حیزبـی ئیسـلامی بـە ئاییـن و ئایینیـش بـە حیزبـی ئیسـلامی بزانێـت، ئـەوەی رەخنەیـەك لـە حیزبێکـی ئیسـلامیش بگـرێ، بێگومـان پێویسـتە کوشـتنی حـەڵال بکرێـت، ئاخـر لـە دیـدی ئەوانـدا لـە هەمـوو کـەس پیرۆزتـرن، ئـەو رەوتـە فیکرییـە بنەمـای کارکردنـی راسـتەوخۆ لەسـەر چەمکـی جیهـاد بنیـات دەنێـت، واتـە ئاسـانتریش هەنگاوێـك بـۆ ئـەوەی کەسـێکی سـادەی پـێ فریـو بـدەن بـۆ نـاو بازنـەی کارێکـی تیرۆریسـتی، فریودانێتـی بـەوەی لـە رێـی جیهـادەوە دەگەیتـە بەهەشـت و لـە بەهەشـتیش هـەم حـۆری و هەمیـش خۆشـگوزەرانی بـێ کۆتایـی بـۆ بەندەکانـی خـودا دابینکـراوە. ئـەو هەسـتە جیهادییـەش تادێـت بـە هـۆی فریودانـەوە زیاتـر گەشـە دەکات تـا ئاسـتی ئـەوەی کۆمەڵگـە رووبـەڕووی مەترسـیگەلێکی ئایینـی و جڤاتـی و رۆحـی دەکات، بـەوەی ئـەو فیکـرە تونـدڕۆ جیهادییـە کار لەسـەر دروسـتکردنی ژینگـەی تیرۆریزمـی دەکات بـۆ ئـەوەی گەشـەی خۆیـان، واتـە بزاوتـی ئیسـلامی سیاسـی لـەو ژینگەیـەدا زیـاد بکـەن.

کەوایـە بەوپـەڕی راشـکاوییەوە دەتوانیـن بڵێیـن لـە ئێسـتادا

هەڕەشـــە جدییەکانـــی فیکـــری توندڕۆیـــی ئایینـــی و تیـــرۆری لـــە کوردســـتان وەك ســـەرەتایەکی مەترســـیدار دەرکەوتـــوون و بەبـــێ پرۆژەیەکـی سـێکۆلارییانەی راسـتەقینەی بەکۆمـەڵ ناتوانـدرێ بـەر بـەو فیکـره تونـدڕۆ ئایینـــی و تیرۆرییـــە بگیرێـــت، راســـتە دامەزراوەکانـــی ئاسـایش و پۆلیـس بـەدوای گرووپـە توندڕۆکانـن، بـەڵام ئـەوە بـە تەنیـا بـەس نییـە بـۆ لاوازکردنـی پێگەیـان لـە دەروونـی کۆمەڵگـە، بەڵکـو پرۆژەیەکـــی راســـتەقینەی ســـێکۆلاریەت دەتوانێـــت تـــا ئاســـتێك بـــەر بـەو فیکـره فێندەمێنتاڵـە بگرێـت، ئەگینـا لـە چەنـد سـاڵی ئاینـدەدا کوردســـتان بەتـــەواوی دەکەوێتـــە بـــەردەم هەڕەشـــەی ئـــەو گرووپـــە تونـدڕۆ فیکرییانـە، تەنانـەت تۆڵـەی کەمـی کورسـییەکانی پەرلەمانیـش لـە رێـی بڵاوکردنـەوەی فیکـری توندڕۆیـی دەکەنـەوە، واتـە ئەگـەر لـە پەرلەمانیشـــدا زۆرینـــە نەبـــن و خاوەنـــی بڕیـــاری سیاســـی و ئیداریـــش نەبـن، ئـەوان ئـەو بێبەشـبوونە لـە کورسـییە لـە رێـی بڵاوکردنـەوەی توندڕۆیـــی ئایینـــی قەرەبـــوو دەکەنـــەوە بـــەوەی ئیســـلام لەژێـــر هەڕەشـــەدایە و حکوومـــەت و رۆشـــنبیرانی ســـێکۆلار هەوڵـــی مرداندنـــی ئایینـــی ئیســـلام دەدەن، بـــەوەش هـــەم ســـۆزی کۆمەڵگـــە مســـۆگەر دەکـــەن، هەمیـــش شـــەرعیەت بـــە خۆیـــان دەدەن کاتێـــك دەیانـــەوێ کۆمەڵگـە لەسـەر بنەمـای حـەڵاڵ و حەرامـدا دابـەش بکـەن، واتـە بـە ئاشـکرا هانـی گرووپەکانـی خۆیـان دەدەن بـۆ تەکفیرکردنـی حکوومـەت و رۆشـنبیرانی رەخنەگـر لـە ئیسـلام، دیـارە تەکفیرکردنیـش بـە هەڕەشـە و کوشـتن کۆتایـی دێـت، ئەمـەش بـەو مانایـەی لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا ئەگـەر گەشـەی فیکـری توندڕۆیـی رێگـری لـێ نەکرێـت، بێشـك ژیانـی کۆمەڵگـە و رۆشـنبیرانی رەخنەگـرن لـە فیکـری توندڕۆیـی ئیسـلامی و ئاییـن بەتایبەتـی دەکەوێتـە بـەردەم هەڕەشـەی بێدەنـگ کـردن

و دواییـــش تیرۆرکردنـــی کەســـایەتی و جەســـتەیی لـــە لایـــەن گرووپـــە توونـــدڕۆ ئیســـلامییەکان دەبێتـــە پڕۆژەیـــان و دیاردەیەکـــی مەترســـیدار لـــە کۆمەڵگـــەی کوردســـتان.

**زنجیرە بڵاوکراوەکانی**

**دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

١-ڕێبەری ئامادەکردنی کارنامەی سیاساتی گشتی و چۆنێتی نووسینی ڕاپۆرت. چاپی یەکەم ٢٠١٧

٢-تورکیا هێزێکی ماندوو، چاپی یەکەم٢٠١٨، نووسینی: پەیڕەو ئەنوەر

٣-کورد لەناو سێرەی ئینگلیزدا، چاپی یەکەم٢٠١٨، نووسین و ئامادەکردنی: نووری بێخاڵی

٤-ڕیفراندۆم سەرکەوتنی ئیرادە و پارێزەری داهاتووی گەلێک، چاپی یەکەم٢٠١٨، نووسینی: کوردۆ شابان

٥- ئەلبومی ریفراندۆم. چاپی یەکەم، ئەیلولی ٢٠١٨

٦-ئیسلامی سیاسی فریودان و تیرۆریزم، چاپی یەکەم٢٠١٨، نووسینی: شاخەوان برایم عەبدوڵلا

# Political Islam

## Deceive and Terrorism

Shakhawan Braim Adullah

kurdisan 2018